







# لە "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

## بانەمەڕی ٢٧٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- پێشەوا عەلیپوور: دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبین............. دیمانە: کوردستان ..... ٥

٢- حیجاب لە پرسێکی قانوونییەوە هەتا کەرەسەی سەرکوت؟........................................ عومەر باڵەکی ..... ١٠

٣- قۆناغی داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان.................................................... مستەفا مەولوودی ..... ١٤

٤- لە ئازایەتیی کچان دەترسێ!................................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٩

٥- ماڵی کورد و دیاردەی مەنشوورەکان........................................................... د. کامران ئەمین‌ئاوە ..... ٢٢

٦- حەماسەی نوێ جێژنەمان...................................................................................... عەلی بداغی ..... ٢٦

٧- کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو..................................................... سمایل شەرەفی ..... ٢٩

٨- درێژەی شۆڕش.................................................................................................. بابەک ناسری ..... ٣٢

٩- لە گەرووی ئیلام و کرماشانەوە........................................................................ باوان کرماشانی ..... ٣٥

١٠- هێمن شاعیری ژن، ژیان، ئازادی................................................................... برایم جەهانگیری ..... ٣٩

١١- ئێران خەریکە لە چەند لاوە ئیسرائیل بەرەو ئاگر دەبات................................. و: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٤٢

١٢- حیجابی زۆرەملێ و شۆڕشی ژینا....................................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٤٧

١٣- تارماییەکانی داهاتووی ئێران............................................................................. وریا ڕەحمانی ..... ٥٢

١٤- کوردەکان لە باکوور، قوربانیی دێموکراسی ................................................. ئەلبورز ڕۆیین‌تەن ..... ٥٦

١٥- ئەدەبی بەرگری، ویژدانی زیندووی شۆڕش و نەتەوەیە........................................... شەریف فەلاح ..... ٥٨

١٦- پەلاماردانی کوردستان نیشانەیەکی تری نیزیکبوونەوەی ڕووخانە............................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٦٤

١٧- ئاسێمیلاسیۆنی کولتووری مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان........... شەهرام سوبحانی ..... ٦٧



سەرچاوە
Serchawe

١٨- سوپایەک بۆ کوشتار..................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٧١

١٩- چینی بنیاتنەر بەڵام پەراوێزخراو................................................ عەلی بداغی ..... ٧٥

٢٠- پیرەدارێکی هەوشار.................................................................. م. زرێبار ..... ٧٩

٢١- شەهید سمایل شەریفزادە، هێمای خوێندکاری کورد............................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ٨١

٢٢- پرسیاری نوێ........................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٨٤

٢٣- دووانەی گشتپرسی لە کۆماری ئیسلامیدا........................................ مستەفا هیجری ..... ٨٩

٢٤- ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە.................. قادر وریا ..... ٩٠

٢٥- پێشەوای کوردان!...................................................................... ئاگری باڵەکی ..... ٩٣

٢٦- گێڕانەوە................................................................................. کەریم پەرویزی ..... ٩٨

٢٧- ١٢ی بانەمەڕ سەلمێنەری پێشەنگایەتیی خوێندکاری کورد...................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٠٢

٢٨- پێگەی سیاسیی کورد بەرهەمی زیاتر لە حەوت دەیە خەباتە..................... محەممەد سلێمانی ..... ١٠٥

٢٩- ئاستی وشیاریی نەتەوەیی کورد لەهەمبەر فاشیزمی ئایینی و قەومیدا................ شەهرام سوبحانی ..... ١١٠

٣١- شەریفزادە، ترۆپکی هەموو شێوازەکانی خەبات................................ سەلام ئیسماعیل پوور ..... ١١٤

٣١- جیاوازیی نەوەکان و بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات.............................. ڕەزا دانشجوو ..... ١١٩

٣٢- پێویستیی بناغەیەکی پتەو بۆ داهاتوویەکی یەکانگیر.............................. ڕەزا محەممەدئەمینی ..... ١٢٠

٣٣- ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە جیهان و لە ئێراندا........................................ بێهزاد قادری ..... ١٢٨

٣٤- مەرگێکی پێویست.................................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٣٣

٣٥- مستەفا مەولوودی: سەرەڕای ستراتیژیی جیاوازی لایەنەکان پێویستە ناوەندی هاوکاری بەرین بێتەوە، یان دەنا ناوەندێکی گەورەتر پێک بێنین................................................ کوردستان ..... ١٣٧

٣٦- کۆماری ئیسلامی بۆچی لە ڕێفراندۆم دەترسێ؟..................................... عومەر باڵەکی ..... ١٤٧

٣٧- ژنانی کورد ئەو هێزەیان هەبووە شەقامەکانی شار بجووڵێنن........................ د. کوێستان گادانی ..... ١٥١

٣٨- ئاساییکردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا................................................ سمایل شەرەفی ..... ١٥٧

٣٩- هاوپەیمانیەتی لە پێناوی چیدا؟................................................ د. کامران ئەمین‌ئاوە ..... ١٦٠

٤٠- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەلاقەی "شۆڕشی ژینا"وە.......................................... ئەلبورز رووین‌تەن ..... ١٦٥

٤١- پشتئەستووریی پێشەسازیی نیزامیی ئێران بە تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی................. و: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٦٨

٤٢- کامیان؟................................................................................ کەریم پەرویزی ..... ١٧٣

٤٣- نافەرمانییە کۆمەڵایەتییەکان...................................................... نیشتمان موکری ..... ١٧٦

٤٤- کورد لەنێو بەرداشی سەفەوی و عوسمانییەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی................. مستەفا مەولوودی ..... ١٨٠

٤٥- شەپۆلی نوێی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان........................................ سۆران شەمسی ..... ١٨٦

٤٦- دنیای ئازاد دەبێ لەدژی سپای تێرۆریستیی پاسداران بوەستێ.................................... عەلی بداغی ..... ١٩٢

٤٧- هەڵهاتن لە ڕاستییەکان................................................................ کەریم پەرویزی ..... ١٩٦

٤٨- گۆشەنیگایەک بەرەو باکوور............................................................ کەریم پەرویزی ..... ٢٠٠

٤٩- ئێعدام چەکی سواوی دەستی ڕێژیم...................................................... کوردستان میدیا ..... ٢٠٤

٥٠- کۆدی غەریبی.......................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٢٠٨

٥١- کلێپەسەندنەوە......................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٢١٢

٥٢- ئێران لە ژێر چاودێریدا:لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەواڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی کەنداو.........

.................................................................................... و: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٢١٧

٥٣- ڕاپۆرتی RSF و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە ئێران.............................. بێهزاد قادری ..... ٢٢٤

٥٤- جەنابی من کە دەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا"............................................ مەنسوور مروەتی ..... ٢٢٩

٥٥- حەسەن شەرەفی: پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و

وڵاتە................................................................................ دیمانە: عەلی بداغی ..... ٢٣٢

# پێشەوا عەلیپوور: دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبین



## دیمانە: کوردستان

**ئاماژە:**

ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٢ و لە کاتێکدا ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد (ژ کاف)، وەک ڕێکخراوێکی سیاسی – نەتەوەیی لە شاری مەهابادەوە خەریکی ئاراستەکردنی بیری ناسیۆنالیستیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دامەزرانی "سازمانی جەوانانی کورد"یش لەو شارە ڕاگەیەندرا. "سازمانی جەوانانی کورد" وەک یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە و، توانیویەتی وەک ڕێکخراوێکی چالاک کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ. دیارە بە درێژایی مێژوو ناوی ئەم ڕێکخراوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لە ئێستادا ناوی "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ە.

**"کوردستان" لە ٨٠ یەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا وتووێژێکی لەگەڵ پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە پێک هێناوە.**

**کوردستان**: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە کوردستان یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە شوێنپەنجەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە دیارە. با لە زمان خۆتانەوە سەرەتا کورتەمێژوویەکی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان ببیستین؟

**پێشەوا عەلیپوور**: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک باستان کرد یەکەمین سازمانی تایبەت بە لاوانی کوردە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢١ و سەرەتاکانی ساڵی ١٣٢٢ لەلایەن پۆلێک لاوی ژیر و وریای شاری مەهابادەوە و بە ئیلهاموەرگرتن لە لاوانی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەت بەناوی "سازمانی جەوانانی کورد" دامەزرا. سازمانی جەوانان ئەوکات هەوڵی دەدا لاوان لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی پەروەردە بکات و شوێنپەنجەی بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەوکاتەوە دیار بێت.

دیارە ئەگەر وێنایەکی ئەو سەردەم بکەین دەبینین کە خەڵکی جیهان بە دەست شەڕی دووهەمی جیهانی دەیناڵاند و پڕێنچکەکانی ئەو شەڕە ئێرانیشی بەجۆرێک گرتبۆوە. ئەو سەردەم لە باکوورەوە هێزی سۆڤییەت و لە باشوورەوە هێزەکانی ئامریکا و بریتانیا دەستیان بەسەر خاکی ئێراندا داگرتبوو، هاتوچۆی کادرەکانی کامسۆمۆڵ (یەکیەتیی لاوانی کۆمۆنیستی وڵاتانی سەر بە سۆڤییەت)ی ئەوکات بۆ شاری مەهاباد و دیداریان لەگەڵ لاوانی کورد ئەو فکرەی بۆ لاوانی چالاکی کورد هێنایە گۆڕێ کە خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی لاواندا سازمان بدەن و ئەمەش بوو بە ئەو سەرەتا بێ بڕانەوەیە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. هەڵبەت ئەو ئیلهامە هەرگیز نەبوو بە هۆکاری ئەوەیکە سازمانی جەوانانی کورد وەک کامسۆمۆڵ کۆمۆنیستی بیر بکاتەوە، تەنیا بیرۆکەی دامەزران و ڕێکخستنیان لە کامسۆمۆڵ وەرگرت، دەنا بنەمای تێکۆشان لە سازمانی جەوانان "نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانە" بوو.

پاشان سازمانی جەوانانی کورد تێکۆشانی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێکاف دەکات و ئیتر لەو سەردەم تا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاوی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە لەنێو لاواندا و شانبەشانی ئەو حیزبە بۆ ڕزگاری خەبات دەکا و لە جەریانی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خاک و خەڵکی کوردستان، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە داکۆکیکاری خاک و خەڵک بوون و تێچووشیان داوە.

**کوردستان**: لە قۆناغەکانی دوای ژێکاف و کۆماری کوردستان و هەروەها لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان چی بووە؟

**پێشەوا عەلیپوور**: وەک ئاماژەم پێ کرد تێکۆشانی سازمانی جەوانانی کورد پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و دواتر بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لاوان وەک پشتیوانێکی هەمیشەیی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەوری حیزب کۆ بوونەوە و لاوی کورد لەگەڵ دوو چەمکی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازیدا ئاشنا بوون و خەباتی شوناسخوازانەی لاوانی کورد بەمشێوەیە تا ئێستا بەردەوام بووە.

بە پێی بەڵگەنامەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ناوی سازمانی جەوانان گۆڕاوە بە "ئیتحادییەی جەوانانی دێموکراتی کوردستان" و بەرەبەرە لە سەرتاسەری کوردستاندا شکڵی گرتووە و بە شێوەیەکی ڕەسمی لە داموو دەزگا ئیدارییەکاندا لاوان نەخشیان گێڕاوە. هەروەها بە دیرایەتی پێشەوا قازی پۆلێک لە لاوان بۆ خوێندن و پەروەردەبوون دەنێردرێن بۆ باکۆ لە وڵاتی ئازەربایجان. ئەم دووربینیەی پێشەوا قازی دوای نسکۆی کۆماری کوردستان جێی خۆی دەگرێت و، کاتێک کە ڕێبەرانی کۆمار لەسێدارە دەدرێن، ئەوە لاوانی گۆشکراوی بیری کۆمارن دێن و جارێکی دیکە سازمان و ئۆرگانیزمی حیزبی دێموکرات دروست دەکەنەوە و درێژە بە تێکۆشان دەدەن.

لە سەردەمی دەوڵەتی موسەدیقدا کە کرانەوەیەکی نیسبی سیاسی لە ئێراندا پێکدێت، جارێکی دیکە ئەندامانی ئیتحادییەی جەوانان هەوڵ بۆ ڕێکخستنی خۆیان دەدەن و بۆ ئاگادارکردنەوەی لاوانی جیهان لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا لە پارکی میکائیلی مەهاباد بە مەبەستی بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە بۆخارێست نوێنەر هەڵدەبژێرن کە کۆبوونەوەیەکەیان خەڵتانی خوێن دەکرێ و بەشێکیان دەستبەسەر دەکرێن کە لە کۆتاییدا بە دەخالەتی سەرۆکوەزیر موسەدیق دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئیتحادییەی جەوانان کۆتایی دێت.

لە قۆناغێکی دیکەدا هەر لاوانن کە بە وەڕێخستنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە پاسیڤبوون دەرباز دەکەن و ماوەی ١٨ مانگ گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەشڵەقێنن.

بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییش لاوانی کورد لە هەموو سەنگەرەکاندا پێشمەرگانە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە تێکۆشانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و لە مانگی دیفاع لە ئازادیدا بە پەیامی ڕادیۆیی شەهید دوکتور قاسملوو ڕوو بە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، کە لە وەڵامی پەیامی دوکتور قاسملوو ئەندامانی یەکیەتیی لاوان پەیوەستی ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان دەبن و دەچنە نێو سەنگەری دیفاع لە مان و مەوجودییەتی نەتەوەکەمان، کە لەو قۆناغەشدا پۆلێک ئەندامی ئازای ئەم ڕێکخراوەیە بۆ دیفاع لە گەلەکەمان شەهید بوون.

**کوردستان**: لاوان ئەمڕۆژانە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە،

**پێشەوا عەلیپوور**: هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ تێکۆشانی ئەم جیلە؟

ئەمڕۆکە لاوان لە ڕۆژهەڵات توانیویانە بە پێکهێنانی تێکۆشانی جۆراوجۆر لە ئاست سەرکوتی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و سانسۆری میدیاییدا بوەستنەوە، هەر لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا تا ئێستاکەش ئەوە لاوان بوون کە سینگی خۆیان کردبوو بە قەڵغانی گولله لەسەر شەقامەکان. لاوان و ژنانی کورد بە تێکۆشانی خۆیان قۆناغێکی نوێیان هێنایە ئاراوە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆماری ئیسلامی کۆڵەکەکانی ئەو ڕێژیمەیان هەڵتەکاند و هەیمەنەی پووشاڵیی سپای پاسدارانیان تێک شکاند. تێکۆشانی لاوان و ژنان لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا هەتاکوو ئێستاش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە و کوشتار و زیندان و ئەشکەنجەش نەیتوانیوە ئەم شۆڕشە نوێیە بوەستێنێت.

**کوردستان**: چ ئاماژەیەکی نوێ لەم شۆڕشەدا بەدی دەکرێ کە هیوا بە داهاتوو زیاتر بکات؟

**پێشەوا عەلیپوور**: شۆڕشی ئەمجارەی ژنان و لاون لە ڕۆژهەڵات هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی کە دەبێ بەهەموومان بیانپارێزین. یەکگرتوویی نەتەوەیی، سەربەخۆیی سیاسی، یەکسانی و تێکەڵاوی کچان و کوڕان و داکۆکیی هەموو چین و توێژەکان لە مافی ژن کە دیارترین تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشەیە و، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێژیمی گەیاندۆتە بۆنبەست و هێندەی دیکە ڕێژیمی تەریک کردۆتەوە.

درووشمەکانی لاوان و ژنان لەسەر شەقام تەعبیر لە شعووری نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازییە و گرێ دراوی خەباتی دەیان ساڵەی هێزە سیاسییەکانە، ئەمەش ترسی خستۆتە دڵی داگیرکەر ، هەر بۆیە بەمەبەستی پاشەکشە بە شەقام، سپای پاسداران و هیزە سەرکوتکەرەکان لەهەموو ڕێگایەک بۆ سڕکردنی شەقام و هێزە سیاسییەکان کەڵک وەردەگرن، لەلایەک هێرشی شیمیایی دەکەنە سەر ناوەندەکانی خوێندن، لەلایەکیش بە ڕەشبگیری لاوان دەیناهەوێ شۆڕشەکە بوەستێنن.

**کوردستان**: ئەو جموجۆڵەی لاوانی نیوخۆ لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەی چۆن دەبینرێت و ئێوە وەک یەکیەتیی لاوان چۆن ئەرکی خۆتان لەو شۆڕشەدا ڕادەپەڕێنن؟

**پێشەوا عەلیپوور**: هەر لەپەیامی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەڕێز سکرتێری گشتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵدا قورسایی خەباتی



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٣**

لاوانی ڕۆژهەڵات دەردەکەوێت کە ئەمە یەکەمین جارە لە ئاستی بەرزی ڕێکخراوێکی جیهانیدا ڕووبە لاوانی ڕۆژهەڵات و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان پەیام بدرێت. نێوەرۆکی پەیامەکە گرنگی تایبەت بەخۆی هەبوو کە تێیدا ئاماژە بە تێکۆشانی لاوان دژی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی کرابوو و پشتیوانی خۆیان لە لاوان و یەکیەتیی لاوان دووپات کردەوە. خەباتی بێ وچانی لاوان و ژنان لە نێوخۆ بێگومان ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر شانی ئێمە. دڵنیابن دەبین بە دەنگی لاوانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا و لە مەیدانە گەورەکانی خەباتی لاوانی جیهان، شوێنپەنجەی تێکۆشانی شەقامی ڕۆژهەڵات دیار دەبێت و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتیوانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی هاوپەیمانمان، پرسی شۆڕشی ژینا و پێشێلکارییەکانی ڕێژیمە لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا و تەنانەت بیرۆکەی ئیدارەی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیش تاوتوێ دەکەین و پشتیوانی زیاتری نێو نەتەوەیی بۆ خەباتەکەمان مسۆگەر دەکەین.

**کوردستان**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانە کورتەدا و ئەگەر کۆتا سەرنجێک هەبێت کە بتەوێ ئاماژەی پێ بکەی؟

**پێشەوا عەلیپوور**: لەگەڵ سپاس و ڕێز بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" و بەڕێوەبەرانی، لەکۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ٢٢ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بە سەرجەم لاوانی کورد دەڵێم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان لەسەنگەری خەباتی شوناسخوازانە ناکشێینەوە و یەکیەتیی لاوان بە هێزێکی زیاترەوە لە پشت سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەوەستێت تا گەیشتن بە مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان. بە شانازیی دەزانین کە لەدوای حیزبی دێموکرات گەورەترین ڕێکخراوی جەماوەری و خاوەن مێژووین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێوە شاد بن و کوردستان ئاوەدان.

**١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

# حیجاب لە پرسێکی قانوونییەوە هەتا کەرەسەی سەرکوت؟



عومەر باڵەکی

لە کۆمەڵگەی ئێراندا پرسی ڕەچاوکردن و نەکردنی حیجابی ژنان لە ماوەی نزیک سەد ساڵی ڕابردوودا بۆتە کەرەسەیەک بە دەست دەسەڵاتدارانی تارانەوە بۆ بێبەشکردنی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگەی ئێران لە مافە ئینسانییەکانیان و ڕێگەگرتن لە کار و چالاکییەکانیان لە کۆمەڵگەدا. هەرکام لە دەسەڵاتەکانی نیزامی پاشایەتی و نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەچاوکردن و ڕەچاونەکردنی حیجابی ژنان لەنێو کۆمەڵگەدا پاساوی خۆیان هەیە و بێئەوەی هیچ لایەک لە دوو نیزامە دەسەڵاتە خۆسەپێنە گەڕابنەوە بۆ بیروڕای گشتیی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بابەتە، لایان وایە پاساوەکانیان بۆ ڕەچاوکردنی حیجاب لایەنی قانوونی هەیە و کۆمەڵگەش لەسەریەتی وەک قانوون لەگەڵ ئەو پرسە هەڵسوکەوت بکا. بەڵام پێشکەوتنی کۆمەڵگەی جیهانی لە بواری پیشەسازی و تێکنۆلۆژی بەتایبەتی تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان وای کردووە سنووری وڵاتەکان بێ هیچ بەربەستێک بە رووی کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا بکرێنەوە و ئاڵوگۆری ڕوانگە و کولتوورە جیاوازەکان بکرێ. بەڵام لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی تاران چ لە نیزامی پاشایەتی و چ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا چاویان لەو ڕاستییە نووقاندووە کە جیهان لە حاڵی پێشکەوتنی خێرا لە هەموو بوارەکانی ژیاندایە و کۆمەڵگەی ئێرانیش نایهەوێ خۆی لەو پێشکەوتنانە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بێبەش بکات.

**بانەمەری ٢٧٢٣**

بێگومان کۆمەڵگەی هەر وڵاتێک بە هەر کولتوور و کەلەپوورێک بە تێپەڕبوونی سەردەم ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ و بەپێی نیاز و خۆ گونجاندنی لەگەڵ دنیای دووروبەری پێست فڕێ دەدات. لە سەردەمی بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاشادا کۆمەڵگەی ئێرانیش هێدی هێدی بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەڕۆیشت و هەوڵی دەدا خۆی لەگەڵ دنیای مودێرندا بگونجێنێ. بەڵام ڕەزاشا بێئەوەی گوێ بداتە ئاهەنگی هەنگاوەکانی کۆمەڵگە، بە سەپاندنی کۆمەڵێک بڕیار، هەوڵی دا بەخێرایی و لەژێر ناوی پێشکەوتنخوازی و کردنەوەی دەروازەکانی مودێڕنیتە نەریت و کولتووری کۆمەڵگەی ئێران بگۆڕێ و "کشف حیجاب" واتا لابردنی باڵاپۆشیی ژنان یەکێک لەو بڕیارانە بوو. بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا چونکە بەستێن بۆ ئەو گۆڕانکارییە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا خۆش نەکرابوو، هەر زۆر زوو لەگەڵ دژکردەوەی گرووپ و کۆمەڵە جیاجیاکانی ئێران بەرەوڕوو بۆوە. ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بە چەشنێک بوو دووبەرەکی و دژایەتیی تەواوی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بەدوودا هات. دەسەڵات لەلایەک نەیدەویست و نەیدەتوانی لەژێر گوشاری کۆمەڵگەدا لەو بڕیار و گۆڕانکارییانە پاشگەز بێتەوە و لەلایەکی دیکەوە ئەو قەناعەتەش لای خەڵک دروست نەببوو مل بۆ ئاڵوگۆڕەکان ڕابکێشێت.

بۆیە کاتێک لە بواری کۆمەڵناسییەوە دەڕوانینە ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی دەسەڵات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو شێوە بڕیارەی دەسەڵات تەنانەت ئەگەر بەرگی قانوونیشی دەبەر بکرێ چونکە لە نیازەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی نەگرتووە، لە کاتی جێبەجێکردندا لە سەر ڕوح و ڕەوانی کۆمەڵگە ئاسەواری خراپ بەجێ دێڵێ و کۆمەڵگە لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵ دەدا بەدژی ئەو بڕیارە یان ئەو بەناو قانوونە ڕابوەستێ. بۆیە دەبینین بڕیاری زۆرەملێی "کشف حیجاب" لە سەردەمی ڕەزاشادا برینێکی قووڵی لە جەستەی کۆمەڵگەی ئێران کرد و بە ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی ئەو جار بابەتەکە پێچەوانە بۆوە. ئەگەر دەسەڵاتی پاشایەتی لەژێر ناوی مودێڕنیتە بە زۆر "حیجاب"ی ژنانی لا دەبرد، ئەو جار دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەژێر قانوونی شەریعەتدا بە زۆر " حیجاب"ی بەسەر ژناندا سەپاند. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەک حکومەتی پاشایەتی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە ئەو بابەتە بیجگە لە بەرگی مەزهەبی، بەرگی قانوونیشی دەبەر بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی "حیجابی ئیسلامی" ڕەچاو ناکەن وەک تاوانبار هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ.

لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاوکردنی "حیجاب" و سەپاندنی بەسەر ژناندا هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە قانوونێکی ڕوون پێناسەی بۆ نەکراوە، واتا دیاری نەکراوە کە مەبەست لە ڕەچاوکردنی حیجاب لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە چییە و چۆنە؟ ئایا مەبەست تەواو باڵاپۆشییە یا هەر داپۆشینی مووی سەری ژنانە؟ چونکە زانایانی دینی ئیسلام هەتا ئێستای لەگەڵدا بێ لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ یەکتری کۆک و هاوڕا نین. بۆیەشە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو نیزامە سیاسییەدا هەموو کات لە نێوان تێگەیشتنی کۆمەڵگە و دەسەڵات لەسەر شێوازی پۆشینی جلوبەرگی مرۆڤەکان بە گشتی و ژنان



سەرچاوە
Serchawe

بەتایبەتی کیشەوناکۆکی هەبووە و لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووشدا بە دوای ڕاپەڕینی "ژینا" ئەو بابەتە جاریکی دیکە بە زەقی خۆی دەرخستۆتەوە و وەک سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشا، دەسەڵات نایهەوەی لەو بریارە کە بە قانوون پێناسەی بۆ دەکا، پاشگەز بێتەوە. چونکە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە قانوونەکان بە تایبەتی قانوونی سزادان بۆ ڕاگرتن و پاراستنی بایەخ و هێماکان و ڕاگرتنی نیزامی ئایدۆلۆژی، سیاسیی و فکریی خۆی کەلکی وەرگرتووە و هەر جۆرە پاشەکشەیەک لە بەرانبەر ویستی خەڵکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان شکانی هێژموونیی دەسەڵاتداریەتی ئەو نیزامەیە.

کاتێک باس لە قانوون دەکرێ، دەتوانین بەو شێوەیە پێناسەی بۆ بکەین. قانوون هەم جەستە و هەم ڕوحی هەیە. جەستەی قانوون هەموو ئەو ڕێکارانەیە کە بۆ پەسندکردنی قانوونێک دەبێ ڕەچاو بکرێ و ڕوحی قانوونیش ئەوەیە کە ئەو قانوونە لەنێو کۆمەڵگە چەندە وەرگیراوە؟ ئەگەر قانوونێک لە کۆمەڵگەدا لەلایەن خەڵکەوە وەرنەگیرێ و کاری پێ نەکرێ و جێ نەکەوێ، نیشانەی ئەوەیە ئەو قانوونە ڕوحی نییە و بە مانایایە ئەو قانوونە ئیجارییە و خەڵک هەتا بۆی بکرێ ملکەچی جێبەجێکردنی نابێ. بە واتایەکی دیکە قانوون بۆ کۆمەڵگە وەک جلوبەرگ وایە، نابی ئەو جلوبەرگە ئەوەندە تەنگەبەر بێ جەستەی کۆمەڵگە ئەزیت بدا و نابێ ئەوەندەش بەرفەراح بێ لە جەستەی کۆمەڵگەدا بکەوێ.


لە سەردەمی دنیای مودێرن و جیهانداگریی تێکنۆلۆژیدا قانوون سەرچاوەکەی عورفی کۆمەڵگەیە. لە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا دەسەڵات و قانووندانەر تێدەکۆشن بەپێی نیاز و پێداویستیەکان و عورفی کۆمەڵگەی خۆیان قانوون دابڕێژن. لەو وڵاتانەی سێکۆلارن، یا لەواندا دین لە سیاسەت جیایە، عورفی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی بەرچاو لە دارشتنی قانوونەکاندا دەگێرێ و ئەو فاکتەرە هەتا ئەو جیگایە کاریگەری هەیە کە ڕەنگە قانوونێک کە دەسەڵات دەیهەوەی بیخاتە بواری جیبەجێکردنەوە سەرەتا بە گشتپرسی دابندرێ. ئەوەش لە سەر ئەو بنەمایە کار دەکا کە دەگوترێ قانوون دەبێ دادپەروەر بێ و هەموو لایەنەکانی پاراستنی مافی ئینسانیی تێدا ڕەچاو کرابێ. مەبەست ئەوەیە قانوون نابێ کۆمەڵگە ئازار بدا، بەڵکوو دەبێ لە خزمەت دابینکردنی دادپەروەری وئاسایشی کۆمەڵگەدا بێ. بەڵام بەپێچەوانە ئەو ئەسڵە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٤ساڵە بە ناوی قانوون و ڕەچاوکردنی شەریعەت خەڵک دەچەوسێندرێتەوە و لە ئاسایش و ئارامی بێبەش دەکرین و ئێزن نادرێ کۆمەڵگەی ئێران پێ بە پێی سەردەم لەگەڵ دنیا بچێتە پێش.

یەکێک لەو بابەتانە کە نیزام ولاینگرانی لەو ماوەی ٤٤ساڵی ڕابردوو دا ویستوویانە لە ڕێگای قانوونەوە بۆ ئازادییە تاکە کەسییەکان بەربەست دروست بکەن بابەتی "حیجاب"ە، بەڵام وەکی گوترا هەتا ئێستا لە هیچ کام لە قانوونە بەرکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاوکردنی "حیجاب" پێناسەی بۆ نەکراوە و تەنیا لە "تێبینی - تبصرە"ی ماددەی ٦٣٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامیدا دەڵێ ئەو ژن و کچانەی "حیجابی ئیسلامی" ڕەچاو ناکەن، بە ڕادەیەک کە دەستنیشان کراوە جریمەی

نەغدی دەکرێن یا دەخرێنە زیندانەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی باوەردارانی دینییەوە بۆ ئەو بابەتە بروانین وەک هەموو بابەت و ئەرکەکانی دیکەی دین کە کەسێکی ئیماندار لەسەریەتی جێبەجێیان بکا، بەلام بەجێیان ناگەیەنێ، یا لە جێبەجێکردنیان خۆ دەبوێرێ دەچێتە خانەی گوناح کە خودی کەسەکە هەڵگری ئەو گوناحەیە کە کردوویەتی و بەپێی دەقە ئایینییەکان لە دنیای دیکەدا سزای خۆی وەردەگرێ. خۆ بەپێی پێناسەکانی قانوون لە سەر دەمی ئێستاشدا جێبەجێنەکردن یا خۆبواردن لەو ئەرکە ئاینییە نابێتە تاوان. چونکە تاوان هەم دەبێ قانووندانەر بەپێی پێویستی کۆمەڵگە پێناسەی بۆ کردبێ، واتا لە نیازی کۆمەڵگەوە سەرچاوی گرتبێ و لە هەمان کاتدا لە ئەگەری لادان لێی سزای بە ڕادەی تاوانەکەی بۆ دەست نیشان کردبێ.واتا سزای تاوان پێویستە لەگەڵ تاوان هاوسەنگ بێ بۆ ئەوە بتوانرێ هەم قەرەبووی زیانلێکەوتووی تاوان بکرێتەوە و هەم ئەو سزایە پێشگیری بکا لە دووپاتبوونەوەی تاوان کە ئەوانە هیچی لە پێوەندی لەگەڵ حیجابدا بەدی ناکرێن.

لە نیزامی قانوونیی کۆماری ئیسلامیدا زۆر قانوونی وەک ڕەچاوکردنی "حیجابی زۆرەملی" هەیە، چونکی لەسەر نیاز و پێویستی کۆمەڵگە دانەڕێژراون لە مەیدانی کردەوەدا بە زەبروزەنگی هێزی سەرکوتکەردا نەتوانراوە بەسەر خەڵکدا بسەپێندرێ و لە ئاکامی بەربەرەکانی و خۆڕاگریی خەڵکدا دەسەلات ناچار بووە لەگەڵ هێشتنەوەی برگە قانوونییەکە، لە مەیدانی کردەوەدا لە جێبەجێکردنی ئەو قانوونە خۆ ببوێرێ. بۆ نموونە قانوونی قەدەغەبوونی دەزگای وەرگری ماهوارەی تیڤییەکان کە ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی بە پەسند گەیشتووە و دوای پەسندکردنی ئەو قانوونە هەتا چەند ساڵێک پۆلیس و پیاوەکانی دەوڵەت هەموو ڕۆژێک خەریکی کۆکردنەوەی سێڵ و دەزگای وەرگری سەتەلایت بوون؛ بەلام لە جێگیرکردنی ئەو بەناو قانوونە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە کۆمەڵگەی ئێران پێویستییان بەوە هەبوو بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و... دەزگای وەرگری سەتەلایت بێنە ماڵەکانی خۆیان. هەروەها لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە بوونی ئەو دەزگایانە لە هیچ ماڵێک تاوان نەبوو، بۆیە گوێیان بە دەسەلات نەدا و نەچوونە ژێر باری جێبەجێکردنی ئەو قانوونە و دەسەلات بە بێدەنگی لە جێبەجێکردنی ئەو قانوونە پاشەکشەی کرد. قانوونی "حیجابی زۆرەملێ"ش بە خاترجەمی دەرنگ یا زوو بە دەردی قانوونی مەنعی سەتەلایت (ماهوارە) دەچی و ژنانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان بە پشتیوانی و پشتگەرمیی کۆمەڵگەی ڕاپەریوی ئێران پاشەکشە بە دەسەلاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی دەکەن و ئەو پاشەکشانەی دەسەلات هەنگاوەکانی دارمانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا خێراتر دەکەن.

# قۆناغی داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان




مستەفا مەولوودی

## کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد

## (قۆناغی داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان)

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان کوردەکان لە ساڵی ٦٣٧ی زایینەوە لە شاری حەلوان کەوتوونەتە بەر پەلاماری عەرەب و دواتریش لە سەدەی چواردەیەمدا کەوتوونەتە بەر پەلاماری لەشکری تەیمووری لەنگ.

"ابن حوقل" لە سەردەمی خەلافەتدا لە باسی گرینگیی هەرێمی مووسڵدا دەڵێ: "هەرێمی مووسڵ قەڵایەکی بەهێز و پتەو بوو بۆ بەرهەڵستکارانی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی دووژمنەکانیاندا." بە شایەتیی "ابن حوقل" عەرەبەکان ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی توند بوونەتەوە، بەتایبەت لەلایەن کوردەکانەوە. کاتێک سەرکردەی سەربازیی عەرەب داوای لە عەشیرەتە کوردەکان کردووە بچنە سەر ئایینی ئیسلام، وکوردەکان بە هێز و کردەوەی سەربازی وڵامیان داونەوە.



سەرچاوە
Serchawe

پەلاماری عەرەبەکان بۆ ئەو ناوچەیە (کوردستان) لە سەدەی حەوتەمەوە دەستی پێ کردووە و تا سەدەی یازدەیەم درێژەی کێشاوە. لە هەموو ئەو چەند سەدەیەدا کوردستان بووەتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی خەلافەتی ئیسلامی و ئیمپراتووریی ئێرانی وەک ساسانییەکان؛ لە دواتریشدا سەدەی دوازدەهەم تا سەدەی چواردەیەم ئەو شەڕ و بەربەرەکانییە لە کوردستان لەلایەن خەلافەتەوە لەگەڵ فەرمانڕەواکانی سەلجووقیەکان و مەغوولەکان (قەرەقۆینلوو و ئاقۆینلوو) کەم و زۆر درێژەی هەبووە.

شەڕ لە کوردستان، کوردی تووشی زەرەر و زیانێکی گەلێک گەورە کردوە، وڵاتەکەی وێران و کاول بووە، ئەو کارەسات و ڕووداوانە بە هۆی شەڕی خەلافەت و ئێرانییەکان تا سەدەی پازدەهەم درێژەی هەبووە. بەڵام سەرەڕای هەموو کارەساتێک کە بەسەر کوردستان و کورددا هاتوە، کورد لەسەر عەرز و خاکی خۆی ماوەتەوە و بەربەرەکانی کردوە و خاک و شوناسی خۆی پاراستوە، وەک ڕاوەستان لە بەرانبەر هۆلاکودا لە ساڵی ١٢٥٨ی زایینی کە هۆلاکوی مەغۆل هێرشی کردە سەر "تاج‌الدین صلایا" فەرمانڕەوای ئەوکاتی هەولێر، بەڵام نەیتوانی دەست بەسەر هەولێردا بگرێ. (هەر بۆیە پێی دەڵێن هەولێری هۆلاکۆ بەزێن). هەروەها لە ماوە و دەورانی خەلافەتدا، لەگەڵ ڕووداو و شەڕ و ئاڵۆزی، گۆڕانی زۆری کۆمەڵایەتی سیاسی بەسەر کوردستان و کورددا هاتوە. خێڵ و عەشیرەت ڕۆڵی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی بینیوە، داگیرکەر و دەوڵەت گۆڕاون و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و کوردستان و کوردیش کەوتوونەتە نێو بازنەی سیاسییەوە. سەرەڕای زۆر کارەسات و تراژێدی ئەوەی لەو ناوچەیەدا ماوەتەوە، کورد و هۆزەکانی کورد بوون وەک بەهێزترین ڕەگەزی بنیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

پێکهاتە و خێڵ و عەشیرەتی کورد لە کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە پتەویی بنیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورددا. بنەماڵە و عەشیرەتی وا هەبووە زیاتر لە ١٥٠ ساڵ لەو ناوچەیە فەرمانڕەوایی کردووە. وەک مەروانییەکان و حەسنەوییەکان، کە لەگەڵ داگیرکەران وەک خەلافەت، ساسانییەکان، سەلجووقیەکان، مەغۆل و قەرەقۆینلوو و ئاقۆینلوو لە کێشە و بەربەرەکانیدا بوون، زۆرجاریش لەگەڵیان لە پێوەندیدا بوون؛ هاوبەش و شەریکی دەسەڵات و فەرمانڕەوا بوون. دیارترین فەرمانڕەواکانی کورد لەو سەردەمدا حەسنەوییەکان، مەروانییەکان، شەدادییەکان و ئەیووبیەکان بوون.

**بەگشتی ئەو پەلامار و شەڕ و ململانێیە لە ماوەی نیزیک بە حەوت سەدەدا بە چەند هۆیەک کاریگەریی زۆری لەسەر دێموگرافیی کوردستان و پرسی کورد داناوە:**

**یەکەم**: کوردستان بووەتە گۆڕەپانی شەڕەکان، ئەو شەڕانە وێرانکاری و خاپووربوونی زۆر ناوچە و هەرێم و شار و گوندی

بەدواوە بووە و زیانێکی قەرەبوونەکراوی لە کوردستان داوە. ئەو وێرانکارییانە ئەوەندە زۆر و بەربڵاو بوون کە سەدان شار و بە هەزاران گوندیان وێران کردووە، بە جۆرێک ئێستا ناوی هێندێک شوێن هەر بەو ناوە دەناسرێنەوە، وەک شاروێرانی مەهاباد کە لە ناوچەی مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە.

**دووهەم**: ئەو شەڕ و ململانێیانە کوردی بە شێوەیەکی نەخوازراو دابەش کردووە و کورد کەوتۆتە نێو بەرەی شەڕەکانەوە. دابەشبوونەکە بە جۆرێک بووە کە ناچار بووە لە شەڕەکاندا بەشدار بێ، جارێک لایەنی خەلافەتی گرتووە بەدژی لایەنی ئێرانی، یان بەپێچەوانە بووە. یان هاوکات دابەش بووە و بەشێک بۆ خەلافەت شەڕی کردووە و بەشێک بۆ فەرمانڕەوایانی ئێران کە ئەوەش دوژمنایەتی و نایەکگرتوویی لەنێو کورددا دروست کردووە.

**سێهەم**: شەڕ و ململانێی خەلافەت و فەرمانڕەوایانی ئێران شوێنەواری زۆر نێگەتیڤی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە ژیانی کورددا دروست کردووە.

**چوارەم**: سروشتییە زۆر شوێنەواری نێگەتیڤی دیکەی لەسەر ژیانی کورد لە کوردستان لە پاش خۆی جێ هێشتووە. ئەوەی لەو سەردەمەدا گرینگە، سەرەڕای هەموو هێرش و پەلاماری دوژمنەکان، شەڕ، وێرانی، ڕاگواستن و قەڵاچۆکردنی کوردان و بێبەشکردن لە زۆر ئیمکانات و پێویستی؛ بەڵام خۆی قایم ڕاگرتووە، خەبات و تێکۆشانی بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر بوونی هەبووە و ئێستاش درێژەی هەیە.

## کوردستان و کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوییەکاندا

عوسمانییەکان لە سەدەی چواردەیەم و پانزدەیەم ئیمپراتۆرییەکی بەهێزیان لەو هەرێمەدا دامەزراندووە. هاوکات سەفەوییەکانیش لە ئێراندا دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیان جێگیر و تۆکمە کردووە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەو دوو دەسەڵاتە لە ناوچەی کوردستان لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەدا بوون و ماوە بە ماوەش تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بە هێوری و تا ڕادەیەک بە ئاشتی فەرمانڕەوایی خۆیانیان کردوە.

لە هەموو ئەو ماوە دوورودرێژەدا کە کوردستان بۆتە گۆڕەپانی تەڕاتێن و ململانێ و شەڕ و ناکۆکیی نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی، سروشتییە کوردەکان بە شێوەی جۆراوجۆر، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شەڕەکانەوە گلاون.

شەڕی چاڵدێران کە لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی لەنێوان سوڵتان سەلیمی عوسمانی و شا سمایلی سەفەویدا ڕووی دا و کوردستان بوو بە گۆڕەپانی ئەو شەڕە و عوسمانییەکان تێیدا باڵادەست بوون؛ تەنانەت تورکەکان تەوریزیشیان داگیر کرد. بە دوای ئەو شەڕەدا لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینیدا، ڕێککەوتنێکی فەرمی لە شاری قەسری شیرین (ڕێککەوتنی زەهاو) لەنێوان ئیمپراتووریی عوسمانی و سەفەویدا کرا و بەوە کوردستان دابەش و لەت کرا.

بە دیاریکردنی سنووری نێوان ئەو دوو ئیمپراتوورە (سەفەوی و عوسمانی) گۆڕانی نوێ لە پێوەندیی ئەو دوو دەوڵەتەدا هاتە ئاراوە کە کاریگەریی زۆری لە هەموو ئاستەکاندا لەسەر کوردستان و کورد داناوە. لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا چەندین ڕووداوی مێژوویی و جیهانی ڕوویان داوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێنیان لەسەر چارەنووسی کوردستان و مێژووی کورد داناوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئاسیا زۆر بەخێرایی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. شۆڕشەکان لەو ناوچەیە و شەڕەکانی ناپلێۆن ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردووەتە گۆڕەپانی ململانێیەکانی نێوان فەڕانسە و بریتانیا و ڕووسیە و بەو جۆرە پرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەری هەڵدا و ئەو پرسە بوو بە یەکێک لە ڕووداوە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

بەکورتی نێوەرۆکی پرسی ڕۆژهەڵات کە لە سەرەتادا خواست و بەرژەوەندیی ڕووسیە و بریتانیا و فەڕانسەی تێدا دەخوێندرایەوە لە دواییدا نەمسا (ئۆتریش) و ئاڵمانیش تێوەی گلان و سوودیان لێ وەرگرت. لەو کاتەوە پرسی کورد لەو ناوچەیەدا و لەو قۆناغە مێژووییەدا، یەکێک لە پرس و کێشە هەستیارەکانی ناوچەکە بووە. کوردستان لە دوای شەڕی چاڵدێران بێ لەبەر چاوگرتنی ئیرادە و ویستی کورد لە ڕێککەوتنی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩دا لەنێوان سەفەوی و عوسمانیدا دابەش کراوە و لە پەیماننامەی قوستەنتەنییە (ئیستانبوڵ)، لە ڕێکەوتی ١٧ - ١٠ - ١٧٢٩دا پێداگریی لەسەر کراوەتەوە. لە ساڵی ١٧٤٦ی زایینیدا بابەتی سنووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە قسەی لێ کراوەتەوە و لە بەڵێننامەی "ئەرزەڕوومی ١" لە ١٨٢٣ی زایینی و "ئەرزەڕوومی٢" لە ساڵی ١٨٤٧ قبووڵ کراوەتەوە و ڕەسمییەتی پێ دراوە.

لە سەدەی حەوتەمی زایینی تا سەدەی نۆزدەیەمی زایینیدا ئیمپراتووریی گەورە لە ناوچەکەدا (وەک خەلافەت، ئیمپراتۆریی عوسمانی، سەفەوی، ڕووسیە و وڵاتانی ئورووپایی) هەبوون. کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ و پاکانە حیسابی ئەو ئیمپراتوورە گەورانە و زۆر کارەسات بەسەر کوردستان و دانیشتووانەکەی هاتووە. کورد لە شەڕەکانەوە گلاون، شار و گوند و وڵاتیان وێران بووە و لە داو و پیلان و فڕوفێڵی دوژمنان کەوتوون. بۆ ئەوەش هەر قسەی

سوڵتان سولەیمان تەواوە کە شایەتی دەدات چ بە کورد کراوە. سوڵتان سولەیمانی قانوونی دەڵێ: "من عەشیرەتەکانی کوردم داناوە بە ڕیزێک وەک قەڵای مەیدانی کە لە جۆرجیاوە درێژ دەبێتەوە تا بەغدا و...."کەواتە دوژمن ناتوانێت بگاتە دەوڵەتی ئیسلامی و ئەم قەڵا و پشتێنەیە تێپەڕێنێت." هەروەها ئەو دیوارە کوردییەی کە تورک و فارسەکان چوار دەورەی خۆیان پێ قایم کردوە بەم زوڵم و زۆرەی بووە کە لە کورد کراوە و پیلانی بۆ داڕێژراوە. مەلا مەحموودی بایەزیدی لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێ: "ئەم دیوارەی دروست کراوە لە ژیانی کورد و خوێن و گۆشتی کورد بووە". ئەوە یەکێک لە سەدان نموونەی لەو چەشنەیە، بەڵام کورد بە خەبات و تێکۆشان و خۆڕاگری لەسەر خاکی خۆی ماوەتەوە و کۆڵی نەداوە و ڕەسەنایەتیی خۆی پارستووە.

(ن. لازاریۆف) لە کتێبی مێژووی کوردستاندا، لە ساڵی ٦٣٧ی زایینی تا ٢٩ - ٠٦ - ١٩٩٩ی زایینی بەگشتی سەد و حەفتا (١٧٠) ڕووداو و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و کارەساتی مێژوویی تۆمار کردووە کە تێیاندا گەلی کورد سەرەڕای هەلومەرجی زۆر نالەبار و ڕووداو و تراژیدی مێژوویی و زۆر گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و ناوچەکەدا، لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ویستەکانی نەوەستاوە و لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەرگرتوە. هەر ئەوەش دەرفەتی مانەوەی بە خەڵکی کورد لە ناوچەکە و کوردستان داوە کە لە ئێستادا مەسەلەی کورد یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین بزووتنەوە سیاسییەکانی گەلانە لە ناوچەدا کە زۆر و کەم بۆتە بابەتی گرینگی سیاسی لەسەر مێزی کاراکتەرە سیاسییەکانی ناوچە، گەلان، دەوڵەتانی ناوچە و زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

(درێژەی هەیە)

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## لە ئازایەتیی کچان دەترسێ!




**ئاسۆ مینبەری**

زیاتر لە ٧ مانگە ئێران و کوردستان بووەتە گۆڕەپانی بەلرفەی ناڕەزایەتییەکان دژی چییەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتییەکان ئەگەرچی هەندێ جار کزیی پێوە دیار بووە، بەڵام هێشتا بەردەوامە.

لەم ماوەیەدا هەموومان بینیمان کە ڕێژیم بە هەموو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە چۆن ویستوویەتی داخوازیی ڕەوای خەڵک لە ڕێگەی توندوتیژی و ئاکاری دژەمرۆڤانەوە سەرکوت بکات و وای نیشان بدات کە هێشتا خۆی و دەسەڵاتەکەی بەپێوەن! ئامار و وردەکارییەکان لە ناڕەزایەتییەکانی چەند مانگی ڕابردوو کە لەلایەن ناوەندە مافی مرۆییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە بەڕوونی ئاستی دڕندەیی ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵک و داخوازییە ڕواکانیان نیشان دەدەن. بەپێی ئامارەکان بەدەر لە کوژران و برینداربوونی سەدان کەس، کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵک بەهۆی تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانەوە بینایی چاویان لەدەست داوە و ژمارەیەکی زۆریشیان ئێستاش بە زامی ساچمەکانی نێو لەشیانەوە دەژین و پێویستیان بە نەشتەرگەریی چەندبارە هەیە.

بەپێی ئەو ناسینەی کە لە ڕێژیمی ئێران هەیە، هیچ ئاکار و کردەوەیەکی نامرۆڤانە لێی بەدوور نییە، هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا جۆرەکانی سەرکوت و توندوتیژیی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران بەکار هێناوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خۆپیشاندەری کردووەتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆ و گیانی زۆر کەسی ئەستاندووە.
ڕێژیم بەپێی نەریتی کۆنی خۆی هەمیشە لە ناڕەزایەتییەکاندا بەنیسبەت کوردستان توندوتیژتر بووە ،چونکە پرسی کوردستان هەمیشە بۆ ڕێژیم پرسێکی ئەمنییەتی بووە و هەر جۆرە جووڵەیەک تەنانەت ئەگەر بچووکیش بووبێت لای ڕێژیم بە مەترسییەکی گەورە بینراوە و هەوڵ بۆ سەرکوتی خەڵکیش لەوپەڕی خۆیدا بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناشدا پرسەکە هەروا بوو، ئەگەرچی ژینا کچێکی کورد بوو و لە پێتەختی ئێراندا و بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد گیانی لێ ئەستێندرا و چەخماخەی ئاگر و شۆڕشەکە لە کوردستانەوە لێ درا، بەڵام بڵێسەی ئەم ئاگرە هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە و هەموو کۆمەڵگەی بەنیسبەت پرسەکانی ژنان هەستیار کردەوە؛ هەر لەم پێناوەشدا بوو کە یەکەمین ژن لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکاندا لە کرماشان بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان گیانی لەدەست دا.

ئەوەی کە ڕێژیم چاوەڕوانی نەدەکرد، بەرەنگاربوونەوەی بەربڵاوی خەڵک و هەڵوێستی گشتیی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو. دژکردەوەیەکی گشتگیر کە بەتەواوەتی ڕێژیمی تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێی نەمان کرد، هەر بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیرادەی خەڵک دەستەوداوێنی فرتوفێڵی جیاواز بوو.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا یەکێک لە خاڵە گرینگ و جێی بایەخەکان بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان بوو، هەر بۆیەش ڕێژیم بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان هەوڵی دا کچان چاوترسێن بکات و ئاگری شۆڕشەکە بەرەو کوژانەوە ببات. بەپێی هەواڵ و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان ڕۆژانە هێرش دەکرێتە سەر قوتابخانەکانی کچان و بە ماددەی شیمیایی هەوڵی ژارخواردووکردنیان دەدرێت کە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە گیانلەدەستانی قوتابییانیشی بەدواوە بووە. ئەم کردەوەیە، ڕەنگە لە جۆری خۆیدا نوێ بێت بەڵام چاوەڕوانکراو بوو لە دەسەڵاتێک کە بە زۆر خۆی سەپاندووە و هەر لە سەرەتاوە هیچ ڕەواییەکی نەبووە و بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی لە هەموو شێوازێکی توندوتیژی کەڵکی وەرگرتووە، هەموو کردەوەیەک چاوەڕوانکراوە.

لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمدا شایەتحاڵان دەگێڕنەوە کە چۆن ڕێژیم بە ناردنی تیمی تایبەت بۆ ئەو گوند و شوێنانەی دژایەتییان لەگەل ڕێژیم زۆر بوو و هەر لە سەرەتاوە متمانەیان بەم ڕێژیمە نەبوو، هەوڵی نەزۆککردنی ژنانیان دەدا تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانێ پێش بە بەردەوامبوونی نەسڵەکان بگرێ و نەهێڵێ نەوەی داهاتوو لەسەر ڕێچکەی

بانەمەری ٢٧٢٣

باوباپیرانیان درێژە بە خەبات لەپێناو ئازادیدا بدەن. ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤ دەیە، کۆماری ئیسلامی دڕندەتر لە ڕابردوو، دەستی بۆ کردەوەی قێزەونی ژارخواردووکردنی قوتابییان بردووە تاکوو بە خەیاڵی خۆی کچان لە خەباتی شوناسخوازی، مافویستی و داخوازییە ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە.

بێگومان دەرمانداوکردنی کچان کردەوەیەکی مەترسیدارە و دەتوانێ لەسەر داهاتوویان کاریگەریی نەرێنیی هەبێ بەڵام ئەم کردەوەیە هیچکات ناتوانێ ئیرادەی ئەم توێژە بەچۆکدا بێنێت. ئەم کردەوەیەی ڕێژیم ئاماژەیەکی ڕوون بۆ دەستەوەستانی ڕێژیم بەرانبەر بە ئیرادەی کچانێکە کە دەزانێ لە داهاتووشدا هەر گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە نگریسەکەی دەبن، ڕێژیم لە ئازایەتیی کچان دەترسێ چونکە ئەوان بوون کە بە لابردنی سەرپۆشەکانیان هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی سیستماتیکی ژنان بەرەنگاری ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی بوونەوە و هاواری پەنگخواردووی خۆیان کرد بە گڕکانێک بۆ لەنێوبردنی ئەم دەسەڵاتە.

ئەوەی کە لەم قۆناغەدا گرینگە، یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستیی خەڵک بەرانبەر بە کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمە و هەر ئەو خەڵکە هەمیشە سەلماندوویانە کە هیچکات لە بەرانبەر ڕێژیم و دڕندەییەکانیدا بێدەنگ نابن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە بەردەوام ئەگەرچێ هەوراز و نشێوەکان زۆریش بن!

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ماڵی کورد و دیاردەی مەنشوورەکان



د. کامران ئەمین‌ئاوە

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا مەنشوورگەلێکی زۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران وەکوو "منشور مطالبات حداقلی تشکل های مستقل صنفی و مدنی ایران"، "همبستگی و سازماندهی برای آزادی - منشور مهسا"، "مبانی همگامی برای جمهوری سکولار دموکرات در ایران"، "بیانیه جمعی از فعالان سیاسی و مدنی میهن دوست و آزادیخواه ایران" و هتد بڵاو بوونەتەوە. خاڵی هاوبەشی هەموویان "پابەندبوون بە یەکپارچەیی ئەرزی ئێرانە". لە هیچکام لەم مەنشوور و بەیاننامانەدا وێڕای جاروبار بەکارهێنانی وشەی "تکثر"، "تنوع و گوناگونی قومی و اتنیکی"، ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە فرەنەتەوەبوونی ئێران نەکراوە. تەنانەت لە "بیانیه جمعی از فعالان سیاسی و مدنی میهن دوست و آزادیخواه ایران" کە لە ١٦ی خاکەلێوەی ١٤٠١ هەتاویی لەلایەن کەسایەتییە "ملی-مذهبی" و اصلاح‌طلب"ە کانی لایەنگری حکوومەتی ئێران وەک حمیدرضا جلالی‌پور، هاشم صباغیان و هتد گەڵاڵە و واژۆ کراوە، نەک هەر حاشا لە فرەنەتەوەبوونی ئێران کراوە، بەڵکوو "هەر چەشنە خودموختاری و فرەنەتەوەبوونی ئێران" وەکو "خطوط قرمز - هێڵی سوور" ناو براوە.

لە مێژووی ئێران، چ لە کاتی حکوومەتی پەهلەوی و چ حکوومەتی مەلاکان، بەپێی باوەڕی دەسەڵاتداران بە "یەک

نەتەوە، یەک ئوممەت، یەک زمان، پاراستنی یەکپارچەیی سنوور و خاکی پیرۆزی ئێران" هەر چەشنە مافخوازیی نەتەوەیی بە بەکارهێنانی هێزی سپایی و گرتن و کوشتن و هتد وەڵام دراوەتەوە. ئێستاش، هەرچەند ئاکامی ئەو مەنشوور و بەیاننامانە دەبێ کۆکردنەوەی زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەوری یەک بێ، مخابن نەک لەم بوارەدا هیچ کامیان ئاکامێکی باشیان نەبووە، بەڵکوو بوونەتە هۆی چەندبەرەکی زۆرتری ئۆپۆزیسیۆن.

لەنێو تەواوی ئەم مەنشوور و ئیئتلافانەدا بێجگە لە "همبستگی و سازماندهی برای آزادی – منشور مهسا" ئێمە کوردێکی بەشدارمان بێجگە لە کاک عەبدوڵڵای موهتەدی نییە و، ئەم منشوورەش نەک هەر لەلایەن زۆربەی ڕێکخراوە و کەسایەتییە کوردەکان پێشوازی لێ نەکراوە، بەڵکوو بە داخەوە بە چەشنێک بووەتە هۆی دووبەرەکیی نێوماڵی کوردیش.

ئەوەی لێرەدا دەتوانێ تا ڕادەیەک پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەم چەشنە بەشدارییانە بێ، کاریگەریی ئەوانە لەسەر یەکڕیزیی ماڵی کورد و، قورسایەتیی لایەنی کوردە بەگشتی لە بازنەی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵاتدا.

بزووتنەوەی "ژینا- ژن، ژیان، ئازادی"، کاریگەری و چالاکیی بەهێز و بەرچاوی هێزە کوردستانییەکان لەم قۆناخە هەستیارەدا، هەروەها وڵامدانەوەی خەڵک بە بانگهێشتنەکانی ئەوان، پێوەرێکی قورس و قایم بۆ هەڵسەنگاندنی شوێن و پێگەی حیزبە کوردستانییەکان لە نیشتماندایە.

لە لایەکی دیکەشەوە دروشمەکانی خەڵکی کورد لەسەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەباشی نیشانی داوە وێرای خاڵە هاوبەشەکانیان لەگەڵ باقی خەڵکانی ئێران، تا چ ڕادەیەک ڕەنگ و واتای نەتەوەیی‌بوونی پێوە دیارە. دروست لەم سات و کاتە مێژووییەدا تەکڕەوی، ناتەبایی و ناهەماهەنگی لە سیاسەتی هێزەکانی کورد کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە.

ئەگەر پێشتر کار و بڕیاری هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە چوارچێوەی ناوەند و، تەبایی، تێکۆشان و بڕیاری نەنووسراو و واژۆنەکراوی حیزبەکانی دیکەی کوردستانی وەکو کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پەژاک لەگەڵ ئەوان کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر بزووتنەوەکە و ورەی خەڵک دادەنا، هەر بەو ڕادەیەش نەبوونی هاودەنگی ئەم حیزبانە پاش بەشداریی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە مەنشووری "همبستگی"دا، کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر یەکیەتیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و شوێن و پێگەی ئەوانی لەنێوان هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران گەلێک لاواز کردووە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەکردەوە هێزە سیاسییەکانی ئێرانی، بە

سەرانسەری و نەتەوەخوازەکانیەوە کە زۆربەیان لە دەرەوەی وڵات سەریان هەڵداوە و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نەتەوە و وڵاتەکەیان نییە، بوون بە کوێخا و خاوەنی بزووتنەوەکە و، حیزبە کوردستانییەکان کە "بالقوە" و "بالفعل" لاقیان لەسەر عەرزە، کەوتوونەتە پەراوێزەوە.

بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی شۆڕشی ژینا ببێتە هەوێنی نزیکبوونەوەی زۆرتری لایەنە کوردییەکان لە یەکتر و پێکهێنانی چەشنە بەرە یان ئیئتلافێک لەنێوان نوێنەرانی سیاسییاندا، بە پێچەوانە بۆتە هۆی دووربوونی زۆرتر و تەکرەوی و هەوڵ بۆ دیتنەوەی هاوپەیمان لە نێوان مەشرووتەخواز و لایەنەکانی دیکەدا. لەم ڕەوتەدا ئەگەر هێزە کوردستانییەکان پێش نزیکبوونەوە لە هەر لایەن و بەرەو ئیئتلافێکی ئێرانی، ماڵی کورد بە یێز نەکەن و خۆیان وەکو یەکەیەک ڕێک نەخەن، لە دانوستانە سیاسییەکانی ئەمڕۆ و پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا سەریان بێ کڵاو دەمێنێتەوە، و هەر لە ئێستاوە دەیدۆڕێنن و بەرهەمێکیان بۆ نەتەوەکەیان نابێ.

بەشداری حیزبێکی کوردستانی بەتەنیایی لە هەرچەشنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەشێک لە هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران، وێڕای سەرهەڵدانی هەراوهوریای کاتی لە دونیای مەجازیدا، ناتوانێ لە درێژخایەندا بەرهەمێکی ئەرێنی بۆ کورد بێ. کۆمەڵەکان، دێموکرات، پەژاک یان هەر هێزێکی کوردستانی لە کۆمەڵگەی فرە حیزبیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ یەکتری ناتوانن باس لە نوێنەرایەتیی کورد بکەن.

لەوەدەچێ بە هۆی پرشوبڵاویی حیزبە کوردستانییەکان، کۆکردنەوەی ئەوان لەژێر چەترێک هاسان نەبێ. وێڕای ئەوەش، کاتێک هێزە کوردستانییەکان خاڵ و بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ یەک زۆرترە هەتا هێزە سەرانسەرییەکان، حوکمی مێژوو و هەستیاری بارودۆخی سیاسیی وڵات، داخوازکاری نزیکبوونەوەی ئەوان بە یەکتری و ڕێکەوتنیان لە چوارچێوەی بەرە، کۆنگرەی نەتەوەیی یا ناوەندێکی هاوکاری بە بنەواشە یێکی دێموکراتیک بۆ کار، خەبات و چالاکی لە پێناوی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لەم ڕەوتەدا دەکرێ و دەبێ لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەکو "بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین" یان "کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا" و هتد کەڵک وەربگیرێ کە کاتی خۆی، هێزە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتانە توانیان لە پێناوی ئازادیی وڵاتەکەیان بە دیتنەوەی خاڵی هاوبەش لەژێر چەترێک کۆ ببنەوە.

کاتێک حیزب و کەسایەتییە کوردستانەییەکان هێزی خۆیان بخەنە پاڵ یەک و، هاودەنگ و بە هاوکاریی یەکتر بەرەوپیری ڕووداوەکان بچن، ئەوکات دەتوانن بە دەنگێکی بەرز و بەهێز لە ململانییە سیاسیەکاندا بەشدار بن و دەستکەوتی باشیان بۆ



سەرچاوە
Serchawe

گەلەکەیان بێ. لە لایەکی دیکەشەوە نابێ لە بیرمان بچێ، شۆڕشی ژینا پێوەرێکی باش و سەرنج ڕاکێش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هێزانەیە کە ئیدعای نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێران دەکەن. لەم بزووتنەوەیەدا بێجگە لە کوردستان و بەلوچستان کە پێشوازییان لە بانگهێشتنی حیزب و کەسایەتییەکانی خۆیان کردووە، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە هیچ شوێنێکی ئێران و بە تایبەت تارانی پایتەخت و شارە گەورەکان وەکو تەورێز، شیراز، ئیسفەهان، مەشهەد و هتد شایەدی ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ئەم خۆبەزلزانە تەواویەتخوازە ئێرانییانە نەبووین و نین کە لە میدیا و دنیای مەجازیدا بۆ پاراستنی یەکپارچەیی ئێران، کورد بە "جیاوازیخواز" تۆمەتبار دەکەن و هەر لە ئێستاوە وێرای نەبوونی دەسەڵاتێکی حقووقی و دەوڵەتی، بە هەڕەشە و گوڕەشەکردن وڵامی ویستەکانی دەدەنەوە.

کورد دەبێ پێش هەر شتێک ماڵی خۆی بەهێز بکات و پاشان بچێتە نێو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی ڕیشەیەکیان لە وڵاتی ئێران هەیە و ئەگەر ئەمڕۆ دەتوانن هاوپەیمانی "بالقوە"ی بن، پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن ببن بە هاوپەیمانی "بالفعل" و بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی کۆماری و ناکۆجێیی پێکەوە خەبات بکەن.
نابێ لەبیرمان بچێ دەسەڵاتی پاشایەتی و ئیسلامی ئیمتحانی خۆیان لە دوو سەدەی ڕابردوو داوەتەوە و، بەپێی ئەزموون نیشانیان داوە بە هۆی بیروباوەڕی تەواویەتخوازیی خۆیانەوە توانای چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییان نییە. ئەوان بە گشتی باوەڕیان بە دیاردەی فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان نییە و پێیان وایە بە ڕەتکردنی ئەم دیاردەیە، دەتوانن حاشا لەبوونی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران بکەن.

بێشک پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئەوە هاوسەنگیی هێزە کە قسەی کۆتایی دەکات و پێویستە کورد لە ناسین و هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوپەیمانی ئەمڕۆ و دوایی خۆی ژیرانە بچێتە پێش.

کورد نابێ ببێتە کۆڵەکەیەک بۆ هێزگرتن و هێنانەسەرکاری ڕەوت و هێزێک کە باوەڕی بە فرەنەتەوەبوونی ئێران و چارەسەرکردنی مافی نەتەوەکان نییە، دەنا دەبێتە هۆی دەسەڵاتگرتنی هێز و ڕەوتێک کە دەتوانێ ببێتە بکوژ و سەرکوتکەری لە داهاتووی ئێراندا. بۆ کورد ناکرێ و نابێ تەنیا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پێوەری نزیکبوونەوە یان دووربوونەوەی لە هێز و ڕەوتێکی سیاسی بێ، بەڵکوو باوەڕی ڕاستەقینەی هێزی بەرانبەر بە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، قەبووڵی کێشە و مافی کورد و چارەسەرکردنی دێموکراتیکی مافی نەتەوەیی گەلان لە سیستمێکی ناکۆجێیی دەبێ پێوەری هەڵبژاردنی هاوپەیمانی بێ.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# حەماسەی نوێجێژنەمان



**عەلی بداغی**

**کوردستان لە حەماسەخوڵقێنییەکانی بەردەوامە.**

ڕۆژی هەینی کە جێژنی ڕەمەزان بوو، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ئامادەبوونیان لەسەر مەزاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا تابلۆیەکی دیکەیان لە یەکیەتی و یەکڕیزی، هاودڵی و هاومەبەستی و؛ خۆڕاگری و بەردەوامی لە خەباتی مافخوازانەیاندا نەخشاند.

ڕۆژی پێش جێژن لە حەرەکەتێکی سیمبولیکدا بەشێک لە دایکان و بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شاری بۆکان لە دەوری یەک کۆ بوونەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ شکاندنی تازیەباریی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان، جارێکی دیکەش ڕقی پیرۆزی خۆیان پێشانی ڕێژیمی سەرکوتگەر و بکوژانی جگەرکۆشەکانیان بدەن. لە سبەینێی ئەو ڕۆژە و ڕۆژی جێژنی ڕەمەزاندا کە بە پێی نەریتی کوردەواری "نوێجێژنەی" بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بوو، ئەوە خەڵکی بەئەمەگ و ڕێبوارانی ئامانجی شۆڕشی ژینا بوون، کە باوەڕبەخۆ و دڵنیا لە سەرکەوتن، هەوری لەبەر و جامانە لەمل، ئاڵای کوردستان بە دەستەوە و

یەکدەنگ بە دروشمی نەتەوایەتی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا چوونە سەر مەزارەکانیان و سروودی شەکانەوەی ئاڵا و شکۆی هەستانەوەیان بەگوێی نمروودەکانی زەمان دادا.

ئێرە گۆڕستانی ئایچیی سەقزە. مەزاری ژینا ئەمینی، فەرەیدونی فەرەجی، دانیال پابەندی و چەند رۆڵەیەکی دی لە شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی لەئامێز گرتووە. ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی پار، لێرەوە چەخماغەی شۆڕش لێ درا و ئەمرۆش لە "نوێ‌جێژنە"ی شەهیداندا، جارێکی دیکەش تووڕەیی و ڕقی پیرۆزی ڕێبوارانی شۆڕشی ژینا و خەباتکارانی ڕێی ئازادیی خاک و نیشتمان شەپۆل دەدا. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم لە مەودای نیزیکی مەزارەکان مۆڵ دراون، ئەوان سەرشۆڕ و شەرمەزار لە ناسینەوەیان دەموچاویان داپۆشیوە و ڕوو لە خەڵک وەردەگێڕن، بەڵام ئەوە خەڵکن کە بە ئازایەتیی بێوێنەوە بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕن و سروودی "ئەی شەهیدان" دەڵێن و جارێکی دیکەش پڕ بە گەروویان هاوار دەکەن: ڕێگای شەهیدانمان درێژەی هەیە.

ئێرە بۆکان، جوانرۆ، مەهاباد، سنە، مەریوان، پیرانشار، ورمێ و بانەیە، ئێرە کوردستانە. لێرەش مەزاری شەهیدان هەموو بە هێزە دژیگەلییەکان تەنراون، بەڵام ئەوە ئیرادەی کچان و کوڕانی بوێری نیشتمان و ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانە کە بەسەر زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێژیمدا سەرکەوتووە. ئەوە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"ی حەماسەخوڵقێنەکانی "نوێ‌جێژن"ەکەمانە ئاسمانی شوێنەکەی داگرتووە. لێرە تەنیا دەنگێک دەبیسترێ کە زراوی هێزەکانی دوژمنی بردووە:

"لەسەر گۆڕی شەهیدەوە وڵامت بۆ دەنێرمەوە
دەچمەوە نێو شەقامی شار، لە گوللە ناپرینگێمەوە."

لێرە لە گۆڕستانی ئایچییەوە، لە ڕیزی کێلی شەهیدانەوە لەمێژە کاروانێک وەڕێ کەوتووە و، دایک و باوک و هاوژینی شەهید قافڵەسالاران.

گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێت و، کوڕ و کچی شەهیدە بە نەعرەتەی شێرانەیان دوژمنیان وڕ و کاس کردووە.

لاوانی بەجەرگ و میراتگرانی خوێن و خەباتی شەهیدان سینگیان قەڵغانی گوللەیە و هاتوون بڵێن بەچۆک دانایەن و هەددادان ناناسن. بەمجۆرە بە حەماسەی نوێ‌جێژنەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا، مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد بۆ



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٣**

ڕزگاری، لاپەڕەیەکی پڕشانازیی دیکەی لە دڵی خۆیدا تۆمار کرد.

بەڵێ! حەماسەی نوێ‌جێژنەکەمان پەیامێکی زۆر ڕوونی لە خۆی گرتبوو. لەو حەماسەیەدا بە دوژمن گوترایەوە ئەو کەسانەی سێرەتان لە مێشک و دڵیان گرتبوو، کوڕ و کچ و ڕۆڵەی ئەو خەڵکەن و، ئەو خەڵکەش یەکدەنگ و یەکڕیز بۆ یەک مەبەست و ئامانج تێ‌دەکۆشن. ئەو خوێنەی ئێوە ڕشتتان لە جەستەی نیشتمانێک ڕۆیشتووە کە یەک ڕوحی هەیە و، ئەو ڕوحەش سرەوتن ناناسێت هەتا سەربەستی.

لەو حەماسەیەدا گوترایەوە ئیرادەی ئێمە گەلێ لە هێزی مووشەک و فیشەکی ئێوە بەهێزترە. پێتان وانەبێ بە سەرکوت و زەبروزەنگی ئێوە لەسەر شەقام، گڕی تۆڵەی ئێمە دامرکاوە و هەنگاوەکانمان شل بوون. نەخێر، کوردستان قەڵای دێموکراتە و لەگیراننەهاتوو، ڕۆڵەکانی ئەو خەباتەش نەک هەر لە خوێنی شەهیدانی کۆن و نوێیان خۆش نابن، بەڵکوو لەسەر خەبات هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە پێشوو شێلگیرترن.

نوێ‌جێژنەکەمان پیشانی دایەوە: ئێرە کوردستانە و هەمدیسان پێشەنگایەتیی خەبات بەدژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دەکا. ئێرە کوردستانە و دڵی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی لێرەوە لێ دەدات. ئێرە کوردستانە و خوێنی خەبات و خۆڕاگری لە دەمارەکانی ئەم نەتەوەیەدا دەگەڕێ و بۆ ئەو نەتەوەیە ئاسۆ ڕوونە.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

# کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو




**سمایل شەرەفی**

ڕۆژی جێژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ بۆ بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەرفەتێکی تایبەت بوو کە جارێکی دیکە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خۆیان لە لایەک وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان و گیانفیداییان نیشان بدەن و لە لایەکی دیکەوە پەیامی بەردەوامیی و زیندووبوونی ئەم ڕاپەڕینە بە گوێی هەموو لایەکدا بدەن.

لەم دەرفەتەدا خەڵک وێڕای بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و کۆبوونەوەیان لەسەر گڵکۆی شەهیدان، بە کردەوە سەلماندیان کە ئەوانەی لە پێناو خاک و خەڵکی خۆیاندا گیانفیدایی دەکەن، بۆ هەمیشە لە دڵ و یادەوەرییەکاندا دەمێننەوە و دەبنە سەرمەشقی ژیان و خەباتی ئەوانەی دوای خۆیان و نەسڵەکانی دیکە. لەم سەردانانەدا نەسڵی نوێی کۆمەڵی کوردەواری بە بەشداریی بەرچاو و چالاکانە و خۆڕازاندنەوەیان بە جامانە و هەوری و وتنەوەی سروودەکانی "ئەی شەهیدان" و "نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین"، سەلماندیان کە خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەوانەی کە تەنیا تاوانیان ئازادیخوازیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئینسانی بوو، نەتەنیا بە فیڕۆ ناچێ، بەڵکوو دەبێتە

هەوێنی لێبڕاوی و دەروەستبوونی نەسڵەکانی دیکە بە خاک و خەڵکی ئەم نیشتمانە.

لەم ڕێوڕەسمانەدا بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان وێڕای شانازیکردن بە ڕۆڵە شەهیدەکانیان کە لە پێناو بەها و ئەرزشە بەرزە ئینسانی و نیشتمانییەکاندا گیانیان بەخت کردووە، بە بەشداریی جەماوەری خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی سەر گڵکۆی شەهیدەکان گەزگەز باڵایان کرد و ڕاستەوخۆ بۆیان دەرکەوت کە شەهیدەکانیان تەنیا هی ئەوان نین، بەڵکوو "قارەمان" و "شەهیدی کوردستانن."

لە فۆرم و شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی سەر گڵکۆی شەهیداندا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی کوردستان چەندە خاوەن بیرۆکە و داهێنانی جوانی ئەمڕۆییە. کۆمەڵگەیەک کە بەشێوەیەکی خۆڕێکخراو هەوڵ دەدات لە هەموو دەرفەتێکدا بە خۆنیشاندان، خۆبەخاوەنزانینی پرسەکان، خۆدوورخستنەوە لە بێ تەفاوەتی و کەمتەرخەمی و ناڕازایەتیدەربڕین دژ بە زوڵم و بێدادیی دوژمن و خۆفرۆشیی هێندێک مۆرەی نەفس نزمی خۆماڵی، کەڵک وەربگرێت. بنەماڵەی شەهیدان و بەشداربووانی دیکەی سەر گڵکۆی شەهیدان بە خۆڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بە جل و بەرگی جوانی کوردی و کەڵکوەرگرتن لە هەوری و جامانە کە لەم ساڵانەی دوایی دا لە ڕێوڕەسمەکاندا مانا و مەفهوومێکی تایبەتی وەرگرتووە، هەوڵیاندا پەیامی ژیانەوە و قبووڵنەکردنی مەرگ و نەهامەتی بە گوێی دوژمناندا بدەن. ئەوان بە بەرزکردنەوەی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەلماندیانەوە کە دڵی شۆڕشی ژینا هەر لە کوردستانەوە لێ دەدا و بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، شۆڕشی ژینا هەروا زیندوو و بەردەوامە.

دووپاتبوونەوەی درووشمی ئاشنا و لەبەردڵانی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" کە لە زۆرربەی ئەم ڕێوڕەسمانەدا چەندین پاتە دەبوونەوە، پەیامێکی دیکەی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ بەرزیی و گەورەیی پێگەی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕەگ و ڕیشەی بە تان و پۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆچووە و بۆتە بەشێک لە کلتووری سیاسی و فەرهەنگیی ئەم میللەتە. ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان کە لە هەموو بۆنە و دەرفەتێکدا دووپاتە دەبێتەوە ئەگەر لە لایەک بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێی فەخر و شانازییە، لە لایەکی دیکەوە قورسایی بەرپرسایەتییەکی مێژووییە کە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بەردەوام هەوڵیانداوە بە گرتنەبەری هەڵوێست و سیاسەتی درووست و بەرپرسانە خۆیان بەرانبەری بە بەرپرسیار و دەروەست بزانن.

هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و وتنەوەی سروودەکانی "ئەی ڕەقیب " و "خوایە وەتەن ئاواکەی" لە سەر گڵکۆی شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە هەر هەموویان بەشێکن لە هێما وپێناسەکانی شوناسی نەتەوەیی، دەرخەری ئاستێکی بەرز و

**بانەمەری ٢٧٢٣**

گەشەسەندووی هوشیاریی نەتەوەییە. ئەمە ئەگەر لە لایەک نیشانەی خاوەنداریێتیی کۆمەڵی کوردەوارییە لە پرسێکی گەورەی نەتەوەیی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەتەوەییدا بوون و بەردەوامیی هەیە، لە لایەکی دیکەوە پەیامێکی ڕوون و پڕ لە قسەیە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بە ئەقڵییەتێکی تەواویەتخوازانەوە هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە حاشا لە فرەنەتەوەیی وڵاتی ئێران و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی دیکە بکات. ئەمە وڵامێکی پەتییە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بە خەیاڵی خۆیان دەیانهەوێ - ئاخوندئاساکان کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕشی ٥٧ بوون — نێوەرۆک و ماهییەتی شۆڕشی ژینا نادیدە بگرن و ئەقڵییەتی تەواویەتخوازیی خۆیان بەرەوپێش بەرن کە بێگومان وەک دەرکەوت، جیا لە مایەپووچبوون دەسکەوتێکی دیکەیان عایید نابێ.

کۆمەڵگەی کوردستان کە لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵی پێشەنگایەتی گێڕا و پەیام و درووشمە مودێڕنەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"ی تێدا لە دایک بوو، بە حوکمی زیندووبوون و ڕێکخراوبوونی و هەروەها بە هۆی بزووتنەوەیەکی لەمێژینەی نەتەوەیی و حیزبێک کە خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی وەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە درێژەی خەبات بۆ ئازادی و دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانیدا تەسلیمی هیچ نیزام و ئەقڵیەتێکی سەرکوتکەر، کۆنەپەرەست و تەواویەتخواز نابێت و خاوەندارێتی لە مان و مەوجوودیەتی خۆی دەکات.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

# درێژەی شۆڕش



**بابەک ناسری**

ئەوەی لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە ئێراندا بەڕوونی پێشبینی دەکرا و دوایەش ئەو دڵنیاییەی لێ کەوتەوە ئەوە بوو، کە بارودۆخی کۆمەڵگە هەرگیز بۆ سەردەمی پێش خەرمانانی ١٤٠١ ناگەڕێتەوە. شۆڕشێک کە سەرەڕای بەستێنە لەبارەکانی بەڵام بەو بەربڵاوییە بە هیچ شێوەیەک بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازی ئاخوندی چاوەڕوانکراو نەبوو، خەریکە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا پێکدێنێ.

لاوازیی کۆمەڵایەتی، ناکارامەیی دەوڵەت، پێشێلکاریی ئاشکرای مافی هاووڵاتیان، بەربڵاوبوونی هەژاری و بێدەرەتانیی ئابووری کە هەرگیز هەوڵێکی جیددی بۆ چارەسەرکردنی نەدرا و بە دەیان کێشەی هەڵپەسێردراوی دی کە بوونە هۆی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە، هەموو پلان و پیلانەکانی حاکمییەتی شێواند و بەسەر یەکی دادان.

ڕەشەکوژی لە کوردستان و هەینیی ڕەش و خوێنینی زاهیدانیش نزیکبوونەوەیەکی کەموێنەی لەنێو خەڵکی ئێران و نەتەوە



سەرچاوە
Serchawe

جیاوازەکانی نێو ئەو جوغرافیایەدا پێکهێنا. ئەوەش خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی تا ڕادەیەک تووڕە کرد کە لە وتارێکی نهێنیدا فەرمان بە هێزە مرۆڤکوژەکانی بدات لە کوشتاری خەڵکدا سڵ نەکەن و دەست لە منداڵیش نەپارێزن. هەر ئەوەش کۆڵەکە لەرزۆکەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی ئەوەندەی دی لە تێکڕمان نزیک کردۆتەوە.

لە گەرمەی ڕووداوەکانی شۆڕشدا و بەمەبەستی فریودانی ڕای گشتی و بەلارێدابردنی ئاراستەی سەرەکیی شۆڕش شایەتی چەند هەوڵێکی نزۆک لەلایەن حکومەتەوە بووین کە بەهۆی ڕیسوایی خۆیان و ژیری و وشیاریی خەڵکەوە سەرکەوتوو نەبوون و تێیدا مایەپووچ هاتنەوە. هەرچەند لە ئێستاشدا دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم لە هەوڵی دانانی خاڵی کۆتایی لەسەر ئەو شۆڕشەن و بانگەشەی زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا دەکەن، بەڵام وەک دەبینین خەڵک هەر بۆنە و دەرفەتێک دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێژیم ڕاسێن و بە هەر شێوەیەکی مومکین ناڕەزایەتیی و بێزاریی خۆیان دەرببڕن.

حکومەت بۆ دەربازبوون لە مەترسیی ڕووخان و چارەسەریی کێشە نێوخۆییەکان ناچار بوو دەستەوداوێنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی بەرجام بێ و بۆ پاڵپشتیکردنی ڕێژیم پشت بە هێزی سیاسی و نیزامیی چین و ڕووسیە ببەستێ. بێگومان ڕێککەوتنی لەڕووی ناچاری لەگەڵ عەرەبستانیش کە هەر لەجێدا ئاڵۆزی و گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە و پاشان سەفەری نوێنەری تایبەتی خامنەیی بۆ هەندێ وڵاتی دراوسێ بە مەبەستی گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێنی ئەمنییەتی، دوایین پەلەقاژەکانی ڕێژیم بێ کە دەرەنجامەکانی لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە. کەچی سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە نێوخۆیی و دەرەکییانەی ڕێژیم بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگە بە بەراورد لەگەڵ سەرەتاکانی شۆڕشی ژینادا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە، قەیرانەکان کەمتر نا، بەڵکوو زیاتریش بوون و هەمدیسان حکومەت دەستەوەستان ماوەتەوە. لە بەرەیەکی دیکەشدا، ناوەندە نێونەتەوەییەکان و چالاکانی سیاسی لە هەموو دنیادا، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین و بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی ئەو هەموو پێشێلکارییە ئاشکرایانەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، هەوڵێکی بەرین و بێوچانیان بۆ وەڵامدەرکردنی کۆماری ئیسلامی دەست پێ کردوە و هەر ئەوەش تووڕەیییەکی گشتیی زێدەی لە بەرانبەر حکومەتدا پێک هێناوە.

سیناریۆی تیرۆری بەکۆمەڵ و بیولۆژیکیی قوتابیان و خوێندکارانی کچ کە تا ئێستا زیاتر لە سێزدە هەزار کەسی لە نەخۆشخانەکان خستووە، خۆی جۆرێک لە خۆکوژیی حکومەتێک دەچێ کە خەریکە دوایین هەناسەکانی خۆی تەی بکات. بەردەوامیی دەرمانداوکردنی قوتابییان بەر لە هەر کەس بنەماڵەکانیانی تووڕە و هەراسان کردووە و بۆ دەربڕینی ئەو بێزارییە گشتییە دەبێ چاوەڕێی شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتییەکان لە ڕۆژانی داهاتوودا بین. هەروەها پێشبینی دەکرێ لەسۆنگەی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی هەڵاوسان (تورم) کە لە سنووری پەنجا لە سەدیش تێپەڕیوە، شەپۆلەکانی دواتری

**بانەمەری ٢٧٢٣**

شۆڕشی بەدوادا بێت و لافاوی بەربڵاوی تووڕەیی و بێزاریی خەڵک لەگەڵ خۆیدا بێنێ.


فرەیی و لەسەریەک کەڵەکەبوونی کێشە ئابووری و سیاسییەکان لە نێوخۆ و قەیرانی نەبوونی مەشرووعییەتی نیزام لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هاوکات لەگەڵ بڕیارە نادروستەکانی دەسەڵاتداران، گرێیەکی نەکراوەی بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕێژیمەی لاوازتر کردوە. هەروەها کێشەی حیجابیش لەو گرفتە بێ کۆتاییانەی حکوومەتە کە نە بۆی چارەسەر دەکرێ و نە توانای دەربازبوونیشی لەو گرێ ئیدئۆلۆژییە هەیە.

کەوتنەسەریەکی ئەو هەمووە کێشە و گرفتە جۆراوجۆرانە دەریایەکی لە قەیران بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێناوە کە درەنگ یا زوو ئەم ڕێژیمە لە نێو خۆیدا قووت دەدات. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە لێواری خنکان دایە و وێناچێ ئەو دەموساتەش زۆر بخایەنێ.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

---

# لە گەرووی ئیلام و کرماشانەوە




**باوان کرماشانی**

**و لە فارسییەوە: کاروان مێراوی**

ڕێژیمە داگیرکەرە ئێرانییەکان ساڵانێکی زۆرە هێرشی فەرهەنگی و ئاسمیلاسیۆنیان کردووەتە سەر کوردستان و لە باشووری ڕۆژهەڵاتیش ئەم هێرشە چڕوپڕترە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە هەوڵی کۆمەڵێک لە چالاکانی فەرهەنگیی ئەم باشووری ڕۆژهەڵات و بە بەرفراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو ناوچەیە خەریکە بەرەو شوناسخوازی هەڵدەگەڕێتەوە، دەبووژێتەوە و دەگەڕێتەوە ئامێزی نیشتمان. نموونەی ئەم باسەش لە شۆڕشی ژینا و بەتایبەت ئەو دروشمانەی لە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵات دەگوترانەوە، بەڕوونی بۆ هەموو لایەک دیار بوو و ماندویەتیی تێکۆشەران و چالاکانی فەرهەنگیی ئەم ناوچەیەی حەساندەوە.

هەنووکە ئەو شار و ناوچانە پێویستییان بە خۆناساندن نییە و لە ڕەوتی بزاڤی "ژن، ژیان، ئازادی"دا هاواری

شوناسخوازانە و ئازادیخوازانەی خۆیان بە گوێی نەیارانی کوردنەویست و فاشیستە ئێرانشارییەکان گەیاند. ئەگەر لە خوارترین شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە وەک: دێلۆران، دەرەشار و سەراوڵە لە پارێزگای ئیلام تا دەگاتە شائاباد، سەرپێڵزەهاو، قەسرشیرین و سەحنە لە پارێزگای کرماشان و... بەوردی بڕوانینە پێشهاتە و نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئەو شارانە و شارەکانی تری باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا، دەبینین ئەم ناوچانە دیمەنێکی ڕوونی هەم لە ناسنامەخوازی و هەم شوناسی بەکۆمەڵی خەڵکی گەیاندە هەر بینەرێک بۆوەی نیشان بدات یەک سەدە سیاسەتی ناوەندگەراکان بۆ تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی کورد مایەپووچ بووە.

دەسەڵاتدارە داگیرکەرە سەرەڕۆکان لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەرچی لە توانایاندا بوو بۆ فارسیزەکردنی باشووری ڕۆژهەڵات و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان کردیان. بەڵام ئێستە خۆشیان دەزانن کە لەو پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەو شار و ناوچانەی کوردستان بە شۆڕشێکی فەرهەنگی و هەڵگەڕانەوە بەرەو ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی خۆیان، پانئێرانیزم و ئێرانشارییەکانیان ڕیسوا کرد و هەنووکەش خاوەنی وێژمانێکی پتەوی کوردستانین. ئەو ناوچانەی کە ئێرانشارییەکان و یەکپارچەخوازەکانی وەک ئیرەج مەسداقی وایدەزانی بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاسمیلاسیۆن کە پیلانی ڕەزا قەزاقی باوکیان بوو، ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە و لە وەهمێکی خەیاڵی و لە لووتکەی گەمژەییدا باشووری ڕۆژهەڵاتیان بە ناوچەیەکی فارسیزەکراو و فارسیی دەزانی. ئێستە کە پیلانە قرێژەکانیان سەری نەگرتووە و ئامانجە چەپەڵەکانیان بەهۆی خەباتی نەتەوەیی و ئاڵاهەڵگریی چالاکانی فەرهەنگیی ئەو ناوچەیە مایەپووچ ماوەتەوە، لە کەسانێکی وەک "بێهرووز بووچانی"یان هەڵپێچاوە.

ئیرج مەسداقی کە خۆی وەک چالاکی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدات، بە بێڕێزیکردن بە خەڵکی سەربەرزی باشووری ڕۆژهەڵات و بەتایبەت خەڵکی کرماشان و ئیلام، زۆر بە جوانی و ڕوونی نیشانی دا کە ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتی و هەڵگەڕانەوە شوناسخوازانەیەی باشووری ڕۆژهەڵاتی پێ قەبووڵ ناکرێت و وا دەزانێت چۆن شاری بەدرە (زێدی لەدایکبوونی بێهرووز بووچانی) کە لە باشووری پارێزگای ئیلامە؛ ئیتر دەبێت بەگشتی خەڵکەکەی ناسنامەی خۆیان لەدەست دابێت و هیچ ناونیشانێکی کوردایەتی لەو شارەدا نەمابێت، چە بگات بەوەی کە بیهەوێت بەقەوڵی مەسداقی؛ ئاڵاهەڵگری کوردبوون و کوردایەتی بێت!

هەر بۆیە قسەکانی "بێهرووز بووچانی" کە لەم ڕۆژانەدا بووەتە دڕکێک و دەچەقێتە چاوی پانفارسیزمە فاشیستەکان و ئێرانشارییەکانیش، مەسداقی ئەمەی زۆر پێی خۆش نییە و لە هەمووکەسێکی باشووری ڕۆژهەڵات زیاتر پێی گرانترە و بە گێڕانەوەی قسەی هاوڕێیە گەمژەکانی خۆی، کە لەڕاستیدا قسەکانی خۆی بە زمانی کەسانی دیکەوە دەکات؛ بەئاشکرا و

بانەمەڕی ٢٧٢٣

بەڕوونی بێڕێزی بە خەڵکی کرماشان و ئیلام دەکات و هەوڵ دەدات ئاژاوە و دووبەرەکێ لەنێوان نەتەوەی کورد و بەتایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بنێتەوە.

ئەو پیلانە نەگریسەی کە ڕەزا قەزاق کاتێکی زۆر و بوودجەیەکی فرەیشی بۆ تەرخان کرد و نەیتوانی بە ئاکامی بگەیەنیت و دوای پەهلەوییش، ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران ئەو هەوڵانەی گرتە بەر و دیسان سەرکەوتوو نەبوون و بێئاکام مانەوە، بە وریایی و هۆشیاریی بەکۆمەڵی جالاکانی فەرهەنگیی کورد ئامانجەکانی یەکپارچەخوازەکان و پانفارسیزمە فاشیستە ئێرانشارییەکان بوو بە بڵقی سەر ئاو... ئیرەج مەسداقی کە وابێژیی ئەوە دەکات هاوڕێ و دۆستی کوردی زۆرە؛ خۆزگە داوای لە دۆستە کوردەکانی بکردایە چیرۆکی داڤوود خانی کەڵهوڕی بۆی بگێڕنەوە کە یەک لە ڕێبەر و سەرکردە بوێرەکانی کورد بوو و بە حکوومەتی ناوچەی کرماشان ڕازی نەبوو و گەرەکی بوو تارانیش کۆنترۆڵ بکات... یان چیرۆکی شا محەمەد یاریی کورد کە یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی ئازا و قارەمانی نەتەوەکەمان بوو و بەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەکانی ڕەزا قەزاق ڕاپەڕی و شەڕی دەکرد.

بێگومان بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە ئیرەج مەسداقی و کەسانی دیکەی هاوشێوەی ئیرەج مەسداقی بەباشی ئاگاداری پێگەی کرماشان و ئیلام و پاشخانی مێژوویی ئەو دوو پارێزگایە و باشووری ڕۆژهەڵات بەگشتی هەن، ئەم قسانەی ناوبراویش دەرخەری گریمانە کۆلۆنیالیستییەکان و دۆڕانی خۆیانە لەو پیلان و پرۆژەیەدا کە وایاندەزانی تێدا سەرکەوتوو بوون.


لێرەدا ئەو ڕستە بەنرخە و جوانەی مامۆستا ناسر ڕەزازی، هونەرمەندی ناسراو و ناوداری کوردستان بە بیری گشت فاشیزستە ئێرانشاری و پانئێرانیستەکان و بەتایبەت ئیرەج مەسداقی دەهێنینەوە کە گوتی: "ئەگەر ئی جارە بایمنەو، وە ئیلامەو تێیەیمنەو."

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هێمن شاعیری ژن، ژیان، ئازادی



برایم جەهانگیری

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤دا کورد کەسایەتییەکی هەڵکەوتەی ئەدەبیی مێژووی خۆی لەدەست دا. مامۆستا هێمن ئەو کەسایەتییە مەزنە زمانپاراو و قەڵەمڕەوانە بوو کە بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا و لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد.

هێمن یان سەید محەممەدئەمینی شیخولئیسلامی لە ساڵی ١٣٠٠ هەتاوی لە گوندی لاچین لەدایک بوو. بە بووونی هێمن دایکی شیری ویشک دەکات و ناچار دەبەر دایانی دەنێن و کورد کوتەنی بە دایان گەورە بوو. هێمن کوڕی بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی مەهاباد و موکریان بوو، باوکی ناوی سەید حەسەنی موکری لە بنەماڵەی مەلا جامی و دایکی شێخزادە و لە بنەماڵەی شێخی بورهان بوو. شێخی بورهان و خانەقای شیخی بورهانی ئەوکاتی قوتابخانەیەک بوون بۆ زمانی کوردی و بۆ هەستی کوردایەتیش. هێمن سەرەتا پێچەوانەی حەزی خۆی لەبەر خوێندنی ئایینی نرا و دواتر ڕێی کەوتە خانەقای شێخی بورهان و لەوێ دەگەڵ هەژار (مامۆستا هەژار) لە خزمەت "مامۆستا فەوزی"دا فێری زمانی کوردی و هەستی کورایەتی بوون،



سەرچاوە
Serchawe

تا وای لێ دێ هەردووک بوونە شاعیری میللیی کۆمار.

لە کۆمار و دوای کۆمار نەخشی هێمن لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرچاو دەبێ و ئیدی دوای ڕووخانیش هێمن ڕۆژهەڵات بەرەو گەرمێن بەجێ دێڵێ و لەوێ لە قوتابخانەی دیمۆکراتدا درێژە بە شێعر و بەفێربوون و بە خەبات بۆ ئازادیی کوردستان دەدا. ئەو بە هەق شاعیرێکی ئازادیخواز و نوێخوازی کورد بوو، لەم بابەتەدا تەنیا ئاوڕێکی کورت تەنیا لە یەک ڕوانگەی مامۆستا هێمن.

مامۆستا هێمن بەحەق ئەستێرەیەکی پڕشەنگداری ئەدەبی ئاسمانی کوردەواری بوو کە لە ماوەی ژیانیدا بە پێشکەشکردنی چەند دیوانی شێعری و پەخشان (تاریک و ڕوون، پاشەرۆک، نالەی جودایی وبارگەی یاران) و چەند چیرۆک و وەرگێڕان جێگەیەکی تایبەتی لەنێو گەلی خۆیدا کردەوە و کتێبخانەی کوردییشی بە جوانترین و ڕەسەنترین وشە کوردییەکان ڕازاندەوە.

مامۆستا هێمن یەک لە بەهەسترین شاعیرانی کورد بوو. ئەو مرۆڤێکی پەپوولەیی بوو، هزروبیری وەک ئاوی زوڵاڵی کانی ڕوون بوو. ئەو بە مانای ڕاستەقینە ئینسان بوو:

" ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟"

هێمن مودێڕن بوو، لە هەموو بوارەکاندا پێشەنگ و پێشکەوتوو بوو، بەڵام من لێرەوە دەمهەوێ لە یەک ڕوانگەوە زۆر بە کورتی سەرنجێک بدەمە شێعرەکانی کە ئاوێتەی ڕووح و ڕەوان و هزر و بیری مامۆستا بوون. ئەو بەڕاستی باوەڕی بە نەهێشتنی ستەمی لەڕادەبەدەر بەرانبەر بە ژنان هەبوو. ئەو ژنی تەنیا وەک جەستەیەکی چێژبەخش بۆ پیاو سەیر نەدەکرد، ئەو ژنی هیچ پێ کەمتر نەبوو لە پیاو. مامۆستا بە دوو شێوە و بۆ دوو مەبەست بەتایبەتی باسی ژن دەکا.

هێمن لەپێشدا باسی ڕزگاریی نیشتمانەکەی دەکات و لەو باسەدا ژن و پیاو لە پەنا یەک دادەنێ و پێیوایە دەبێ ژن و پیاوی کورد بەیەکەوە شان وەبەر بەرپرسایەتی بدەن و بۆ ڕزگاریی نیشتمانی هەوڵ بدەن:

"ئەختەر کچە کوردی چاوەمەست
ئەی پێشمەرگەی میللەتپەرەست
ئیلهامدەری شێعر و هەڵبەست

كه دیتمی تفەنگ بەدەست
زانیم گولی هیوا پشكووت
بەیانی ئازادی ئەنگووت"

له شوێنێكی دیكەدا دووباره دەڵێ:

" من تەشیڕێسێكی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چییه
كیژی وریای چاوكراوەی فێره زانینم دەوێ"

لەو دوو شێعرەدا بەجوانی دەردەكەوێ كه مامۆستا هێمن یەكەم، گرینگی به خەبـاتی ڕزگـاریخوازانەی كورد دەدا و دوایەش بەرپرسایەتیی ئەو خەباته بەتەنیا ناوێته سەر شـانی پیـاوی كورد بەڵكوو ژنیش هـان دەدا كه شـان به شـانی پیـاوان بـۆ ڕزگاری نەتەوه و نیشتمانی كورد له چنگ ستەم و داگیركاری هەوڵ بدات. گرینگی بەشداریكردنی ژنـان له خەبـاتی ڕزگـاری خوازانەدا لای مامۆستا هێمن هێنده بەنرخ بووه كه دیتویەتی ئەختەری كچه كـورد چەكـی پێشمەرگەی له شـان كـردووه، ئەو جار باوەڕی به ڕزگاری كورد هێناوه، بۆیه دەڵێ "زانیم بەیـانی ئازادی ئەنگووت."

بەڵام هێمن له هەمان كاتدا هەموو شتێک لەو بوارەدا نابەستێتەوه به خەبـاتی ڕزگاریخوازانه و نقورچێكیش له خەڵكەكەی خۆی دەگرێ بۆ ئەو ستەمەی له ژنـانی دەكـات و بەمجـۆره هەم پیـاوی كـورد وشیـار دەكـاتەوه و هەم ژن وەئـاگـا دێنێتەوه كه ئەو دوو جار ستەمی لێ دەكرێ.

سەیری ئەو شابەیته بكەن كه خۆی بەتەنیا دیوانێكه:

" ئەسیری بسكی ئاڵۆزی كچه كوردێكی نەشمیلم
تەماشا كەن چ سەیرێكه به دەستی دیلەوه دیلم"

لێره دا مامۆستا هێمن به زانایی و به تیرێک دوو نیشان دەپێكێ:

"تەماشاكەن چ سەیرێكه به دەستی دیلەوه دیلم"

ژنی كورد دوو جار ئەسیر و دیله، یەكەم دیلی بەردەستی داگیركەرانه و دووهەم دیلی نەریتی كوردەوارییه، و لەهەمان

بانەمەری ٢٧٢٣

کاتدا مامۆستا بۆخۆشی وەک تاکی کورد دیلی دەستی داگیرکەرانە، بۆیە مامۆستا دەڵی " تەماشا کەن چ سەیرێکە .... بەدەستی دیلەوە دیلم."

هەر لەو بارەوە و ئەوجار زۆر ئاشکراتر ڕوو دەکاتە بزاڤی ڕزاگاریخوازیی کورد و حیزبەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی کوردەواری و فۆرمۆڵەکەیان بۆ چارەسەر دەکا و پێیان دەڵێ کە ئەگەر لە دووی ئازادی وێڵن، ئەوە سەرەتای ئازادی لە ئازادیی ژنەوە دەست پێ دەکا.واتە ژن و ژیان و ئازادی لێک گرێ دەدا و دیسان بە شاشێعرێکی بێوێنە بە پیر ئەو بیرۆکەی خۆیەوە دێت و دەڵی:

"با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە"

بەڵێ هێمن بە ڕاستی شاعیری عیشق و ئازادی و یەک لە بەهەستترین شاعیرانی کورد بوو، دڵێکی پاک و بێگەری لە چەشنی دڵی منداڵان و خۆزگە و خۆلیایەکی گەورە لە چەشنی سەربەستیی کوردستان کۆی ڕوح و ڕەوانی ئەو مرۆڤەی داگرتبوو:

"بۆ بە کفری دادەنێن گەر من وەکوو پێشمەرگەیەک
هات گوتم پاراستنی ئیلام و هەرسینم دەوێ*

من بە فرمێسکی ڕنووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
کوڵمی سوور و چاوی شین و سینگی بەفرینم دەوێ"

***

تێبینی: لە کۆنگرەی چواری حیزبدا ئەو بەیتە لە شێعری فرمیشکی ڕنوودا بەو شێوەیە خوێندرایەوە، دوایە نازانم بۆ لە هەندێ لە چاپکراوەکانی دیکەدا نەما.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# ئێران خەریکە لە چەند لاوە ئیسرائیل بەرەو ئاگر دەبات



و: کەماڵ حەسەنپوور

ئیسرائیل حەیوم – یاکۆب ناگەل

دوای پشوویەکی دوورودرێژ لە وتووێژەکانی ناوکیدا، کە ئێران لەو ماوەیەدا لە توانای ناوکی (بەتایبەتی بە کۆکردنەوەی ماددەی پیتێنراوی پێویست بۆ بۆمبەکە) نزیکتر بۆوە، زانیاریی "دزەپێکراو" لەبارەی خولیای ئەمریکا لەمەڕ پێشنیاری ڕێککەوتنێکی بەشەکی و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ بڵاو بۆوە. ئەگەرچی ڕێککەوتنی پێشنیارکراو بیرۆکەیەکی نوێ نییە، گەلێک گرینگە لە ئێستا ڕا دەنگۆیەکان ڕەت بکرێنەوە و مەترسییەکانی ڕێککەوتنی "کەم بۆ کەم" ڕوون بکرێنەوە.

بیرۆکەی "کەم بۆ کەم"، کە بەکردەوە "زۆر بۆ زۆرە"، لەسەر هێندێک سنووردارکردن و سڕکردنی بەرنامەی ناوکیی ئێرانە، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە مانای ڕاگرتنی گەشەکردنی زیاتر لە بەرانبەر سووککردنی ڕێژەیی ئابلۆقەکان دامەزراوە.

گاڵتەجاڕیی پێشنیارەکە ئەمڕۆ زیاتر لە جاران ئاشکرایە. ئامانجی دەستپێکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دووڕاگرتنی ئێران

بۆ مەودای ساڵێک لە تێپەڕین لە خاڵی بێگەڕانەوە (کۆکردنەوەی هێندە ماددەی پتێنراو کە بۆ بۆمبی یەکەم پێویستە)، زۆر دەمێکە "بابردەڵەیە". ڕێککەوتن، تەنانەت یەکێکی بەربەرینیش، تەنیا چەند حەوتوو یان چەند مانگێک کات بۆ دنیا بەدیاری دێنێ کە هاوکات لەگەڵ سووک کردنی بەرچاوی ئابلۆقەکان، ڕێگا بە ڕێژیم دەدا تا لە بواری ئابوورییەوە ببووژێتەوە و درێژە بە پشتیگری و پشتیوانیی دارایی لە تێرۆریزم لە سەرانسەری دنیادا بدات.

گومان لەوەدا نییە کە ئێران لە پشت هێرشەکانی ئەو دواییانە بۆ سەر ئیسرائیل لە باکوور و باشوور، بە هۆی حەماس و حیزبوڵڵایە. ئێران بە چوار سێناریۆ زەخت دێنێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە: لوبنان و سووریە، غەززە، جودێیا و ساماریا و ئورشەلیم. کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، هی ٢٠١٨، بهێنرێ و بەتوندی نەتەنیا سزای هێرشبەران بدرێ بەڵکو ئەو وڵاتەی سەرچاوەی هێرشەکانە و ئەو وڵاتەی ناردوونی.

لەو کاتیەوە بیرۆکەکە سەری هەڵدا، تاران ئورانیۆمی تا ئاستی ٪٦٠ پیتاندووە و تەنانەت "کایە"ی بە پیتاندنی ٪٨٤ کردووە (ئەگەرچی گیروگرفتی ڕاستەقینە ڕێژەی زۆری ئورانیۆمی پیتێنراو بۆ ٪٢٠ بووە). ئەو هەروەها کانزای ئۆرانیۆمی بەرهەم هێناوە، پێشی بە پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی گرتووە دەستیان بە پێگە گوماناوییەکان ڕا بگا و، چاوەڕوانی زۆرترین ئاستی لابردنی ئابلۆقەکان لەبەرانبەر چەند بەربەستێک لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی دەکات، هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە کە ڕێگا بەرەو بۆمبەکە دەهێڵێتەوە.

## کەوابوو، بۆچی پێشنیارەکە مەترسیدارە؟

ڕێککەوتنەکە ئامادەکارییەک بەرەو ڕێککەوتنێکی بەرینتر، درێژمەوداتر و باشتر نییە، وەک لایەنگرەکانی (کە هەم ئەمریکایی و هەروەها ئیسرائیلییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن)، چونکە ئەوە دوایین ڕێککەوتن دەبێ. تاران وا دەنوێنێ کە ملکەچی چەند سنووردارکردنێک بووە و لە بەرانبەردا چەندین قازانجی بە نسیب دەبن. ئەوە چەند ساڵ لەوە پێش ڕاست بوو و ئێستا، لە ژێر ڕووناکایی ئاڵوگۆڕەکان لەو کاتیەوە زۆرتریش ڕاستە. ڕێککەوتنەکە ڕەوایی دەبەخشێتە زۆربەی پێشێلکارییەکانی ئێران و ئیزنی پێ دەدا دەستی بەو سامانانە ڕابگات کە بە هۆی پێشێلکردنی بەرجام و پەیماننامەی پەرەپێنەدانی پرۆژە ئەتۆمییەکانی (NPT) وەدەستی هێناون. بەرهەمهێنانی سانتریفیوژی پێشکەوتوو بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر و بەنهێنی هێشتنەوەی پێگەکانی پیتاندن.

چونکە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر سانتریفیوژ پێویست دەبن، دەرفەت بۆ تاران دەڕەخسێ "بەدزی" خەریکی بۆمبەکە بێ.

ئێرانییەکان درێژە بە دەستڕاگەیشتن بە هاژەکی بالیستیک بە توانایی هەڵگرتنی کڵاوی ناوکی دەدەن، لە کاتێکدا دۆخی ڕاستەقینەی تیمەکانی چەکەکە، کە لە ڕاستیدا تەنیا بڕگەی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە توانایی ناوکییە، بەردەوام بەنهێنی دەمێنێتەوە.

بۆ پاراستنی شانسی ڕێککەوتنێک، ئێران وڵاتە یەکگرتوەکان و یەکیەتیی ئورووپای ناچار کرد ڕێنوێنیی سەرۆکی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ناوکی بکەن تا خۆ لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی توندوتیژ لە بارەی پێشێلکارییەکانی ئێران، یان داوای کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری و، تەنانەت گواستنەوەی پرسەکە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ببوێرێ. واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی وەستانی کار لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بەو گریمانە هەڵەیە کە "گەڕاوەتەوە بۆ نێو سندووقەکە"، وەک جەیک ساڵیوان لە ڕابردوودا گوتوویەتی. ئێمە دەبێ لەبیرمان بێ کە ئەو پلانە لە ساڵیوانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەو ئەندازیاری ڕێککەوتنێکی کاتیی هاوشێوە لە ٢٠١٣ بوو (بەرجام) و ئەو ڕەنگبێ -بێتوو دەنگۆیەکان ڕاست بن- ئەو کەسەیە کە هەوڵەکانی ئێستا بەرەو پێش دەبا. کاتێک ئێرانییەکان ئیمتیازاتی بەرچاویان دەست کەوتن، ڕێککەوتنێکی مەزنتر و بەربڵاوتری دوایی تەنیا وەک تراویلکە دەمێنێتەوە. ڕێبەرانی ئێران زۆر باشتر لە سەرکۆمار بایدن و خەڵکەکەی دەزانن چۆن ئەو پرسە مودیرییەت بکەن.

لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی وڵاتانی کەنداویش سەرنجڕاکێش و گرینگە، بە تایبەتی لەژێر ڕووناکایی لێکنزیکبوونەوەی عەرەبستانی سعوودی و ئێران و کاردانەوەکانی وڵاتانی بەشدار لە پەیمانی ئیبراهیم. هەر ئەو حەوتوویە، کاربەدەستە باڵاکانی ئێرانی و سعوودی بە میوانداریی چین یەکتریان بینی تا پەیوەندییەکانیان نوێ بکەنەوە.

زانیاریی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر کە لەلایەن کاربەدەستانی ئیسرائیلییەوە پێشکەش کراوە، ئەو ئەگەرە سەرسوڕهێنەرە بەرز دەکاتەوە لە کاتێکدا کە هەنگاوی سعوودی بەڕاستی بە مەبەستی سەقامگیریی هەرێمی و ناردنی پەیام بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل بوو، لە هەمان کاتدا دەتوانێ بۆ بەهێزکردنی دەستڕۆیشتوویی ئابووری و مەدەنی سعوودی لەنێو ئێران و لە درێژخایەندا یارمەتیدەری بنکۆڵکردنی دەسەڵات و ڕووخاندنی ڕێژیم بێ. سعودییەکان تێدەگەن کە پەرەپێدانەکانی ئێران درێژەی دەبێ و، لەگەڵ لێنەهاتوویی ئەمریکایی، سعودییەکان بڕیاریان دا بە کەڵکوەرگرتن لە دراو و دیپلۆماسی و جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی سعودی دژی ڕێژیم، دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە نێوەوە تاقی بکەنەوە.
لەلایەکی دیکەوە، ترسێکی ڕەوا لە کەنداو بوونی هەیە کە هێرشێکی ئیسرائیلی بۆ سەر ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی نزیکیی جوگرافیایی و پەیمانی ئیبراهیم، کە بە مانای هاوکاریی ئەوان لەگەڵ ئیسرائیل لێک دەدرێتەوە، بە مانای تێچووی دەستبەجێ بۆ ئەوان دەبێ. بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، هەنگاوەکانی سعودییەکان دەتوانێ لەلایەن

ئێران وەک لاوازیی سعودی لێک بدرێتەوە و، ببێتە هۆی باوەڕبەخۆبوونی زێدەڕۆیانە. ئەو هەڵسەنگاندنە، لەگەڵ دەربڕینەکانی ئیسڕائیل، لەمەڕ بژاردەی سەربازی، دەبنە ئالنگاریی بۆ سەر سەقامگیریی ڕێککەوتنەکان و توانایی ئەوان بۆ تەشەنەکردن بۆ وڵاتانی دیکە.

چالاکییەکانی سعودی بەرانبەر بە میسر و سووریەش دەکرێ بە دوو ئاراستەدا لێکدانەوەیان بۆ بکرێ و چاودێریی ورد دەخوازن.

ئێرانییەکان دەزانن، سەرەڕای پێشێلکارییەکانی بەردەوامی ئەو وڵاتە، پێشێلکاریی ناوکی، هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کەنداو و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و کوشتنی ژن و پیاو لە ئێران، لە نێویاندا ئەگەری کەڵکوەرگرتن کە چەکی شیمیایی کە لەو دواییانەدا هەواڵەکانی بڵاو بوونەوە، پشتگیریی بەربڵاو لە ڕووسیە لە شەڕ دەگەڵ ئوکراین، گواستنەوەی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیەییەکان و یارمەتیدانیان لە کوشتنی ژن و منداڵی ئوکراینی، واشینگتۆن نایهەوێ وەڵام بداتەوە.

ئەمریکاییەکان نایانهەوێ وەڵامی ئەو هەموو پێشێلکارییانە بدەنەوە و تەنانەت پێشنیاری ڕێککەوتنێکی بەشەکی پێ دەکەن، کەوابوو بۆچی ڕێژیم هەر جۆرە سنووردارکردنی بەرنامە هاژەکییەکەیان قبووڵ بکات، کاتێک ئەوان تەقریبەن هەموو ئەو شتانەی دەیانهەوێ لە ڕێککەوتنێکی بچووکدا دەستەبەر دەکەن، لە کاتێکدا کە سەرکۆماری ئەمریکا جۆ بایدن هەڕەشەی باوەڕپێکراوی سەربازی لەسەر مێز دانەنێ؟ بۆچی وڵاتانی کەنداو بڕوا بە وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن؟

بۆیە، واشینگتۆن و ئیسڕائیل بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەر سێ بەشەکانی بەرنامەی ناوکی ئێران بکەن: ماددەی پیتێنراو (ئەگەرچی خەریکە زۆر درەنگ بێ)، گەشەپێدانی سیستەمی چەکوچۆڵ (ئەوە پێشترییەتی سەرەکی دەبێ) و، ئامرازی بەرێکردنی، لەگەڵ زەختی ئابووری و هەڕەشەی سەربازیی باوەڕپێکراو. واژۆ کردنی ڕێککەوتنێکی لاواز پەیامی ساختە دەگەیەنێتە ئێران (و بازاڕەکان) کە خۆراوا ملکەچی هەموو شتێک دەبێ کە ئەوان بیکەن، لە کاتێکدا کە ئیسڕائیل بەتەنیایی فرە لاوازە و هێرش ناکات.

لە ڕێککەوتنێکی خراپدا، ئیسڕائیل ناچار دەبێ زۆرترین تێچوو بدات، بۆیە دەبێ بە یەکگرتوویی دژی کار بکات. ئەو پرسە گرینگە دەبێ لە سەرووی هەر جۆرە ناکۆکیی سیاسییەوە بمێنێتەوە و لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی بە کێشمەکێشەکانی نێوخۆیی نییە، کە یارمەتی دوژمنانمان دەدەن وەک لاوازیی لێک بدرێتەوە (بە ڕاست یان بەهەڵە).

بانەمەری ٢٧٢٣

کاربەدەستان دەبێ زانیارییە نهێنییەکانیان، کە دەبێ بدرێنە ڕێبەرانی ئیسرائیل، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بدەن.

ئیسرائیل دەبێ درێژە بە باشترکردنی تواناییەکانی (سەربازیی و هی دیکە) بدا، لە نێویاندا لە جەنگی نێوان جەنگەکان و لقەکانی تا بتوانێ لەگەڵ هەڕەشەی ئێرانی هەوڵسوکەوت بکات. ناچارکردنی ئیسرائیل بە هەڵسەندگاندنی قازانجەکانی ڕێککەوتنێکی سنووردار لە ڕادە بەدەر مەترسیدارە و پەیامی هەڵە دەداتە وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی کەنداو.

وڵاتە یەکگرتووەکان گریمانەی ئەوە دەکات کە ئیسرائیل ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ قبووڵ دەکات و وڵاتانی کەنداو گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئیسرائیلیش وەک وڵاتە یەکگرتووەکان لاوازە.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# حیجابی زۆرەملێ و شۆڕشی ژینا



ڕەزا دانشجوو

وتاری ئەم دواییەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە حیجابی زۆرەملێ، چەند خاڵێکی گرنگی تێدایە کە دەتوانێت بەشێک لە لایەنە شاراوەکانی ئەو پرسە ڕوون بکاتەوە.

خامنەیی لەم وتارەدا بەڕوونی هێڵێکی سووری بۆ نەیارانی حیجابی ئیجباری کێشا و بە حەرامی شەرعی و سیاسی وەسفی کرد. بەپێچەوانەی هەموو وتارەکانی پێشووی خامنەیی کە بە گشتی لە حاڵەتە هاوشێوەکاندا لانیکەم لە قسەکانیدا دوولایەنە باسی حیجابی دەکرد، بەم شێوەیەی کە لە هەمان کاتدا کە جەختی لەسەر حیجابی زۆرەملێ دەکردەوە، هەمیشە داوای دۆزینەوەی چارەسەری فەرهەنگیی بۆ کێشەی حیجاب دەکرد؛ بەڵام ئەمجارە زۆر بەڕاشکاوی داوای بەربەرەکانیی لەگەڵ ئەم کەسانە کرد کە ڕێز لە حیجابی دەستوری ناگرن. خاڵێکی تری گرنگی قسەکانی خامنەیی بەکارهێنانی دەستەواژەی "حەرامی سیاسی" بوو. وشەیەک کە ڕەنگە بۆ یەکەمجار لەنێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان باسی لێکرابێت!! وشەیەکی تەواو بێمانا و ناڕوون. لە کاتێکدا خامنەیی لە هەموو وتارەکانی پێشوویدا سەبارەت بە حیجاب، جەختی لەسەر شەریعەت و دین

و بەکارهێنانی ڕاسپاردە، فەرموودە و قسەکانی کەسانی ئایینی بوو، بەڵام ئەمجارەیان بەڕوونی هەڵوێستێکی تەواو سیاسیی لەبارەی حیجابەوە گرتەبەر. بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە و هۆکارەکانی، سەرەتا ئاوڕێک لە مێژووی حیجاب و داپۆشین لە ئێران دەدەینەوە و لە کۆتاییدا وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگە دەدەینەوە کە هۆکاری گرنگیی حیجاب بۆ کۆماری ئیسلامی و عەلی خامنەیی چییە؟

## مێژووی حیجاب لە ئێران

حیجاب وەک وشە بە واتای پەردە و بەربەست دێت و لە ڕوانگەی مرۆڤە ئایینییەکانەوە، ڕووپۆشێکی تایبەتە کە بەپێی فێرکارییە ئایینییەکان پێویستە ژنان ڕەچاوی بکەن، هەرچەندە لە باسی حیجابدا شەریعەت تاقمێک سنووری بۆ پیاوانیش دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی بەگشتی وەک حیجاب ئاماژەی پێ دەکرێت تایبەت بە ژنانە. دیارە وشەی حیجاب وشەیەکی ئیسلامییە و پەیوەندی بە سەردەمی دوای ئیسلامەوە هەیە و ئەوەی پێشتر هەبووە پۆشاکێکی تایبەت بووە کە لە هەموو قۆناغێکدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی کاتی لەنێو خەڵکدا باو بووە. بۆ نموونە لە کتێبی "جلوبەرگی دێرینی ئێرانییەکان" لە نووسینی "جەلیل زیاپوور" لەبارەی جل وبەرگی ژنانی سەردەمی ماد هاتووە: "ئەو بنەمایەی پێویستە لە بەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە بەپێی ئەو پەیکەرانەی پێش زایین دۆزراوەتەوە، جلوبەرگی ژنانی ئەو سەردەمە کەمێک لە جلوبەرگی پیاوان جیاواز بووە." نووسەر لە درێژەدا باس لەوە دەکات: "ژن و پیاو بە جیاوازیی نێوان سەرپۆشەکانیان جیا دەکرێنەوە. وا دیارە ژنانیش شتێکیان لەسەر سەریان داناوە و قژی درێژیان لە ژێرەوە دیارە." بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگە دۆزراوەکانی سەردەمی ساسانی وەک قاپ و پلێتی زیو، دەتوانێت بگوترێت کە یەکێک لە گرنگترین ڕووپۆشەکان بۆ ژنان شتێکی وەک چارشێو بووە. بەکارهێنانی چارشێو لەم قۆناغەدا وەک قۆناغەکانی پێشوو نەبووە و هەندێک جار ژنان چارشێوەکانیان لە نیوقەد یان لەسەر شانیان بەستووە کە لە مۆتیڤەکانی کەوانەی بۆستان لە کرماشان لەسەر شانی "ئاناهیتا"دا دەبینرێت.

لە سەردەمی دوای ئیسلام لە ئێران، بە هۆی نەبوونی حکوومەتێکی سەربەخۆ و لە ڕاستیدا جۆرێک لەژێر سەرپەرشتی بوونی خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسیدا، فەرمان و دەستوری خەلیفە شێواز و جۆری جلوبەرگی دیاری دەکرد. مەشرووتە و بزووتنەوەی ڕوناکبیری لە ئێران شەپۆلی یەکەمی دژایەتی حیجابیان خوڵقاند. لە کاتێکدا لە سەردەمی قاجاردا، جگە لە دیوەخانی پاشا، تەنانەت لە کۆشکی شاشدا، ژنانی و خزمەتگوزارانی شا پێویست بوو حیجابی تەواو بپارێزن، بزووتنەوەی ڕووناکبیری دوای سەردەمی قاجار توانی تا ڕادەیەک دۆخەکە بگۆڕێت.

دوای هاتنە سەرکاری پەهلەوی و لەژێر سیاسەتە "ئێرانی کۆن "دا، ئەمجارە شێوازی کارلێککردن لەگەڵ حیجابدا بەتەواوی گۆڕا، ئێستا حیجاب قەدەغە کرابوو، گۆڕانکارییەک کە بەهۆی تێڕوانینی کاڵفامانەی پەهلەوی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵگە بوو

بە کێشەیەکی تەواو گەورە و دوو جەمسەری لەنێو خەڵکی کۆمەڵگەدا دروست کرد. مۆدێرنیتەی دەستووری ڕەزاخانی بە هیچ شێوەیەک ئەو شتە نەبوو کە ڕووناکبیرانی سەربەخۆ بەدوایدا دەگەڕان. ململانێ لەگەڵ حیجاب لە سەردەمی دووەمی پەهلەویدا بەردەوام بوو و پۆشینی حیجاب بوو بە دژە بەها. نەپۆشینی حیجاب نیشانەی ڕووناکبیری بوو و حیجاب نیشانەی دواکەوتوویی. لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ٥٧ وهاتنە سەرکاری خومەینی، ئەو کەشوهەوای دوو جەمسەرییەی لە ساڵانی دەسەڵاتی پەهلەویدا دروست ببوو، ئەمجارە لە دیوەکەی ترەوە پەیڕەو کرا. خومەینی بە یارمەتیی ئەم فەزایە بەردەستە زۆر زوو هێرشی کردە سەر حیجابی ئیختیاری و لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ دا ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بە پێگەی حیجاب لە کۆمەڵگەدا ڕاگەیاند و خوازیاری ڕەچاوکردنی حیجاب لە هەموو شوێن و فەرمانگەکاندا بوو.

هەرچەندە تا ساڵی ٦٢ هەتاوی بە کردەوە هیچ یاسایەک سەبارەت بە حیجابی ئیجباری نەبووە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی بێ حیجاب هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردووە. سەرەڕای دەربڕینی دژایەتیی و ناڕەزایەتی لەلایەن بەشێکی زۆر لە گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت ژنان، لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ کاتێک ڕێژیم ئامادە نەبووە پاشەکشە لە یاسای ئیجباری حیجاب بکات.

## حیجابی زۆرەملێ و شۆڕشی ژینا

یاسای حیجابی زۆرەملێ وەک پێناسەی حکوومەتی، تەنیا تایبەتە بۆ کۆماری ئیسلامی و تاڵیبان و بەدەر لەو دوو دەسەڵاتە ساختەیە، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامیدا بوونی نییە. تەنانەت سعوودیە، وەک وڵاتێک کە میوانداریی پیرۆزترین شوێنە ئیسلامییەکان دەکات و ساڵانێکە نازناوی سەرکردەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەگەڵدایە یاسای حیجابی زۆرەملێ هەڵوەشاندەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هێشتاش بە پاراستنی حیجابی ئیجباری پابەندە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ژنانی ئێران دژایەتیی خۆیان بۆ یاسای حیجابی ئیجباری دەربڕیوە.

هەرچەندە لە ساڵانی سەرەتای کۆماری ئیسلامیدا، وەک گوتمان، بە هۆی ئەو جەمسەرگیرییەی کە پەهلەوییەکان دروستیان کرد، نەیارانی حیجابی ئیجباری بەشێکی کەم لە کۆمەڵگە و زۆرتر چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بوون، بەڵام لە درێژەی ساڵاندا، ژنانی ئێرانی توانییان ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا پێناسە بکەنەوە و زۆر زیاتر لە ڕابردوو لە بوارەکانی جیاوازدا ئامادە بن و بەئاشکرا بۆ وەرگرتنەوەی مافە دەستبەسەرداگیراوەکانیان خەبات بکەن. ئەم خەبات و تێکۆشانە هەمیشە ڕەوتێکی تەواو پێشکەوتووخوازانە و بەرەو سەرەوەی هەبووە. کوشتنی جەرگبڕی ژینا ئەمینی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری

ئیسلامی بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیجباری، خاڵی وەرچەرخان بوو لە خەباتی ژنانی ئێرانی دژ بە حیجابی زۆرەملێ.

بوونی دیار و بەرچاوی ژنان لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە هێڵی پێشەوەی خەبات دژی دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهـ و هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە ئازادییە ڕەواکان یەکێک لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی شۆڕشی ژینایە. ژنێک کە ئێستا لە دەرەوەی چوارچێوەی نەریتە پیاوسالارییەکان و بە یارمەتیی تواناکانی، ڕۆڵی خۆی لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا پێناسە دەکاتەوە. لابردنی ڕووسەری و لەچەک کە لە کاتی بە خاکسپاردنی ژینا دەستی پێ کرد، هەر زوو بوو بە تەحەدای شۆڕشگێڕانە بۆ ژنانی شۆڕش، ئەو ژنانەی کە لابردن و سووتاندنی لەچەک و ڕووسەرییان زۆر زیاتر لە ناڕەزایەتییەک لە دژی حیجابی ئیجباری دەزانن، لە ڕاستیدا، بەلای ئەوانەوە هێرشکردنە سەر حیجابی زۆرەملێ هێرشکردنە سەر نۆرم، فەرمان و بەهایەک کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ دیاریی کردووە.

ئێستا دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە هۆکاری هەڵوێستی توندی عەلی خامنەیی بەرامبەر بە دۆخی حیجاب لە کۆمەڵگەدا چییە، ئەوەی کۆماری ئیسلامی و سەرکردایەتییەکەی لێی دەترسن، بەدڵنیاییەوە بوون یا نەبوونی حیجاب نییە! ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی حوکمڕانی شەرمەزارانەی خۆیدا، نیشانی داوە کە تاکە هێڵی سووری ڕاگرتن و پاراستنی تاج و تەختی وەلایەتی فەقیهە و باقی بابەتەکان هەمیشە جێی باس و پشتگوێخستنن. ئەو ڕژیمەی کە تەسلیمبوون وەک "نەرمی نواندنی قارەمانانە" لەبەردەم "شەیتانی گەورە"دا باس دەکات و کاتێک نەگاتە کۆتاییەکی باش، جارێکی تر پەنا بۆ لای شەیتان بردن ڕەوا دەزانێت! دەسەڵاتێک کە ڕۆژێک دروشمی وێرانکردن و خاپوورکردنی ماڵی سعوودیە دەدا و ڕۆژی دواتر بە یارمەتیی هاوڕێی کۆمۆنیستی لەگەڵ سعوودی لەسەر یەک سفرە دادەنیشێت، بەدڵنیاییەوە جگە لە پاراستنی دەسەڵاتی خامنەیی هیچی تری بۆ گرنگ نییە.

لە ڕاستیدا کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ لابردنی حیجاب ئەوەیە کە ژنە تێکۆشەرەکان هەرگیز بە ئازادکردنی حیجاب ڕازی نابن و ئەمەش تەنیا سەرەتای ڕێبازەکەیە و لەنێوبردنی ڕێژیم ئامانجی سەرەکییە. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێت، دارمان و رووخانی یەک لەدوای یەکی ئەو نۆرمە ساختەیانەیە کە ڕێژیم وەک بەها و ئەرزش بۆ خەڵک پێناسەی کردووە و ساڵانێکە لە پشت ئەو بەهایانە خۆی حەشارداوە. خاڵێکی تر کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگە، ئەو بەشە توندڕەوی مەزهەبییە کۆمەڵگەیە کە تەنیا بە هۆی ئەو نۆرمانەوە بە کۆماری ئیسلامییەوە پەیوەستە. دیارە لادانی کۆماری ئیسلامی لەم بەهایانە دەبێتە دوورکەوتنەوە و نەمانی ئەم بەشە لەگەڵ ڕژیم. هەرچەند ڕێژەی ئەم لایەنگرانەی کۆماری ئیسلامی زۆر نییە، بەڵام بۆ ڕێژیمێک کە کەس لە دەورووبەری خۆی نابێت، مانەوەیان زۆر گرنگە.

بانەمەری ٢٧٢٣

شۆڕشی ژینا خەریکە پەردەلادانە، بەڵام نەک لە ڕووخساری ژن، لە ڕووخساری ئەو دەسەڵاتە دڕندە و خوێناوییەی کە ساڵانێکە خەریکی لەنێوبردنی هەموو نۆرمەکانی ئینسانی و ڕاستەقینەکانی ژیان لە پشت تاقمێک بەهاگەلی درۆ و ساختەییە. کچ و کوڕانی نەوەی نوێی شۆڕشی ژینا هەمان منداڵە براش و بوێرەکەی چیرۆکی "هانس کریستیان ئەندەرسۆن"ن کە حیجاب و پەردەکانیان فڕێ داوەتە لایەک و هاوار دەکەن کە: "دیکتاتۆری پیر ڕووتە و هیچی لەبەردا نییە".

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# تارمایییەکانی داهاتووی ئێران



وریا ڕەحمانی

ڕەنگە ئەو بارودۆخەی ئێستای ئێران بێ وێکچوون لەگەڵ دوایین ساڵەکان یا تەنانەت دوایین مانگەکانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧ لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا نەبێ. هەر بۆیەش دەکرێ بڵێین ئێرانی ئێستا بە یەکێک لە هەستیارترین سەردەمە پڕ لە هەوراز و نشێوەکانی خۆیدا تێپەڕ دەبێ.

بە سەرنجدان بە چارەنووسی وڵاتان گرینگیی ئەو ساتەوەختە مێژوویییانەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ کە چ کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر داهاتووی میللەتان بۆ چەند یا تەنانەت چەندین نەوەی داهاتوو دادەنێ.

مێژوو بۆ دووپاتکردنەوە نییە بەڵکوو بۆ لێفێربوونە. ئینجا خەڵکێک کە لە مێژوو دەرس وەرنەگرن، مەحکووم بە دووپاتبوونەوەی بەردەوام و ئەزموونکردنەوەی سەرلەنوێی ئازار و شکستەکانیانن. هەروەک چۆن کاتی خۆی خومەینی و دارودەستەکەی بە کەلکئاوەژوو لە ئێحساسات و بێئەزموونیی خەڵک سواری شەپۆلی شۆڕش بوون و ڕاپەڕینەکەیان بە

قازانجی خۆیان لە خەڵک دزی و دەستیان بەسەردا گرت، پاشایەتیخوازانی ئەمڕۆش ڕێک بەمجۆرە دەجوڵێنەوە و بەتەمان خواست و ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵک بە لاڕێدا بەرن و هەموو شتێک بە ناوی خۆیانەوە تەواو بکەن. ڕەوتی سەڵتەنەتخواز کە شازادە ڕەزا پەهلەوی پێشەنگایەتیی دەکات بەمەبەستی گەیشتن بە مەبەستە پاوانخوازانەکەی هەوڵ دەدات باڵ بەسەر شۆڕشی ژینادا بکێشێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئامانجی کۆتایی ئەم شۆڕشە ڕێک بەپێچەوانەیە.

سەڵتەنەت خوازان دەیانەوێ لە ڕێی پرۆپاگاندای بەرینی ڕاگەیاندن وەک ئەوەی لە تەلەڤیزیۆنەکانی "ایران اینترناشناڵ"، "من و تۆ" و ... و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک سلێبریتیی دنیای مەجازی، ئاراستەی حەقیقیی ڕاپەڕینەکە بگۆڕن و بەرەو ئاقارێکی لێڵی نادیاری بەرن. بەو مەبەستەش هەندێ سلێبریتیی وەک عەلی کەریمی و گوڵشیفتە فەراهانی بۆ پێکهێنانی هەندێ سنووربەندیی مەبەستدار ڕادەسپێرن کە بڵێن باسکردن لە سیستمی حکوومەتی داهاتوو خیانەتە! کەچی حەقیقەتی باسەکە ڕێک بەپێچەوانەیە. قەزائەن باسنەکردن لە سیستمی داهاتووی وڵات نەتەنیا خیانەت بەڵکوو ئەوپەڕی ناتێگەیشتوویە. چون ئەوە ڕێک هەمان مێتۆدی نیزامی ئاخوندییە کە دوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی تەنیا یەک بژاردەی لەبەر دەمی خەڵک دانا. ئەمانەش ڕێک بە تەمای هەمان شتن کە لە دوارۆژی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا بژاردەیەکی لەپێشدا داڕێژراوی دڵخوازی خۆیان لە بەرانبەر خەڵکدا دابنێن و لە فەزایەکی هەستەکیدا دەنگی متمانەی بۆ وەرگرن. بەدڵنیاییەوە دەرەنجامی وەها ڕوویکەردێک دیکتاتۆرییە. ئەوەش یانی گوزار لە دێکتاتۆرییەکەوە بەرەو دیکتاتۆرییەکی دی. کەچی ئامانجی سەرەکیی ئەم شۆڕشە جەماوەرییە وەلانانی دیکتاتۆری لە هەر شکڵ و فۆرمێکدایە نەک تەنیا وەلانانی دیکتاتۆرێک. خەڵک ڕاپەڕینیان نەکردووە کە تەنیا شێوەی دیکتاتۆر بگۆڕدرێ بەڵکوو دەیانەوێ بارگە و بنەی دیکتاتۆری بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ هەمیشە تێکەوە بپێچن و کۆتایی پێ بێنن. ئەگینا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەر دوو بیرۆکەی دواکەوتووانەی مەزهەبی و پاشایەتیدا نییە. هەردووکیان سەردەمیان بەسەر چووە. لەڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێران بە دەرەنجامێک گەیشتووە کە لەدژی هەر چەشنە سیستمێکی دیکتاتۆریدا دەوەستێتەوە و خوازیاری نیزامێکی دێموکراتیک و سێکۆلار بەدوور لە هەر چەشنە ئیدیۆلۆژییەکی مەزهەبی و دیکەیە. هەروەها ئەو سەڵتەنەتخوازانەی کە باس لە مێژوو و شارستانییەتی ٢٥٠٠ ساڵە دەکەن هیچی لێ فێر نەبوون بەڵکوو لە گێژاوی ئەو مێژوویەدا گیریان خواردووە و توانای دەرچوونیشیان نییە.

بۆ کەس شاراوە نییە کە بودجەی تەلەڤیزیۆنەکانی لایەنگری سەڵتەنەت لە وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداوەوە دابین دەبێ. ئەو وڵاتانە بە هیچ شێوەیەک خوازیاری هاتنەسەرکاری سیستمێکی سێکۆلار و دێموکرات بۆ ئێران نین. لەبەر ئەوەی مەشرووعییەتی خۆیان لە ناوچەکەدا دەچێتە ژێر پرسیار و ئەگەری ئەوە هەیە کە دێموکراسی لە ئێراندا کاریگەریی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەشدا هەبێ. هەر بۆیەش ئەوان هەمەجۆرە لایەنگری نیزامێکی دیکتاتۆریی وەک خۆیانن. ئەوە لە



سەرچاوە
Serchawe

حاڵێکدایە کە ئێران دەتوانێ دەروازەی دێموکراسی بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ. کەچی دەزگا تەبلیغاتییەکانی لایەنگری سەڵتەنەت بە بەرئاوەژوو نیشاندانی ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە هەوڵی ئاراستەبەخشینی بیروڕای گشتی لە ڕاستای گوزار لە کۆماری ئیسلامی بەرەو نیزامی خوازیاری خۆیانن. بەڵام لەڕاستیدا سەڵتەنەت لە ئێراندا لایەنگرێکی ئەوتۆی نییە و ئەوەش لە پرۆسەی جەریانی وەکالەتدان بە ڕەزا پەهلەویدا بەڕوونی دەرکەوت کە سەرەڕای ئەو هەموو پرۆپاگاندا بەرینەی بۆیان کرد، کەچی نەیتوانی لە حدوودی سێسەد هەزار دەنگ زیاتر بۆ خۆی کۆ کاتەوە!

گەرچی هەموو هەوڵی ئەو کاناڵە تەلەڤیزیۆنیانە ئەوەیە کە بڵێن شازادەی پەهلەوی تەنیا ئەڵتەرناتیڤی مەوجوود و جێی متمانە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییە، کەچی ئەو لە بواری سیاسییەوە تەنانەت ئەوەندە متمانەیەشی بە خۆی نییە کە بۆچوونە سیاسییەکانی لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی حیزبیدا ڕوون بکاتەوە و لەگەڵ چەلێنجە جیاوازەکاندا بەرەوڕوو بێتەوە. سەرەڕای ئەوەش خۆی بە فەراحیزبی دەزانێ و خولیای سەرۆکایەتییەکی نادەروەستی هەمیشەیی لەسەردایە. لە ڕاستیدا لە وردبوونەوە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ڕەزا پەهلەویدا نیشانەکانی دیکتاتۆڕی و بەدیکتاتۆڕ بوون بەڕوونی دەر دەکەوێ و خۆی دەر دەخات.

پڕ دیارە کە سەردەمی پاشایەتی لە ئێراندا کۆتایی پێ هاتوە و ناشێ خەڵک لەسەرڕاوە سیستمێک هەڵبژێرنەوە کە کە کەمتر لە نیو سەدە پێش کۆتایین بە مێژووەکەی هێنا. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە ئاغای پەهلەوی بۆی نەبێ وەک هەڵسووڕێکی سیاسی لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا دەوری خۆی هەبێ. بەڵام ئەو بابەتە خۆی دوو مەرجی سەرەکیی هەیە:

١- ئەگەر بەڕێزی دەیەوێ لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا دەورێکی هەبێ، پێویستە لە پێگەیەکی هاوشاندا لەگەڵ دیگەران، نەک سەرتر، بەرنامەی سیاسیی خۆی بەدوور لە گشت وێژی، وەک تاکێکی ئێرانی، نەک ڕێبەر، پێشکەش بکا و لە پێگەیەکی بەرابەردا لەگەڵ مابەقیی ئۆپۆزسیۆن هاوکاری بکات.

٢- ئەگەر حەزی لە حیزبایەتی نییە و خوازیارە دەوری ڕێبەریی خەبات و بزووتنەوەکە لەدژی کۆماری ئیسلامی بگێڕێ، پێویستە هەر لە ئێستاوە لە میساقێکی نووسراو و نەتەوەییدا ڕوونی بکاتەوە کە لە داهاتووی سیاسیی وڵاتدا هیچ دەورێکی نابێ و دەستێوەردان ناکات.

هەڵبەت ئاغای پەهلەوی لەبری پێڕەوی سیاسی و وتوێژ و هاوکاری لەگەڵ ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی دی، زیاتر حەز دەکات کە کۆمەڵێک سێلێبریتی لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە و لە ناوبانگ و خۆشەویستیی ئەوان لە پێناوی مەشرووعییەتدان

بە خۆی کەڵک وەرگرێ. کەچی زۆربەی ئەو کەسانە خاوەنی ئەزموون و پێشینەیەکی سیاسیی جێی بڕوا نین.

عەلی کەریمی، گوڵشیفتە فەراهانی و نازەنین بونیادی فوتباڵیست و هونەرمەندانێکی باشن، بەڵام تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان لە سیاسەت نییە. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە فوتباڵیست یا هونەرمەند ناتوانێ ئەکتی سیاسیی هەبێ. بەڵام ناشێ کەلکی خراپ لە کۆپۆنی سلێبریتی بوونەکەیان وەرگرن. بەڵکوو بۆ بەسیاسەتمەدار بوون دەبێ سیاسەتوەرزی بکەن. ئەوەش تەنیا بە دروشم و ژێستی ئەرێنی و نەتەوەیی گرتن پێکنایە، بەڵکوو پێویستە لە چەلێنجە جۆراوجۆرە سیاسییەکاندا بەشداریی کارایان هەبێ و لە چوارچێوەی حیزبێکی دیاریکراودا لە دەوری پێڕەو و پرۆگرامێکی ڕوونی سیاسیدا کۆ ببنەوە. جیاوازیی ئەو کەسانە لەگەڵ ئەو خەڵکەی دی کە لەدژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردووە، تەنیا لە ئەژماری فالۆوێر و سلێبریتی بوونەکەیاندایە. کەواتە بەتەنیا فاکتۆڕی بەرهەڵستکاری لەدژی نیزامی حاکم، وەک خۆی، مەشرووعییەتی سیاسی بە واتا کردارییەکەی بە هیچ کەس نابەخشێ. بەڵکوو هەر کەس و لایەنێک کە ئیدعای ئەکتی سیاسی و هەڵسووڕان لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا دەکات دەبێ یا بەرنامەی سیاسیی خۆی پێشکەش بکات یا ڕێبازە سیاسییەکەی دیاری بکات.

ئەوەی ئاغای پەهلەوی و هاوڕێیانی بۆ داهاتووی ئێران دەیڵێن بوخچەیەکی نەکراوەیە کە بۆ هیچ کەس ئاشکرا نییە. ئەوەش نیشانەیەکی باش نییە.

مەبەست لە خەبات و شۆرش بەتەنیا نەویستنی شتێک نییە بەڵکوو لە هەمان کاتدا دیاریکردنی ئەو شتەشە کە دەخوازرێ. قسەکانی کەریمی و فەراهانی لە کۆنفرانسی «جۆرج تاون» لە خۆشبینانەترین حاڵەتی مومکیندا نیشانەی کاڵبوونی سیاسی و خوێندنەوەی نادروستیان بۆ ئێستا و داهاتووی ئێران بوو. هەڵبەت جەنابی پەهلەوی باش لەوە تێدەگا و دەشزانێ کە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە نە بەرنامەی سیاسی دادەڕێژرێ و نە وڵاتیش بەڕێوە دەچێ؛ بەڵام ئێستا لە ناو و پێگەی ئەوان و کەسانی دیکەش کەڵک وەردەگرێ و تەبلیغاتیان پێوە دەکات، تا دوایی...

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کوردەکان لە باکوور، قوربانیی دیموکراسی




ئەلبورز ڕۆیین‌تەن

ساڵی ٢٠١٧ زایینی یاسای بنەڕەتیی نوێی تورکیە لە ڕێگەی حیزبی داد و گەشەپێدان و ڕاسیستەکانی ئەو وڵاتەوە نوسرا و دواتر لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە پەسند کرا. بەگوێرەی ئەو یاسایە سیستمی سیاسیی تورکیەی لە پاڕلەمانیەوە بەرەو سەرۆکایەتی بە دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر بۆ سەرۆک کۆمار گوڕدرا. بێگومان ئامانجی یەکەمی ئەو گۆڕانکارییە دابینکردنی دەسەڵاتێکی زۆر بۆ ڕەجەب تەیب ئەردوغان، سیاسەتمەداری دیاری نزیک سێ دەیەی ڕابردووی گوڕەپانی سیاسەتی تورکیە بوو.

ئەوکات کوردەکان بە دژایەتیی ئەردوغان کەوتنە بەرەی دژبەر، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ دەستکەوتێک لە دژایەتی بکەن. بێگومان دژایەتیی یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکە بە هۆی ئەوەی دیموکراتیک نەبوو، کارێکی ئاسایی هەر تاکێک بوو کە داوای دیموکراسیی دەکرد، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کورد وەک هەمیشە زیاتر لە داواکانی دۆزەکەی گرینگی بە دیموکراسی دەدات، کە ئەوەش هیچ گرفتێک چارەسەر ناکات و دواتر هەر لە ڕێگەی هەر ئەو دیموکراسیە ماف و داوا ڕەوا و

دێموکراتیکەکانی کورد پشتگوێ دەخرێت و سەرکوت بە ڕێگەی جیاواز بەردەوام دەبێت.

نوسەری ئەو دێڕانە لە وتارێک لە سەر یاسای بنەڕەتیی تورکیە لە ساڵی ٢٠١٧ زایینی، لە ژمارەی ٦٨٩ ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسیبووی: "ئەگەر لە تورکیە یاسایەک بنووسرێتەوە کە ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی تورکیە نەبێت، ئەوا ئەمڕۆ، سبەی یا دووسبەی ئەو گرفتانەی ڕوو دەدەن و لە مێژووی تورکیەدا هەبوون، دووبارە دەبنەوە. تورکیەش ناتوانێ بەبێ چارەسەری ئەو گرفتانە بگات بەو ئامانجەی کە بۆ خۆی داناوە. بەکورتی بە قبووڵکردنی ئەو یاسایە یا ڕەتکردنەوەی لەلایەن خەڵکەوە، سەرکەوتن و گەیشتن بە مافەکانی کورد لە گرەوی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی کوردە و مەرج نییە لە هێزیکدا بێت، دەتوانێ لە چەندین هێزی هەماهەنگیشدا بێت. هەر بۆیەش دەبێ کورد بۆ ئەو چەندە تێبکۆشێت".

هەروەک ئێستا دەبینین تورکیە لە هەموو بوارەکاندا بە دۆخێکی زۆر خراپتر لە ٢٠١٧ دەڕوات، هەروەها ئەمڕۆ دوای پێنج ساڵ کوردەکان دیسان بە هەمان گرتینی دژایەتیی دیکتاتوری و خزمەتکردن بە دێموکراسی کەوتوونەتە بەرەی دژایەتیی ئەردوغان و پشتیوانی لە ڕکەبەری ئەردوغان کە لە بەرنامەیدا هەیە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ سیستمی پەڕلەمانی دەکەن. دیسان بەدەر لە داواکانی دۆزی ڕەوای کورد، بە بەربژێرکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی تورک هەروەها بە پێکهێنانی بەرە لە گەڵ چەپەکانی تورک هەمان هەڵەکانی ڕابردوو دووپات دەکەنەوە.

بێگومان دژایەتیکردنی بەرەی ئەردوغان کە لە ئیسلامی سیاسی و ڕاسیستە تورکەکان پێک هاتووە دەتوانێ بۆ دێموکراسی باش بێت، بەڵام ئەو دێموکراسییە تا چەند خزمەت بە کورد دەکات جێگای پرسیارە، بە تایبەتی لە سیستمی سەرۆکایەتیی ئێستادا سەرۆککۆمار پێویستی بە دەنگی ٥١ لە سەدی دەنگدەران هەیە. بە حوکمی ئەوەی بەربژێرەکان بە تەنیا ناتوانن دەنگی سەدا ٥٠ ی دەنگدەران بەئاسانی دەستەبەر بکەن سەدای ١٠ی دەنگی کوردەکانی سەر بە حیزبی هەدەپە کە ئێستا لە ژێر چەتری حیزبی نوێی پارتی سەوزی چەپدا بەشداری لە هەڵبژاردەکان دەکات زۆر چارەنووسسازە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کوردەکان ئەو هێزە گرینگ و یەکلاکەرەوەی خۆیان بەبێ هیچ داوایەک تەنیا لە پێناو دێموکراسیدا بە کار دەهێنێن کە ئەوەش دوبارە کردنەوەی سیاسەتی هەڵەی ڕابردوویە، چونکە بەرەی دژبەری ئەردوغان ئەگەر سەر بکەوێت ئیتر پێویستیی بە کورد نامێنی؛ چونکە لە سیستمی پارلمانی زۆر بەئاسانی دەتوانێ بەبێ کورد هەم حکوومەت پێک بهێنێ و هەم سیاسەتی ڕابردووی دژایەتیی کورد بەردەوام بکات. نابێ لەبیر بکەین ئەگەر ئەردوغان کە سیاسەتی کرانەوەی کوردی دوای سەد ساڵ لە تورکیە دەست پێ کرد ئەمڕۆ بەو شێوەیە دژایەتیی کوردەکان بکات بەرەی

بانەمەری ٢٧٢٣

دژبەری ئەردوغان کە لە پارتی جەهەپە کە دامەزرێنەرەکەی مستەفا کەماڵ ئاتا تورکە لە داهاتوو چۆن دژایەتیی کورد دەکات ئەوە کەم و زۆر دیارە.

بە کوردی و پوختی ئەو دیموکراسییەی کە لە تورکیە بە هەموو کەموڕییەکەوە هەیەتی بۆ تورک دەوڵەمەندییەکی زۆرە و ئەگەر ئەو دیموکراسییە زیاتر گەشە بکات، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زیاتری تورکیە، بەڵام هەر ئەو دیموکراسیە کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنیەوە واتە سەد ساڵ بەر لە ئێستا بە قوربانیدانی کوردەوە دروست بووە، دیسان بە قوربانیکردنی کورد بەرە پێش دەڕوات، بەڵام بۆ کورد دەستکەوتێکی ئەوتۆی نییە.

جیگای سەرسوڕمان نییە هیچ بەرنامەیەک لەلایەن حیزبە جیاوازەکانی تورک بۆ چارەسەری پرسی کورد جیا لە هەندێ گوتاری پۆپۆلیستی نەبێ، نییە. بەڵام جێگای داخە کە هێزە سیاسییە کوردەکانیش جیا لە دیموکراتکردنی تورکیە و خزمەت بە چەپی ڕادیکاڵی تورک داواکانی کوردیان لەبیر چۆتەوەوە.

زیاتر لە بەداخبوون هەوێنی داڕووخانێکی دیکەیە کە کورد بە گشتی و لە هەموو پارچەکانی دیکەش لە چیرۆکی بەدیموکراتکردنی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەر دابەش بووە وانە وەرنەگرێت و داوا ڕەواکانی خۆی وە پێش دیموکراسی ئەو وڵاتانە نەخات، چونکە دەبینین تەنیا بە دیموکراسی مافی کورد دابین نابێ، بەڵام بە دابینبوونی مافی کورد ئەوا بە دڵنیاییەوە دیموکراسی هاتووە و سەقامگیر بووە.

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئەدەبی بەرگری، ویژدانی زیندووی شۆڕش و نەتەوەیە



**شەریف فەلاح**

کاتێک نیشتمان و سەرلەبەری فەرهەنگی نەتەوەیەک دەکەوێتە بەر شاڵاوی هێرش و سڕینەوە، ئەوکات ئیدی هەموو جەمسەر و بوارەکانی کۆمەڵگە هەوڵی مانەوە و ڕزگاربوونیان لە فەوتان دەدەن. ئەدەب یەکێک لەو هونەرە گرنگ و کاریگەرانەیە کە لەم بوارەدا و بەدرێژایی مێژوو دەوری کاریگەری گێڕاوە. لەنێو ئەدەبیشدا بێگومان شێعر کە وەک یەکێک لە کۆنترین هونەرەکانی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار، پشکی شێری بەرکەوتووە و لەنێو زۆربەی ئەو گەل و نەتەوانەی ناسنامەیان ڕووبەڕووی ژێنۆساید و ئاسیمیلاسیۆن بوونەتەوە، بەرهەمی شاکار خولقێندراوە.

کاتێک کوردستان لە سەدەی ڕابردوودا کەوتە ژێر چەکمە و پۆستاڵی داگیرکەران، کاتێک زمان ڕووبەڕووی سڕینەوە و لەخشتەبردن بۆوە، ئیدی ئەوە شاعیرانی دەروەست و نیشتمانپەروەر بوون کە بە چەکی وشە و فیشەکی شێعر و بە زمانی هونەر بوونە مەتەریزی کورد و بوونە هاندەر و بزوێنەر و ڕاسانی شۆڕش و خەبات. شێعری بەرگری هاوشانی چەکی شانی پیشمەرگە لەنێو کۆڵان و شەقام و خوێندنگە ڕۆڵی پاراستن و مانەوەی نیشتمانی داوە. ئەدەبی بەرەنگاری چەمۆڵەیەکی بە

ڕووی هێرش و شاڵاوی فەوتاندا کە دوژمن بۆ سەر کورد و ناسنامەکەی هێناوە.

مێژووی سیاسیی شۆڕشەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و داخوازیی مافی ڕەوای کورد لە وڵاتانی داگیرکەر هەموو دەم بە زمانی ئاشتی و برایەتی و دیالۆگ ڕەوانەی لایەنەکان کراوە، بەڵام بە درێژایی مێژوو وەڵامی ئەو داخوازییانە بە فیشەک و شەڕ دراوەتەوە، جێی ئاماژەیە کە خەباتی شۆڕشگێڕیی کوردستاندا تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی چەکداری و سیاسیدا بەرتەسک نەبۆتەوە و هونەر بە هەموو بەشەکانی بە تایبەت ئەدەبیات و لە هەموان گرینگتر شێعر بە واتای شێعری بەرگری دەورێکی کارا و بەکەڵکی لە سەنگەرەکانی بەرخوداندا گێڕاوە و هەموو کات لە جەرگەی خەباتدا ئەدەب و شێعری بەرگری بەشێک لەو خەباتەی وەئەستۆ گرتووە.

## شێعری نیشتمانی

نیشتمان پاژێک لە وجوودی هەر کەسە و چ ئێستا و چ پێشتر گراوییەکی تایبەت لە نێوان مرۆڤ و نیشتماندا هەبووە. ئەم گراوییە لە دوو بەشدا دەنوێندرێت:

سروشتی کوردستان؛ لە شێعری نوێی کوردیدا تاراوگە دیاردەیەکی داسەپاوە، شاعیر لە وڵات ڕاو دەنرێ، هۆی ڕاونانەکەشی بەرگری لە وڵاتەکەیەتی. کە وایە شاعیر بەم پێداهەڵگوتنە چەند ئامانجی هەیە: گەیاندنی ئەو سووکایەتییە بە ویژدانە بیدارەکانی دونیا، ترساندنی داگیرکەر، بزواندنی ڕۆڵەکانی نیشتمان و لە ئەنجامدا ئەهوەنکردنەوەی داخی دڵ.

شێعری شۆڕش؛ ئەم بەشە لە شێعری نەتەوەیی بەشێکی زۆر لە شێعری نوێی کوردی ساڵانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی تا نەوەدەکان ئەگریتە بەر. بزاڤە جۆربەجۆرەکانی کورد لە گەشە و سەرهەڵدانن و کورد خەریکە خۆی دەدۆزێتەوە. ئەم شێعرە خۆی لە چەند ڕەهەند دایە: بەخەبەرهێنانی گەلێکی خەولێکەوتوو و بێئاگا، ناساندن و نواندنی ڕوومەتی ناحەز و دزێوی داگیرکەر بە جەماوەرەکەیەتی.

## شێعر و خەباتی کۆمەڵایەتی

شێعر ئەمجارەش باشترین ڕێنوێن و ڕێنماییە. شێعرە کە بە زێڕی دەسەڵات نافریوێ و ڕێبازی بەر نادا، نابەرانبەرییە کۆمەڵایەتییەکان داخێکی گرانن بەسەر دڵی شێعرەوە. شێعر بۆ هێورکردنەوەی ئەم داخە لە هیچ هەوڵێک ناوەستێ و ڕوو لە



سەرچاوە
Serchawe

ئاسۆی گەیشتن بە وڵاتێکی دیمۆکراتیک باری قورسی کۆمەڵ لە کۆڵ دەنێ و شاخە و شاخ و دۆڵ بە دۆڵ و وڵاتەوە وڵات وەک موسافیرێکی بێ پەساپۆرت خۆی بە ژووری هەموو دڵێکدا دەکات.

من لەو باوەڕە دام جیا لە ئەدەبی زارەکی، گۆرانی بەیت و بەند و باو، بەشی هەرە زۆری شێعری کلاسیک و ئەدەبی نووسراوی کوردی لەپێناو نیشتمان و بەرگری لە دۆزی ڕەوای کورد و بە مەبەستی وشیاریی کۆمەڵایەتی خوڵقاون.

هەر لە ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حاجی قادر، قانع، دڵدار، هەژار و هێمن، شامی کرماشانی، میرزا عەبدولقادر پاوەیی، نالی، سالم و کوردییەوە بگرە هەتا دەگاتە شاعیرانی هاوچەرخ و نوێتری وەک (گۆران، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، سوارە، فاتێح شێخولئیسلامی (چاوە)، موسلێح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)، عەلی حەسەنیانی (هاوار) شەریف حوسێن‌پەناهی، ک.د ئازاد و ڕەحیم لوقمانی لە ڕۆژهەڵات هەموویان کرۆک و کاکڵەی بەشێکی شێعریان ئەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگری لە نیشتمانەوە. شێعر و دەبڕینی ئەوان بە زمانی هونەر و زۆربەیان بە دوور لە دروشمی بریقەدار باس لە مان و بەرگری لە هەرمانی نەتەوە و ناسنامەیەک دەکەن کە مەترسیی فەوتان و سڕینەوەی لەسەرە.
لە شێعری نوێ و هاوچەرخیشدا سەرەڕای گەشەکردنی ئەدەبیات و تێکەڵبوونی ئەدەبی کوردیش بە شێواز و ڕێچکە ەئدەبییە نوێیەکان، بەڵام دیسان هەر توێژاڵێک لە ئەدەبی بەرگری بە شێواز و فۆرم و دەبڕینی سەردەمیانەوە لە زمانی شێعر و چیرۆک و ڕۆمان و سینەما و شانۆدا خۆی دەرخستووە.

سەرەتاکانی ئەدەبی چیرۆک و ڕۆمانی کوردییش هەر بە ئەدەبی بەرگرییەوە دەستی پێ کردووە، بۆ وێنە (شوانی کورد)ی عەرەبی شەمۆ، نۆڤلێتی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی دوکتور ڕەحیم قازی، (ژانی گەل)ی برایم ئەحمەد، (باقەبێن)ی ئەحمەد قازی، (هاوارەبەرە و میرزا)ی فەتاح ئەمیری، پاشان لەنێو ڕۆمانووسە نوێیەکانیشدا زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانی عەتا نەهایی لە چوارچێوەی پرسی ناسنامەی نیشتماندا دەخوێنێنەوە.

ئەدەبی بەرگری وێنای ڕەتکردنەوەی واقیعی تاڵی ژێردەستەیی دەکات. شانبەشان لەگەڵ ڕەوتی بەرگریی نیشتمانیدا کە لە شۆڕشدا بەرجەستەیە، ئەدەب هاواری کپکراوی کۆمەڵگەیە و زوڵم و ستەم ڕەت دەکاتەوە. بەگژ زوڵم و جیاکاری و شێوازەکانی عەرەباندن، فارساندن و تورکاندن و فریودانی خەڵکدا دەچێتەوە. خوێنەر فێری خۆشەویستی و عەشق دەکات، کە زۆر بواری هەیە. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەدەبی بەرگری، تۆوی عەشق و خۆشەویستیی خاک و نیشتمان لە ناخی خوێنەردا دەچێنێ. لەوێدا جەنگاوەر کە پێمڵە و بە خاکی کوردستانە، لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەرگرین.

ئەدەب و شیعری بەرگری ویژدانی زیندووی نەتەوەیە، ئەدەبی بەرگریی دروشمبازی و هۆتافکێشانی هەرزانبەها نییە، بەڵکوو پارچەیەکە لە جوانی و هونەر، وێڕای بە گەڕخستنی زمانە لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆیدا. تۆی وەرگر، دوای خوێندنەوەی هەر پارچەیەک لە ئەدەبی بەرەنگاری، لە ناخەوە دەورووژێیت، سۆزبەندییەک لە نێوان تۆ و خاکد چێ دەبێت و تێکەڵ بە نامەی دەقەکە دەبێت، کە نامەیەکی مرۆڤانەیە. ڕەنگە دوای نووسینی ئەو دەقە جوانە، نووسەر تووشی چەرمەسەری، یان نانبڕین بووبێ، بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناویندا. یان کێ دەڵێ تووشی گرتن و ڕاوەدوونان نەبووە. دەقێک بە ویژدانی زیندوو، بە خۆشەویستی و ئارەقەی ناوچاوان نووسراوە. ڕەنگە نرخی ئەو دەقە یەکسان بێ بە ژیانی نووسەرکەی. ئەمە لەلایەک و لە لایەکی ترەوە، وەک هەر دەقێکی تر، حیسابی واتا و جوانی و هونەر نواندنی بۆ دەکرێ. نووسەرکەی وێڕای ڕازاندنەوەی، لەڕووی زەینی و هزرییەوە وەک هەر دەقێکی تر لەگەڵیدا ژیاوە و پێوەی ماندو بووە. ئەو بەو مەبەستە نووسیویەتی زیندوو بێت، بمینێتەوە و بەرگەی ڕۆژگار بگرێ، واتە تۆ دەبێ دوو جاران حیساب بۆ دەقی بەرگری بکەی، چونکە نووسەر دەبێ لێ ببرێ دەقێکی ئەوتۆ بنووسێ، شایانی گیانی خۆبەختکەران و باڵای نیشتمانێک بێت، کە بە دەیان ملیۆن تاکی لەسەر دەژی و کەس نازانی لەکەیەوە هەیە، لێیشی ئازیزتر نییە.

ئەدەبی بەرەنگاری، پارچە نووسینێکی ڕەنگ کاڵەوەبووی و ڕنگبزرکاوی بێلایەن نییە، بەڵکوو لایەنی مافەکانی مرۆڤی کورد دەگرێت، تاکوو بە سەربەرزییەوە، خاوەنی خۆی و وڵاتی خۆی بێت. وەک هەموو گەلانی ئازادی دیکەی جیهان و دوور لە کوشتن و بڕین و ڕاوەدوونان، لەسەر خاک و ئاوی خۆی مافی مانەوەی هەیە. ئامانجی ئەدەبی بەرگری خونەی نەتەوەیە کە دوور لە هەوڵدان بۆ تووانەوەی، دوور لە بە عەرەب و فارس و تورککردن، خوازیاری ژیانی سەردەمیانەیە. نەتەوەی ئازادیخواز دەیەوێ لە دنیادا ڕێزی لێ بگیرێت. ئەمیش ڕێز لە گەلانی دنیا بگرێت، ئەم گەلانەی دەوروبەری لە داگیرکەرەوە ببن بە دراوسێی و شارستانییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، نەک وەک دڕندەی دارستان، کە بەهێز بێهێز تێکدەشکێنێ. کاتێک وڵاتێک داگیر دەکرێ، ئیتر بێدەنگیی نووسەر لەم داگیرکارییە، لە ترسەوەیە. هەندێ جاریش بێدەنگیی نووسەر لە خیانەت نزیک دەبێتەوە.

ئەدەبی بەرگریی کۆی ئاوات و خولیا و ویست و داخوازی نەتەوەیەکە کە باس لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکات. ئەو ئەدەبە هەندێک جار تووڕە و بێڕەزایە، هەندێک جاریش تراژیدییەکی قووڵە و جار جاریش وەک هەوری پاییزی دەگرمێنێ و ترس و سام دەخاتە دڵی نەیارانیەوە. ئێمە بەدرێژایی مێژوو ئاگاداری بەرخۆدانی نەتەوە ژێردەستەکانی هەموو جیهانین بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە ئەدەبی بەرگریی مەجارستان لە سەردەمی داگیرکەرەکانی ئۆتریش، ئەدەبی بەرگریی یۆنانییەکان لە سەردەمی کۆیلەداریدا، ئەدەبی بەرگریی فەڕانسە لە سەردەمی شەڕیی دووەمی جیهانی لە بەرانبەر نازییەکانی ئاڵمان، ئەدەبی بەرگریی ئیتالیا لە

بانەمەری ٢٧٢٣

سەردەمی ڕێنێسانس، ئیسکاتلەندییەکان و ئیرلەندییەکان پاش ڕێنێسانس، ڕووسەکان لە سەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧، هەروەها ئێستاش دەتوانین ئاماژە بە کوردستان و فەلەستینییەکان بکەین کە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەدەبی بەرگری و بەتایبەتی لە بواری شێعردا، بەردەوام بە گڕ داگیرکەرەکاندا دێنەوە و ڕەنگە زۆر لە هێزە چەکدارەکانییان کاریگەرتر بووبێتن. لە وەها قۆناغێکدا کە وڵاتێک تێیدا بەسەر دەبا، ئەدەبی بەرگری بەدی دێت و کاریگەرترین زەفەر بە نەیاران و داگیرکەران دەبات.

بۆیە ئەدەبی بەرگری هاواری ڕاچەنین و ڕسکانئاسای ناخی پڕ لە ژان و تەوژمی هونەرمەندێکی ئازار چەشتووی نەتەوەیەکی چەوساوەیە کە بۆ ئازادی و ڕزگاری و ئامانجە بەرزە مرۆییەکان خەبات دەکات.

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# پەلاماردانی کوردستان نیشانەیەکی تری نیزیکبوونەوەی ڕووخانە




**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا شەپۆلێکی دیکە لە پەلاماردانی ناوەندە ئەمنیەتی و سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد؛ مامۆستا سابیر خودامورادی بۆ جارێکی تر بانگهێشتی دادگا کرا، لە بۆکان لاوێکی کورد حوکمی دوو ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، د.سەلاح ئەحمەدی بۆ گرتنگەیەکی ڕێژیم لە ورمێ ڕاگوێزرا، لە بانە، لە شنۆ و بەکورتی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کۆماری ئیسلامی بووە هۆکاری دڵەخورپە و شینگێڕانی زۆرێک لە بنەماڵە وماڵباتە کوردەکان.

ئەم کردەوە هیستریاییانەی ڕێژیم کە مژارێکی نوێ نییە و بە بەردەوامی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە هاوکاتە لەگەڵ دوو مژاری گرینگی نێوخۆیی و مژارێکی دەرەکی کە بوونەتە مانشێتی زۆرێک لە میدیا و ڕۆژنامەکان؛ مژارە نێوخۆییەکان بریتین لە گرانبوونی پەیتاپەیتا و سەرسووڕهێنەری کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان و هەروەها بەردەوامیی مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینەکان لەنێو چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینا و

مژارە دەرەکییەکەش بریتییە لە بێئاکاممانەوەی دانیشتنەکان بۆ زیندووکردنەوەی بەرجام و بەپێچەوانەوە زیاتربوونی ئاست و ڕێژەی دژایەتییە نێونەتەوەییەکان بەرامبەر بە تاران کە پێکەوە کۆماری ئیسلامییان لە ئاستی هەرەبەرزدا تۆقاندووە.
پرسیاری سەرەکی لێرەدا کە وڵامەکەی لەڕاستیدا مژاری بەرنامەی ئەمجارەشە ئەوەیە کە چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان ئەو ڕووداوانەی کە لە ئێراندا تێدەپەڕن لەگەڵ هەوڵە تێرۆریستییەکانی سپا کە باسکی جێبەجێکاری سیاسەتە تۆقێنەرەکانی ڕێژیمە؟

ئەوەیکە ڕوونە سەرەکیترین ئامرازی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامیی ژیانی خۆی ئامرازی سەرکوت و داپڵۆسینە و لانیکەم لە ١٠ بۆ ١٥ ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە ماوەی شۆڕشی ژینادا ئەم هەقیقەتە بۆ هەمووان و بەتایبەت بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە کە بە ئێران دەناسرێ ڕوون و ئاشکرا بووەتەوە؛ واتە لە کرداردا دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستەدا خاوەنی هیچ چەشنە ڕەواییەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی نییە و لەدەس دەرچوون و لێکترازانی ئەو نەزمەی کە بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندبووی زیاتر ئەم کەتوارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆ خەڵک گرینگ نییە ڕێژیم چی دەوێ؟ بەڵکوو ئەوەی بەلایانەوە لە سەرەتیدایە هەوڵدانە بۆ مان و ژیانکردن.

کاتێک کە ئەمە بووە سەرەتیی ژیان، ئیتر خەڵک لە داپڵۆسین و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی سپا یان هێزی ئینتزامی یان هەر ئۆرگانێکی سەرکوتکەری دیکەی ڕێژیم ناسڵەمێتەوە و لەو شوێنەدا کە حکوومەت پێی وایە "اقتدار"ی هەیە لە ڕەوایی دەخات؛ دەڕژێتە سەر شەقام، دروشم دەدا، مان دەگرێ، بەگژ داگیرکەردا دەچێت و دەشکوژرێ! بەڵام دیسانەوە دێتەوە و ڕادیکاڵتر دروشم دەدات.

لەم ماوەیەشدا کە دۆخی ژیان ئەستەمتر لە هەر کاتێک بووەتەوە و چینی مامناوەند و لەو نێوانەشدا توێژی مامۆستایان، فوتابییان و بازاڕیان کە لەسەر شەقام بوون و هەن، سەلماندیان کە جگە لە تاقمێکی سەر بە دەسەڵات کە مشەخۆری دەکەن بۆ مانەوەی خۆیان، کەسێکی تر لەو چوارچێوە جوغرافیاییەدا نییە تاکوو پشتگیری حکوومەتی خۆسەپینی تاران بکات، دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ڕێڕەوی فەوتان و نەمانی خۆی دەپێوێ. ئەم ڕاستییە چەندە بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرایە بەهەمان ڕێژە و بگرە زیاتریش بۆ چەکدار و تاقمە نیزیکەکانی دەسەڵاتیش ئاشکرایە. لێرەدایە کە ترس تەوقی سەری دیکتاتۆر دەتەزێنێ و دەیخاتە کەشێکەوە کە وڵام بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە: ئێستە کە نە خەڵکم لەگەڵە و نە مشەخۆرەکانم باوەڕیان پێم ماوە، دەبێ چی بکەم؟

لە وەها دۆخێکدایە کە ترس بەسەر لۆژیک و مەنتقدا زاڵ دەبێت و بڕیاری هیستریایی پەلاماردان دەدات جا چ بۆ سەر

بانەمەری ٢٧٢٣

ناڕازییان بێت لە سەر شەقام، وەک ئەوەی لە مانگەکانی ڕابردوودا دیتمان، چ پەلاماردان بێت بۆ سەر دژبەران کە ئەو وەک دژمن دەیناسێ، چ بەزاندنی سنوورەکانی ئەخلاق بێت وەک ئەوەیکە لە هێرش بۆ سەر قوتابییان و قوتابخانەکاندا دەیبینین.


کەواتە دەتوانین ئاوها کورتی بکەینەوە کە ڕێژیم لە ئێستەدا کە ناتوانێ گرانی هەوسارپچڕاو کۆنترۆڵ بکات، ناتوانێ خەڵک ئۆمیدەوار بکات بە داهاتوو، ناتوانێ قەیران و مەزنەقەیرانە جۆربەجۆرەکان چارەسەر بکات، ناتوانێ گەرەنتی ئەوە بدات بە دەستەوە کە لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە تا ئەرخەیانی ببەخشێتە تاقمە نزیکەکانی خۆی و دەشبینێ کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵک سوورتر دەبن لەسەر خواست و داواکانیان، بۆ مەسرەفی ناوخۆیی هێزەکانی، دەس دەبات بۆ پەلاماردان تا دواتر بتوانێ بە فریوخواردووانی بڵێ: ئەوەتا من هەر ماوم! غافڵ لەوەیکە ئەو مانە خەیاڵییە و ئەمڕۆ بێ یان سبەی خۆی لە زبڵدانی مێژوودا دەبینێتەوە؛ جا ئەمە بەستراوەتەوە بە ئیرادەی ئازادیخوازان بۆ بەردەوامی لە خەبات و ئامادەبوون بۆ دانی نرخ! ئەگەرچی ئەم نرخە گران و قورسە بەڵام دەبێ وەک هەقیقەتێکیش ببینین کە تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لە قەیرانی کۆماری ئیسلامییە.

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# ئاسێمیلاسیۆنی کولتووری مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان




**نووسینی: شەهرام سوبحانی**

لە دنیای ئەمڕۆدا دڵنیام کە هەموومان بۆ جارێکیش بێ وشەی ئاسێمیلاسیۆنمان بیستووە، ئاسێمیلاسیۆن پرۆسەیەکە کە لەوێدا کولتووری نەتەوەی ژێردەست یان کەمینە، لەلایەن کولتووری نەتەوەیەکی دیکەوە تووشی توانەوە دەبێت. واتا تواندنەوە لە نێو کولتووری خاوەن دەسەڵات، یان بە واتایەکی تر ئاسێمیلاسیۆن زیاتر لە وڵاتانی فرەنەتەوە و نادێموکراتیکدا بەرچاو دەکەوێ کە سادە ترین پێناسە بۆ ئاسێمیلاسیۆن هاوڕەنگکردن و هاوشێوەسازی و یەکسانکردنی نەتەوەکان لەژێر کولتوور و هێژموونیی نەتەوەی حاکمدایە. ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی نەتەوەکانی تریان داگیر کردووە لەم دیاردەیە کەڵک وەردەگرن، بەمەبەستی لەنێوبردنی کولتووری نەتەوەی ژێر دەست، تا نەتەوەی خۆیان بە نەتەوەی بەرتەر(برتر) لە قەڵەم بدەن و نەتەوەکانی تریش وەک قەوم، هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی ناوەندگەرا هەمیشە بۆ حوکمکردن بەسەر ئێرانی فرەنەتەوەدا کەڵک لەم پرۆسە وەردەگرێ تا بتوانێ بە باشی هێژموونیی خۆی بە سەریاندا بسەپێنێ. دیارە ئەم دیاردەیە واتا تواندنەوە و هەوڵی یەکپارچە و یەکدەستکردنی خاکی ئێران هەر بە تەنیا بۆ سەردەمی کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوە بەڵکوو ئەم سیاسەتە دژەنەتەوەیە لە سەردەمی

ڕەزاخانیشدا بە شێوازێکی توند و بێبەزەییانە پەرەی پێ دراوە تاکوو ئێران یەکدەست و یەکپارچە بکەن. بە سەرکوت و ژینۆسایدی نەتەوەکان لە ئێران و حاشاکردن لە فرەنەتەوەیی بونی کۆمەڵگەی ئێران و هەروەها دابەشکردنی پارێزگاکانی کوردستان بەمەبەستی دوورخستنەوەی کوردەکان لە یەک یان ناردنی کوردەکان بۆ خوراسان بەشێک بوو لە ڕەوتی تواندنەوە لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوی لە دژی کوردەکان، هەر بەم مێتۆدە درێژەیان بە دەسەڵات و تاکڕەویی سیاسی دا کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ پاش ماوەکانیان(بنەماڵەی پەهلەوی) لە دەرەوی وڵات هەر لە سەر ئەم فیکر و ئایدیایە دەیانهەوێ حکوومەتێکی فاشیستی ئایینی بگۆڕن و بە جێگەی حکوومەتێکی فاشیستی قەومی دابمەزرێنن کە بە قەولی کوردەواریی خۆمان هەمان ئاش و هەمان کاسە. بەڵام نەتەوەکانی ئێران ئێستا لە ماهییەتی هەر دوو ڕێژیمی ئاخوندی و پاشایەتی ئاگادار بوونە و قەت ڕێگە نادەن بۆ جارێکی تر حکوومەتێکی توتالیتەر بێتە سەرکار هەر وەک ئەوەی لە شۆڕشی ژینا بینیمان کە بە دروشمی مەرگ بۆ ستەمکار چ شا بێت و چ ڕێبەر نایەکی توندیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و پاشماوەی پاشایەتییان گەیاند.

پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسیمیلاسیۆن لە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەم شێوازە دەست پێ دەکا، بۆ لەنێوبردنی کولتووری نەتەوەی ژێردەست هەوڵی نەتەوەسازی دەدەن، واتا هێژموونیی نەتەوەی حاکم لە ڕێگای میدیا و دامودەزگا پەروردەییەکانەوە بەسەر نەتەوەی ژێردەستدا دەسەپێنن. لە یەکەم قۆناغی ئەم سیاسەتەدا کەڵک لە تیۆریی ئاڵمانی وەردەگرن کە لەم تیۆرییەدا زمان وەک فاکتەریی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی نەتەوەسازی دەناسرێ، واتا لە یەکەم هەنگاودا زمان کە فاکتەری سەرەکییە بۆ درووسکردنی نەتەوە، دێن زمانی کوردی دەکەنە ئامانج؛ بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگاکان و زانکۆکان پێش لە گەشەسەندنی ئەم زمانە دەگرن و بە زاڵکردنی زمانی حاکم هەوڵی تواندنەوە و چەوسانەوەی نەتەوەی ژێردەست دەدەن. چونکە لایان ڕوونە کە گەر زمانی کوردی لەنێو بەرن ئەوکات زۆر بە ئاسانی دەتوانن حاشا لە ئەدەبیات و مێژووشمان بکەن. ئەگەر میللەتێک زمانەکەی لەنێو ببردرێ ئەوکات هیچ فاکتەرێکی نامێنێ بۆ شوناسی نەتەوەیی خۆی و لەم حاڵەتەشدا دەکەوێتە قۆناغێکی پووچی کە هەست بە کەم بوون دەکا و ئەوکات خۆی وردەوردە تێکەڵی کولتووری حاکم دەبێ. لە قۆناغی دووهەمدا بەکەڵکوەرگرتن لە تیۆریی فەرانسەوی کە لەم تیۆرییەدا کولتوور بە فاکتەری سەرەکی بۆ پرۆسەی نەتەوەسازی دەناسرێ و لە ڕێگەی دامەزراندنی فێرگە و پەروەردەی پڕوپاگەندەیی لە کوردستان و هێرشکردنە سەر چالاکانی مەدەنی و سەرکوتکردنیان، یان پێشگرتن لە هێما نەتەوەییەکانی کوردستان وەک نەورۆز کە هەر ساڵە ڕێژیم هەوڵ بۆ مێلیتاریزەکردن و پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەم بۆنە نەتەوەیە دەدات تا بەم شێوە جیلی نوێ لەگەڵ میراتی باب و باپیرانیان ئاشنا نەبن. بەڵام بە پێچەوانەوە ئاستی وشیاریی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات گەیشتووتە ڕادەیەک کە هەر ساڵ بەگوڕتر لە ساڵی ڕابردوو یادی ئەم بۆنە دەکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەفەرمیکردنی زمانی فارسی وەک زمانی دامودەزگا حکوومییەکانی ڕێژیم، بڵاوبوونەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە دەزگای پەروەردەی ڕێژیم توانیویە سێبەری کولتووری حاکم بە سەرماندا بکێشێ. بەڵام پارێزەرانی زمان و کولتووری کوردستان بە دامەزراندنی دەیان ڕێکخراوی مەدەنی داری خۆڕاگرییان لەهەمبەر سیاسەتەکانی ڕێژیم چەقاند کە بە خۆشحاڵییەوە ئێستا ڕێکخراوەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرابەر سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی کولتووری دەگێڕن کە ئەمڕۆ کوردستان خاوەنی هەزاران زارای نیشتمانە. هەنگاوی سێهەم کەڵکوەرگرتن لە سیستەمی پەروەردەیە، لە سیستەمی فاشیستەکاندا فێرگە و پەروەردە وەک یەکەمین بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگە، تەنیا لە خزمەت قەومی حاکمدایە و سیاسەتەکانی هەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی قەومی حاکم دادەڕێژێ هەر بۆیە بە پەرەپێدان بە سیاسەتی هێژموونی حاکم هەوڵی تواندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران دەدا. ئێران کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەکولتوورە دەبوو نیزامی پەروەردەیی لە چوارچێوەی هەموو نەتەوەکاندا بێ بەڵام بە پێچەوانەوە سیستەمی فێرگەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندی تەنیا لەسەر ٢ چەمکی فاشیزمی ئایینی(شیعە) و فاشیزمی قەومی(فارس) دامەزراوە. چونکە دەزانن فێرگە و پەروەردە بناغەی سەرەکیی دارشتنی سیاسەتەکانیانە، هەر بۆیە بە زاڵکردنی زمانی فارسی لەنێو قوتابخانەکان، نەتەوەی ژێردەست ناچار دەکەن لە کولتوور و زمانی خۆی دوور بێتەوە یان بە واتایەکی تر بەنیسبەت شوناسی خۆی بێگانە بێ. هەر بۆیە ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەیکە منداڵانی کوردستان هەر لە منداڵییەوە بەنیسبەت مێژوو و کولتووری کوردەواری بێهەست بن، بێگانە بن و قەدری دەوڵەمەندیی زمان و کولتوورەکەیان نەزانن و زۆر بە ئاسانی بەم مێتۆدە لەنێو کولتووری حاکمدا بتوێنەوە، واتا لەم حاڵەتەدا نەتەوەی ژێردەست هەست بە پووچی و نەبوونی باوەڕبەخۆبوون دەکا بۆ ئەوەیکە پێناسەیەک بۆ خۆی درووس بکا هێژموونی دەوڵەتی سێبەرقەبووڵ دەکا. کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی ئەم سیاسەتە وەک ڕێگایەک بۆ چەوسانەوەی میللەتانی ژێردەست لە ئێران، زیاتر لە سێ ڕێگای بۆ نەتەوەی بندەست نەهێشتووەتەوە.

یەکێک لەوانە ناچار بە هاوڕەنگبوونی نەتەوەی ژێردەست لەهەمبەر هێژموونیی حاکم، واتا کولتووری حاکم پێڕەو بکا و دژی یاساوڕێساکانی نەجووڵێتەوە. دووهەم گۆڕینی شوێن واتا کۆچکردن بۆ شارێکی تر کە ئەم دیاردەیە لە ٤ دەیە دەسەڵاتداری ڕێژیمدا حاشا هەڵنەگرە، کە دەبینین دۆخی سیاسی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای کردووە کە بەشێک لە بنەماڵەکان ناچارن زێدی خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو لە شارە فارسەکان بکەن کە لە دواڕۆژدا منداڵ و نەوەی داهاتووی ئەو بنەماڵەگەلە لەنێو کولتووری ناوەندیدا دەتوێنەوە. ڕێگەی سێهەم ژینۆسایدکردنە، دیارە ئەم پرۆسە کاری ئێستای ڕێژیم نییە؛ بەڵکوو هەر لە کۆنەوە یەکێک لە ڕێگاکانی چەوسانەوە و ئاسێمیلەکردن و ژینۆسایدی کورد بووە کە بە درێژایی مێژوو کوردستانیان بێبەش نەکردووە لەم کارە دژەمرۆڤییە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا بە هۆی گەشەسەندنی ڕێکخراوە مرۆڤییەکان و زانست و تەکنۆلۆژیا، گوشاری کۆمەڵگەی جیهانی دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی لەم بوارەدا کەم ڕەنگ کردۆتەوە. ئەم دیاردەیە هەر بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی نەگرتۆتەوە بەڵکوو لە باکووری کوردستانیش بە



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

شێوازێکی زۆر بێبەزیانە بەڕێوە دەچێ لە فێرگە و ناوەندە پەروەردەییەکانی دەوڵەتی تورکیا تەرکیزیان لەسەر بە نەتەوەییکردنی کوردەکان بە نەتەوەی تورکە واتا تورک سازی، کە ئاکامی پەروەردەی فاشیزمی تورکیە لە کوردستان عیسمەت ئینوویە کە بە ڕەچەڵەک کوردە و پەروەردەکراوی سیستەمی تورکیایە، واتا هەمان پەروەردەیەک کە بۆ تواندنەوەی کوردەکان دانراوە؛ ئەم خاتوونە پێشکەشکاری پرۆژەی(گاپە)هەمان پرۆژەی کە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا گەورەترین مەترسییە بۆ باشووری کوردستان و دەتوانێ مان و مەوجوودییەت هەرێمی کوردستان وە لەرزە بخا. هەر بۆیە لەهەمبەر سیاسەتەکانی دوژمنانی کوردستان بۆ تواندنەوە و ئاسێمیلاسیۆنی کوردەکان لە یەکەم هەنگاودا تێکۆشان بۆ فێربوونی زمانی زگماکییە واتا زمانی کوردی، دووهەم پاراستن و پەرەپێدان بە کولتووری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوە مەدنییەکان، سێهەم خزمەت بە کولتوور و شوناسی نەتەوەیی وەک هەر تاکێکی کورد لە ڕێگای هونەر و بەشەکانییەوە، چوارەم کەڵکوەرگرتن لە ئامۆژگارییەکانی کەسایەتییە نەتەوەییەکان کە وەک سەرچاوەیەک بۆمان دەمێنەوە و لە ئێرانی داهاتوودا تەنیا حکوومەتێکی پلۆرال و دێموکراتیکە کە دەتوانێ مافی کولتووری و مافی کەمینەکان دیاری بکا و تەنیا نیزامێکی دێموکراسی و دادپەروەرە کە دەتوانێ زامنی پاراستنی مافی نەتەوەکانی ئێرانی داهاتووە بێ، هەر بۆیە با هەموومان پێکەوە بڵێن: بەڵێ بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکرات، بەڵێ بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# سوپایەک بۆ کوشتار



کەریم پەرویزی

دەسەڵاتی سەفەوی لەسەر بنەمای سێ کوچکەی شای سەفەوی، ئاخوندەکان و هێزی نیزامیی قزڵباش بونیات نرابوو و ئەم سێ کۆڵەکە گەر پێکەوە هاوئاهەنگ بوونایە، ئەوە دەسەڵاتداریەکەیان توندوتیژتر دەبوو و گەر پێکەوە لەسەر دەسەڵات ناکۆک بوونایە، ئیدی حکوومەتی سەفەوی لاواز دەبوو.

قزڵباش کە سەرەتا لە سۆفییەکانی پێڕەوی شێخی سەفەوی پێکهاتبوو، دواتر و لە سەردەمی شێخ حەیدەری باوکی شا ئیسمائیلی سەفەویدا ڕێکوپێکتر کران و هێزێکی نیمچە نیزامییان لێ دروست کرا، لە سەردەمی پاشایەتیی شا ئیسمائیلی سەفەویدا بەتەواوی کران بە هێزێکی نیزامیی ڕێکخراو و پلەبەندی و بارهێنان و دیسپلینیان بۆ بەڕێوە برا. هێزی قزڵباش لە سەردەمی سەفەویدا و بەتایبەت ئەوکاتەی لەگەڵ شا و دەربارداا نێوانیان خۆش بوایە، وەکوو هێزێکی ئیدئۆلۆژیک بوون کە نەک شەڕی نیزامییان بۆ شا و خاکی ژێردەستی دەکرد، بەڵکوو شایان وەکوو مورشدی کامڵ یان نوێنەری خودا لەسەر

ئەرز دەبینی! هێزی قزڵباش بەشێکیان وەها پەروەردە کرابوون کە گەر شا ئیسمائیل پێی بگوتنایە دوژمنەکانیان لەبەر چاوی دەخوارد یان خۆیان لەسەر بەرزایی فڕێ دەدایە خوار تاکوو وەفادارییان بە شا بسەلمێنن.

ئەم هێزی قزڵباش و ئاخوندەکانی سەفەوی بەو هەموو دڕندەییەوە کە نواندیان و دەیان هزار کەس لە نەتەوە و گرووپە جیاجیاکانی نێو فەلاتی ئێرانیان کوشتار کرد تاکوو دەسەڵاتی شای سەفەوی بپارێزن و بەناوی دژایەتیی دوژمنان و بەرگری لە هەرێمی پاشا ڕووی مێژوویان ڕەش کرد. تەنانەت لە ڕێگەی برایانی شێرلی کە بازرگان و نێردەی نیزامی بوون لەگەڵ بریتانیا ئاشنابوون و دژی عوسمانییەکان هاوکارییان لە بریتانیا وەرگرت. بەڵام لە کۆتاییدا نە هێزی بریتانیا و نە قزڵباش دادی نەدان و بەرامبەر شۆڕشی گەلی ئەفغان تەسلیم بوون و دەسەڵاتەکەیان داڕووخا و ڕۆیشتە زبڵدانی مێژووەوە.
لەم ڕۆژانەدا کە شۆڕشی ژینا بناخەی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیی وەلەرزە خستووە و تەنانەت لەنێو دەربارى خامنەییش ترسیان لە ڕووخان لێ نیشتووە، باسێکی گەرم لە نێو ڕای گشتی و چالاکانی سیاسیدا لەئارادایە کە داوا لە وڵاتانی ئورووپایی و بریتانیا و کانادا دەکرێ کە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بخرێتە لیستی تێرۆریستییەوە.

سوپای پاسدارانیش هەر وەکوو قزڵباشەکانی سەفەوی سەرەتا لە کۆمیتەکانی ئینقلاب کە پێڕوانی بێمێشک و چەقبەستووی خومەینی بوون پێک هات و یەکەم مەئموورییەتیان سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز لە ئێران و هەروەها هروژمیان بۆ کوردستان بۆ شەڕ دژی کورد بوو. هەر وەکوو قزڵباشەکان بە فەرمانی جەهادی حاکمی وڵات بەربوونە گیانی خەڵکی بێتاوان و کوشتار وماڵوێرانی و تێرۆر و ڕفاندن و تاڵانکردن و خوێنمژی، ناسنامەی ڕوونی سوپای پاسدارانە و درێژەی ڕەوتی قزڵباشین لەنێو ئەم جوغرافیا بەڵاڵێدراوەدا.

ئەوەی جێی سەرسووڕمانە، کەسانێک و گرووپی وەها لەنێو بەناو چالاکانی دەرەوەی وڵات پەیدا دەبن کە پێیان باش نییە سوپای پاسداران بخرێنە لیستی تێرۆریستیی ئورووپا و بریتانیاوە! ئەم دژبەرییە لەنێو هەندێ بەناو چالاکوانی نێوخۆی ئێرانیش دەکرا، بەڵام ئەوانە دیارە کە چونکە سەر بە ڕەوتە بەناو چاکسازیخوازەکانی ڕێژیم بوون، خستنە لیستی تێرۆریستییەوە بە زەرەری ڕێژیم دەزانن و سروشتیە کە دژی بن، بەڵام ئەوانەی کە گوایە لەبەر ستەمی ڕێژیم و سوپای پاسداران پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوون، کردەوەکەیان جێی گومانە کە دژی بە تێرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران بن.
لە سەرەتاکاندا هەندێ لەوانە باسیان لەوە دەکرد کە گەر سوپای پاسداران بخرێتە لیستی تێرۆرەوە چونکە هەموو جومگەکانی ئابووری لە ئێران کەوتۆتە دەست سوپا، ئەمە دەبێتە هۆی زەرەمەندیی خەڵک! چونکە خەڵکیش لەو بەشە ئابوورییانەدا کار دەکەن، هەرچەند خاوەنی سەرمایە و پرۆژەکە سوپای پاسداران بێ بەڵام خەڵک تێیدا کار دەکەن و گەمارۆی سەر سوپا دەبێتە هۆی خەساری زۆر بۆ خەڵک!



سەرچاوە
Serchawe

ساڵانی پێشتریش کە ڕێژیم دەخرایە ژێر گەمارۆوە هەمان بیانوو و پاساو دەهێنرایەوە و داوا دەکرا کە با خەڵک زەرەمەند نەبێ! بەڵام دوو گرووپ لەو نێوەدا هەبوون کە ڕاستیان نەدەکرد! یەکەم کەسانێک هەبوون کە لە پرۆژە ئابوورییەکانی نێو ئێران هاوبەشی ڕێژیم بوون و گەمارۆکان زەرەری لێ دەدان! گرووپی دیکەش هەبوون کە بەرژەوەندییە سیاسی و مادی و نهێنیەکانیان لەگەڵ باڵێکی ڕێژیم بوو و بۆیە دژی گەمارۆی سەر ڕێژیم بوون! لە ئێستەیشدا لەو جۆرە بەرژەوەندییانە هەیە کە خەساریان پێ دەگا گەر سوپای پاسداران بخرێنە لیستی تێرۆریستیی ئورووپاوە.

کەسانی دیکەش هەبوون کە باسیان لەوە دەکرد کە بە تێرۆرسیت ناساندی سوپا، دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر هەموو کەسەکان کە ڕۆژێک ڕەنگە لە سوپادا سەربازییان کردبێ وەکوو تێرۆریست دەناسرێن! لە کاتێکدا ئەو کەسانە تەنیا سەربازییەکی بەناچارییان کردووە و تێرۆریست و باوەڕمەند بە سوپای پاسداران نەبوون!

ئەم پاساوە ڕەنگە هەندێ کەسی پێ فریو بدرایە کە پێیان وابێ ڕاست دەکەن و خەمی ئەو تاکانەیانە کە سەربازییان لە سوپای پاسداران بووە! بەڵام بە توندتربوونی ڕەوتی شۆڕش و بەتایبەت بە گوشاری زیاتری خەڵک بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران ئەم جۆرە کەسانە دەستیان کردوە بە دەرخستنی دەرونی ناراستی خۆیان!

لە وتوێژێکدا شەهریار ئاهی باسی دژبەری خۆی بۆ بەتێرۆریست ناساندی سوپای پاسداران کرد لە تلویزیۆنی ئیران ئینتەرناشناڵ و لەوێدا باس لەوە دەکا کە هەندێ سەرانی سوپا تاوانبارن بەڵام بۆ وێنە چەکوچۆڵ و مووشەک و هێزەکانی سوپا کە دەستیان لە تاواندا نییە بۆ سەقامگرتوویی پێویستن! یان کەسانێکی دیکەی سەر بە ڕەوتی پاشاییخوازی بە ڕوونی باسیان لەوە کردووە کە سوپای پاسداران بۆ قۆناخی تێپەڕین لە ڕێژیم و بۆ دەورانی نوێی حکوومەتی داهاتوو پێویستن تاکوو تەواوەتی ئەرزیی ئێران بپارێزێ و دژی تەجزیەتەڵەبەکان شەڕ بکا و سەرکوتیان بکا!

بەم لێدوانانەی ئەم جۆرە کەسانەدا ناخی ڕاستەقینە و بیرکردنەوەکانیان دەردەخەن کە لە ڕاستیدا ئەمانە شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز نین، بەڵکوو هەموویان حەسرەتی دەسەڵاتداریی دەورانی سەفەوییان لە دەرووندایە و سوپای پاسداران و ئاخوند و شایان وەکوو سێ کۆڵەکەکە پێویستە تاکوو درێژە بە سەرکوت و تاڵان بدەن و تەنیا کێشەیان ئەوەیە کە لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا کۆڵەکەیەک واتە ئاخوند، بەشی کۆڵەکەکەی دیکە واتە شای خواردووە و بارەکە لاسەنگ بووە، بۆیە بە هاتنەوەی کۆڵەکەی سێهەم ئیدی دووبارە هاوسەنگی بەرقەرار دەبێتەوە و سێ بە سێ بۆ هەتاهەتایە بە خێر و خۆشی خوێنی نەتەوەکانی ئێران دەمژن!

بانەمەری ٢٧٢٣

جەنابی ئاهی باس لەوە دەکا کە تەنیا چەند کەسێک لە سوپادا تاوانبارن و مووشەک و هێزکانی سوپا دەبێ بپارێزرێن! وادیارە ئاغای ئاهی فەرمانی جەهادی خومەینی بۆ هێرش بۆسەر کوردستان بە تاوان نازانێ کە تێیدا چەند سەد هەزار دڕندەی سوپای پاسداران زیاتر لە چل ساڵە لە کوردستان خەریکی تاوانن؟!
یان ئاغای ئاهی مووشەکەکانی سوپای پاسدارانی پێ شتێکی باشە چونکە هێرشیان کردووەتە سەر بنەماڵەی دێموکرات و قوتابخانە و منداڵی کوردیان وێران کردووە و شەهیدیان کردوون و خوێنیان حەڵاڵە و بۆیە پێویستە ئەو سوپایە و هێزەکەی بپارێزرێ!

ئەوەی ڕوون و دیارە کە ڕەوتە فاشیستیەکان لە ئێراندا تەنانەت لەو کاتەشدا کە لە دەسەڵات نین و لە دەرەوەی وڵاتن، ئەوەندەی لە فکری زەربە لێدان لە کورد و نەتەوەکانی دیکەن، لە فکری ئاوارەیی و دەربەدەریی خۆیان و وێرانکاریی ئێران نین کە سوپای پاسداران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئەم وڵاتەیاندا هێناون!

بۆ ئەوان گرنگە کە نەتەوەکان سەرکوت بکرێن و لە داهاتووشدا هەر هێزێکی نیزامیی بەتەواوی ئامادەکراو هەبێ کە هێرش بکاتەوە سەر کوردستان و بەلووچستان، ئیدی خۆیانیش بە دەستی ئەو هێزە سەرکوت کراون یان وڵاتی وێران کردووە گرنگ نییە و ئەساس ئەوەیە کە کورد بە هیچ نەگات!

سەردەمی شەڕی سارد، هێزی یەکیەتیی سۆڤییەت نیوەی جیهانی داگیر کردبوو، لە باری نیزامییەوە بەرامبەر ئامریکا و ڕۆژاوا ڕاوەستابوو و لە هەندێ بواردا لەوان بەهێزتر بوو. ئەرتەشی سووری سۆڤییەت بە سەدان هەزار کەسی ئامادەکراوی هەبوو کە دەستیان لە سەرکوتی نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی کۆمۆنیزمدا سوور بوو و خوێنی لێ دەچۆڕی! هێزە ئەمنییەتی و سیخوڕییەکانی تا نێو ژووری خەوتنی خەڵکیش نفووزیان کردبوو! بەڵام بە ڕاپەڕینی خەڵک هەر هەمووی داڕووخا و تەنانەت خاکەکەی ژێردەستی کۆمۆنیزم و مۆسکۆش هەڵوەشایەوە و چەندین وڵاتی لێ دروست بوو!

ئەوەی وڵاتێک بە یەکگرتوویی دەهێڵێتەوە و دەیپارێزێ، هێزی نیزامی نییە. هەر وەک بۆ قزڵباشەکان و ئەرتەشی سووری کۆمۆنیستیش نەپارێزرا! بۆ سوپای پاسدارانیش ناپارێزرێ. تەنیا هۆکاری پاراستنی خەڵک بە دەوری یەکەوە و لەنێو یەک وڵاتدا، بریتییە لە دابینکردنی ویست و مافەکانیان بە یەکسانی و بەرابەری تاکوو بە ڕەزامەندیی خۆیان بە دەوری یەکەوە بمێننەوە و ئەوکات پێکەوە سنوورەکانی وڵاتی هاوبەشی دووبارە پێناسەکراویان دەپارێزن!

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# چینی بنیاتنەر بەڵام پەراوێزخراو




**عەلی بداغی**

ساڵی نوێ بۆ کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا دەستی پێ کردووە. گرانی، نەبوونی ئەمنییەتی کاری، نەبوونی بیمە و نەبوونی ئیمەنی و پاراستن لە شوێنی کار تەنیا چەند کێشەیەکی بەردەم کۆمەڵگەی کرێکاری لە وڵاتە.

بێبەشی و بێئەنوایی چینی کرێکار لە ئێران و خراپتربوونی ساڵ بە ساڵ دۆخی ئەوان لە حاڵێکدایە کە کرێکاران وەک چینێکی دیاری کۆمەڵگە ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا هەبوو کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. بە جۆرێک کە خومەینی توانیبووی بە دروشمی بریقەداری وەک "نەهێشتنی کاخنسینی"، "بەخۆڕایی کردنی ئاو و برق و هاتوچۆ" و "خاوەنخانوو"کردنی هەموو کرێچی و بێلانەوماڵەکان سەرنجی زۆرینەی ڕەهای کرێکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەم جۆرە کرێکارەکان بە مانگرتنە سەرانسەری و بەردەوامەکانیان، خومەینییان لە "نۆفیل لۆشاتۆ"ی پاریسەوە هێنایەوە جەماران و گەیاندیانە تروپکی دەسەڵات.

کۆمەڵگەی کرێکاریی ئەوکاتی ئێران کە بە هیوای چاکسازی لە قانوونی کار، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، جێبەجێبوونی کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکاران، مافی پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری حەوتووانە، زیادکردنی مز و حەقدەست و پاداشتی ساڵانەیان بەشدارییان لە شۆڕش و سەرخستنیدا کردبوو، هەر زۆر زوو مزی ئەو پاڵپشتییەیان وەرگرت: لە یەکەم بەهاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١ی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا ڕێکخراوە کرێکارییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت و "خانە کارگر" کە لەلایەن کۆمەڵێک سەندیکا و شورای کرێکارییەوە دروست کرابوو، کەوتە بەر پەلاماری "حیزبوڵلایی"ەکان و دەستی بەسەردا گیرا! بەم جۆرە هەتا ئێستاش شەڕ و ملبەملەی کۆمەڵگەی کرێکاری کە داخوازی مافەکانیانن و کۆماری ئیسلامی کە حاشایان لێ دەکا و پەراوێزیان دەخات، درێژەی هەیە.

کرێکاران لە ئێران لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە ڕیزی پێشەوەی قوربانییانی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم لە ناوچەدان. بە واتایەکی دی حەشیمەتی کرێکاری بەر لە هەموو چین و توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە تێچووی سیاسەتی چەوتی ئابووری و بانکداریی ڕێژیم، گەندەڵی و ناکارامەیی کارگێڕانی حکوومەت و لێکەوتەکانی گەمارۆ دەرەکییەکانی سەر ڕێژیم دەدەن. کێشەکانی ئەمساڵی کۆمەڵگەی کرێکارییش درێژکراوەی هەر هەمان ئاریشەکانی ساڵانی رابردوویانن: کەمیی مووچە و دواکەوتن و نەدرانی ئەو کەمە مووچەیەش، قەیرانی ئابووری و مۆتەکەی بێکاریی چاوەڕوانکراو، گرێبەستی سپی و کاتی لە بەرژەوەندیی خاوەنکار، بیمەنەکران - چونکی یەک لە سێی کرێکاران لە ئێران بیمەن - و نەبوونی ستانداردەکانی پاراستنی ئەمنیەتی گیانی لە شوێنی کار.

چینی کرێکار لە ئێران سەرەڕای شوێندانەریی زۆریان لەسەر کەمی و زۆریی ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتدا، بەڵام کەمترین پشکیان لە بەری ڕەنج و ماندووبوونیان پێ نابڕێ. مووچە و حەقدەستی کرێکاران لەمساڵدا کە نرخی هەڵاوسان لە سەتا پەنجا بەرەوژوور هەڵکشاوە و لە بارودۆخێکدا کە هێڵی هەژاری بۆ بنەماڵەیەکی چوار کەسی لانیکەم ١٤ میلیۆن تمەن دیاری کراوە، وەڵامدەری سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکار نییە. دەردی سەرباری دەردانیش کاتێک دەگاتێ کە ئەو کەمە مز و مووچەیەشیان بەوەخت نادرێتێ و بە چەند مانگ دوا دەخرێت.

کۆمەڵگەی کرێکاری لە ئێران مافی دامەزراندنی ڕێکخراوەی سەربەخو، ئازاد و سینفیی نییە و ڕێکخراوەکانی وەک "شورا ئیسلامییەکانی کار" هەموو کاتێک لە بەرژەوەندیی خاوەنکار و دەوڵەتدا دەجووڵێنەوە، بۆیەشە هەموو ڕۆچنەیەکی یاسایی بۆ دادخوازی لە کرێکاران داخراوە و ناڕەزایەتیی مەیدانیی کرێکارانیش بە زەبروزەنگ و گرتن و بەندکردن وەڵام دەدرێتەوە. هاوکات دیاردەی کاری منداڵان، هەڵاواردنی ژنان لە بازاڕی کار، بێبەشکردنیان لە پێدانی مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک یەک لەگەڵ پیاوان و دەیان حاڵەتی دیکەی دژ بە ماف و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کرێکاری؛ لایەنەکانی دیکەی ئەو باس و بارودۆخەن کە لەلایەن ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە پەرەیان پێ دەدرێ.



سەرچاوە
Serchawe

زۆرترین زەبر کە کۆمەڵگەی کرێکاری لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە سۆنگەی سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمەوە خواردوویەتی، بۆ پرۆژەی حکوومەت بۆ خسووسی یان "خسوولەتی"کردن لە سێ دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە. پێچەوانەی وڵاتانی دی کە "خسووسیکردن" دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و سەرچاوە و ئیمکاناتە گشتییەکان لە نێوان خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، لە کۆماری ئیسلامیدا بوو بە هۆی پاوانکردنی کۆمپانیا و کارگە و کارخانەکان لەلایەن دەوڵەت یان ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە. ئەو سیاسەتە سەقەتەش بووە هۆی بێئەنوایی زیاتری کرێکاران، هەرەسهێنانی ئابووریی وڵات، هەڵکشانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری بێکاریی کرێکاران و فرۆشتن و تاڵانکردنی سامان و دارایی یەکە ئابوورییەکان و زۆر زیان و خەساری دی کە قورسایی و بارگرانیی ئەو سیاسەتە هەر لەسەر شانی کۆمەڵگەی کرێکاری بووە.

بەپێی ئامارەکان کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران لە کەرتی گشتی و تایبەتیی ژێر چاودێریی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی زیاتر لە ١٤ میلیۆن کەسە و نیزیک چوار میلیۆن کرێکاری خانەنشینکراو هەن کە ساڵی ڕابردوویان لە دۆخێکدا بەڕێ کرد کە لانیکەمی مووچەی مانگانەی ئەو ساڵەیان لەچاو هێڵی هەژاری و سەبەتەی بژێوی بنەماڵەکان سەتا ٥٠ی کورتیی هێنابوو. کۆمەڵگەی کرێکاری ساڵی نوێشیان لە دۆخێکدا دەست پێ کردووە کە دیاریکردنی پێنج میلیون و سێسەد هەزار تمەن وەک لانیکەمی مووچە بۆ ساڵی ١٤٠٢، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی نرخی هەڵاوسانی سەروو سەتا ٥٠ و هەڵکشانی هێڵی هەژاری بۆ سەروو ١٤ میلیۆن تمەن، کاریگەریی قورس و نالەباری لەسەر ژیانیان داناوە.
جیا لە هاوبەشیی لە بەشمەینەتی و بێمافیی چینی کرێکار لە هەموو ئێران، بەڵام چوار دەیە سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووری و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان دۆخێکی جیاوازتری بۆ کرێکاران لە کوردستان خوڵقاندووە. لە حاڵێکدا کە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لەسەر سنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون و ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بە وەبەرهێنان و پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەر دەکات؛ بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتی و سیاسەتی خۆبەخاوەننەکردنی کوردستان پێچەوانە شوێنە هاوشێوەکان ئەو کوردستان نەکراوە بە ناوچە ئازادی ئابووری و لەو هەڵکەوتە و دەرفەتە گرینگە بێبەش کراوە. هەروەها لە کوردستان سەرەڕای بێکاریی زۆر سەرووتر لە نێونجیی بێکاریی وڵات، بە هۆی کەمیی کارگە و کارخانەکان حەشیمەتی کرێکارانی ڕەسمیی خاوەن گرێبەست زۆر کەمن. زۆرینەی حەشیمەتی کرێکار لە کوردستان لە یەکە بچووکەکانی دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کار و کەرتی بیناسازییدا سەرقاڵن، یان بە پیشە ساختە (کاذب)ـەکانی وەک دەستگێڕییەوە خەریکن، یان لە ناوچە سنوورییەکاندا بەناچار ڕوویان لە کۆڵبەری کردووە کە لە ساڵدا سەدان کەس لەوان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی یان تەقینەوەی مین لەبن پێیاندا دەکوژرێن و بریندار دەبن. کێشەیەکی سەرەکیی دیکەی کۆمەڵگەی کرێکاری لە کوردستان ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ئەگەری بێکاربوون یان تووشبوون بە ڕووداوی کاردا لە هەموو مافێکیان بێبەشن.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژینا کرێکاران بەشێکی جیانەکراوە لە شەپۆلی نارەزایەتییەکان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەن و هاواری مافخوازیی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی گشتیی شەقام کردووە. هاواری مافخوازیی کرێکاران بۆ ئەوە بڵێن دابینبوونی بژیوی ژیان و لەگەڵ ئەویشدا پاراستنی حورمەت و کەرامەتیان لەلای سیستم مافی بێئەملاوئەولای ئەوانە. ئەوان کە لەدەست هەژاری و برسێتی وەزاڵە هاتوون و لەدژی هەڵاواردن و نابەرابەری ڕاپەڕیون، دەیانەوێ چەوسانەوەی خەڵکی هەژار و تاڵانبڕی و دەستبەسەرداگرتنی سامانی وڵات لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆتایی پێ بێت. ئەوان کە چ لە ڕابردوودا و چ ئێستا لە هەموو کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکاندا داوای یەکسانیی مافی ژن و پیاویان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکاندا کردووە، هاتوون "نا"یەکی دیکە بە هەڵاواردنی ڕەگەزی بڵێنەوە. ئەوان لە تەنیشت هەموو بەشمەینەتییەکانی خۆیان خەمی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیان هەیە. دەڵێن منداڵان مافی خۆیانە ژیانێکی شادیان لە ئەمنییەت و ئاسوودەییدا هەبێت و داوا دەکەن خوێندن بۆ منداڵان بەخۆڕایی بێت و منداڵان نابێ وەبەر کار بنرێن. ئەوان ئازادیی ڕادەربڕین، مافی کۆبوونەوە و نارەزایەتیدەربڕین بەبێ ئەمنییەتیکردنی خواستەکانیان دەوێ و پێ لەسەر مافی هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان دادەگرن. ئەوان داوا دەکەن بێهداشت و دەرمان بۆ هەموو خەڵک بەخۆڕایی بێت و بانگکردن و گرتنی چالاکانی کرێکاری مەحکووم دەکەن.

کۆمەڵگەی کرێکاری ئەمڕۆکە باشتر لە هەر کاتێک دڵنیایە باشتربوونی دۆخی ماف و ژیانیان لەلایەن حکوومەتەوە دوور لە چاوەڕوانییە، چونکی ئەو حکوومەتە نەک ئامادە نییە ڕێز بۆ کەرامەت و پێگەی کرێکاران لە بنەماڵە و کۆمەڵگە دابنێ، بەڵکوو بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازیی کرێکاران پتر لە هەموو کاتێک تیر و شیریان لێ دەسوێ. ڕێژیمێک کە ژنان و منداڵان لە شەقامەکاندا دەداتە بەر ڕەهێڵەی ئاگر و ئاسن، سێرە لە چاوی خەڵک دەگرێ و هێرشی شیمیایی دەکاتە سەر قوتابییان؛ تەنیا یەک شتی بۆ گرینگە ئەویش مانەوەی خۆی و لە پێناو ئەو مانەوەیەشدا وەە هەمیشە ئامادەیە دەست بۆ هەموو جینایەتێک ببات. بۆیە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە تەنیا ڕێگای چارەسەری بنەڕەتیی ئەو دۆخە، خەبات سەرخستنی شۆڕشی ژینایە و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەش یەکیەتی و یەکڕیزیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی وڵاتی گەرەکە.

بێگومان کرێکاران بەشێکی سەرەکیی ئەو شۆڕشەن کە دەتوانن بە نارەزایەتیی بەردەوام و بەربڵاو و بە مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو کارخانە و ناوەندە پیشەسازییەکان ڕەوتی سەرکەوتنی شۆڕش خێراتر بکەن.

٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# پیرەدارێکی هەوشار



**م. زرێبار**

**پیرەدارێکی کوردانە، ڕاوەستاوێکی شاخانە،**
**پووزەوانە لە پێ و، لە ملی ئاڵاندبوو جامانە،**
**خاوەن هەستێکی پیاوانە،**
**ڕدێن سپی و ڕووسوور، بە باوەڕەوە پشت ئەستوور،**

**لە تۆرەمەی چیا سەربەرزەکانی بەیان، ئاسمانبلاغی، کێوەڕەش، سوروسات، بێژنگ بەسەر، شاخ شاخ، تەوێڵەکۆ و سوورەقەڵا، بە ئاوی گۆی مەمکی دایکی نیشتمان و چۆمەگەورە و سارۆخ گۆچ کرابوو!**

**پیرەدارێ کە ڕیشەی لە نێو دەماری نیشتماندا ڕۆچوو بوو!**

**پیرەدارێ کە لەنێو کۆماردا کەوتبووە دارەدارە و بە شمشاڵەکەی مامە ڤالە هاتبووە سەما!**

**پیرەدارێ کە ٧٠ ساڵ بە بانگی بەربەیانی ئەی ڕەقیب، تیشکی خۆرەتاوی هەڵدەمژی!**

**پیرەدارێ کە گەرما و سەرمای ڕۆژگار لە پێی نەخستبوو!**

**پیرەدارێ کە تەڵەزمیی خۆیی و ناخۆیی لە ئاستیدا، لارەمل و کول و شل بوون!**

**پیرەدارێ کە لە جۆگەی دوژمن لێوی تەڕ نەکردبوو و هەوری ڕەشی زەمانە نەیژاکاندبوو!**

**پیرەدارێ کە سەدان کۆتری ئاشتی لە دەوری خۆ کۆ کردبووەوە!**

**پیرەدارێ کە دەستەچیلەی کوانووی شۆڕشێکی دەیان ساڵە و پڕئەزموون و وانە بوو!**



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

پیرەداریَ کە باوانی لاوانی شۆڕشێ بوو!

پیرەداریَ کە تویَشووی هیوای گەلیَکی بەش خوراو بوو!

پیرەداریَ کە سەدان چیرۆکی نەبەزی  لە سینگدا پاراستبوو!

پیرەداریَ کە گەڵای هیوای هیَشتا سەوز و شین بوو و پاییزی بیَهیوایی لە سەر پەلکی نەنیشتبوو!

پیرەداریَ کە هیَشتا بەهار لەنیَو چاوانیدا ئەدرەوشایەوە!

پیرەداریَ کە بە هیوای شنەبای ئازادی، ڕدیَنی دەشنایەوە!

پیرەداریَ کە  بە ئاوی باوەڕ بە خودا و خەڵک گۆچ کرابوو!

پیرەداریَ کە گۆچانی بۆ ڕیَگای پڕ هەوراز و  نشیَوی خەبات، لیَ چەمابوو!

پیرەداریَ کە مانگ و ساڵەکانی تەمەنی چراوگی هەبگەو هەواری گەلیَ بوو!

پیرەداریَ کە زۆرجار پیَغەمبەری ئاشتیی لە ئامیَز گرتبوو!

پیرەداریَ کە هیَلانەی بۆ سەدان کۆتر و قومری هەڵبەستبوو!

پیرەداریَ کە قاڵاو و کونەبوو، لە سەر پەلکی هیَلانەیان نەکردبوو!

پیرەداریَ کە بە قرەقرِی داڵەکەرخۆرەی پیر، نەخلەتابوو!

پیرەداریَ کە سیَبەری بۆ داگیرکەری دڵ پڕ لەقین نەکردبوو!

پیرەداریَ کە نەببوو بە داردەستی نەیار!

پیرەداریَ کە لە تەور نەترسابوو بەڵکوو تەنیا لە دەسکی تەورەکان، زیز بوو!

پیرەداریَ کە ئەسرینی بۆ داری هاودارستان دەباراند و بۆ دارستانی سووتاو دەیناڵاند!

پیرەداریَ کە لە سیَبەریدا سەدان ڕەشبەڵەکی سەرکەوتن گیرابوو!

پیرەداریَ کە دەیان ساڵ دەس لە ملی چیاکانی کوردستان بوو!

پیرەداریَ کە زۆر تەرمی سوورخەڵاتی داڵدە دابوو!

پیرەداریَ کە هیَشتا جامانەی سەر چۆپی سووڕ دەدا!

پیرەداریَ کە بای سەر سەڕ و شەختەی زستان سەری پیَ نەوی نەکردبوو!

پیرەداریَ  پاش سەدەیەک هیَشتا، پڕ بوو لە چرۆ و خەڵف و لقی هیوا و هومیَد!


پیرەداریَکی بەبەر و پڕ شانازی، ئەمڕۆ ئارام لیَی نووستووە و سبەی خلەف و وەچی سەوزتر دەڕوێتەوەو دەژیَتەوەو لاوانی خاکی پۆش لە سیَبەریدا، ڕەشبەڵەک دەگرن و چۆپی ئازادی دەکیَشن و سێ پیَ دەکوتن!

٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# شەهید سمایل شەریفزادە، هێمای خوێندکاری کورد



ناسر سائلحیئەسڵ

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە سەردەمی سیستمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە خاوەن بەرخۆدان و سەرهەڵدان، خەبات و تێکۆشان بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی، ئازادی و دێموکراسی بووە. خەبات و تیکۆشانی بەردەوام ئەگەرچی تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەگەیشتۆتە ئامانجەکانی بەڵام بە شاهیدیی مێژوو، ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە لانکەی بەرخۆدان و شۆڕش و کوردایەتی بووە. هیچکات ڕۆڵەکانی ئەو گەلە، ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە دوژمنانی ماف و ئازادیی کورد و کوردستان بە ئاسوودەیی سەر وە سەرینی مێژوو بکەن. هەر بۆیە بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات، داکۆکییان لە ماف و مانی نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد لە کوردستانی ئێراندا کردووە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە شێوەی نهێنی درێژەی کێشا و لە ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاویدا پاش ٢٠ ساڵ خەباتی نهێنی، خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی چەند خوێندکار و کەسایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێوەی چەکداری دەرکەوت و ورەیەکی نوێی بە خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی نەتەوەی کورد دا. باسکردن و ئاوڕدانەوە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و چەکدارانە، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٤٦ - ٤٧ی هەتاوی لە کوردستانی ئێراندا کە لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی

## بانەمەری ٢٧٢٣

ڕزگاریخوازیی نیشتمانی خەڵکی کورددا جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە. چونکە ڕووداوێک و بڕگەیەکی مێژوویی درەوشاوە و گرینگە لە خەباتی پڕ لە شانازیی چەکداریی ڕۆڵە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی کوردە بە دژی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ، لەخۆبایی و دیکتاتۆری لە ئێراندا بووە کە لەو سەردەمەدا حەمەڕەزا پەهلەوی بانگەوازی بۆ دوورگەی پڕ لە ئارامی لە ئێران دەکرد. ڕاپەڕینو بەرخودانی ڕۆڵە خۆنەویستەکانی نەتەوەی کورد لەو ساڵانەدا، هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە، لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەباتی چەکداری بۆ مافی نەتەوایەتی و مێژوویەکی پڕ لە شانازی لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە ئێرانە. سمایل شەریفزادە، یەکێک لە ڕێبەرانی خەباتی پڕ لە شانازیی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی کوردستانی ئێران بوو. سمایل شەریفزادە ئەو خوێندکارە بلیمەت و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەی کورد بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشادا بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوکاتی ئێران و کوردستان و بە پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوێندنەوەیەکی تایبەتی لەو قۆناخەدا بۆ هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری هەبوو. کەڵکوەرگرتن لە پلان و گەڵاڵەی شەڕی پارتیزانی وەک دیاردەی هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا و سەرکەوتنەکانی ئەو قۆناخەی خەباتە چەکدارییەکانی گەلانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لە ئامریکای لاتین و ئاسیا و ئافریقادا هەوێنی بیروڕای شۆڕشگێڕانەی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی بوو کە لە زانستگای تاران چەکەرەی کردبوو. لەلایەکی دیکەوە پێشێلکردنی مافە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگی و مرۆییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەلایەن ڕێژیمی حەمەڕەزا پەهلەوی و هەنگاوەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ زیاتر مێلیتاریزەکردنی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و گرتنەبەری سیاسەتی ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجە و زیندانیکردنی ڕۆڵە ئازادیخواز و مافخوازەکانی نەتەوەی کورد، سمایل شەریفزادە و هاوبیرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و لەخۆبایی حەمەڕەزاشای پەهلەوی خەباتی چەکدارییە. سمایل شەریفزادە لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەری ناودار و هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد، دوکتور عبدولڕەحمان قاسملوو دەنووسێت: "ئەوڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە و کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری، دەستدانە چەک و وەشاخ کەوتنە، نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکوو ڕێگای ڕزگاریی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەستە و..."

هەر بۆیە جووڵانەوەی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، سەرەتا و دەستپێکی خەباتی چەکداری و پارتیزانیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە ئێراندا بووە. بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا سمایل شەریفزادە لەگەڵ چەند پێشمەرگە، لە گوندی دارینەی ناوچەی بانە، پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بە هۆی جاش و ژاندارمەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا شەهید دەکرێن. کاریگەری و شوێندانەریی کەسایەتیی شەهید سمایل شەریفزادە بۆتە حەقیقەتێک و هێمایەک بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری کورد، هەر بۆیە خوێندکارانی کورد شانازی بە ڕێگا و ڕێبازی خەباتەکەی دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٣**

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەست بە بەرپرسایەتیکردن و بە ڕوانینی بۆ بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنی خوێندکارانی کورد، شەهید سمایل شەریفزادەی وەک هێمای خوێندکاری کورد و ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی وەکوو ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کرد. لە ساڵڤەگەڕی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانیدا، پەیمان نوێ دەکەینەوە تا سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بین. یادیان لە دڵماندا زیندووە و ڕێگای خەباتیان بەردەوامە.**

**٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

---

# پرسیاری نوێ



**کەریم پەرویزی**

مارتین هایدگەر یەکێک لەو بیرمەندە گەورانەی ئاڵمانە کە خاوەنی قوتابخانەی بیری و هزریی تایبەتی خۆی بووە و لە سەدەی بیستەمی زایینیدا یەکێک لە کەسە بەناوبانگ و کاریگەرەکانی زانستگا و بنکە فیکرییەکان بوو کە وانەکان و بیرکردنەوەکانی هەم بە بایەخەوە وەر دەگیرا و هەم ئێستاش وەکوو بیرمەندێکی گەورە خەریکی دۆزینەوەی کۆدە قورسەکانی تێگەیشتنی ئەون.

یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی بیرکردنەوەی هایدگر بریتی لە پێناسەی ئەو بۆ مرۆڤ و بوونی لە جیهاندا بوو. ئەو دەیگوت بیرمەندە پێشووترەکان لەسەر دەمی ئەرەستوو و ئەفلاتوون بەملاوە، مرۆڤ و "هەستی" یا بوونیان لێک جیا کردەوە و وەکوو بوونەوەرێک کە دەڕوانێتە جیهان چاویان لێ دەکرد، لەحاڵێکدا هەستی یان بوون بریتیە لە "مرۆڤ لە جیهان"دا واتە ئەو مەوقعیەتەی کە بوون لە جیهان پێناسە دەکا.

هەر لە درێژەدا دەڵێ کە بیرکردنەوە و هزرین بریتییە لە ڕۆیشتن بە ڕێگای تایبەتی خۆتدا، بەو مانایە کە هەر بیرمەند و خاوەن هزرێک، تەنانەت گەر بیر لە ڕێگا و بیرکردنەوەکانی پێشووش دەکاتەوە، بە ناچاری دەبێ ڕێگای نوێ بۆ بیرکردنەوە لەو شتانە تاقی بکاتەوە دەنا بیرکردنەوە دادەخرێ و درگای هزرین گاڵە دەدرێ. گەر دەتەوێ بیر بکەیەوە، دەبێ بیر لە ڕێگای تایبەتی خۆت بکەیەوە و وڵامی نوێ بدۆزیەوە.

دوای زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی و دەیان ساڵ تاوانباریی ئەم ڕێژیمە، دۆخێکی دیکە لە ئێران هاتە ئاراوە. شۆڕشێک لە سەرتاسەری ئێران بەرپا بوو بە ناوی شۆڕشی ژینا.

لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا، ئەوە ڕووداوەکانی پێتەختی سیاسی نەبوون کە وڵاتیان دەجووڵاند، بەڵکوو دڵی ڕووداوەکان لە پەراوێزەکانەوە لێی دەدا! کوردستان بوو بە دڵی بورکان و سیستمی سیاسیی هەژاند و بەلووچستان پێتەختی بە دوای خۆیدا دەکێشا.

ئەم هەژانە نوێیە، بە ڕادەیەک کاریگەر بوو کە لە پێتەختی ئێراندا دروشمی پشتیوانی لەکوردستان دەدرا: " تهران بشه کوردستان، ایران میشه گلستان"

هەژانەکە بە ڕادەیەک توند بوو کە کۆماری ئیسلامی شێتانە کەوتە مووشەکبارانی بنکەی حیزبە کوردییەکان و بنەماڵەکانیان و ڕایگەیاند کە ڕووداوەکانی ئێران بە دەستی حیزبە کوردییەکان ڕوویان داوە!!

ئەم هەژانە تەنانەت گەیشتە دوورترین قوژبنەکان و تەنانەت کوڕی شای پێشوو کە لایەنگرەکانی لە هەرە پان ئێرانیستە شۆڤێنیستەکانن، بەناچاری لەگەڵ کەسێکی کورددا دانیشت و ئامادە بوو کە هاوپەیمانی بێ، هەرچەند تەنیا بۆ ئەوەی بوو کە خۆی وەکوو ڕێبەری شۆڕشی نوێ بناسێنێ و تەنیا بۆ ماوەی کاتی پێویستی پێ بوو! بەڵام ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتەکان نوێ بوون!

لە ئێستەدا گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناتوانن خۆیان لە باس و خواستی نەتەوە ستەملێکراوەکان بدزنەوە! چ بە دژبەری یان بە لایەنگری یان بە هۆکاری پەڕاندنەوە بێ یان هەر روانگەیەکی دیکە، ناچارن باس لە ویستی نەتەوەکان لە ئێران بکەن و گەر زۆر دژی بن و بە تەجزیەتەڵەبیش ناوی ببەن، هەر دانی پێدا دەنێن کە پرسێکی گرنگ لەو وڵاتەدا هەیە!

ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا وایان کردووە کە لایەنگرانی کۆماری و پاشایەتی و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی سیاسی، هەموو ڕۆژانی هەینی دادەنیشن بە دیار زاهێدانەوە و گوێ بۆ وتەکانی مەولانای بەلووچ ڕادەگرن تا بزانن چ دەڵێ!

لە ماڵپەڕ و ڕادیۆ و تلویزیۆن و کاناڵە میدیاییەکاندا گەر بگەڕێی ڕۆژانە باس لەسەر دۆخی ئێران و چۆنیەتیی هەڵسوکەت لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا دەبینی. جا ئەوانەی مۆرەی ڕێژیمن بە ناوی تەجزیەتەڵەب باس لە نەتەوەکان دەکەن یان گرووپە فاشیستییەکان بە گورزی تەمامییەتی ئەرزی دەیانەوێ نەتەوەکان بترسێنن یان بە هەر شێوازی دیکە، باس لەسەر پرسی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران هەیە. گەر خۆشیان بڕوایان پێ نەکردبێ بەو باس و دیالۆگ و هەڕەشە و گوڕەشانەش وردەوردە جێ دەکەوێ کە ئیدی ئێران وەکوو وڵاتێکی یەک نەتەوەیی کە هەندێ وردە ئەقەلییەت و کەمینەی تێدایە نەبینرێ و ڕوومەتی ڕاستەقینە دەردەکەوێ کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە.

بۆ وێنە لە ماڵپەڕی ئیرانی ئێمرووزدا بابەتی کەسێک بە ناوی پەرویز هودایی بڵاو بۆتەوە کە لە ڕوانگەی بەقەول لایەنگرانەوە باس لە ویستی نەتەوەکان دەکا، بەڵام لەنێو بابەتەکەیدا ویستی نەتەوەکان لە ئێران بە "ڕویاهای شیطانی" ناو دەبا!

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە کە لە دیمەنی یەکەمدا پارادۆکسیکاڵن لە شۆڕشی نوێی ژینادا زۆر بە فراوانی دەبینی. زۆر کەس هەن پێشتر باسیان لە دێموکراسی و ویستی دێموکراتیکی خەڵک دەکرد، بەڵام کە دەڵێن خەڵک لەگەڵ سیستمی میراتی و باوکسالاریدا نین، دەست دەکەن بە هەڵوێستی توند نواندن و تەنانەت ڕای گشتی و دەنگی خەڵک بە نەزان دەناسێنن و پێیان وایە کە تەنیا هۆکاری یەکپارچە مانەوەی ئێران باوکی تاجدارە دەنا دونیا خراپ دەبێ!

لەولاشەوە کەسانی دیکە دەبینی کە چەکی دەستی پێشمەرگە بە زەرەر دەزانن بەڵام کە دەگاتە سوپای پاسداران، پێیان وایە کە سوپا دەبێ بمێنێ بۆ سەرکوت!

لە نێو حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا و لەنێو ئەندام و لایەنگرانیاندا دەنگ و لێکدانەوەی جیا جیا دەبینی و هەڵوێستی جیاواز دەردەکەوێ کە هەندێ جار پێکدژی یان تەزادیان لەگەڵ یەک هەیە.

لە کۆی باسەکەدا کە چاو لە دیمەنە گشتییەکە دەکەی ڕەنگە سیمایەکی ئاڵۆزت بێتە بەرچاو، بەڵام زیاتر لەوەی نیشانەی ئاڵۆزیی ڕووداوەکان و هەڵوێستەکان بێ نیشانەی لەدایکبوونێکی دیکەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

دۆخی ئێستا لە ئێران و لە کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دۆخێکی تازەیە. بە هاتنەئارای شۆڕشی ژینا، ئیدی نەزمی کۆن و بیرکردنەوەی پێشوو وڵامدەری ئێستا نییە و وڵامە پێشووەکان چیدی ناتوانن ڕێکاری وردی هەنووکەیی نیشان بدەن. وەکوو هایدگر دەڵێ مرۆڤ لە جیهاندا پێناسەی بوونی دەکرێ بەو مانا کە تێفکرینی مرۆڤ لەم دۆخەی تێدایە دەتوانێ ناسنامەی ئەمڕۆی دیاری بکا و "هستی" یان مانای بوون لەلای ئەو بناسێنێ.

گەر هەمان ڕێکاری پار بگیرێتە بەر، ڕەنگە وڵامی ڕێگای بەردەمی ئەمڕۆی پێ نەبێ و تەنیا وەک نۆستالژیایەک بێتە بەرچاو. هزرین بۆ ئەمڕۆ و دۆخی هەنووکەیی بریتییە لەوەی کە وڵامی ڕووداوەکان و دۆخە نوێیەکان بداتەوە؛ پرسیاری نوێ، وڵامی نوێی دەوێ.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# دووانەی گشتپرسی لە کۆماری ئیسلامیدا




**مستەفا هیجری**

لەم دواییانەدا عەلی خامنەیی لە میانەی کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ خوێندکارانی بەسیجی، بەتایبەت لە وەڵامی داواکاریی هەندێ کەسایەتیی سیاسیی ڕەخنەگری ڕێژیم کە داوای ئەنجامدانی گشتپرسی سەبارەت بە پرسە گرینگ و هەستیارە سەرەکییەکانی وڵاتیان کردبوو، گوتی: "بۆ مەگەر هەموو ئەو کەسانەی کە دەبێ لە گشتپرسیدا بەشدار بن توانای لێکدانەوەی ئەو پرسەیان هەیە؟ ئەوە چ قسەیەکە؟"

لەبارەی ئەو قسانەی خامنەیی، میدیاکانی حکوومەت و کۆمەڵێک لە لایەنگرانی بەپێی ڕێچکەی هەمیشەیی هەوڵیان دا بە شرۆڤە و شیکردنەوەی زیاتر و ڕوونتر بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسانە، "خەڵکی ئاسایی" لە قووڵایی حیکمەت و هەقانییەتی ئەو قسانە تێبگەیەنن! بۆ نموونە لێدوانەکەی غۆلامعەلی حەداد عادڵ لە کۆبوونەوەی "شورای هاوپەیمانیی هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامی" کە هەر خۆی سەرۆکایەتیی دەکات؛ ئەو لێدوانە زیاتر لە لێدوانەکانی باقی لایەنگرانی خامنەیی سەرنجیان ڕاکێشا. حەداد عادڵ وێڕای ئەوەی ڕایگەیاند گشتپرسی دەبێتە هۆی "فیتنە"، دانی بەوەدا نا کە ئەوە دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە بۆ کۆماری ئیسلامی.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتە پێویستە بڵێین لە گشتپرسیدا، خەڵک دەنگ بە سیاسەت و ڕەفتار و بە گشتی دەنگ بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە نادەن و ئەوەش لە قامووسی کۆماری ئیسلامیدا پێی دەگوترێت "فیتنە" و بە ڕاستی "دەبێتە هۆی

**بانەمەری ٢٧٢٣**

ئـاڵۆزتربوونی دۆخەکە بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی". ئەگەر ئەوان (وەلـی فەقێهـ و تـاقمی دەسـەڵاتدار) لەوە دڵنیـا بوونـایە کە خەڵک دەنگ بە ڕێژیم دەدەن و ڕێژیم شەرعییەتی لێ وەردەگرێتەوە، ئەوسا بە پشتبەستن بە قسەکەی خومەینی "پێـوەر، دەنگی خەڵکە"، ڕەنـگە ئێسـتا سـەبارەت بە ئەنجامـدانی گشتپرسـی هێنـدە لاسـار نەدەبـوون و نەک هەر بە فیتنە ناویـان نەدەهێنا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەستیان دەکرد بە پێداهەڵگوتن و پەسندانی توانـای لێکدانەوەی خەڵـک سـەبارەت بەو پرسـانەی دەکەونە گشتپرسی. تـا ئێرە دەتـوانین بڵێـین: ڕێـژیم پێشـوەختە لە تێـڕوانین و دەنگـی خەڵـک سـەبارەت بەو گشتپرسییە ئاگادارە و دەزانێت کە کۆماری ئیسلامی بێگۆمان دۆڕاوی سەرەکیی گشتپرسییەکە، کە خەڵک بە شێوەی ئـازادانە و بەبێ ترس لە هێزە سەرکوتکەرەکان و ئاکامەکانی تێیدا بەشداری بکەن. بۆیە، ڕێـژیم بە پێچەوانەی پڕۆپـاگەنـدە و هەرا و هوریای میدیاکانی حکوومەت و تـاقمی لایەنگری، ڕێژیمێکی کەس‌نەویست و نەفرەتلێکراوە و دواجار هەر لەنێو دەچێت.

لایەنێکی تری ئەم بـابەتە ئەوەیە کە خەڵـک سـاڵانێکی زۆرە لە کۆمـاری ئیسلامی وەڕەز و بێ‌هیـوا بـوون، چونکە لە مـاوەی ئەو ساڵانەدا هیوا بۆ چاکسازی و کرانەوە لەنێو ڕێژیمدا لە چوارچێوەی ئـازادیدا، بـووەتە بـابەتێکی بێ‌بنەمـا، لەبەرئەوەی کە ڕێژیم لە وەڵامدانەوە و باشترکردنی دۆخی بژێوی خەڵک و سەدان داواکاری کەڵەکەکراوی ڕەوای دیکە کەمترخەم بـووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوشـاری زیـاتری خستووەتە سەر خەڵـک. ئـامـانجی بـزووتنەوەی "ژن، ژیـان، ئـازادی" کە نـزیکەی ٨ مانگ پێش و دوای کوشتنی "ژینا" لەلایەن هێزەکـانی گەشتی ئێرشـادەوە دەستی پـێ کـرد و لە هەنـاویـدا دروشـمە پێکهاتەشکێن و ڕووخێنەرانەکـان لە هەمـوو وڵات بەرز کـرانەوە و تـاوەکوو ئێسـتاش بەردەوامـن، بەتەواوی تێپەڕین لە گشتییەتی کۆمـاری ئیسلامی بووە، بزووتنەوەیەک کە تایبەتمەندییەکانی زیاتر لە گشتپرسیی "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" دەچن.

کە وابوو لەم برگە زەمەنییەدا، باسکردن لە گشتپرسی و خۆسەرقاڵکردن بەم بـابەتەوە تەنیـا بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی لە ڕووخـاندنەوە بـۆ ئەنجامـدانی گشتپرسـی و وەڵامێکـی بێ‌نێـوەڕۆکە بـۆ داواکارییەکـانی نەتەوەکـانی نێـو جوغرافیـای ئێـران و بیروڕای گشتیی جیهان. ڕوونە کە ڕێـژیم هەمدیسـان دەیەوێت لەم دووانەیە بە قـازانجی خـۆی کەڵـک وەربگرێت، بەتـایبەت کە ئەمڕۆکە بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە ئەو گشتپرسییەی بـاسی لێ دەکرێت بە هەبوونی ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا، هیچ نییە جگە لە "ئاسنی سارد کوتـان" و هیچ ئاکامێکی نابێت.

لەم قۆنـاغەی ڕاپەڕینـی خەڵکـی ئێـران لەدژی ڕێـژیم و ڕوانـگەی ئەرێنـی کـۆمەڵگەی جیهـانی لە پشـتیوانی لە داواکارییەکانیان، دەست و پێوەندییەکانی میدیاکانی حکوومەت بەردەوام هەوڵی ئەوەیـان داوە سـەرنجی خەڵـک لە بەستێنی ڕاستییەکان و خواستە سەرەکییەکانی خەڵک کە لە ڕاستیدا ڕووخاندنی ڕێژیمە بەرەو پرسە لاوەکی و پەراوێزەکان بەلاڕێدا ببەن و وای نیشان بدەن کە ڕووی ڕەخنەکان لە هەندێ بەرپرسە نەک گشتییەتی ڕێژیم و ڕەنگە ڕادەستیشی بکەن.

**١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە



**قادر وریا**

١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩(١ی مای١٩٠٠) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسێک هاتە سەر دنیا کە دواتر و لە دەیەی پێنجەمی تەمەنیدا، ڕێچکەیەکی لە مێژووی نەتەوەکەیدا ڕەنگڕێژ کرد کە لە ماوەیەکی کەمدا، ئاراستەی ئەم مێژووە و چارەنووسی نەتەوەکەی گۆڕی.

قازی محەممەد، کە بەر لە هاتنیشی بۆ نێو کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەسایەتییەکی دیار و شوێندانەری مەهاباد بوو، لەو کاتەوە کە هاتە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەو زەمینە و دەرفەتەی بۆ پێک هات کە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەیدا، بگێڕێ. قازی محەممەد بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف حیزبی دێموکراتی کوردستانی بنیات نا و، کردی بەو هێزە سیاسییە لە لایەکەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری بەرنامە و ئامانجەکانی کۆ بکاتەوە و لە لایەکی دیکە، بیکا بە نوینەری نەتەوەی کورد بۆ وتوویژ و دانوستان لە گەڵ ئازەربایجان و سۆڤییەت و لایەنەکانی دیکە تا پشتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیە بگرن.

ئەوە هەر ناسراوی و پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتیی خۆی و بنەماڵەکەی نەبوو کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون. زانایی و ڕۆشنبیریی سیاسی و گشتیی ئەو کەسایەتییە و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتی ئینسانی و شارستانی و دێموکراتانەی ئەو، هاندەری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و دۆستانی ئازەربایجانی و بیانییش بوون بۆ ئەوەی لە پێشەوەی خۆیان و لە ڕووبەڕووی خۆیاندا، ڕێبەر و کەسایەتییەکی بەرپرس و جێگای متمانە بەدی بکەن.

قازی محەممەد، لە ماوەی کورتی سەرکۆمارییەکەیدا، وەها درەوشاییەوە کە ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زەمان و مەکانی بڕی. ئەو دەسەڵاتە کوردییەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکایەتیی کرد، لە ماوەی یازدە مانگ لەسەرکاربوونیدا، لە ژێر ڕێبەری و کاریگەریی بیرکردنەوە و سیاسەتی ئەو کەسایەتییەدا نموونەیەکی ئەوەندە بەرز و گەش لە دەسەڵاتدارەتیی خستەڕوو، کە کاریگەرییەکانی لە سەر ئازادیخوازان و خەباتکارانی کوردستان هەتا ئێستاش نەسڕاونەتەوە و بوون بە ڕووگە و سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی نەتەوەکەی.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سیاسی و لە چڵەپۆپەی دەسەڵات و ڕێبەریدا، هەوێنی تەبایی و یەکگرتوویی خەڵک و، ڕەمزی ڕەتکردنەوەی بندەستیی نەتەوەیی و جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بوو، لە شەهیدبوونیشیدا، هەڵگری پەیامی سەردانەنواندن و پشتنەکردن لە ئامانجی ڕزگاری بوو. ئەو بە بەرگرییە بوێرانە و مێژووییەکەی لە بێدادگای ڕێژیمی شایەتی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر سێدارەی دوژمنان، بەو هەمووە دەسکەوت و ناوەرۆکە سیاسی و دێموکراتییە دەوڵەمەندەی لە ڕێگای کۆماری کوردستان و لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتدارەتیدا بەرهەمی هێنا، نەک هەر سەری خۆی، بەڵکوو سەری بڕگەیەکی هەستیار لە مێژووی نەتەوەکەشی بەرز کردەوە.

ڕێزگرتن لە١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەک ڕێز گرتنە لە ڕێبەر و سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازی و دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتوون و لەدایک بوون؛ بۆ نموونە: دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەمەنترین حیزبی کوردی، دامەزرانی جمهووریی کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی نەتەوەیی، هاتنە دنیای ئاڵای کوردستان، پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە و چەندین دەسکەوتی دیکە. لە لایەکی تریشەوە ڕێزگرتن لە بیرەوەریی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، نیشاندانی وەفادارییە بەو ئامانجانەی ئەو سەرکۆمارە گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد، پێداگرتنەوەیە لە سەر ڕێگا و ڕێبازێک کە پێشەوای شەهید خستیە بەردەمی نەتەوەکەی، ڕێگای ڕزگاربوون لە بندەستی و ڕێبازی بە سەربەستی و بە سەربەرزیی ژیان.

**بانەمەری ٢٧٢٣**

نابێ هەر وا بە سادەیی بە لای ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا کە دەبێتە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ، تێپەڕ بین. ڕێزگرتن لەم بۆنەیە و بە ڕێزەوە یادکردنەوەی هزر و ئەندێشە و پەیام و هەڵوێست و ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسایەتییە مێژووییە، حەق وایە بە ئەرکێکی نەتەوەیی دابنرێ. با گیانی سەرکۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزایی مێژوودا، شاد و شایەد بێ کە نەتەوەکەی بە قەدرزانی و پێزانینەوە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی خۆیانە، درێژە دەدەن.

**١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

# پێشەوای کوردان!



**(بەبۆنەی ١١ی بانەمەڕ ڕۆژی لەدایک بوونی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەر و ڕێبەری گوتاری ناسیونالیستی کورد)**

**ئاگری باڵەکی**

پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەر و ڕێنیشاندەرو یەکەم سەرکۆماری کوردستان، ڕێبەرێک کە «کەم ژیاو کەڵ ژیا». ئەو وەک ڕێبەرێکی ئەفسانەیی بۆ کورد لە سەردەمێکدا بوو بە ڕێنیشاندەر کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەسەر ئەم ڕێگەیە کورد هەنگاو دەنێ، ئەوەی فەیلەسووفە جیهانییەکان لەبارەی دەوڵەت و ڕێبەریی خەڵک بە نووسین باسیان کردبوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا جێبەجێ کرد. ئەو مۆمێک بوو لە تاریکییەک لە مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەیەکی خۆشی لە خۆی نەدیو.

هەر وەک پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقێکی مێژوویی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ی ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ بڵاوبۆتەوە، دەڵێ:

"بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە."

کە باس لە «ژێکاف»، «حیزبی دێموکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» دەکرێ، ڕاستیەک هەیە دەبێ باس بکرێت ئەویش ئەوەیە کە نەخش و کاریگەریی تایبەتی پێشەوایە لە بەدەستهێنانی گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد. بۆ ئەو کەسەی کە دەیهەوێ بزانێ کۆماری کوردستان چ بووە دەبێ سەرەتا لە هزر و بیری پێشەواوە دەست پێبکات و کۆماری کوردستان چ دەستکەوتێکی مێژوویی بووە بۆ کورد هەر وەک جەعفەر عەلی لە کتێبی «ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی» ئاوا باسی پێشەوا دەکات:

"ئەگەر بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە بیستەکاندا بێ ناوی شێخ مەحموود دەبێتە کەم و کۆڕییەک، ناوهێنان و قسەکردنیش لەسەر ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ ناوی قازی محەممەد لە کەموکورتی بەدەر نابێت".

ئەگەر بە کورتی چاوێک بە سەرەتای لاوەتیی پێشەوادا بخشێنین، دەبینین پێشەوا کەسێک بووە کە هەمیشە هەوڵی خۆ فێرکردن و خۆ پێگەیاندنی داوە و هەوڵی داوە لە زانیارییەکانی خۆی بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵک کەڵک وەرگرێ. پێشەوا کەسێکی زیرەک و خاوەن بیرێکی تیژ بووە ئەو لە سەردەمی خۆیدا شارەزایی چەندین زمانی جیاواز لە زمانی کوردی بووە، لە ژمارە ١٥ی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەوری دووەم لە ساڵی ١٣٥١ ئاوا باسی پێشەوا کراو..

"ئەو زانستی ئایینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی هەر لە مەڵبەندی مەهاباد و لە خزمەت مامۆستا زاناکانی ئەم مەڵبەندە خوێند. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆیدا بە مامۆستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن، چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو بێ ئەوەی مەعاش وەربگرێ نوێنەری فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەو دروست کرا کە خۆی بە سەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی هەوەڵین نەخۆشخانەی مەهابادیش بەدەستی ئەو داڕێژراو لە ژێر چاوەدێریی ئەودا کەوتە کار."

پێشەوا قازی لەسەردەمی خۆیدا زمانزانێکی گەورە بووە کەسێک بووە کە توانیویەتی بە ٦ زمانی جیاواز لە زمانی کوردی قسان بکات ئەو لە ماوەیەکی کەم دا "فێری زمانی ئینگلیسی، ڕووسی و فەرانسەیی بێ و بێجگە لەو سێ زمانە، زۆر باش لە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی شارەزایی پێدا بکات."

پێشەوا کەسێک بوو کە خوێندنی ئایینی تەواو کردبوو و قازی شەرعی مەهاباد بوو لەگەڵ ئەوەیدا هەمیشە هەوڵی داوە کە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێت و فکر و بیرە جیاوازەکانیش بخوێنێتەوە هەربۆیە لە کتێبخانەکەیدا کتێبی جۆراوجۆری لە هەموو بیر و هزرێک تێدا بوو، شاعیری کورد جەلالی مەلەکشا لە سەردانێکیدا ئاوا باسی کتێبخانەکەی پێشەوا دەکات: «جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانەدا بوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە... لە گۆشەیەکدا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز (عەتیق، لۆقا، جەدید، وەمەتی) دەبینران و زۆر ڕۆمان و کتێبی شێعر و فەلسەفە و... کتێبی مێژوویی و زانستی...

**٧٠ ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەیەکی دواکەوتووی جیهاندا و لە ناوچەیەک کە خەڵکەکەی ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە جیهانی شارستانی و پێشکەوتوو نەبوو، پێشەوا ڕوو لە نەتەوەکەی دەکا و دەڵێ:**

"برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن بەشکوو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە) مەرحەلەی شەڕ تەواو بووە نۆبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانێی دوژمنان بکەن. چەکی بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر ببن. ئەگەر بڵێم کوڕەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیانێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم ڕووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن. »

لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو دێڕانەی پێشەواوە یەکەم شتێ کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ ئەوەیە، پێشەوا بە مانای ڕاستەقینەی وشە ڕێبەر و سەرکردەیەکی نوێخواز بووە و ڕیفورم و گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵی کوردەواری، بەشێکی هەرە گرینگی لە هزر و فیکری پێکهێنابوو. کاتێ لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە ڕادەمێنی و لە وتارەکانی پێشەوا دەڕوانی، کەمتر سوخەنرانییەکی پێشەوا دەبینی کە بێ نێوبڕ وشەگەلی: تەرەقی، پێشڕەفت و فێربوونی زانست و گەشە و بەرەوپێشچوون لە میانەی وتەکانیدا بەدی نەکرێ. بەڵام چەمکی نوێخوازی و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون لە بیری پێشەوادا تەنیا بە مانای کەڵکوەرگرتن لە ئامراز و کەرەسە و تەکنیکی نوێ نەبوو، بەپێچەوانە پێشەوا لە ماوەی دەسەڵاتدارەتییدا لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری کەڵک وەرگرێ، هەر لەو کاتەدا بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرجەم دەروازەکانی پیوەندیدار بە ڕەوتی گەشە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆ مرۆڤی کورد بەڕوودا بکاتەوە.

**پێشەوا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانیدا ڕوح و سروشتی نەتەوەخوازیی کوردی دێنێتە سەر زمان و دەڵێ:**

"ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد لە حەقی خۆی زیاتر هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا.

پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگمەنە کاریزماییە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی ڕەحمەت بوو بۆ سەحرای قاقڕیی کۆیلەتی و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانیدا، دامەزراند. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانیدا، دامەزراند. "

کاتێک هیندوستانییەکان کاریزمایەکیان هەیە بە ناوی گاندی و ئەفریقاییەکان ماندێلایان هەیە، ئەوا کوردیش بێبەش نەبووە لە هەبوونی کاریزما. پێشەوا قازی محەممەد نموونەی هەرەبەرزی کاریزما و ڕێبەری کوردە، لە ڕاستیدا بیر و کردارەکانی پێشەوا نەک هیچی کەمتر نییە لە بیر و کردەوەکانی گاندی و ماندێلا و ئەوانی تر، لە ڕاستیدا پێشەوا گوتاری کردە کردار کە ئەمە بەکەم سەرکردە دەکرێ لەڕاستیدا.

**هەروەک مامۆستا هێمنی موکریانی بەدروستی لە گەورەیی پێشەوا دەنوسێ:**

**زانا بوو، کوردپەروەر بوو**
**پێشەوا بوو، ڕابەر بوو**
**هەر کورد نەبوو بەشەر بوو**
**خەمی خەڵکی لەبەر بوو.**

**هەق وایە کە ڕۆژی ١١ی بانەمەڕێ ١٢٧٩ هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ی ئەپریلی ١٩٠٠ کە ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوایە، ساڵانە وەک یادێکی نیشتمانی یادی بکرێتەوە. ئەو ڕۆژە واتە ١١ی بانەمەڕ ڕۆژی لەدایک بوونی کەسێکە کە مێژووی هاوچەرخی کوردی گۆڕی و جیهانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێرا دەستی پێکرد.**



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەڕی ٢٧٢٣

## سەرچاوەکان:

١- نوتقی پێشەوا. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.

٢- ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی. سلێمانی ٢٠٠٤

٣- «کوردستان» ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥١

٤- «کوردستان» بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ٢٥. یەکشەممە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی. ١٧ی مارسی ١٩٤٦. بڕوانە وتاری حەزرەتی محمد قازی پێشەوا.

٥- جەلال مەلەکشا، وتاری زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشەوا، وەرگیراو لە سایتی www.peshewa.com

٦- ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ٧٢ سێشەممۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥. نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ.

- دورگەی بەختەوەریی، ئەیوب ئەیوبزادە

١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# گێڕانەوە



**کەریم پەرویزی**

نەتەوەی جوولەکە، وێڕای ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو ئازاری زۆریان بینیوە و سەدان جار ماڵوێران و دەربەدەر کراون و لەمبەر جیهان بۆ ئەوبەری ڕاونراون و ئاوارە کراون و تەنانەت کوشتار و جینۆسایدی مێژوییان بەدژ بەڕێوە چووە، بەڵام یەکێک لە دەگمەن نەتەوەکانی جیهانن کە کاریگەرییان لەسەر بیر و هزر و تێگەیشتنی مرۆڤەکانی جیهان داناوە و هەندێ لە نووسین و داستانە زۆر کۆنەکانی نەتەوەی جوولەکە ئێستاش لە نێو زۆر نەتەوەی جیاوازی جیهاندا دەگوترێتەوە و بڕوایان پێی هەیە.

هەرچەند نەتەوەی دیکەی وەکوو سۆمەریەکان داستانی گیلگامێشیان هەیە یان نەتەوەی کورد لە سەردەمی میترایيسمدا داستانی میترای هەبوو کە لە جیهاندا بڵاو بۆوە و هەندێ لە ئاسەواری ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لە هەندێ شوێنی دونیا و لە نەتەوە و ئاینی جیاوازدا ئێستاش دەبینرێتەوە بەڵام هیچ نەتەوەیەک بە ڕادەی نەتەوەی جوولەکە داستانەکانی بڵاو نەبوونەتەوە و نەتەوەکانی دیکە نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕەوایەت و داستان و مێژووناسی و جیهانبینییان.

"ئەسفار" یان لاپەڕەکانی تەورات و کتێبە کۆنەکانی جوولەکە پڕن لە داستان و گەڕانەوەی جۆربەجۆر کە باس لە کەسایەتییەکان دەکا و هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتییانە بوونەتە هێما و سەمبۆل کە ناسنامەی باوەڕمەندی و تەنانەت باشبوونی مرۆڤەکانی پێ دەستنیشان دەکرێ.

جیا لە هەموو هۆکار و هۆیەکان کە ئەم دیاردەیان لێ کەتووەتەوە، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان بریتییە لەوەی کە نەتەوەی جوولەکە پەنایان بردۆتە بەر نووسین. کتێب و نووسراوەی هەزاران ساڵەیان هەیە کە چیرۆک و بیرکردنەوە و هێما کۆنەکان و گێڕانەوە سەرەتاییەکانی تێدا تۆمار کراوە و نەک تۆمارکردنێکی ئاسایی، بەڵکوو کراوەتە ئەرک بۆ بەشێکی بژاردە لە کۆمەڵگاکەیان کە بەردەوام و ڕۆژانە دەیانخوێننەوە و دەیانگێڕنەوە بۆ خەڵک. لە ڕاستیدا تۆمارکردنی بیرکردنەوەکانیان و خوێندنەوەی ڕۆژانەیان و گوتنەوەی بەردەوامیان، ئەوە بە دوای ئەوە هەم بۆ نەتەوەکەی پاراستووە و هەم بە نێو نەتەوەکانی دیکەشدا بڵاو کراونەتەوە و لە زۆربەی جیهاندا دەتوانی ئاسەواری ئەو داستان و گێڕانەوانەی جوولەکەکان لە نێو کەلتوور و ئوستوورەکانی نەتەوەکانی دیکەدا ببینیەوە.

٥٥ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا، لە داروێنەی سەر بە شاری بانە دەستەیەک پێشمەرگەی گیانلەسەردەست هاوڕێ لەگەڵ سمایل شەریفزادە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و لە کەسە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانی ڕیزی خەبات، لەگەڵ شەڕێکی نابەرامبەر و نامرۆڤانەدا بەرەوڕوو بوون و دوای چەندین کاتژمێر بەربەرەکانێی سەخت، سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی بە دەستی هێزە داگیرکەرەکان شەهید بوون.

شەهید سمایل شەریفزادە لە بنەماڵەیەکی ئاسایی لە شاری مەهاباد لەدایک بوو، بەڵام وەکوو کەسێکی نائاسایی گەورە بوو و لە زانستگەدا زیاتر لە پێش، بیرکردنەوەکانی نائاسایی بوون، چونکە دژی ئاساییکردنەوەی ستەمکاریی پاشایەتی بوو؛ ئەو سیستمە ستەمکارەی زاڵ لە وڵاتدا کە هەم خەڵکی دەچەوساندەوە و هەم کوردستانیشی وەکوو کۆلۆنییەک چاو لێ دەکرد و تاڵانی دەکرد.

سمایل شەریفزادە، نەیدەویست کە بڕوا بە چیرۆکە درۆینەکانی سیستمی پاشایەتی بکا کە دەیەویست ستەمکارییەکانی بە ئاسایی نیشان بدا و مەرگ و لەنێوچوونی ڕۆژانە ئاسایی بکاتەوە بۆیە بوو بە سەرقافڵەی دڕدان بە تاریکی.

لە زانکۆوە پەڕیوەی سەنگەرەکانی بەرخۆدان و سەرهەڵدان بوو و بوو بە پێشمەرگە و بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبێک کە بەدەستی پێشەوای نەمر دامەزرابوو.

لە دژوارترین کاتەکانی مێژوودا، شەهید سمایل شەریفزادە هەستی بەوە دەکرد کە کاروانی خەبات خەریکە تووشی لاڕێ بکرێ و بێکردەوەیی کاروانەکە، خەڵکی چاوەڕێ و تامەزرۆ بێهیوا دەکا، هەر بۆیە لە نامەیەکدا بۆ دوکتور قاسملوو دەنووسێ کە نیشتمان پێویستی بە ڕۆڵە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانیەتی و کات، کاتی کردەوەیە.

هەر بۆیە لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کەوت و وێڕای بەناوبانگ و نەمرانی دیکە وەکوو مەلا ئاوارە و سولەیمان موعینی، تاریکیی داسەپاو بەسەر کوردستانیان پێ ستەمکارییەکی قبووڵنەکراو بوو و بە هەڵوێستی مرۆڤانەیان دڕیان بەو تاریکییە دا.

شەهید سمایل شەریفزادە لە داروێنەی بانە کەوتە بۆسەی دوژمنان و دەستوپێوەندییە خەیانەتکارەکانیان و دوای بەرگرییەکی قارەمانانە و بێوێنە، کە بە درێژایی ڕۆژ ئەنجام درا، پەیوەست بە کاروانی نەمرانی دێموکرات و گیانبازان لە ڕێی ئازادیی نیشتمان بوو.

ڕەنگە چیرۆکی زۆر قارەمانی نەتەوەکانی دیکە وەکوو چێ گوارا لە ئامریکای لاتین یان گاریباڵدی لە ئیتالیا یان داستانەکانی تەورات بخوێنینەوە و ئازایەتی و جوامێری و مێرخاسی و هەڵوێستی بەرزی ئەو کەسانە لە مێشکماندا کاریگەریی دابنێ، بەڵام کردەوە و هەڵوێستی وەکو مەلا ئاوارە و سمایل شەریفزادە و دەیان قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان کە هەندێکیشیان ئێستا بە خۆشیەوە زیندوون، وەکوو مەلاحەسەنی شیوەسەڵی؛ لەو داستانە بەناوبانگ و کەم وێنانەن کە هەم هیچ کەموکورتییەکیان بەرامبەر بە قارەمانانی نەتەوەکانی دیکە نییە، هەم چرکە بە چرکەیان، خولقێنەری مێژووی نەتەوەیەکن کە بە هەڵچنینیان لەسەر یەک، دیواری ناسنامەیەکی نەتەوەییان پێ دروست دەبێ کە بۆ سەدان ساڵ بە پتەوی بمێننەوە.

قارەمانانی کورد و کوردستان، بە هەڵوێست و کردەوەکانیان لە چرکەساتە هەستیارەکاندا، هەزاران داستانیان خولقاندووە و هەر کردەوەیەکیان مێژوویەک و داستانێکی گەورە و مەزنی مرۆیین کە پێمان دەڵێن مرۆڤی کورد لەم جیهانەدا چ کەسایەتییەکی هەیە و ئەم نیشتمانە خاوەنی چ بەستێنێکی کولتووری و هزرییە کە ئەم داستانانە بە هەزاران جار دووپات دەبنەوە و بینەرانی بیانی تووشی سەرسووڕمان دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٣**

**سەرسووڕمانی خەڵکی غەیرە بە ڕادەیەکە کە بۆ وێنە لە شۆڕشی ژینادا کوردستان دەبێتە سەرباشقەی هەموو نەتەوەکانی ئێران و تەنانەت لە شارە فارسنشینەکاندا کە چل ساڵ پێش بە هەزاران کەسیان بە فەرمانی جەهاد بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان دەهاتن، بەڵام لەم شۆڕشی ژینایەدا، لە سەر شەقام هاواریان دەکرد کە بە ئاواتەوەن کە خاوەنی هەڵوێست و کردەوەی کوردستانی بن!**
**گێڕانەوەی داستانی قارەمانەتی و هەروەها شێوەی بیرکردنەوە و مرۆڤبوونی تاکە بەهەڵوێست و تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانی کورد، تەنیا گێڕانەوەیەکی ساکار نییە، بەڵکوو پێویستییەکی نەتەوەییە کە بتوانین ڕوانینمان و جیهانبینیمان دووبارە وەسەریەک بخەینەوە و تۆماری بکەین و نەوە بە دوای نەوە ژیان بەو جۆرەی کە خۆمان دەیبینین و ڕوانگەیەکی دەگمەنی جوانیناسی و هەروەها ژیانی ئازاد و بەهەڵوێستە دووبارە پێناسەی بکەینەوە و تۆماری بکەین و بە هەموو خەلکی دیکەی بڵێینەوە.**

**ژیان لای شەهید سمایل شەریفزادە و هەموو شەهیدانی کوردستان بە پێشوازی مەرگەوە ڕۆیشتن نەبووە، بەڵکوو ئیرادەیەکە بۆ دڕدان بە تاریکی و ملنەدان بە ستەمکاری.**


**وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین**

**١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# ١٢ی بانەمەڕ سەلمێنەری پێشەنگایەتیی خوێندکاری کورد



شەماڵ تەرغیبی

"ئەمڕۆکە تۆفانێکی بەتەوژم سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە. هەموو لایەک بە ئۆمێدی بێپایانەوە دەڕوانن خەباتی نەتەوەکەمان و ئەگەر بێت و بەشێوەی عیلمی و دڵسۆزانە ئەم خەباتە بەڕێوە ببرێت، دڵسۆزان و تێگەیشتووان و پێگەیشتووانی سیاسی، ڕوناکبیران و شۆڕشگێڕان بێنە کایەوە و جڵەوی کارەکان بەدەستەوە بگرن، ئەودەم داری هومێدی هەموو لایەک بەر دێت و نەتەوەکەمان بە ئامانجی خۆی دگات".

بەشێک لە نامەی شەهید سماییل شەریفزادە بۆ د.عەبدولڕەحمان قاسملوو

دیرۆکی هەموو نەتەوەکانی جیهان، چ ئەوانەی بە ماف و ئازادییەکانیان گەیشتوون و چ ئەوانەی کە هێشتا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان خەبات دەکەن و تێدەکۆشن لێوانلێوە لە سەربوردە و حەماسەخوڵقێنی ڕۆڵە گیانلەسەردەست و گیانفیداکانیان. گەلی کوردیش کە دەیان ساڵ خەباتی توندوتیژ و خوێناویی ئەزموون کردووە، لە کارنامەی خۆیدا ناوی زۆر شۆڕشگێڕ و خەباتکاری لێبڕاو و مافویستی تۆمار کردووە کە هەرکام لە بڕگەیەکی مێژوویی تایبەتدا بۆ گەیشتن بە

ئامانجە بەرزە مرۆڤتەوەرانەکانیان کۆڵنەدەرانە لەدژی مافزەوتکردنی کورد دەنگیان هەڵبڕیوە و گیانی خۆیان کردۆتە پردەبازی سەرکەوتن بەڵام هیچ کات ئامادە نەبوون بستێک لە ویستە ڕەوا بەڵام پێشێلکراوەکانیان بکشێنەوە. یەکێک لەو ڕۆڵە بەئەمەگ و بلیمەتانەی کورد کە تاهەتایە ناوی لە ئاسمانی خەباتی گەلەکەمان دەدرەوشێتەوە، هەر خودی شەهید سمایل شەریفزادەیە کە وێڕای چەند هاوڕێیەکی خۆنەویست و مافویستی لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە دیرۆکی گەلەکەیاندا تۆمار کرد.

دوابەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی و زاڵبوونی جەوی پۆلیسی و خەفەقان، فەزایەکی تەژی لە بێدەنگی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا و پاش ماوەیەک بیری چەپی ئەو کات (تودەئیزم) و پرسی میللیگەرایی (پانئیرانیست)، هەرچەند بەکزی، بەرەبەرە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کوردستان بتەنێتەوە. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە دەیەی ٤٠ی هەتاوی لە سەرانسەری ئێراندا. لە وەها هەلومەرجێکدا کۆمەڵێک لە خوێندکارانی دەروەستی کورد لەوانە شەهید سمایل شەریفزادە لە زانکۆکانەوە دەستیان دایە چالاکی سیاسی و پێوەندی تەشکیلاتییان لەگەڵ بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستان دامەزراند کە لەو کاتەدا لە تاراوگە و لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێ بوو. پاش ماوەیەکی کورت هاوڕێیان سمایل شەریفزادە، سلێمان موعینی، مەلا ئاوارە، حەمەدەمین سیراجی، سالار حەیدەری، نحۆی شکاک و سەنار مامەندی کۆمیتەیەکیان لەژێر ناوی «کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حدکا» دامەزراند و بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ - ٤٧ یان وەڕێخست کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا هیوا و هۆمێد لە نێو دڵی گەلانی هیوابڕاوکراوی ئێران بەتایبەت لە کوردستان بگەشێنێتەوە و گیانێکی نوێ بە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد بدات. هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی چەکداری بە ئامانجی بنبڕکردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئەوکات و گەیاندنی گەلی کورد بە مافی ئازادی و چارەی خۆنووسین ڕێبازێکی نوێی پیشانی گەلی کورد دا و ڕێگر بوو لە بەلارێداچوونی بزووتنەوەی کوردستان.

بەداخەوە دەرەنجامی ئەم قۆناغە لە خەباتی گەلەکەمان بەهۆی خەیانەتی کەسێک بەناوی کوێخاشەریف شەهیدبوونی هاوڕێ سمایل شەریفزادە و چەند شۆڕشگێڕێکی دیکەی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ — ٤٧ی لە ڕێکەوتی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ لێکەوتەوە. فەلسەفەی ڕاستەقینەی ئەم هەوڵە پڕ لە ماندوویەتییەی کاک سمایل و هاوڕێیانی ئەو هەقیقەتە بوو کە ناوبراو بە باشی دەرکی بەو ڕاستییە کردبوو کە کەمتەرخەمیی توێژی خوێندەوار و رووناکبیر لە هەر گەل و کۆمەڵگەیەکدا دەتوانێ کاریگەری کوشندەی بۆ نەتەوە بەدواوە بێت بۆیە بێدەنگ نەبوو و وەک مرۆڤێکی بەرهەڵستکار بەگژ نادادپەروەرییەکاندا چوویەوە. ڕاستی و دەروەستیی ئەم مەسەلەش بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر نامەی شەهید سماییل بۆ شەهید قاسملوو دەردەکەوێت کاتێک کە باس لە نەخش و ڕۆڵی توێژی خوێندکار و پێگەیشتووی کۆمەڵگا دەکات و دەڵێ: بە

بانەمەری ٢٧٢٣

ڕەچاوکردنی مێتۆدی زانستییانە بۆ خەبات و پەلکێشکردنی توێژی ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی کاروانی خەبات داری هۆمێد و ئاواتی گەل بەر دەگرێت.

لەسەر ئەم بنەما عەقڵانییە و دەرک کردن بەو ڕاستییەی کە هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لەحاڵی خەبات، پێویستی بە هێما و سیمبۆلی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە هەیە، ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەوڵێکی تۆکمەدا ١٢ی بانەمەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی وەکوو ڕۆژی خوێندکاری کورد دیاری کرد. ئەمەش هەنگاوێکی پۆزەتیڤ و پێویست بوو تاکوو بەدەستنیشانکردنی هێماکان و ئامانجەکان، بە یەکخستن و ڕێکخستنی ریزەکانی، پێش بە پەرتەوازەیی هێز و وزەی توێژی خوێندکار وەک یەکێک لە چالاکترین توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بگرێت و لەم پێناوەشدا توانیویەتی زانکۆ بکاتە مەتەرێزی بەگژداچوونەوەی تاریکپەرستی کە بەردەوام وانەی مەرگدۆستی بە گوێی خوێندکاراندا دەچرپێنن.

ئاوڕدانەوە و وردبوونەوەیەکی خێرا لەم ڕۆژە مێژووییە لەم قۆناغە هەستیارەی خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان کە بە شۆڕشی ژینا و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بەڕێوە دەچێ، ئەو کەتوار و ڕاستییەمان بۆ جارێکی دیکە وەبیر دێنێتەوە کە لە ئێستەدا خوێندکاران و توێژی خوێندەڤانی کوردستان پێویستە و دەبێ، لە ریزی هەرەپێشەوەی خەباتەکەدا بوونیان هەبێ تاکوو وێڕای ڕۆشنگەریدان لەسەر دۆزی خەبات و شۆڕشی هەنووکەییمان، بە چرای زانست و دۆزینەوەی مێتۆد و مێکانیزمی گونجاو بۆ دەسنیشانکردنی ڕێڕەوەکانی دواتری خەبات، تێکۆشەرانی ئەم ڕێگایە بە تێچووی کەمترەوە بە سەرمەنزڵگەی ئازادی بگەیەن؛ ئەمەش دەقاودەق نێوەڕۆکی نامەکەی شەهید سمایل شەریفزادەیە بۆ شەهیدی هەرگیز نەمرمان د. قاسملوو.

١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## پێگەی سیاسیی کورد بەرهەمی زیاتر لە حەوت دەیە خەباتە




**محەممەد سلێمانی**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک داینەمۆی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی هەر چەشنە ویژمانێکی سیاسی و هاوپەیمانییە کە حاشا لە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد و فرەنەتەوەییبوونی ئێران بکات و ڕوانینی هاوشێوەی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی لەبارەی ئێرانی پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاران ڕەت دەکاتەوە.

گەلی کورد بەو یەکگرتوویە سیاسی و ڕێکخراوەییەی کە هەیەتی، دژایەتی لەگەڵ هەر ڕەوتێکی سیاسیدا بکات کە دژایەتی مافی نەتەوەکان بکات، بە دەردەی ڕێککەوتنی جۆرج تاون دەچێت و بەناچاری هەر یەکەو ڕێگای خۆی جیا بکاتەوە.

هەرەس و هەڵوەشانەوەی مەنشووری جۆرج تاون بە بێ بەشداری و پشتیوانیی گشتگیری گەلی کورد سەری نەگرت و پێکهێنەرانی مەنشوور هەوڵی زۆریان دا ئەو ڕێککەوتنە بە میحوەر و دژبەری سەرەکیی ڕێژیمی ئاخوندی لەسەر ئاستی

نێودەوڵەتیدا بناسرێت و ئەوە بسەلمێنن کە تەنیا هێزێکی دیاری دژبەری ڕێژیمی ئێران و جێگرەوەی سیستمی سیاسیی داهاتوویە، لە کاتێکدا ڕوانین و دارشتنی گەلاڵەی مەنشوور شتێک نەبوو کە ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی پێکهێنەری وڵات لە نێوەرۆکدا قبووڵ بێت.

هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە زاتێکی بیرداخراو و دژەنەتەوەیی وەک کوڕی شا نەک نابێتە جێگرەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی ڕێژیم و جیاوازییەکان بەو جۆرە نابن کە خەڵک و هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان دەیانهەوێت و بەداخەوە بەو هەڵسوکەوتەیان زیانێکی زۆریان بە ڕووداوە زێڕینەکانی وڵات گەیاند و بە ڕفتار و هەڵوێستەکانیان کاریگەرییان تا ڕادەیەک لەسەر خاوبوونەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی هەبوو و بەداخەوە هۆکاری بنەڕەتی بوون بۆ لێکترازان و درزخستنەوە نێو بزووتنەوەی سەرانسەریی ئەو شۆڕشە نوێیە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا و بەخێرایی بەشێکی زۆری شارەکانی دیکەی وڵاتی گرتەوە.

گەلانی ئێران پشتیوانی ڕەوتێکی سیاسی و ڕێکخراوەی ئەوتۆ دەکەن کە بەپەرۆش بێ بۆ بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو لەسەر ئەساسی سازانی سیاسی و نەتەوەیی و ژیرانە و نەخشەڕێگای چارەسەرکردنی فرەنەتەوەیی وڵاتی لە بەرنامەیدا بێ، چونکە بە ئینکارکردنی فرەچەشنی، نەک کێشەکان چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو ناکۆکییەکان و جیاوازییەکان زیاتر دەبن و کۆمەڵگای ئێرانیش بەو ئاستە لە وشیاری گەیشتووە کە شوێن هەر ڕێککەوتن و ئیعتلافێک کە بزانن، دەبێتە هۆکاری پەرەئەستاندنی بارگرژیی زیاتر نەکەوێ و ڕێگای خۆیان دیاری بکا.

ڕەزا پەهلەوی بە هیوری و لە ژێرەوە خەریکی بەهێزکردن و ڕاکێشانی پشتیوانیی سپای پاسدارانە کە بەڵکوو لە ڕێگای کوودەتای سەربازییەوە دەستی بگاتەوە دەسەڵات و ئەو تاجەی کە زیاتر لە چواردەیە لە مەوبەر، بە هۆی شۆڕشی سەرانسەری لەسەر تەختی پاشایەتی هێنرایە خوار بکاتەوە سەری.

لە کاتێکدا گەلانی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دژایەتیی دەسەڵاتی سەربازیی تاران دەکەن، بەو مانایە کە لە دوارۆژدا سپای پاسداران وەک باڵێکی سەربازیی دەستڕۆیشتووی ڕێژیمی ئاخوندیان بە هیچ جۆرێک بەلاوە پەسند نییە و دەبێت بەتەواوی هەڵبوەشێتەوە و وەک ناوەندێکی چەکداری کە ڕۆڵی بەرچاوی لە سەرکوت و خوێنڕشتنی ئازادیخوازانی وڵاتدا هەبووە لەنێو ببرێت و بەتەواوی لە قەرار و بڕیاری سیاسی و سەربازی دوور خرێتەوە.

ڕوانینی خەڵک بە پێچەوانەی ڕەزا پەهلەوییە کە هەوڵ دەدات بە پشتیوانیی سپای پاسداران بگاتە سەر دەسەڵات و ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ناوەندەش هەر وەک خۆی بمێنێتەوە، کە ئەو بابەتەش بە تەواوی لەگەڵ خواست و داواکاریی گەلانی ئێران دژ و ناتەبایە. جیاوازییەکانی بەرەی ئازادیخوازی و لایەنگری پرسی نەتەوەیی لە ئێران لەگەڵ دژبەرانی فرەڕەهەندیدا بەتەواوی دیارە و بنەماڵە و پاشماوەی شای ڕووخاو هەوڵی زۆر جیددی دەدەن پاش خاوکردنەوەی شۆڕشی سەرانسەری، پێگەیان لەنێو سپای پاسداران بەهێز بکەن، لە کاتێکدا نەتەوەی فەرمانڕەوای فارس متمانەیان بەو بنەماڵە و ڕەفتارەکانیان نەماوە و بە هۆکاری زۆر شکستی سیاسی و مێژووییان دەزانن.

ئێرانی داهاتوو بە قسە و گوفتاری چەند کەسایەتی و بە سەرپەرستیی ڕەزا پەهلەوی هەرگیز ڕێک ناخرێتەوە و کاتێک گەلانی ئێران لە ئێستادا حزووریان بەسەر ئاڵوگۆڕەکاندا هەیە و ڕەوتێکی بەهێزی نەتەوەیی و دێموکراتیک بەرهەم هاتووە، بێگومان بە دەستەیەک و چەند کەسایەتی، بزووتنەوەی سیاسیی نوێی وڵات لە ئامانجەکانی دوور ناخرێتەوە، بەڵکوو ئەوانەی بە پێچەوانەی دووڕەدیمەنی فرەنەتەوەیی بیردەکەنەوە، خۆیان لە ڕووداوەکان پەراوێز دەخرێن.

گەلی کورد و باقی نەتەوەکان وەختێ بەشداری و پشتیوانی پرۆسەی سیاسیی داهاتوو دەکەن کە ماف و ئازادییەکانیان بەتەواوی دەستەبەر و دابین بکرێ؛ بە دوورنەکەوتنەوە لە بیری فاشیستی و باوەڕمەندبوون بە یەک نەتەوە و ئاڵا و یەکپارچەیی ئێران، نەک خاڵی هاوبەش نامێنی، بەڵکوو زەمینەی لێک دوورکەوتنەوە زۆر بەرچاوتر ئەبێت. گەلانی ئێران دەمێکە بڕیاری سیاسیی خۆیان داوە و داوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاران دەکەن و پشتیوانیی سیستمێک ناکەن کە سوور بزانن سەردەمێکی نوێی زەبروزەنگ بەرامبەریان دەست پێ دەکاتەوە.

پێکهێنەرانی سەرەکیی مەنشوور، سەرەنجام لە ڕێککەوتنی جۆرج تاون بێ هیوابوون و هەر یەکە بەلایەکدا خەریکن لێی ڕا دەکەن، لەبەر ئەوەی بەتەواوی نەیتوانی بە ئامانجەکەی بگات کە پێشتر کیسەیان بۆ هەڵدروبوو، بەهۆی خۆسەپاندنی تەنیا کەسێک بەسەریدا و گوێنەدان بە زەروورەتی ئەمڕۆ و داهاتووی سیاسیی ئێران کە دەبێت لەسەر چ بنەمایەک ڕێک بخرێتەوە.

دەرکەوت ڕەزا پەهلەوی لەو ئاستەدا نییە بتوانێ ڕۆڵی سەرەکی بۆ ڕووخاندنی تاران بگێڕێ و خەڵکی کوردستان بەباشی لە ڕفتار و مێژوویان گەیشتوون و هەربۆیەش بەتەواوی پشتیوانی هەنگاوەکانیان نەکرد و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێوان ڕێژیمی شا و ئاخوندیدا نەبینی و بەو ئاکامە لە وشیاریی سیاسی گەیشتوون کە بڵێن زاتێکی دوورەپەرێز و بێزراوی نێو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران ناسراوە و کەس شوێنی بەڵێنە بێ بنەماکانی ناکەوێت کە سوور دەزانن چی لە هەگبەی بەتاڵیدایە سەبارەت بە پرسی فرەنەتەوەیی و ئازادیی ئێران.

هاتنەدەری "حامید ئیسماعیلیوون " بەتەواوی بێ بنەمایی و بێکەڵکیی ئەو ناوەندی سەلماند و وەختێ دامەزرێنەرانی نەتوانن لەگەڵیدا هەڵ بکەن و نیوەرۆکی مەنشوورێکی نامەشهووری لەو چەشنە پەرە پێ بدەن بە هۆی دژایەتیی شاپەرەستەکان لەگەڵ ئازادی و چەمکی فرە نەتەوەیی و بیرتەسکی و نەبوونی دەرفەتی ڕێزگرتن لە فرەڕەهەندی و شانسی سەرکەوتن و پەرەستاندنی خۆی بەتەواوی لەدەست دا.

خەڵکی کوردستان کە پێگەیەکی بەهێزی لەسەر ئاستی ڕووداوە سیاسیەکانی ئێراندا هەیە، دژایەتیی هەر ڕەوت و ناوەندێکی نادێمۆکراتیکی لە چەشنی مەنشوور بکات، ئاکامەکەی ئەوە دەبێت و هەر لە سەرەتاوە هەرەسێکی سیاسی لەو چەشنەی ڕێککەوتنی جۆرج تاون چاوەڕوان بووین و هەرکەسێک و هێزێک ڕەهەندە فیکرییەکانی نزیک لە ڕێژیمی ئاخوندی بێت، سەر ناکەوێت و بەدەردی ڕەزا پەهلەوی دەچێت کە بچێتە ئیسرائیل و تەقیلەی ڕەش بکاتە سەری بۆ ئەوەی لەو قەیران و دووڕپەرێزییەی دووچاری بووە نەجاتی بێت و بەڵکوو ئەوان ڕێژیمی ئاخوندیی بۆ بڕووخێنن و تاجی داڕماویان بۆ بخەنەوە سەری.

وەختێک گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی پێگە و هێزێکی ڕێکخراو و مونەزەم بێت و شوێنی لەسەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵاتییەکانی کوردستان و ئێران هەبێت، لەگەڵ چەند نەفەرێک و لەژێر سێبەری ڕەزا پەهلەویدا کە زۆرینەی فارسەکان نەفرەتیان لێ دەکەن، بچینە بەرە و بۆ بەهێزبوونیان کار بکرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی دیاری ڕۆژهەڵات و ئێران بە ڕاشکاوی و بەرپرسانە پاش شەنوکەوکردنی ڕەهەندە سیاسی و فیکرییەکانی مەنشووری جۆرج تاون، هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و پشتیوانیی لێ نەکرد لەبەر ئەوەی ڕێگاکەی بەو ئاراستەیەدا نەبوو کە گەلی کورد خەباتی لەپێناودا کردووە.

ئەوەش بەو مانایە کە بە بێ بەشداری و حزووری حیزبی دێموکرات وەک پێشەنگ و پێشڕەوی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ ناوەندێک کە ڕەچاوی مافی سیاسی گەلی کورد و گەلانی دیکەی وڵات نەکات، شانسی سەرکەوتن و بەردەوامی و گەشەکردنی نابێت و لەگەڵ دژایەتیی سیاسیی گەلانی پێکهێنەری ئێران بەرەوڕوو ئەبێتەوە.

خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانییەوە شوێن بڕیارە سیاسی و نیشتیمانییەکانی هێزێک ئەکەون کە بزانن داکۆکیکردن لە شوناسی سیاسی و نەتەوەیی کورد ئاوێتەی بڕیارە سیاسییەکان بووە و بۆ جارێکی دیکە خۆیان بە دەستی قەزا و قەدەر ناسپێرن و هەرچیەک لە بەرژەوەندییاندا نەبێت، لە گەڵی ناکەون.

**بانەمەری ٢٧٢٣**

لە سەرئاستی ئێراندا، وەختێک بەرەیەکی گشتگیر و شوێندانەر کاریگەریی بەسەر ڕووداوەکاندا ئەبێت کە باوەڕی قووڵی بە فرەچەشنی و فرەڕەهەندیی ئێران هەبێ و ئیدی ئەو شتە بە تەواوی بێکەڵک بووە کە لەژێر بیانوی ئەوەیدا کە ئێرانی یەکپارچەی بپارێزن، دژایەتی ڕەق لەگەڵ ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی دیکەی وڵاتدا بکرێت.

حیزبی دێموکرات سیاسەت و ستراتیژیی خۆی بەگوێرەی قۆناغەکانی خەبات دادەڕێژێت و ئەگەر دەرفەت و هەلومەرجێکی شیاو بۆ کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئێراندا بێتە بەرەوە، بەو پێگەیشتوویە سیاسی و پێگەجەماوەرییەی کە خاوەنیەتی، بەدڵنیایەوە بڕیارێکی چارەنووسساز لە بەرژەوەندیی خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەدات و ڕێگا لەهەر جۆرە سەرەڕۆییەک دەگرێت کە زیان بە هەنگاوە سیاسی و نەتەوەییەکان بگەیەنێت.


دیارە خەبات بە قسە گەلێک خۆشترە لەوەی تامی سەختی و ئالۆزیی ڕووداوەکان بکەیت، حیزبی دێموکرات زیاتر لە حەوت دەیەی ڕەبەقە لە مەیدانی خەباتدایە و بۆ ئازادی و ڕزگاری تێدەکۆشێت و بۆ جارێک لە مێژوودا ئەوەت بەرچاو ناکەوێت کە حیزب بە بڕیارێکی کرچ و کاڵ زیانی بە دەسکەوتەکانی خەبات گەیاندبێ و هۆکاری لێکترازانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد بووبێت.

**١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# ئاستی وشیاریی نەتەوەیی کورد لەهەمبەر فاشیزمی ئایینی و قەومیدا




**شەهرام سوبحانی**

کوردستان وەک بەشێکی زیندوو و چالاک لە بواری کۆمەڵایەتی، مەدەنی و سیاسی هەموو کات جێگەی ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی هەر دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بووە. هەربۆیە هەمیشە بە چاوێکی ئەمنییەتی و ترسەوە بەڕێوەیان بردووە و بە داڕشتنی سیاسەتی جۆراوجۆر پلانی تەفرەقە و دووبەرەکێ سازکردن لە نێوان کوردەکانیان داوە. بۆ نموونە دابەشکردنی کوردەکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان لە سەردەمی ڕەزاخان بەمەبەستی جیاکردنەوەی کوردەکان لە یەک، هەناردنی کوردەکان بۆ پارێزگای خوراسان یان نیشتەجێکردنی فارسەکان لە کوردستان و هەوڵی گۆڕینی جوگرافیای کوردستان، یەکێکی تر لەو سیاسەتانە بوو کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر بەردەوامن لەسەر ئەم پرۆسەیە، تاکوو کوردەکان لاواز بکەن. بە سیاسەتی مێلیتاریزەکردنی شارە گەورەکانی کوردستان هەوڵی کۆنترۆڵی گشتییان داوە. تاکوو کورد نەتوانێ ببێت بە فاکتەریی سەرەکی بۆ نەتەوەکانی ئێران بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێکی نوێی دژی دەسەڵاتی ڕێژیم، بەڵام بە پێچەوانە هەوڵەکانیان بێئاکام مانەوە، چونکە شۆڕشی ژینا و دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکان بۆ ماوەی پترلە ٦مانگ، دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستیی کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەو ڕاستییە مێژووییەن کە کورد لەهەمبەر نەتەوەکانی دیکە لە ئێران

ئاستی وشیاریی نەتەوەیی زیاترە، هەر بۆیە شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە دەست پێدەکا و دوای چەندین ڕۆژ تەواوی قەوارەی سیاسیی ئێران لەخۆ دەگرێتەوە. هەر وەک هەموومان شایەتی ئەو شۆڕشە بەرینە بووین کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی چاویان لەدەست کوردستان و حیزبەکانی بوو، بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی ڕێبەریی ئەم شۆڕشەی وەئەستۆ گرتبوو کە هەمووماں شایەتی ئەوە بووین کە کەسایەتییەکانی ئێران لە بەیاننامەکانی ناوەندی هاوکاری وەک خەتە فیکرییەک کەڵکیان وەردەگرت. هەر بۆیە ئەم ڕاستییە دەرخەری ئەوەیە کە کورد لە ئێران بەنیسبەت نەتەوەکانی تر زووتر لە ماهییەتی ڕێژیمی ئاخوندی ئاگادار بووەوە و دژی ئەم دەسەڵاتە شۆڕشی کردووە کە لەئاکامدا مەسیح عەلینژاد دێنێتە دەنگ و لە وتووێژێکیدا سەبارەت بە کوردستان دەڵێ: درووود بۆ خەڵکی کوردستان کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردووە هەتا ئێستا بەردەوام دژی حکوومەتی ئاخوندی شۆڕشیان کردووە و هەموو کات ئاڵایان لە ئاست حکوومەتی دیکتاتۆری ئێران بەرز بووە. وەک بەرگێکی زێڕین لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا دەمێنێتەوە کە خۆیان ئێعتراف بەو وشیاری نەتەوەیی کورد دەکەن.

شۆڕشی ژینا تەنیا دەرخەری بەشێک لە وشیاری نەتەوەی کورد بوو لەهەمبەر فاشیزمی ئایینیدا، ئاوڕدانەوە لە مێژوویی دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کورد وشیارتر لە نەتەوەکانی ئێران دژی هەر دوو دەسەڵاتی توتالیتەری کۆماری ئیسلامی و پەهلەوی ڕاوەستاوە و دژی زوڵم و بێدادییەکانیان شۆڕشی کردووە. واتا کوردستان ئەزموونێکی باشی لە هەر دوو دەسەڵات هەیە. هەر بۆیە ئێستا ئێمە بووینەتە سەرچاوەیەک بۆ دانانی خەتە فیکرییەک بە خەڵکی ئێران و بەگشتی کوردستان کە لە ئاکامدا ترسی خستە نێو کاربەدەستانی ڕێژیم لەهەمبەر کوردستان و حیزبەکاندا و وای لێکرد کە چەن مانگی ڕابردوو بە هەموو هێز و توانایەوە هێرش بکاتە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لەم هێرشەدا بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی پێشکەوتوو(مووشەک)هەوڵی سڕینەوە و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی دا بەڵام بە پێچەوانە ئەو شۆڕشە زیاتر لە دوێنێ پەرەی سەند و مووشەک و درۆنەکانی ڕێژیم هیچکات نەیانتوانی خەڵک و حیزب لە یەک جیا بکەنەوە. لە چەن مانگی ڕابردوودا شایەتی ئەوە بووین کە نەتەوەکانی تر لە ئێران بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا و کۆمەڵگەی کوردستان بە دروشمی جۆراوجۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و دەیانگوت: "کورد و بلوچ برادرند، تشنەی خون رهبرند"، یان لە تارانی پێتەختی ئێران شایەتی ئەم دروشمە بووین کە دەیانگوت: "کوردستان کوردستان چشم و چراغ ایران" کە ئەمە پەیامێکی توند، دژی چەواشەکاریی مێژووی ڕاستەقینەی کوردەکان بوو کە لە ٤٤ساڵی ڕابردووە هەتا ئێستا کورد وەک تێرۆریست لە قەڵەم دراوە. نموونەیەکی دیکە لە ئاستی وشیاری نەتەوەیی کورد لەهەمبەر فاشیزمی قەومیدا دەتوانین ئاماژە بە سەردەمی کۆماری کوردستان بکەین واتا یەکەم دەوڵەتی مودێڕنی کورد کە لەسەر دەستی پێشەوای کوردان "پێشەوا قازی محەممەد" دامەزرا، قۆناغێکی پڕاوپڕ لە خەبات و تێکۆشانی مێژوویی نەتەوەیی کورد لەهەمبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پەهلەوییەکان بوو کە لەسەر ئایدیای ناوەندگەرایی

سیاسەتیان دەکرد؛ کوردەکان دژی ئەو زوڵمە دەستیان دایە شۆڕش و حیزبی دێموکراتیش دامەزرا، کە دەسکەوتەکەی هەر دوای چەند مانگ دەردەکەوێت کە ئەویش دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بەنێوی کۆماری کوردستان بوو کە هەتاهەتایە ناوی لە ئاسمانی مێژووی نەتەوەیی کورددا دەدرەوشێتەوە. هەر ئەو کۆمارە دەیتوانی ئەزموونێکی باش بێ بۆ نەتەوەکانی دیکە لە ئێران کە ئەوانیش وەک کوردەکان خاوەن خاک و زێدی خۆیان بن و سەروەریی خاکەکەیان بەدەستەوە بێ. بەڵام بەداخەوە فاشیزمی قەومی پەهلەوی ڕێگەی نەدا کە کۆماری کوردستان بتوانێ زیاتر پەرە بستێنێ ئەگینا وەک یەکەم ئەزموونی حکوومەتێکی دێموکرات دەیتوانی لەهەمبەر نەتەوەکانی دیکەش لە ئێران کاریگەر بێ. نموونەیەکی تر: سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بوو کە بە خۆشحاڵییەوە حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵات یەکەم ئۆپۆزیسیون بوو کە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکوت کرد. چونکە دەیزانی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی گەلانی ئێران نییە واتا کۆمەڵگەی کوردستان لە ٤٤ ساڵ پێشەوە ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ناسیبوو، بەڵام لە ئێراندا ئێستا بەو ئاستی وشیارییە گەیشتوون کە کۆماری ئیسلامی هیچ قازانجێکی بۆ نەتەوەکانی تر نییە؛ هەر بۆیە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری لەم نەهامەتییە بە ڕووخانی ڕێژیم دەزانن و دیانهەوێ کۆماری ئیسلامی سێبەری شوومی لەسەر خاکی ئێران هەڵگرێت و بڕوا.

نموونەیەکی دیکە بەشدارینەکردنی حیزبی دێموکرات لە مەنشووری جۆرج بوو، کە هەتاهەتایە وەک بەرگێکی زێڕین لە مێژوویی سیاسیی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

حیزبی دێموکرات بە پێی ئەوەیکە بە تەمەنترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەروەها خاوەن ئەزموونی هەڵسوکەوت لەگەڵ دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییە، لای ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەم مەنشوورە فۆرماڵیتەیە، لەعابێکە بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەناوی دێموکراسی کە تەنیا ناوی دێموکراسی لەسەرە و هیچی دیکە، تەنیا دروشمێک بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، هەر بۆیە بە بەشدارینەکردنی لەم مەنشوورە خەڵکی کوردستان و ئێرانی ئاگادار کردەوە کە خاڵەکانی ئەم مەنشوورە بە قازانجی گەلانی ئێران تەواو نابێ. واتا وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی گەلانی ئێران نییە؛ چونکە بەپێی یەکێک لە بەندەکانی ئەو مەنشوورە، باوەڕی بە مافی نەتەوەکانی ئێران نییە و هەر لە سەر بنەمای سەنترالیزم سیاسەتیان دارشتبوو. هەر بۆیە لەم ڕۆژانەدا حامید ئیسماعیلیوون وەک یەکێک لە بەشداربووانی مەنشووری جۆرج تاون دەستی لەکار کێشایەوە؛ دەرکەوتن و لێدوانەکانی لە میدیاکانی دەرەوی وڵات سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو مەنشوورە لەسەر بنەمای دێموکراسی و مافی نەتەوەکانی ئێران دانەڕێژراوە. هەر وەک خۆیان باسی دەکەن لە دێموکراسیدا سەپاندنی ڕا و بۆچوون واتایەکی نییە. دەست لەکارکێشانەوە لەم مەنشوورە هەڵوێستێکی بەجێ بوو بۆ ئەوەیکە خەڵک باشتر لە ماهییەتی ئەم مەنشوورە ئاگادار بن.هەر بۆیە پێم وایە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران و



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

کوردستان لە دەست فاشیزمی ئایینیی "کۆماری ئیسلامی" و فاشیزمی قەومیی "پەهلەوی" پاراستنی یەکگرتوویی و هاودەنگی نێوان نەتەوەکانی ئێرانە، چونکە تەنیا یەکگرتوویی گەلانی ئێرانە دەتوانێ زامنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیک بێ. هەر وەک د.قاسملوو دەفەرمێ: تەنیا دێموکراسییە دەتوانێ وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی ئێرانی فرە نەتەوە بێ. با هەموومان پێکەوە بە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە و لایەنە سیاسییەکانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵ.

١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# شەریفزادە، ترۆپکی هەموو شێوازەکانی خەبات



**سەلام ئیسماعیل پوور**

١٢ی بانەمەڕی هەموو ساڵێک وەبیرهێنەری خەبات و گیانبازیی شەهید سمایل شەریفزادە و پۆلێک لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانە کە بێ گوێدانە تەنگ و چەڵەمەکان و تەنیا بە پشتبەستن بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان مێژوویەکی نوێیان لە حەماسە و ئازایەتی خوڵقاند و بوونە سەرچەشنێک بۆ نەوەکانی دوای خۆیان و سەلماندیان کە مرۆڤی شۆڕشگێڕ دەبێ هەوڵ بدا بۆ خۆی خوڵقێنەری دۆخی دڵخواز بێت و هیچ هەلومەرجێک نەکاتە پاساو بۆ پاسیڤبوون و بێ کاریگەربوون لەسەر هاوکێشەکانی کۆمەڵگا و هیچ کات ئیرادەی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ژیان بە پێشمەرج و لەمپەر و ئەگەرەکانەوە گرێ نەدات.

شەریفزادە دەنگی بەرزی زانکۆ و شەقام، خاڵی بە یەکگەیشتنی بزووتنەوەی ڕووناکبیری و خوێندکاری و بزووتنەوەی چەپی دژە کۆڵۆنیاڵیستی و بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کورد و شریخەی چەکی پێشمەرگە لە دڵی چیاکان لە قۆناغێکدا بوو کە هەیمەنەی دیکتاتۆری و داگیرکاریی فاشیزمی پەهلەوی لە هەموو ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات لەوپەڕی خۆیدا بوو.

شەریفزادە وەکوو یەکێک لە هێماکانی بزووتنەوەی پارتیزانیی ٤٧ - ١٣٤٦ بە ئیلهام وەرگرتن لەو هەموو باکگراوندە هزری و ڕووناکبیرییانەی خۆی ڕۆڵێکی گرینگی لە بەرەوپێشبردن و پەرەدان بە ڕادیکاڵیزمی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازیی بزووتنەوەکەدا بوو کە هەر ئەوەش دواتر بوو بە هۆی مانەوەی لە هزر و بیرگەی مێژوویی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا و وەکوو ڕچەشکێنی نێو سەهۆڵبەندانی خەفەقان، ڕێگای بۆ هزر و قەڵەمە شۆڕشگێڕ و نوێخوازەکانی دوای خۆی کردەوە.

ئەو ڕاپەڕینە بۆ کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی و گرینگ بوو، چونکە پاش کارەساتی ڕووخانی کۆماری کوردستان، شەپۆلی دەستبەسەرکردن و ئاشکرابوونی تیمە تەشکیلاتییەکانی حیزبی دێموکرات کە پاش برینی قورسی نسکۆی کۆمار لە هەوڵی هەستانەوە و بنیاتنانەوەی خۆیدا بوو، برستی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕیبوو. لە باشووری کوردستانیش بزووتنەوەی کورد لەوپەڕی گرێدراویی بەرژەوەندی و چارەنووسی خۆی لەگەڵ سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو و بە کردەوە هەوڵی دەدا هەموو پۆتانسیلی شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بە قازانجی ئەو هاوپەیمانێتییە بتوێنێتەوە و لە ڕاستیدا دۆخی شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات لە باشووری نیشتمانیش زۆر باشتر لە دیوی ڕۆژهەڵات نەبوو.

ئەوە یەکەم ئەزموون لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بوو کە پێشمەرگە وەکوو هێزێکی پارتیزانی لە بەرانبەر داگیرکەردا ڕادەوەستا، چونکە شەڕەکانی پێشووتری هێزی پێشمەرگەی کۆمار شەڕی جبهەیی بۆ پاراستنی سەروەریی نیشتمانی و کیانی سیاسیی گەلی کوردستان بوو. بۆیە لەم سۆنگەیەشەوە دەکرێ پێشەنگەکانی بزووتنەوەی ٤٧ - ٤٦ بە دەستپێشخەر و ڕێنوێنێک بۆ شێوەی خەباتی نەسڵەکانی دوای خۆیان پێناسە بکەین.

لە ئاستی ئێرانیشدا ڕێژیمی حەمەڕەزا شا پاش کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و سەرکوتی هەموو لایەنە سیاسییەکان و زاڵبوون بە سەر ڕاپەڕینەکاندا، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت خۆی لەوپەڕی بەهێزیدا دەبینی. حیزبی توودە وەکوو مەزنترین حیزبی چەپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تەواوی تەفروتونا کرابوو، ڕێکخستنەکانی هەڵوەشابوونەوە و کادرەکانی زیندانی کرابوون، ڕێکخراوی بەهێزی ئەفسەرانی ئەو حیزبە لە نێو چووبوو و ڕێبەرانی ئاوارەی هەندەران ببوون، جبهەی میللی وەکوو بەهێزترین حیزبی نەتەوەپەرستی ئێران بە هەمان چارەنووسی حیزبی توودە چووبوو. خۆپیشاندانی ناڕەزایی سەرەتاکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوی لە لایەن توێژی مەزهەبی و بە پاڵپشتیی بازاڕ و فیۆداڵەکانی ناڕازی لە چاکسازییەکانی ناسراو بە شۆڕشی سپی سەرکوت کرابوو. تەنانەت نەتەوەخوازە لیبراڵەکانی وەک عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیرانی دڵخوازی ئەمریکا کە لە دەسەڵاتدا بوون لە کار لادرابوون.



سەرچاوە
Serchawe

لە وەها هەلومەرجێکدا کە ڕێژیمی شا پێی وابوو بەهۆی چاکسازیی زەوی و زار و شۆڕشی سپی، لە ڕووی هزری و گوتاریشەوە لایەنە چەپەکانی لە هەر چەشنە توانا و کاریگەرییەک داماڵیوە و لە ڕاستیدا بەستێنەکانی شۆڕشی زەحمەتکێشانی لە ناو بردووە، لە سەرانسەری جیهاندا لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕەش پێستەکان، ژنان و بزووتنەوەی دژ بە شەڕی ڤێتنام لە ئەمریکاوە بگرە تا بزووتنەوە ڕووناکبیری و خوێندکارییە چەپ و ڕادیکاڵەکانی ئوروپا، لە ڕاپەڕینی خەڵکی چێکۆسلۆڤاکی دژ بە کۆمۆنیزمی سۆڤێتی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ناسراو بە بەهاری پراگ تا بزووتنەوە پارتیزانییەکانی ئەمریکای لاتین، لە بزووتنەوە دژە کۆڵۆنیالیستی و ڕزگاریخوازانەکانی گەلانی ئەفریقا تا ئاڵوگۆڕەکانی شۆڕشی چین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا خەباتی فەلەستینییەکان و شەڕی نێوان نەتەوەخوازانی عەرەب بە سەرکردایەتیی جەمال عەبدولناسر دژ بە ئیسراییل و شۆڕشەکانی زەفاری عوممان و کوردستانی باشوور، بڵێسەی ئاگری ڕاپەڕین و شۆڕش دژ بە کۆڵۆنیالیزمی دەرەکی و سەرەڕۆیی و چەوسانەوەی نێوخۆیی هەموو دنیای گرتبووەوە.

لە وەها هەلومەرجێکدا کە سۆڤێت وەکوو جەمسەری بلۆکی چەپ، لە دوای مردنی ستالین و هاتنەسەرکاری خروشچۆف سیاسەتی بەخۆداچوونەوەی گرتبووە پێش، پێشەنگایەتیی مۆسکۆ و مانیفێستی شۆڕشی حیزبە چەپەکانی هەڵگری ڕێبازی سۆڤێت وەک حیزبی توودەی ئێرانیش چووبووە ژێر پرسیار و سیما و پرێستیژی شۆڕشگێڕانەیان کاڵ ببووەوە و سەرچەشنایەتیی شۆڕشی چین واتە دەستپێکردنی شۆڕش لە گوندەکانەوە و گەمارۆدانی شارەکان کە هاندەرێک بۆ خەباتی پارتیزانی بوو، ببووە گوتار و سەرچەشنی باوی شۆڕش لە سەرانسەری جیهاندا و پارتیزانەکان کە زیاتر سەر بە توێژی جووتیاران و زەحمەتکێشانی گوندەکان بوون پێگە و ڕۆڵی چینی کرێکاریان وەکوو پێشڕەوی شۆڕش بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی و ڕادیکاڵ وە ئەستۆ گرتبوو.

لە وەها بارودۆخێکدا بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێرانیش کە لە دۆخی نیمچەکراوەی سەرەتای دەیەی ٤٠ی هەتاویدا هەلێکی بۆ چالاکی و خۆنواندن بۆ ڕەخسابوو، لە کاریگەریی ئەم هەلومەرجە ڕادیکاڵە شۆڕشگێڕانەیە بەدەر نەبوو. ئەو خوێندکارانەی کە چاوەدێریی وردی ئاڵوگۆڕەکان و دۆخی شۆڕشیان لە جیهاندا دەکرد و لە بەرانبەر خەمساردی و پاسیڤبوونی خروشچۆف و کۆمۆنیزمی ڕووسی لەو بەستێنە شۆڕشگێڕییەدا، سەرنجیان بۆ هێندێک نموونەی باڵکێشتری خەبات ڕادەکێشرا کە سیماکانی وەک مائۆ، هووشی مین، کاسترۆ و چەگوارا پێشکەشیان دەکرد، دۆخی سیاسیی داخراوی نێوخۆی وڵات و وەڵامدەر نەبوونی گوتاری حیزبە گەورەکانی وەک توودە و جبهەی میللی و داخرانی ڕێگاکانی چالاکیی سیاسیی یاسایی، ئەوانی تووشی بێهیوایی دەکرد و بەرەو ئاڵوگۆڕێکی هزری و تیۆریک پاڵی پێوە دەنان و ڕوویان لەو شێواز و نۆرمە نوێیەی خەبات دەکرد کە لە ئاستی جیهانی و لە وڵاتانی دەوروبەردا لە پەرەسەندندا بوو.

لەسەر بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕە تیۆریکەیە کە هەر لە نێو زانکۆکان و لقی خوێندکاریی حیزبەکانی وەک توودە و نەهزەتی ئازادییەوە، کۆمەڵێک حیزبی نوێی وەک موجاهیدینی خەلق، فیداییانی خەڵک و کومیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودە (کە دواتر ناوی گۆڕدرا بە حیزبی ڕەنجبەرانی ئێران) سەریان هەڵێنا کە بانگەشەیان بۆ شێوازە ڕادیکاڵەکانی خەبات و بە دیاریکراوی بزووتنەوەی پارتیزانی دەکرد.

لەم نێوانەدا خوێندکارانی کوردیش کە وێڕای شوێندانەریی گوتاری زاڵی جیهانی، لە ڕابردووی خەبات و نەریتی شۆڕشگێڕانەی لەمێژینەی کوردستانیش ئیلهامیان وەردەگرت، لە ڕیزی چالاکانی پێشڕەوی ئەو گۆڕانکارییە هزری-کردارییە لە نێو زانکۆکاندا بوون کە دواتر کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانیش دانا. شەریفزادە یەکێک لە بژاردە دیارەکانی نێو ئەم توێژەیە کە لە نامەیەکدا کە لێی بەجێ ماوە دەڵێ:

"ئەمڕۆ توفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەستدانە چەک و وەشاخ کەوتنە. ڕێگەی ڕزگاریی هەموو نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کە لە پێشدا دەبێ لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە."

هەڵبەت ئەو ئۆگرییە جیهانییە بۆ ڕادیکاڵیزم لە هزر و کردەوەدا کە لە ژێر کاریگەریی قووڵی بەستێنی دووجەمسەری و هێڵە ڕوونەکانی جیاکەرەوەی چەوسێنەر-چەوساوە یان کۆڵۆنیاڵیست - بە کۆڵۆنیکراودا بوو، لە ئێراندا تا کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوی نەیتوانی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە یان چالاکییەکی چەکدارانەی ئەوتۆ و تەنیا کاتێک کە ڕاپەڕینی چەکداریی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی خەباتکارانی وەک شەریفزادە، مەلا ئاوارە، برایانی موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، نحۆی شکاک و... هەڵگیرسا و بۆ ماوەی هەژدە مانگ بەرخۆدانی ئازایانەی لە بەرانبەر هێزی چەکداریی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمدا کرد، خەباتکارانی ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیش وە خۆ کەوتن و بە ئیلهام وەرگرتن لە شەریفزادە و هاوڕێیانی، هێندێک سەرهەڵدانی پارتیزانیی بەرتەسکی وەک "ڕاپەڕینی سیاهکەڵ"یان وەڕێ خست کە هەڵبەت چەند ساڵێک دواتر یەک لە دوای یەک پێگەی کۆمەڵایەتی و توانای چالاکیی خۆیان لە دەست دا و لە نێو بەرداشی پاسیفیزم و لاوازیی خۆیان لە لایەک و درندایەتیی دەزگای داپڵۆسینی ڕێژیم و دزەکردنی دەزگا سیخوڕییەکان بۆ نێو ڕیزەکانیان و شەڕی دەروونیی ڕێژیمدا وردوخاش بوون و کەفوکوڵی شۆڕشگێڕییان دامرکایەوە و ئاڵوگۆڕی قووڵ بەسەر ڕوانگە و کردارییاندا هات، بە جۆرێک کە زۆرێک لە ڕێبەران و کادرە دیارەکانی ئەو لایەنانە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بوونە لایەنگری خومەینی و ئۆگری سیاسەتی بە ناو دژە ئیمپریالیستیی ڕێژیم و خەڵخاڵیی خوێنمژیان وەک قارەمانی شۆڕش و

بانەمەڕی ٢٧٢٣

تەنانەت کاندیدای دڵخوازی خۆیان بۆ سەرۆک کۆماری ناساند و پاڵپشتییان لە کوشتار و قەڵاچۆکردنەکانی خەڵکی کوردستان بە دەستی ڕێژیمی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی کرد و لە بەردەم سندووقەکانی شانۆی فریودەرانەی هەڵبژاردن لە کونسوولخانە و باڵوێزخانەکانی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێراندا بە ملی شۆڕەوە ڕێزیان بەست.

بەڵام بزووتنەوەی پارتیزانیی سەربەرزی کوردستان بەهۆی ناوەڕۆکی مرۆییانە، ڕەسەنایەتی و پابەندبوونی بە جەوهەری یاخیبوونی شۆڕشگێڕانە دژ بە نەزمی داسەپاوی بێگانە و ڕۆحی هەمیشە زیندووی خەبات لە کۆمەڵگای کوردستاندا سەرەڕای هەموو زەبروزەنگ و دڕندایەتیی لەڕادەبەدەری دامودەزگای شەڕ و کوشتار و سیخوڕیی ڕێژیم لە کوردستان، هەروا ئاڵای خەباتی خۆی بە شەکاوەیی ڕاگرت و پێگەی کۆمەڵایەتیی نەک هەر لە دەست نەچوو بەڵکوو بەهێزتریش بوو و هەر بەم دواییانە و لە شۆڕشی ژینادا بوو بە نموونە و سەرچەشنێک بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەن و ڕاستەقینە و بێ گرێ و گۆڵ لە سەرانسەری ئێراندا.

ئەگەرچی شەریفزادە لە ئێوارەی ڕۆژێکی خوێناویی گوندی "دارینە"ی بانە لەگەڵ سێ هاوڕێ و هاوخەباتی سەربەرزی خۆی بە دەستی گلاوی چەکدارانی فاشیزمی پەهلەوی و کۆمەڵێک جاش و نیشتمانفرۆشی سەرشۆڕ شەهید کرا، بەڵام ورە و ئازایەتیی ئەو شۆڕشگێڕە بلیمەتە، بیروباوەڕە مرۆییەکانی و ئیرادەی لە شکان نەهاتووی بۆ گۆڕانکاری و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و باوەڕی قووڵی بە دوارۆژی ڕزگاری لە داگیرکاری و فاشیزم، خولیا و ئاواتی هەموو کوردێکی شەرەفمەند لەو سەردەمەوە تا هەنووکە بووە و لە خۆڕا نیە کە نموونەکانی وەک ئەو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەردەوام ڕوویان لە زیادبوون کردووە و زیاتر لە چوار دەیەی ڕەبەقە کە لاوان بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەو، لە شەقام تا شاخ و لە زانکۆ تا بەندیخانە دوژمنانی ئازادییان وە زاڵە هێناوە و هیچ گۆڕەپانێکی خەبات نیە کە ناوبانگی ئازایەتی و جوامێریی ئەو تێیدا دەنگ نەداتەوە و خەباتکارانی نەسڵەکانی دوای خۆی بە شانازییەوە و بە هاواری پڕ بە گەروویان ناوی نەهێنن.

١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# جیاوازیی نەوەکان و بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات



ڕەزا دانشجوو

## پێشەکی

شۆڕشی پیشەسازی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دوای ئەو بوو بە هۆی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی وڵاتانی جۆراوجۆردا. هەرچەندە سەرەتای ئەم گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بوو، بەڵام بەهۆی پەیوەندییە بەرفراوانەکانی نێوان نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکان، ئەم گۆڕانکارییانە زۆر زوو گەیشتە وڵاتانی جیهانی سێیەم و کاریگەریی لەسەر ئەوانیش دانا.

سەرەتای سەدەی بیست و یەک و هاتنی تەکنۆلۆژییە نوێیەکان خێرایی ئەم گۆڕانکارییانەیان هێندە زیاد کرد کە ئیتر هیچ ڕێگەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لێیان نییە. گرینگترین دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە سەرهەڵدانی تاقمێک جیاوازیی گەورە لە هەڵوێستەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی لاوان بوو. جیاوازی لە بەهاکان، تێگەیشتنە فیکرییەکان و چاوەڕوانییەکان لەنێوان نەوەی نوێ و دایک‌وباوک و گرووپە تەمەنییەکانی تردا وای کرد نەوەی نوێ ئامادە نەبێت مل بۆ ڕۆڵی پاوانخوازانەی

گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو نەخش و نۆرمانەی ئەوان پێناسەیان کردوون ڕابکێشێت.

ئەم جیاوازییە لەنێوان نەوەی گەنج و نەوەکانی تردا پێی دەگوترێت "بۆشایی نێوان نەوەکان ."(Generation Gap) مەبەست لە "بۆشایی نێوان نەوەکان" تەنیا جیاوازیی تەمەن نییە، بەڵکو کۆمەڵێک نۆرم و بەهایە کە دوو نەوەی جیاواز ناتوانن لەسەری ڕێکبکەون. ئەگەر ئەم بۆشاییە بەردەوام بێت و لە ڕاستیدا زمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە نێوەڕۆکەکە نەدۆزرێتەوە، بۆشاییەکە دەتوانێت ببێتە هۆی دوژمنایەتییەکی ئاشکرا لەنێوان نەوەکان و جۆرێک لە پچڕانی پەیوەندیی نێوانیان، کە بە"دابڕانی نەوەکان" (Generation Cleavages) ناسراوە. ئەم قۆناغە دەتوانێت نیشانەی دەستپێکردنی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی بێت، قەیرانێک کە بە هۆی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگەوە دەتوانێت بێتە هۆی زۆر ڕووداوی چاوەڕواننەکراو. ئەگەر پرۆسەی پێکهێنانی بەهاکان سەردەمانێک لە ناوەندە پەروەردەییەکان و خێزانەکاندا بوو، ئێستا دەستڕاگەیشتنی بەربڵاو بە تەکنەلۆژی و پەیوەندییە مۆدێرنەکان بەتەواوی ئەم نۆرمانە و پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردنی گۆڕیوە. کارناسان لەسەر ئەوەی بۆچی دیاردەی "بوشایی نێوان نەوەکان" ڕوودەدات بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان گەشەسەندنی ئابووری بە فاکتەری سەرەکی دەزانن، هەندێکی دیکەش ڕەگ و ڕیشەی ئەم دیاردەیە لە گەشەسەندنی کولتووریدا دەبینن. یەکێک لەم گریمانە گرنگانە لە ڕەوایەتیدان بەم دیاردەیە، لەسەر بنەمای پرۆسەی "نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵایەتیی (Social Modernisation) "دامەزراوە و باس لەوە دەکات کە نەوەیەکی نوێ بە بەهای نوێیەوە سەر هەڵدەدات.

خاڵێکی گرنگی تر گۆڕانی "هەرەمی دانیشتووانە" کە دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. هەشتاکان و نەوەدەکانی هەتاویی بە ساڵانی "هەڵاوسانی گەنجێتی" لە ئێران دادەنرێت. "هەڵاوسانی گەنجێتی (Youth Bulge)" کاتێک ڕوو دەدات کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی کۆمەڵگە (٢٠%ی کۆی دانیشتووان یان زیاتر) تازە لاوان و گەنجانی پێگەیشتوو بن (گرووپی تەمەن ١٥ - ٢٤ ساڵ) کە لە کاتی شێوازی بەرزی منداڵبوون لەدایک بوون و دواتر بەپێی ڕەچاوکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی منداڵبوون, ڕێژەی منداڵانی لەدایکبوو کەم بۆتەوە. هەرچەندە ئەم دیاردەیە دەتوانرێت بە دەرفەتێکی زێڕین لە ئابووری وڵاتێکدا دابنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستی بە پلانی تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووریدا هەیە.

پێویستە بگوترێ ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییانەی کە لە هەندێک کۆمەڵگەدا ڕوویان داوە، وردە وردە و بە هۆی گۆڕانی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە بوون. "هێربێرت موور" هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانە بە گۆڕینی شێوازی "هەرەمی دانیشتووان" بە قازانجی گەنجان، یان "هەڵاوسانی گەنجێتی" دەزانێت، کە لەسەر بنەمای ئەو دیاردەیە نەوەی گەنج تەحەدای کەشوهەوای

فیکری و بەهاکانی نەوەی پێشوو دەکات و بانگەواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات. لەم ڕووەوە "هێنری ئۆرداڵ" پێی وایە "هەڵاوسانی گەنجێتی" بە ڕێژەی لەسەدا یەک لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی لەسەدا پێنجی ململانێ کۆمەڵایەتی - سیاسییەکان.

## جیاوازیی نەوەکان و بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات

هەواڵی کۆچی دوایی سۆفی مەحمود ئاغایی، پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان، کۆمەڵگەی کوردستانی دڵتەنگ و خەمبار کرد، پیاوێک کە هەموو تەمەنی خۆی لە خەبات لەگەڵ دو دەسەڵاتی دیکتاتۆر بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی بەسەر بردبوو و جلوبەرگی پێشمەرگە تاکە جلوبەرگی ژیانی بوو. بەڵام کۆچی دوایی سۆفی مەحموود، جگە لە یادکردنەوەی ساڵانێک ژیانی پڕ لە سەرفرازیی پیری ئاشقی مەیدانی خەبات، بیرهێنانەوەی پرسێکی گرنگ بوو کە ساڵانێکە لەلایەن ڕەوتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتەوە پشتگوێ خراوە و دەخرێت. ئەوەی کە ڕەوتێکی سیاسی بۆ نموونە حیزبی دێموکرات لە دەیەی هەشتەمی ژیانی سیاسییدایە و زۆر یەکگرتووتر لە ڕابردوو و بە پێکهاتەیەکی بەرفراوانتر کار دەکات، دەتوانێت بەڵێنی داهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان بدات، تەنانەت ئەوەی کە ئێستاش چەندین نەوەی جیاواز لە ڕیزی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبەدان، نیشانەی دینامیزم و زیندوویی حیزبی دێموکراتە، بەڵام پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کە زانیارییەکان، ویست و داخوازییەکانی کەسێکی وەک ئەمر سۆفی مەحمودی پێشمەرگەی پێشەوا لە دێموکرات چەندە لەگەڵ زانیاری و چاوەڕوانییەکانی ئەندامێک، هەوادارێک یان گەنجێکی ڕۆژهەڵات کە ماوەیەکە دێموکراتی ناسیوە لێکچوونیان هەیە؟ شێوازی کارکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێک کە هاوڕێی پێشەوای کۆچکردوو بووە تا چەند لەگەڵ کەسێک کە تەنها لە چوارچێوەی سۆشیالمدیا باسی دێموکراتی بیستووە لەیەک دەچێت؟ ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەم کارەدا چییە؟ شۆڕشی ژینا لە چەند قۆناغێکدا نیشانی دا کە تا چەند ئەم پرسە گرنگە فەرامۆش کراوە. بۆ نموونە لە لوتکەی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و سەرکوتکردنی درندانەی گەلی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە ئەم بۆشاییە بەڕوونی دیار بوو. کاتێک گەنجانی ڕۆژهەڵات چاوەڕوان بوون حیزبە سیاسییەکانی کورد بە بەشداریی و هێزی پێشمەرگانەوە پاڵپشتی لە بەرخۆدانی خەڵک بکەن، بەڵام حیزبە کوردییەکان پێیان باش بوو تەنیا ڕۆڵی پشتیوان بگێڕن. هەڵبەت هیچ گومانێک لە دروستیی هەڵوێستی سیاسیی حیزبە کوردییەکان و نەچوونە نێو گەمەی سیاسیی ڕێژیمدا نییە، ڕەنگە ئێستا دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک و بەدواداچوون بۆ دۆخەکە، زۆر ئاسانتر بتوانین هۆکاری ئەم هەڵوێستە ڕوون بکەینەوە، بەڵام ڕوونکردنەوە بە هیچ شێوە ناتوانێت چارەسەری ئەو کێشەیە بکات کە سەری هەڵداوە. لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی هێشتا ماوە و زۆر گەورەترە لە دژایەتیکردنی بڕیارێکی سیاسی، لە ڕاستیدا ئەوەی گرنگە جیاوازی نەوەکان و نەبوونی زمانێکی هاوبەشە بۆ پەیوەندیکردن. بێگومان بڕیارەکانی حیزبێکی سیاسی لەسەر بنەما و پرەنسیپی حیزبی و دوور لە کەشوهەوای هەست و

**بانەمەری ٢٧٢٣**

سۆزدارییە، بەڵام چۆن دەبێت ئەم بڕیارە سیاسییە بۆ نەوەیەک ڕوون بکرێتەوە کە بیرکردنەوەی جیاوازە و ئامرازی تێگەیشتنی جیاوازتر. دەرکردنی بەیاننامەیەکی یەک لاپەڕەیی بە ناوی ڕەوتێکی سیاسی یان وتارێکی سیاسی، تا چ ڕادەیەک دەتوانێت بۆ لاوانی ئەمڕۆ کاریگەر بێت، باشتر ئەوەیە بپرسین کە لە بنەڕەتدا بەیاننامە یان وتارێکی سیاسی لە ژیانی ڕۆژانەی گەنجانی ئەمڕۆدا چ جێگایەکی هەیە؟ گەنجانی ئەمڕۆ کە زۆربەی داتاکانیان لە شوێن و فۆرمی تەواو جیاواز لە ڕابردوو وەردەگرن، چۆن دەکرێت ڕازییان بکەیت کە هەڵوێستێکی سیاسی وشک و فەرمی قبوڵ بکەن؟

ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا بەباشی بیندرا، نەبوونی ئەم زمانە هاوبەشە و پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و جەستەی گەنجی بزووتنەوە سیاسییەکان بوو، کە بەداخەوە هەندێک جار بووە هۆی ئەوەی تاقمێک بزووتنەوەی خۆدروستکراوە و پۆپۆلیست لە کەشوهەوای سۆزداری گەنجەکان کەڵک وەربگرن و بە یارمەتیوەرگرتن لە ئامراز و تکنۆلۆژی قبوڵکراو بۆ نەوەی گەنج تێبکۆشن تا مێشکی گەنجانی شۆڕشگێڕ لە ڕاستیەکان دوور بخەنەوە و بۆ ڕێگای ناڕاست هانیان بدەن.

ئەوەی ڕووی دا بانگەوازی بەئاگابوونەوە بوو بۆ ڕەوتی سیاسی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی بە دووبارە خوێندنەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، ڕێگایەکی نوێ بۆ پەیوەندیی نێوان نەوە جیاوازەکان و بەتایبەت نەوەی گەنج بدۆزێتەوە. بەدڵنیاییەوە وەک باس کرا، ئەم بۆشاییە وردە وردە و بەدرێژایی ساڵان سەری هەڵداوە و چارەسەرەکەی پێویستی بە پلاندانان و پاتۆلۆژییەکی ورد هەیە و هەوڵدانی زۆری دەوێت. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە درێژەدان بەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی "قەیرانی شوناس"ی بۆ لاوانی کورد و هانیان دەدات لە شوێنێکی تردا بە دوای هیوا و خەونەکانیاندا بگەڕێن، شوێنێک کە بە دڵنیاییەوە ناتوانێت نە بۆ ئەوان نە بۆ داهاتووی کوردستان هیچ بەرهەمێکی هەبێت. با لەگەڵ "مەحمود ئاغایی"کانی نوێ بە زمانی خۆیان قسە بکەین.

**١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# پێویستیی بناغەیەکی پتەو بۆ داهاتوویەکی یەکانگیر



ڕەزا محەممەدئەمینی

دۆخی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای سەرکوت و زەبروزەنگی دڕندانە و هەمەلایەنە بەرەو شڵەژانی زیاتر دەڕوات. ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو نیشانیان داوە ڕێژیم بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات، لەلایەک لە هیچ کردەوەیەکی دڕندانە و خوێناوی خۆ ناپارێزێ و لەلایەکی دیکە تەنیا چەکی دەسەڵات بۆ مانەوەی هەر هێزی سەرکوت و ترس و تۆقاندن و بەندیخانەیە؛ چەکێک کە ئیدی کاریگەریی ساڵانی پێشووی نەماوە و بەڕوونی دیارە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەت ژنان، کرێکاران و بەگشتی کۆمەڵانی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران ترسیان شکاوە ولە ڕاستیدا ئەوە ئاخوندەکان و دەستوپێوەندەکانیانن سەریان لێ شێواوە و ترسیان ڕێ نیشتووە و نازانن چۆن لەو گێژاوەی بۆخۆیان خوڵقاندوویانە، بێنەدەرێ.

سەرکوت و لێدان و گرتن و ئەشکەنجە ئەگەر توانیویەتی تا ڕادەیەک شەقامی شارەکان بێدەنگ بکات، ئەوە خەبات و بەربەرەکانێ بە شێوازی جۆراوجۆر هەر بەردەوامە و کۆمەڵانی خەڵکی ئیران بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەمجارە دەبێ بۆ

هەمیشە و هەتا لەگۆڕنانی ئەو ڕێژیمە نگریسە پاشەکشێ بە ئاخوندەکان بکەن. لێرەدا ئەوەی زۆر بەڕوونی دیارە و خۆ دەنوێنێ چاوەنەترسیی خەڵکی بەتایبەت کچان و ژنانی ئازادیخوازە کە زیاتر لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشیی کۆماری ئیسلامیدا تووشیی چەوسانەوە و سەرکوت و نەهامەتی هاتوون.

کۆماری پەت و سێدارە پەشۆکاوە و نازانێ لە ئاست شەپۆلی ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوەش لە ئاست ئەو تەریکبوونەوەی بەسەر خۆیدا سەپاندووە چ بکات. ڕێژیم دەزانێ چووکترین پاشەکشێ لە هەمبەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە مانای رووخانی هەیمەنە و تابۆی ڕەشی کۆماری ئیسلامییە، هەربۆیەش بە هیچ شێوەیەک لە ئاست ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت ژنان و لابردنی "حیجابی ئیجباری" نەرمی نانوێنن و زۆر پێداگرن لەو سیاسەتەی گرتوویانەتە بەر. بەوحاڵەش ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی داوە و دەیبینین بەپێچەوانەی ویستی دەسەڵاتە و تابۆی ڕەشیی کۆماری ئیسلامی شکاوە و سەرکوت و زەبروزەنگ وەڵامدەریی دۆخی شۆڕشیی ژن، ژیان ئازادی نییە. بۆ وێنە ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا خۆپێشاندەران بۆ ئەوەی نەناسرێن و پاشان تووشی گرتن و بەندیخانە نەبن، دەموچاویان دادەپۆشی، ئێستا ئەوە سەرکوتکەران، بەتایبەت "لیباس شەخسییەکانن" کە لە ترسی ڕق و تۆڵەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، دەموچاویان دادەپۆشن. ئەوە پێمان دەڵێ ترس لە تۆڵەی کۆمەڵانی خەڵک و بێهیوایی بە داهاتووی کۆماری ئیسلامی هێزە سەرکوتکەرەکانی هەراسان کردووە و بیر لە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی، شۆڕشی ژینای کوردستان بەردەوامە و بێگومان سەرەڕای سەرکوت و گرتن و ئاخنینی بەندیخانەکان لە ئازادیخوازان، لە داهاتوودا زۆر بەهێزتر لە پێشوو پەرە دەستێنێ. کۆماری ئیسلامی بە گرتنی نووسەران، ڕەخنەگران و بەگشتی ئازادیخوازان و سیما ناسراوەکانی کۆمەڵگەی ئێران، ناتوانێ دەنگی ئازادیخوازی کپ بکات و وەک ڕابردوو خۆی لە ئاکامەکانی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران دەرباز بکات. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە و دەبێ بەهێند بگیرێ، لەلایەک چۆنیەتیی کانالیزەکردنی ئەو شۆڕشە و بەهێزکردنیەتی بە کەمترین تێچوویە و لەلایەکی دیکە کەڵکوەرگرتن لە هەموو پۆتانسیەلەکانی گەلانی ئێران و یەکگرتوویی نەتەوەکان بۆ مەبەستی بەئاکامگەیاندنی خەباتی گەلانی ئێرانە. دیارە جگە لە کوردستان و بەلووچستان کە لەڕاستیدا بوون بە کۆڵەکەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت ژنان توانییویانە بە نافەرمانیی مەدەنی بەتەواوی دەسەڵاتی ئاخوندەکان تەنگەتاو بکەن و ڕێژیم هیچی بۆ بەرگری لە بەناو بەها ئیسلامییەکانی بەتایبەت "حیجاب" نەماوە جگە لە هەڕەشە لە ژنان و کچان و پلۆمپکردنی دووکان و بازار و شوێنە بازرگانییەکان. بەوحاڵەش وەک چۆن دەمڕاستەکانی دەسەڵات بەناچاری دانیان پێ داناوە ئەو چەکە، واتە هەڕەشە و گرتن و ... ئیتر کاریگەریی نەماوە و سەرکوتکەرانی ڕێژیم ناتوانن شەپۆلی نافەرمانی مەدەنی و نا بۆ حیجابی ئیجباری کۆنترۆڵ بکەن، ڕەوتی ڕووداوەکان وانیشان دەدەن کە ڕێژیم بە لەبەرچاوگرتنی هەموو

هۆکارەکان هەنگاو بەهەنگاو ناچار بە پاشەکشێ دەبێ و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەلایەک و داماوی ئاخوندەکان بۆ کپکردنی شەپۆلی نارەزایەتییەکان لەلایەکی دیکە پێمان دەڵێن نە کۆمەڵانی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران دەیانهەوێ وەک پێشوو ملکەچیی یاسادواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامی بن و واز لە ویست و داخوازییەکانیان بێنن نە ئاخوندەکان سەرەڕای هاری لە سەرکوت و کوشت و بڕین دەتوانن ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرکوت بکەن.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، شۆڕشێکی هەڵقوڵاوە لە ناخی کۆمەڵگە و پەنگخواردووی ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە لە ستەم و دیکتاتۆڕی ئاخوندەکان کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەستیان لە بینەقاقای گەلانی ئێران ناوە و وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتی وەک ئێرانیان وێران کردووە. ئەو شۆڕشە دەبێ بە کەمترین تێچوو دەسکەوتی مەزنی بەدواوە بێ؛ هەر بۆیەش دەبێ بەپێی هەلومەرجی خەبات شێوە و شێوازی نوێ لەخۆ بگرێ، ئەگەر لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا شەقامەکانی شارەکان لە بەستێنی نارەزایەتییەکان بوو و ئێستا کۆماری ئیسلامی بە هێزی سەرکوتی خۆی توانییەتی شەپۆلی نارەزایەتییەکان بە ڕواڵەت هێوەر بکاتەوە، بەڵام نارەزایەتییەکان، بەتایبەت لەلایەن کچان و ژنان و هەروەها کرێکاران بەردەوامە و کۆماری ئیسلامی دەزانێ ئەو هێوەربوونەوەیە سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانێکی گەورەتر کە دەتوانێ هەڵیتەکێنێ. نووسەران و ڕۆژنامەوانان و هونەرمەندان و بەگشتی سیما ناسراوەکانی وڵات هەتا ئێستای شۆڕش کەمترخەمیان نەکردووە و توانیویانە ڕۆڵی خۆیان لە پێشڤەچوونی شۆڕشی ژینادا بەڕێوە بەرن. بەڵام بۆ داهاتووی ئەو شۆڕشە دەبێ کاری ڕێکخراوەیی چالاکتر بکرێ.

لە کوردستان وەک مەکۆی شۆڕشی ژینا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات توانیویانە لە هەموو بوارەکاندا شوێندانەر بن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و خەباتی جەماوەریی لە کوردستان چالاک بکەن. هەرچەند ئەو خەبات و تێکۆشانە تێچووی خۆی هەبووە و زۆر لە لاوەکانمان بەدەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون و بە سەدان کەسیش لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ئەشکەنجەدان، بەڵام زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین پیلانی کۆماریی ئیسلامی لە کوردستان شکستی هێنا و حیزبەکانی کوردستان بە لێکدانەوەیەکی دروست و بابەتیانە توانیان هەم ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە کوردستان پەرە پێ بدەن و هەم لە داوی ئاخوندەکان نەکەوەن کە بەتەمابوون بۆ مەبەستەکانیان نەتەوەی کورد و ئەوەی وەک "شەوە" لێی بەگومانن "جیاوازیخوازیی" زەق بکەنەوە. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی بە مووشەک و پەهپاد کردە ئامانج و دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراست.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی لە ڕاستیدا پشوودرێژیی دەوێ و دەبێ هەموو لایەک بەپێی توانای ڕێخۆشکەر بن بۆ



سەرچاوە
Serchawe

سەرکەوتنی. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش باش بزانیین دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دواکەوتووی ئاخوندەکان بە چەنگ و ددان پارێزگاری لە ڕێژیمەکەیان دەکەن و لەو ڕێیەدا هێڵی سووریان نییە. بەدڵنیاییەوە یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەت خوێندکاران، ژنان و کچانی ئازادیخواز و کرێکاران و مافخوراوەکان دەتوانێ زامنی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بێ. ئەو ڕەوتەش لەلایەک بەسراوەتەوە بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و پیشەییەکان کە چەندە دەتوانن نارەزایەتییەکان کانالیزە بکەن و لەلایەکی دیکەش دەبێ بالانسیی هێز بە کار و چالاکی و خەباتی خۆمان بەسوودی شۆڕش بگۆڕین.

ئەو شۆڕشە هەتا ئێستا ڕەنگدانەوەی لە دەرەوەی وڵات زۆر باش بووە و هەم یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لە ئاستیدا هەڵوێستی ئەرێنییان هەبووە و هەم لە دونیای مەجازیدا کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە ڕەوتی سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتاری لاوانی ئازادیخوازی ئێران پووشبەسەر بکات. کەوابوو کۆماری ئیسلامی لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهان و کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا مەحکووم کراوە. هەروەها ئەو ڕێژیمە بەردەوام بووە لە سیاسەتەکانی کە هەڕەشەن بۆ سەقامگیریی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرەڕای هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە، ئەوەی دیار و ڕوونە بێمتمانەیی وڵاتانی ناوچەیە بە کۆماری ئیسلامی. ئەو بێمتمانەییەش دەبێتە هۆی تەریککەوتنەوەی زیاتری ڕێژیم لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی و پێوەندییەکان و. ...

شۆڕشی ژینای کوردان، ئەگەر لەلایەک زۆر بەهێز بووە و توانیویەتی بۆ یەکەمجار لە ماوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بۆ ماوەی چەند مانگ بەردەوام بێ و ڕێژیم هەراسان بکا، بەداخەوە خاڵی لاوازیشی هەیە کە لەلایەن ڕێژیمەوە کەڵکی لێ وەرگرتووە. نایەکگرتوویی، دووریی ئۆپۆزیسیونی دەرەوە لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، نەبوونی ڕێبەرایەتییەک کە زمانحاڵی شۆڕش و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێ و هەروەها پێداگریی لە سەر کەسایەتیی سێلێبریتی کە سەرەڕای ڕۆڵی ئەرێنی و ئەکتیڤیان، جێگە و پێگەی ڕێکخراوەیی و جەماوەرییان نییە، دەرکردنی مەنشووری لە چەشنی "جۆرج‌تاون"، بەڵام بەدوور لە ڕاستییەکانی ئێران و ویست و داخوازییەکانی گەلانی ستەمدیدەی ئەم وڵاتە، هەمووی خاڵەلاوازەکانی ئەو شۆڕشەن. ئەو خاڵە لاوازانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا دەبێ چارەسەر بکرێن و هەموو لا و لایەنێک دەبێ تێ بکۆشن لەسەر بەستێنی لێکتێگەیشتن؛ نەک خۆداسەپاندن، لەبەرەیەکدا یەک بگرنەوە. ئەوەی لێرەدا گرینگە ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانە کە دەبێ لە هەمان کاتدا بۆخۆیان یەکگرتوو بن و هەڵوێستێکی کوردانەیان لە ئاست ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا هەبێ، دەبێ تێ بکۆشن هاوپەیمانییەک لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا هەر لە ئێستاوە پێکبێنن. نەتەوەکانی کورد و بەلووچ لە درێژەی شۆڕشی ژینادا زۆر شەهید و تێچوویان داوە و ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان زۆر بێبەزەییانەتر لە شوێنەکانی دیکە دەزگای سەرکوتیان بۆ سەرکوتی ئەو دوو نەتەوەیە وەگەڕ خستووە، هەربۆیەش بۆ بەردەوامی شۆڕش و

بانەمەری ٢٧٢٣

خەبات و کەمکردنەوەی تێچوویەکەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەبێ تێ بکۆشێ بەرەیەکی بەرفراوان لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران پێک بێنێ کە زامنی ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران بێ.

داهاتووی نەتەوەکانی ئێران بە کوردەوە بە هاوپەیمانی و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران و داننان بە مافی نەتەوەیی بەر لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەسراوەتەوە، ئەگینا هەر ڕێژیمێک لە داهاتوودا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بۆ ئێمەی کورد و گەلانی ئێران ناڕەوایە.

١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە جیهان و لە ئێراندا




**بێهزاد قادری**

## ئامانج لە ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە جیهاندا

ئامانج لە ناودێرکردنی ڕۆژ و حەوتووە تایبەتەکان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، بەرزڕاگرتنی بایەخەکان و پتەوکردنی پێوەندە ئایینی، نیشتمانی، فەرهەنگی، زانستی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیە، بە جۆرێک کە جۆرێک هاوکاری و هاوپێوەندی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا پێک بێنێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکدا ڕۆژێک وەک ڕۆژی مامۆستا یان ڕۆژی خوێندکار دیاری دەکرێت و ئەمە دەکەنە بیانوویەک تاکوو لەو ڕۆژەدا بە شێوەیەکی تایبەتیتر ڕێز لە مامۆستایان یان خوێندکاران بگرن و وێڕای ڕێزگرتن، هاوپێوەندییەکیش لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پێک بێنن، بە جۆرێک هەمووان ئەو ڕۆژە قەبووڵ بکەن و خۆیان بە بەشێک لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بزانن.

شێوازی دیاریکردنی ئەو ڕۆژانەش لە هەر وڵاتێکدا لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە. بۆ نموونە لە هیندوستان، ڕۆژی ٥ سێپتامبر



سەرچاوە
Serchawe

وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری کراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەیکە ئەو ڕۆژە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی "سارولی ڕاکریشنا"، سەرۆککۆماری دووەمی هیندە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئامانجی سیستەمی سیاسیی هیند بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە پتەوکردنی پێوەندە سیاسییەکانی وڵاتە. شایانی باسە کە لەو ڕۆژەدا لە هیندوستان قوتابییانی هەڵکەوتە لە قوتابخانەکان بەرپرسایەتیی وانەوتنەوە بە پۆلەکانی ئاستی خوارتر لە ئەستۆ دەگرن و بەم شێوەیە ڕێز لە مامۆستایانی خۆیان دەگرن.

بۆیە لە هەر وڵاتێکدا، دەسەڵات کاتێک بۆ هەر ڕووداو یان بابەتێک ڕۆژێکی تایبەت دیاری دەکات، کۆمەڵێک فاکتی تایبەت و واتادار لەبەرچاو دەگرێت تاکوو پێوەندییەکی گونجاو لەنێوان ئەو ڕۆژە و ناوەکەیدا بوونی هەبێت، واتە پێوەندییەکی واتادار بوونی هەبێت. لەم بوارەوە زۆر جار ناودێرکردنی ڕۆژەکان مەبەستێکی سیاسیی تایبەتیان لە پشتە؛ بۆ نموونە لە وڵاتێکدا کە بەرژەوەندیی نیشتمانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانە، ڕێکەوتی لەدایکبوونی کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانی کە مایەی شانازیی تەواوی کۆمەڵگەیە، وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری دەکرێت؛ بەڵام لە وڵاتێک کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەڕێوەی دەبات، نەتەنیا ساڵڕۆژی لەدایکبوونی کەسایەتییەکی نیشتمانی هیچ گرینگییەکی پێ نادرێت، ڕەنگە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی کەسایەتییەکی سیاسیی سەر بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە کە لە کۆمەڵگەدا خاوەن هیچ پێگەیەکیش نییە، وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری بکرێت.

## ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە ئێراندا

هەروا کە ئاماژەم پێ کرد، ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە هەر وڵاتێکدا پێکەوە جیاوازە. ئەم بابەتە لە ئێرانیش بە هەمان شێوەیە و بگرە زۆر جیاوازترە، چونکە دەسەڵات لە ئێران بە دەستی تاقمێکەوەیە کە نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆر کەم لە خەڵک دەکات و ئەوەی بۆ ئەوان لە سەرووی هەموو بابەتێک و پرسێکەوەیە، مانەوەی سیستەمەکەیانە. بۆیە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، هەموو بابەت و پرسێکی پێوەندیدار بە دەسەڵاتەوە، لە ڕاستای مانەوە و خزمەت بە سیستەمەکە چاوی لێ دەکرێت و کاری بۆ دەکرێت، کە ناودێرکردنی ڕۆژەکانیش لەو جۆرە ڕوانگەگەلە پارێزراو نییە.

لە سەرەتای بابەتەکەدا ڕۆژی مامۆستام وەک نموونە هێنایەوە. بۆ ڕوونترکردنەوەی مەبەستم لەم بابەتە، ئاماژەیەک بە ڕۆژی مامۆستا لە ئێران دەکەم.

لە ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ وەک ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و دوای ئەوەی تاقمەکەی خومەینی دەستیان بەسەر شۆڕشدا گرت، ڕێکەوتی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٥٨،

"مورتەزا موتەهەری" کە سەر بە تاقمەکەی خومەینی بوو، لەلایەن گرووپێکی دژبەری کۆماری ئیسلامییەوە کوژرا و ئەوە بوو کە ئەم ڕۆژە، واتە ڕۆژی کوژرانی موتەهەری، بە ئامانجێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە، وەک ڕۆژی مامۆستا لە ئێران دیاری کرا. ئاخوند مورتەزا موتەهەری، ئەندامی هەیئەتی موئتەلیفەی ئیسلامی و لە ئیدئۆلۆگەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو و دوای شۆڕشی ٥٧ بوو بە سەرۆکی شۆرای ئینقلاب.

ئەم نموونەیە زۆر بەباشی ڕوونی دەکاتەوە کە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ لە ئێران کە بە ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە، چ مەبەستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی لە پشتە. وێڕای ئەوە، نموونەیەکی ترتان بۆ باس دەکەم، چ وەک گەیاندنی زانیاری بێت، چ وەک وەبیرهێنانەوەیەک:
کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی "عەلی"ی وەک ڕۆژی باوک و پیاو لە ئێران دیاری کردووە. هەروەها ڕۆژی لەدایکبوونی "فاتمەی زەهرا"ی وەک ڕۆژی دایک و ژن لە ئێران دیاری کردووە. لەم دوو نموونەیەدا دەردەکەوێت کە ناودێرکردنی ئەم ڕۆژانە مەبەستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئایینیی لە پشتە.

ئێران وڵاتێکی بەرین و فرەنەتەوە و فرەئایینە، بەڵام نە ڕێژیمی پێشووی ئێران و نە کۆماری ئیسلامی، قەت دانیان بەمەدا نەناوە و بۆ سەپاندنی ئەم ڕوانگە هەڵەیە کە ئێران وڵاتێکی یەک نەتەوەییە، بە درێژایی حکوومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، هەزاران کەسیان لە نەتەوە جیاوازەکان کوشتووە. ئەو سیاسەتە کە لە سەردەمی ڕەزای میرپەنجەوە دەستی پێ کردووە، ئێستاش لە فۆڕمگەلێکی تردا و بگرە بە شێوازی ڕادیکاڵتر، بەردەوامە.

ئەم ڕوانگە و ئەم جۆرە سیاسەتە، هەمیشە لە بەرژەوەندیی دەسەڵات و بە مەبەستی پاراستنی نیزام بووە و هەندێک جاریش لە بەرژەوەندیی نەتەوەی سەردەست (فارس) بووە. بۆ نموونە ڕۆژی ٢٥ی بانەمەڕ لە ئێران وەک ڕۆژی یادکردنەوەی "فیردەوسی"، شاعیری فارس، دیاری کراوە، بەڵام لە ئێران ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی مامۆستا "قانع"، شاعیری کورد نەتەنیا بوونی نییە، بەڵکوو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی هەمیشە پشتگوێخستنی شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد، کەسانێک وەک مامۆستا قانع، بووە. کەوایە نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران، تەنانەت لە بواری ناودێرکردنی ڕۆژەکانیش لە ئێران، پەراوێز خراون و ئەمە لە ڕاستای سیاسەتی هێرشی فەرهەنگیی دەسەڵات بۆ سەر نەتەوە غەیرەفارسەکان بووە.

## ئێمەی کوردستانی لەهەمبەر ئەم بابەتەدا

ئێستا کە دونیا، دونیای دیجیتاڵ و پێوەندییەکانە، زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوازی جۆراوجۆر لە تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن و پێوەندیگرتن لە دونیای خوازەکیدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت. لەم نیوانەدا من باس لە قازانج و زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناکەم، بەڵکوو دەمەوێت قامک بخەمە سەر خاڵێکی زۆر گرینگ، ئەویش "بڵاوبوونەوەی خێرای داتا و زانیارییەکانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا". لەم پێوەندییەدا، دەسەڵاتەکان هەمیشە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ پەرەدان بە ئایدیۆلۆژیی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکیان وەرگرتووە و ئەمە شتێکی سەیر نییە، بەڵکوو ئەوە سەیرە کە کەسانێک وا بزانن کە بەو جۆرە نییە! کۆماری ئیسلامیش بە هەمان شێوە، گرینگییەکی زۆری بەم بابەتە داوە و بە هەزار سایبێریی ڕێژیم لەم بوارەدا چالاکن.

لەم بوارەش کە ئێستا من باسم لێوە کرد، کۆماری ئیسلامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کاری کردووە. سایبێرییەکانی ڕێژیم لە پشت پەیجگەلێکی سەیروسەمەرەوە (کە قەت بیریشی لێ ناکەنەوە سەر بە کۆماری ئیسلامی بن)، خەریکی کارکردن لەسەر ئەم بابەتەن. بۆ نموونە وەها ڕۆژی مامۆستا لە ئێران (کە باسمان کرد چ ڕۆژێکە و چ مەبەستێکی لە پشتە) زەق دەکەنەوە کە لەناکاو دەبینیت، تەواوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە. "چاولێکەری"ش یەکێک لە ئامرازەکانی یارمەتیدان بەم هەوڵەی ڕێژیمە: منی کورد لە یەکێک لەو پەیجانەدا پیرۆزبایی ڕۆژی مامۆستا دەبینم و خێرا ئەو بابەتە بەرهەم دەهێنمەوە، بۆ نموونە ڕۆژی مامۆستا لە ئێرانە و ئەمە دەکەمە بیانوویەک تاکوو پیرۆزبایی لە مامۆستاکانم بکەم! بەڵام ڕۆژی مامۆستا لە ئێران ناتوانێت ڕۆژێک بێت بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستایەکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە ڕۆژێکی حکوومەتییە (حکوومەتێک کە لە کوردستان داگیرکەرە) و تەنیا نوێنەرایەتیی تاقمێک لە کۆمەڵگە دەکات. بەڵام کۆمەڵێک کورد، لەژێر کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهۆی چاولێکەرییەوە، بێ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بابەتەکە و سیاسەتی پشت بابەتەکە هەبێت، بێ ئەوەی ئاگادار بێت، دەبێت بە ئامرازێک بۆ پەرەسەندنی زیاتری ئەو ئایدیۆلۆژی و سیاسەتەی کە ڕێژیم دایڕشتووە.

دروستە ئێمە وەک کورد، خاوەن کیانی خۆمان نین، دەوڵەت یان حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆشمان نییە، ئەم نموونەیەش کە باسمان لێوە کرد (ناودێرکردنی ڕۆژەکان) بە دەسەڵات دەکرێت تاکوو گشتگیر بێت، هەروەها پێویستیشمان بە وەها ڕۆژگەلێکە تاکوو بۆ نموونە ڕێز لە مامۆستاکانمان بگرین، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکیشمان نەبێت، نابێ بکەوینە بازنەی ئەو سیاسەتەی کە داگیرکەر بۆمانی داڕشتووە. بۆچی دەبێ لە ڕۆژی لەدایکبوونی "مورتەزا موتەهەری" کە ئیدئۆلۆگێکی کۆماری ئیسلامی بوو (ڕێژیمێک کە داگیرکەری ئاو و خاکمانە) پیرۆزبایی لە مامۆستایەکی کورد بکەین کە شوناسی و جیهانبینییەکەی لەگەڵ "موتەهەری"، ئاسمان تا عەرز جیاوازە؟!

بەڵام لە بەرامبەردا حیزبە کوردستانییەکانیش لەم بوارەدا هەندێک کاریان کردووە (هەر چەند گشتگیر و فەرمی نین،

بانەمەری ٢٧٢٣

بەڵام هەر باشن و دەتوانن بنەمایەک بن بۆ داهاتوو کە حکوومەتێک کوردی پێک بێت)، بۆ نموونە ١٢ی بانەمەڕ لەلایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانەوە وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد دیاری کراوە (کە بەرابەرە لەگەڵ ساڵرۆژی شەهیدکرانی سمایل شەریفزادە. هەرچەند بە بۆچوونی من باشتر وابوو ڕۆژی لەدایکبوونی سمایل شەریفزادە وەک ڕۆژی خوێندکار دیاری بکرێت نەک ڕۆژی شەهیدبوونی) و ئەمە ڕێک دەتوانێت دانانی سنوور بێت لەنێوان ئێمە و "ئەویدی"دا، دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە ئێمەیش بڵێین ئێمەیش هەین و ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن، تەنیا نوێنەرایەتیی خۆتان دەکات، بەڵام ئێمە خاوەن شوناسێکی جیاوازین. ئەمە بۆ خۆی ڕاوەستان لە بەرامبەر سیاسەتە کۆلۆنیاڵیستییەکانی کۆماری ئیسلامییە. نموونەیەکی تر: با لە ڕۆژی لەدایکبوونی "فەرزاد کەمانگەر"دا پیرۆزبایی ڕۆژی مامۆستا لە مامۆستایانی کورد بکەین (زۆر کەس ڕۆژی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر بە ڕۆژی مامۆستای کورد دەزانن، کە پێم وایە باشتر وایە ئەو ڕۆژە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی بگۆڕدرێت کە لێرەدا مەجالی شیکردنەوەی ئەو بۆچوونەم نییە.)

## ئاکام

وەک تاکێکی کورد، دەبێ هەموو کات وریا بین، بۆ نموونە لە بابەتێکی وەک ئەمەی من باسم کرد کە ڕەنگە ئاسایی چاوی لێ بکەن، بەڵام ئاسایی نییە و زۆر گرینگە و دەبێ هەستیار بین، تا بابەتگەلی هاوشێوە. بە ڕای من هەموو بابەتێک بۆ ئێمەی کوردستانی لەم دۆخەدا سیاسییە و دەبێ زۆر وردبین بین. داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە بە پێی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی خۆیان لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت دەکەن و ئەگەر ئێمە لەو بوارانەوە زانیاری و خوێندنەوەمان نەبێت، ئۆتوماتیک دەبینە ئامرازێک بۆ پەرەدان بەو سیاسەتانەی کە بۆ تواندنەوە و دژایەتی لەگەڵ خۆمان و شوناسمان داڕێژراوە.

١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# مەرگێکی پێویست




**کەریم پەرویزی**

لە سەدەکانی پێشوودا، لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەت و ئیمپراتۆرییە جیاوزەکاندا لە فەلاتی ئێران هەر شارێک دادوەر یان قازیەکی هەبوو کە پێیان دەگوت قازیی شار یان دادوەری گشتی. لە یەکێک لەو سەردەمانەدا لە شاری ئیسفەهان، دوو مرۆڤکوژ دەبەنە لای حاکمی شار تاکوو دادگایی بکرێن. ئەو دوو مرۆڤکوژە، کەسایەتییەکی شاری ئیسفەهان کە هەم خۆشناو بووە و هەم خاوەن سامانی زۆر بووە لە ڕێگەدا بۆسەی بۆ دادەنێن و دەیکوژن و پارە و زێڕەکانی کە پێی بووە دەبەن. دادوەر کە لێیان دەپرسێ بۆچی ئەو کەسە بێتاوانەتان کوشتووە، ئەو دوو کەسەش دەڵێن ئێمە ئەومان نەکوشت، بەڵکوو ئەو خۆی بووە هۆکاری مردنی! دادوەر دەپرسێ چۆن خۆی هۆکاری مردنی بووە!؟ دوو کەسەکەش دەڵێن خەنجەرەکەی ئێمە لەسەر ملی بوو، ئەویش ڕانەدەوەستا و دەجووڵا. ئیدی ئەوەندە ملی بە خەنجەرەکەماندا هێنا تاکوو سەری لێ بووەوە. خۆی ملی بە خەنجەردا دەهێنا و خۆی هۆکاری مردنەکەی بوو!

چیرۆکی کۆماری ئیسلامی لەنێو ئێران و هەروەها فاشیزمی هێلانەکردوو لە نێو هەندێ لە کەسانی بەناو ئۆپۆزیسیۆن،

**بانەمەری ٢٧٢٣**

حەکایەتی ئەو دووکەسەیە کە پێکەوە مرۆڤەکانی نێو ئەم جوغرافیایە دەکوژن و دەڵێن تاوانباری مردنەکەی خۆی بوو!! ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە پیلانێکی هاوبەشی دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم و هەندێ باندی مافیایی لە تورکیەدا، حەبیب ئەسیوەد، سەرۆکی حیزبی عەرەبیی ئەحواز، ناسراو بە حەرەکەی نیزال، دەڕفێنن و دەیبەنە کۆنسولگەریی ڕێژیمی ئیران لە ئیستانبوول و هەر لەوێ لەژێر ئەشکەنجەدا ئێعترافێکی زۆرەملێی سەرەتایی لێ دەستێنن و دوایەش بە قاچاخی دەیڕفێنن بەرەو نێو سنوورەکانی ئێران.

چەند ساڵە کە لە زیندان و چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا حەبیب ئەسیوەد بە تاکەکەسی ڕاگیراوە و دەرەتانی هیچ چاوپێکەوتن و دیدارێکی پێ نەدراوە و بە زۆرەملێ دانپێدانانیان لێ تۆمار کردووە و لە ڕۆژی شەممە، ١٦ی بانەمەڕیشدا ئێعدامیان کرد.

حەبیب ئەسیوەد کە سەرۆکی حەرەکە نیزالی ئەحواز بوو، بە تاوانی ئەوەی کە سەرۆکی گرووپێکی تێرۆریستی بووە و هەروەها ئەو گرووپە هێرشی بۆ سەر ڕێوڕەسمی ڕێژەی نیزامی لە خەرمانانی ١٣٩٧ لە ئەهواز بەڕێوە بردووە، لەلایەن کۆماری ئیسلامی و بێدادگا نومایشیەکانیەوە بە ئێعدام حوکم درا، بەڵام نە ئەو کردەوەیەی هێرش بۆ سەر ڕێژەکە بە دەستی گرووپی حەرەکە نیزال ئەنجام درابوو و خودی سوپای پاسدارانی ڕێژیم ڕایگەیاند کە ئەو هێرشە کاری داعش بووە! نە لە کاتی ئەو هێرشەدا حەبیب ئەسیوەد سەرۆکی ئەو حیزبە بوو!

هێرشی سەر ئەو ڕێژە نیزامییە لە ئەهواز، داعش وەئەستۆی گرت، هەرچەند هەر ئەو کات و ئێستاش هەندێ گومان لەوە هەیە کە یان هێرشەکە کاری سوپای پاسداران بووە یان سوپای پاسداران هەندێ ئامادەکاری و کارئاسانیی کردووە کە ئەو گرووپە بگەنە ئەو شوێنە هێرشەکەیان ئەنجام بدەن و چەند ڕۆژ دوای هێرشەکەش سوپای پاسداران چەند مووشەکێکی بە سووریەوە ناو و ڕایگەیاند کە بنکەی داعش کە هێرش بۆ سەر مانۆڕەکەیان ئەنجام دابوو، وێران کردووە!

دیار و ڕوونە کە ئەو هێرشەی ئەو کاتە کاری حەرەکە نیزال نەبووە و حەبیب ئەسیوەد بەو تاوانە ئێعدام نەکراوە، بۆیە پێویستە بۆ هۆکاری دیکە بگەڕێین کە سەرچاوەی ڕق و کینی کۆماری ئیسلامی و هاودەستەکانی لە گرووپە فاشیستیەکانی دەرەوەی وڵات بدۆزینەوە.

بۆیە دەبێ بە هەندێ کەسانی دەرەوەی وڵات وەکوو حوجەت کەلاشی و هاوپیاڵەکانی بڵێین کە هاودەستی ڕێژیمن، چونکە لە یەکەم ساتەکانی ڕاگەیاندنی ئێعدامی حەبیب ئەسیوەددا، ئەو جۆرە کەسانە شەپۆلێکی پڕ لە ڕق و کینیان لە سۆشیاڵ



سەرچاوە
Serchawe

میدیا وەڕێ خست و بە دەربڕینی خۆشیی خۆیان لە کوژرانی کەسێکی بەڤەولی ئەوان تەجزیەتەڵەب، ئێران دەربازی بووە و ڕزگار بووە!

کاتێک لە سۆشیاڵمیدیادا خەڵکی ئاسایی کۆمێنتیان بۆ ئەو وردە فاشیستانە دادەنا، کە بۆچی خۆشی لە ئێعدامێک دەردەبڕن کە لە دادگاکانی بێدادیدا ئێعترافی زۆرەملێی پێ کراوە، وەڵامی ئەوان بەگشتی ئەوە بووە کە ئەو جۆرە کەسانە کە تەجزیەتەڵەبن! خۆیان هۆکاری مردنەکانیانن و دەبێ هەر بە سێدارە یان سوربی داخ وەڵامیان بدرێتەوە!!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە سوپا و دەزگای تەبلیغاتییەکەیەوە هەر باس لەوە دەکەن کە تێرۆریستێکی تەجزیەتەڵەب بووە و خۆی هۆکاری مردنەکەیەتی!

لە ڕاستیدا دوو دەمی مەقەستی فاشیزم، لە نێوخۆ و دەرەوە پێکەوە خەریکی بڕینی هەستی مرۆڤایەتی و ئازادین و لەگەڵ یەکدا هاوڕا وهاوئاراستەن بۆ ئەنجامدان و پاساودانی تاوان و مرۆڤکوژی.

ڕق و کینی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە حەبیب ئەسیوەد و حەرەکەی نیزال، نەک لەبەر هێرش بۆ سەر ڕێژەکەی ئەهواز نەبووە، چونکە یان کاری سوپای پاسداران یان داعش بوو و هیچیان لێک جیاواز نین. بەڵکوو ڕقی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حەبیب ئەسیوەد خەریکی ڕێنوێنیکردنی حیزبەکەی بەرەو لای هاوپێوەندیی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوو.

لە ڕاستیدا ئەوەی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ، نەک کردەوەی تێرۆریستی، بەڵکوو هاوپێوەندیی خەڵکە. هەر جۆرە نزیکبوونەوەی خەڵک لە یەکدی و بەتایبەت هەرجۆرە هاوپێوەندیی نێوان نەتەوە ستەملێکراوەکان، وەکوو مۆتەکەی مەرگ و لەنێوچوونە بۆ ڕێژیم وهەر بۆیە حەبیب ئەسیوەدیان کردە ئامانج. لە ئێستەشدا کە جۆرێک لە نزیکبوونەوەی زیاتری گرووپ و حیزبەکانی نەوتەکانی ئێران لەئارادایە و لە شۆڕشی ژینادا ویستی نەتەوەکان بەرزتر و پڕدەنگتر بووە و هاوپێوەندیی نێوانیان خەریکە زۆرتر دەبێ، بۆیە بەم شێوەیە ڕق و کینی خۆی دەڕێژێ و بەناوی تێرۆریست و تەجزیەتەڵەبەوە تێکۆشەرانی نەتەوەکان ئێعدام دەکا تاکوو کەسانی سەر بە نەتەوەی فارس ناچار بکا کە بێدەنگ بن و یان هاوڕای ڕێژیم بن بۆ لەسێدارەدانی ئەو کەسانە.

هەر بۆیەش لە نێو چالاکانی فارسدا دوو جۆر هەڵوێست دیار بوو، کەسانیک وەکوو عەلی ئەفشاری هەبوون کە ئەو ئێعدامەیان مەحکووم کرد و کەسانی فاشیستیش هەبوون کە چەپڵەیان بۆ مرۆڤکوژی لێدا.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەڕی ٢٧٢٣

له ڕاستیدا ئەو جۆرە بیرە فاشیستیانەش هەر بۆیە ڕقیان لە کەسانی وەکوو حەبیب ئەسیوەدە چونکە بە هاوپێوەنیی نێوان نەتەوەکان لە ئێراندا، وەهمی چەند دەیەی یەک نەتەوەبوونی ئێرانیان لێ بەتاڵ دەبێتەوە و کۆشکی پووشاڵیی وەهمەکانیان با دەیبا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و فاشیستەکانی هاوڕای لە دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا بە نەتەوە ستەملێکراوەکان دەڵێن کە ئێوە لەگەڵ نەتەوەی ئێرانین و برای یەکین بەو مەرجەی بێدەنگ بن و سەر دابخەن و وەکوو مەڕومالات بن، هەر کە دەنگتان هەڵبڕی و ڕاتانگەیاند ئیدی ئاژەڵ نین، ئێمەش وەکوو تێرۆریست و یاخی دەتانبینین و دەتانکوژین چونکە برای خاوەن زمان و وەدەنگهاتوومان ناوێ!

فاشیزم چ لە سیامی دەسەڵاتداری لە ئیران کە ئێستە کۆماری ئیسلامی و سوپای تێرۆریستییەکەیە و چ لە حاڵەتی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیەکەیدا، مرۆڤە خاوەن ناسنامەی جیاوازەکانی ناوێ، بەڵکوو تەنیا و تەنیا تاکی داماڵراو لە بوونی ئینسانیی دەوێ کە بە بێدەنگی وەدوای شوانەکەی جا وەلیی فەقیە بێ یان پاشا بکەوێ و درگای بیرکردنەوەی بەتەواوی داخستبێ.

بەڵام ئێستە ئەو خەوە خۆشەیان لێ بووە بە مۆتەکە. بە شۆڕشی ژینا، ئیدی دەورانی بێدەنگی و پەرتەوازەیی نەتەوەکان کۆتایی پێ هاتووە و نەتەوە ستەملێکراوەکان بوون بە هاودەنگ و لە درێژەشدا هاوپێوەندیی زیاتری نەتەوە مافخوراوەکان، ژیانێکی دیکە و سیستمی دیکە دێنێتە ئاراوە کە لە گۆڕنانی هەمیشەیی فاشیزمی لێ دەکەوێتەوە.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# مستەفا مەولوودی: سەرەڕای ستراتیژیی جیاوازی لایەنەکان پێویستە ناوەندی هاوکاری بەرین بێتەوە، یان دەنا ناوەندێکی گەورەتر پێک بێنین



**کوردستان**

**ئاماژە:**

**لە هەشت مانگەی شۆڕشی ژینادا پرسی پێگە و چەندوچۆنیی شۆڕشەکە، هەنگاوی بەکردەوە و جووڵە سیاسییەکانی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دواجار نەخشەڕێیەکی سیاسی کە زۆرینەی لایەنەکان لەسەری ڕێک کەوتبێتن لە بابەتە ڕۆژەڤەکانی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێرانە. "کوردستان" بە کۆمەڵێک پرس و پرسیارەوە دیمانەیەکی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:**

**کوردستان: کاک مستەفا ٧ مانگ لەوەپێش و لەسۆنگەی نارەزایەتییەکان بە کوشتنی ژینا ئەمینی ڕاپەڕینێکی بەرین لە ئێران وەڕێ کەوت. ئەم ڕاپەڕینە ڕاستە سەرکوت کرا، بەڵام پێتان وایە ڕێژیم توانیبێتی بەسەر دۆخەکەدا زاڵ ببێت؟**

**مستەفا مەولوودی:** من باوەڕم وا نییە کە ڕێژیم توانیبێتی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران سەرکوت بکات. ئەگەر بەهۆی

فشارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک چوار مانگی پێش ئێستا خەڵک بە ڕۆژانە لەسەر شەقام نین و وەک پێشوو ڕۆژانە لە مەیدانەکاندا دیار نین، ئەوە بە مانای ئەوە نییە خەڵک تەسلیم بوون و ڕاپەڕین سەرکوت کراوە. ئەوە نییە ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر شاهیدی نارەزایەتی و لە مەیداندابوون و مانگرتنی چین و توێژەکانی خەڵکی وڵاتین. بۆیە ڕێژیم سەرەڕای ئیدیعاکانی نەک نەیتوانیوە بە سەر دۆخەکەدا زاڵ ببێت، بەک نەیتوانیوە ئیرادە لە خەڵک بستێنێ و خەڵک لە ویست و خواستەکانی پەژیوان بکاتەوە؛ بگرە هەر ئەو ڕاپەڕینە و بەردەوامییەکەی و مافخوازیی خەڵک گەورەترین کێشەی بۆ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە.

ئەو ڕاپەڕینە کە زۆرتر بە بزاڤی ژنان و گەنجان پێناسە کراوە؛ لە بەردەوامیی خۆیدا ئێستاش دەبینین بەربەرەکانێی ئازایانەی لاوان ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشاندا، ڕێژیمیان دەستەوەستان کردووە. ئەمەش وای کردووە کە ڕێژیم هەموو توانا مەزهەبی، قانوونی و ئەمنییەتییەکانی بخاتە گەڕ بۆوەی ئەم جووڵانەوەیە بوەستێنێ. دەبینین کە بە جەریمەکردن و پێشگرتن لە کار و سنووردارکردنی ژنان لە زۆر باری ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتیدا بەربەستی قورسی بۆ دروست کردوون و ڕاستەوخۆش ڕۆژانە لە ئیدارەکان، لە شەقام و شوێنە گشتییەکان بەربینگیان پێ دەگرن، هەستیان خەوشدار و بریندار دەکەن؛ بەڵام ژنان و گەنجان کۆڵ نادەن. ڕێژیم تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە کە ژیان و کاری تاک بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری، بەڵکوو لە تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک کەڵک وەردەگرێ و ڕۆژانە بە دەیان ڕێستوران و پاساژ و دوکان پلۆمپ دەکرێن و دادەخرێن، بەڵام خەڵک پێملی ئیرادە و گوشارەکانی ڕێژیم نەبووە و نافەرمانیی مەدەنی بە شێوەیەکی بەردەوام درێژەی هەیە. بۆیە ئەگەر کورتی بکەمەوە ئەمن لام وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نە توانیویەتی ڕاپەڕینی خەڵک سەرکوت بکات و نە دەشتوانێ بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بێت و لە نیهایەتیدا ئەوە خەڵک و ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکە چارەنووسی ڕێژیم یەکلا دەکاتەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا و بەبۆنەی ١ی مانگی مەی (ڕۆژی جیهانیی کرێکاران) دەبینین کە مانگرتن لە زۆربەی شارەکان لەنێو چین و توێژی جۆراوجۆریی کرێکاران و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئارادایە و خەڵک و چینی جۆراوجۆریش پشتگیرییان دەکەن. بۆیە بەدڵنیاییەوە ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی ساڵی بەردەوامی و پێشکەوتنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت.

**کوردستان: پرسی هاوپەیمانی یان ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چەندە لە دامرکاندنی کاتیی شۆڕشەکەدا کاریگەری هەبوو. وەک ئەوەی نەیانتوانی هیوا و هۆمێد بۆ بەردەوامیی خەڵک لەسەر شەقام بێڵێتەوە؟**

**مستەفا مەولوودی**: من باوەڕم وایە خەڵکی ئێران حیسابی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم یەکلا کردۆتەوە و لێی تێپەڕیون و هەوڵ دەدەن بۆوەی بیرۆخێنن؛ بۆیە لە مەیدانی خەباتەکەشدا زۆر چاوەڕوانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەیان نەکردووە. تەنانەت خواستەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە زۆر بوار و ڕەهەنددا لە پێش بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە تاراوگەیە و، ئەوە بە تەواوی بە دروشم و ویست و جۆری چالاکییەکانیانەوە دیارە. بەڵام سروشتییە ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی بەربەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بیهەوێ لە ڕێژیم تێپەڕێ و نیزامێکی دێموکراتیک و بەرپرس بێنێتە ئاراوە،

**پێویستی بە ئاڵترناتیڤی دیار و جێگای متمانەی خەڵک هەیە کە ببێت بە ئادرەس و جێگەی ئەو ڕێژیمە بگرێتەوە. بۆیە:**

**یەکەم**، بۆ خەڵکی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی وڵات گرینگە بزانن چ کەسایەتی و لایەنێک ڕێبەرایەتیی سیاسیی جووڵانەوەکە دەکات.

**دووهەم**، بۆ دنیای دەرەوەش گرینگە کە نیزامی سیاسیی ئێران بە چ شێوەیەک دەگۆڕدرێ و، ئەو گۆڕانکارییە چەندە کاریگەریی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی و ئارامی ناوچەکە دەبێت. چونکە وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران بەو پێگە گرینگە و هەڵکەوتەی جوغرافیایی و سیاسییە هەستیارەی دەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر جێگیری و ناجێگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لە ناوچەکەدا. هەبێت و لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا ئەوە فاکتەرێکی گرینگە.

**سێهەم**، وڵاتانی ناوچەکەش بەو ئەزموونەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دەستتێوەردەرانە و قەیرانخوڵقێنییەکانی هەیانە، بۆیان گرینگە بزانن ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران چەندە ڕێز لە پێوەندییە سیاسییە باشەکان دەگرێ.

**چوارەم**، بۆ دانیشتووان و پێکهاتەکانی ئێرانیش گرینگە بەپێی ئەزموونێک کە لە ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی هەیانە، بیر لە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێک بکەنەوە کە داهاتووی سیاسیی وڵات بەپێی ویستی ئەوان دەستەبەر بکات و جارێکی دیکە ناچار نەبنەوە شۆڕش و ڕاپەڕین بۆ دیسان گۆڕینەکەی وەڕێ بخەن.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دۆخە دەبینین بەداخەوە کە ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە تا ئێستا ئاڵترناتیڤێکی بەو تایبەتمەندییە پێک بێنێ و خۆی بناسێنێ. ئەوەش دەتوانێ کاریگەریی نێگەتیڤی هەبێ لەسەر چاوەڕوانی و بیرکردنەوەی خەڵک، بەڵام بەو حاڵەش ئاڵترناتیڤی دێموکراتیک لە خەیاڵگەی خەڵکی ئێراندا غایب نییە و خەڵک بیری لێ دەکاتەوە. من باوەڕم

وایە لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆی وڵات و بە ئەزموونێک کە لە مێژوودا هەیانە ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم و ڕێبەری بۆ داهاتووی ئێران دروست دەکەن و ئەوە نابێ جێگەی نیگەرانی بێت.

**کوردستان**: کوردستان ئادرەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکە بوو. ناوەندی هاوکارییش وەک ڕێکخەری نارەزایەتییەکان لە کوردستان پێناسە دەکرا، کورد زۆرترین قوربانیی لەو شۆڕشەدا دا. بەڵام هەتا ئێستا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانیوە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش ڕێک بکەون. بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەواوی قۆناغەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا لە خەبات بەدژی پاوانخوازی و هێرش و سەرکوت بەردەوام پێشەنگ بوون و ڕێژیم نەیتوانیوە قەت بۆ ساتێکیش لە کوردستان ئارخەیان بێت. سروشتییە خەبات و بەربەرەکانێی کورد تێچووی زۆری هەبووە، بەڵام ئەو نەتەوەیە کۆڵی نەداوە، هەر ئەو کۆڵنەدان و خەباتگێڕییەش بۆتە پێناسە و شوناس بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان وایە شۆڕشی "ژینا" ڕەنگە ئەگەر لە کوردستان جەغماغەکەی لێ نەدرابا لەوانە بوو زوو دابمرکێ و ئەو کاریگەری و شوێندانەرییەی ئێستای نەبوا. ئەوە خەڵکی کوردستان بوون لەگەڵ بەخاکسپاردنی تەرمی ژینادا دەنگیان هەڵبڕی و ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خست و لە بەردەوامیی کوردستاندا ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکەش پەلی هاویشت. بۆیە کورد ئەمجارەش لە خەبات و شۆڕشدا پێشەنگ بوو، و مخابن لە تێچووی شۆڕش و قوربانیدانەشەکدا پشکی شێری بەرکەوت. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکە.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" و بە تایبەتیتر حیزبی دێموکرات لەو ڕاپەڕینەدا دەوری بەرچاویان هەبوو. خەڵکی کوردستانیش هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئازایانە لە مەیداندا بوون، بەڵام ڕێنوێنی و هەڵوێستی حیزبەکانیشیان ڕەچاو کردووە. ئەوەش پێوەندییەکی باشی لەنێوان هێزە سیاسییەکان و بزوتنەوەی سیاسی - مەدەنی خەڵکی کوردستان و هەر وەها خەڵکی ئێرانیشدا دروست کردووە و دەکرێ بە بەشێک لە دەسکەوتە باشەکانی شۆڕشی ژینا دابندرێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هاوخەباتی و شوێندانەرییە بەداخەوە حیزبە کوردییەکان تا ئێستا لە دارشتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا بە ئەنجامی کۆتایی نەگەیشتوون کە **لە ڕوانگەی منەوە دوو هۆکاری هەیە:**

**یەکەم**، حیزبەکان لەگەڵ ئەوەدا کە پێوەندیی باشیان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان و بەو پێیەش هەڵوێستە سیاسییەکانیان زۆر لێک جیاوازە. ئەوەش کارەکەی کەمێک قورس کردوە و زۆر هاسان نییە کە هەموو ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی گشتگیردا کۆ بکرێنەوە.

**دووهەم**: چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی کوردستان زۆر گرێدراوی چارەنووسی خەڵکی ئێرانە. هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە داڕشتنی سیاسەتدا ناتوانن هەر بیر لە کوردستان بکەنەوە، بەڵکوو پێویستە بیرێکی جیددی لە هەموو بابەتەکانی سەرانسەری ئێران لەگەڵ ئێرانییەکان لە تاران و هەموو گەلانی ئەو وڵاتە بکەنەوە. ئەوەش کێشەکەی دوو هێندە قورستر کردووە، بۆیە زۆر هاسان نییە هەموو حیزبەکان لە ماوەیەکی زەمەنیی ژۆرتدا بتوانن لە چوارچێوەیەکدا خۆیان ببیننەوە. بەڵام سەربارەی ئەو دۆخە ڕوونە کە کورد پێویستە هەم لە نێوخۆیدا کۆدەنگ بێ و هەم لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک لەسەر خەت بێ. لە داڕشتنی پلاتفۆرم و نەخشەڕێی سیاسیدا کورد دەبێ بەپێی سەنگ و قورساییەکەی نەخشی هەبێ و بە بارتەقای خەبات و تێکۆشانەکەی مافەکانی لە داهاتووی ئێراندا جێگیر بکرێت.

**کوردستان**: بەڕاشکاوی و لە چوارچێوەی پرسیارەکەی پێشوودا بۆچی حەوت مانگ پاش دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا، حیزبی دێموکڕات لە هیچ هاوپەیمانییەکی کوردستان و ئێرانیدا دەرنەکەوتووە؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکرات، حیزبێکی بەئەزموون و وردبینە و بەتەواوی هەست بە هەستیاریی دۆخەکە و ئەرکی سەرشانی خۆی دەکات. بۆ حیزبی دێموکرات هەر کات بیهەوێ زۆر قورس نییە وەک خۆی پێش زۆر هێزی سیاسیی دیکە پلاتفۆرمی تایبەت بە خۆی بڵاو بکاتەوە. لەو پلاتفۆرمەشدا بەزۆری خواست و داوای خەڵکی کوردستان تێیدا ڕەنگ بداتەوە و بەڕوونی بڵێ کە پێویستە چ جۆرە نیزامێک لەسەر کار بێ و چۆن وڵامی پێویستیی سیاسیی پێکهاتەکان و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی بداتەوە. هەروەک لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ دا، کوردستان لە ئێستادا حیزب و گرووپی جۆراوجۆری تێدایە و جیاوازیی دیاریش لە تاکتیک و ستراتیژی حیزبەکاندا هەیە. بۆ نیزیک کردنەوەی هەموو یان زۆربەی حیزبەکان لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی تەواو و گشتگیر، کات و دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی باشی گەرەکە. دیارە دەشزانین کە کات درەنگە، بەڵام بەڕاستی دیالۆگ و قسەکردنەکان بەباشی و تەواوی نەکراوە بۆیە تا ئێستا لێکتێگەیشتنی تەواویش دروست نەبووە.

هەروەها بابەتی کوردستان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تەواوەتیی ئێران و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتەوە هەیە. پێویستە پلاتفۆرمێک لەلایەن کورد -بە تایبەت ئەوەی حیزب تێیدا بەشدار بێت- ەوە بدرێتە دەرێ کە بەڕوونی و بەتەواوی وەڵامی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەستیارەکانی ئێرانی داهاتووی تێدا بەدی بکرێ. دەبێ بزانین لەگەڵ کێ دەکەوینە دیالۆگ، داوای چ جۆرە نیزامێک بۆ داهاتووی ئێران دەکەین، لەسەر چ شتێک ڕێکدەکەوین بۆوەی چارەنووسی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەش بە دەردی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی نەچێ و ئەوەش کارێکی هێند هاسان نییە. پێش هەموو شتێک یەکڕیز



سەرچاوە Serchawe

و یەکگوتاریی هێزە سیاسییە کوردییەکانی گەرەکە کە تا ئێستا ئەوە نەهاتۆتە دی. لەڕاستیدا خەباتێکی سەختە و دەبێ لەگەڵ ئێرانییەکان لە مەیدانی قسە و دیالۆگدا بیبەینەوە و سەنگ و قورسایی خۆمانمان هەبێت. جیا لەوەش دەکرێ ئەو وەدرەنگکەوتنەش هەمووی بە زیان نەقەبڵێنـدرێ، بەڵکوو بە دەرفەتێک بۆ شەنوکەوکردنی هەموو بابەت و کەلێن و قوژبنەکان دابندرێ. بۆ ئەوەی لە پلاتفۆرم و هاوپەیمانییەکدا خۆمان ببینەوە کە جێگای پەسندی خەڵکی کوردستان بێت و زۆرینەی نیزیک بە تەواوی خواستەکانی خەڵکەکەمانی تێدا دەستەبەر بووبێت.

**کوردستان**: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لانیکەم چوار مەنشوور وەک نەخشەڕێ بۆ ئێرانی داهاتوو بڵاو بوونەتەوە. کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو مەنشوورانە لەسەر ڕەوتی شۆڕشی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: یەکێک لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بووە حیزب و کەسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا بیر لە جۆری نیزامی داهاتوو لە ئێراندا بکەنەوە و هەر حیزب و لایەنێک لە ڕوانگەی خۆیەوە نەخشەڕێگای داهاتوو دەستنیشان دەکات. ئەوە لەجێدا شتێکی باشە. هەر لەو ڕوانگەوە هەر بەشێک بە ڕادەی تێگەیشتن و دنیابینیی خۆی مەنشوور و نەخشەڕێی خۆی دێنێتە گۆڕێ و لەو ڕێگایەشەوە دەکرێ زۆرتر زانیاری و ناسین لەسەر دنیابینی و هەڵوێستی حیزب و کەسەکان وەدەست بێنی و ئەوە یارمەتی دەکات لە جێگای ئەوەی هەموو حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان بەجیا و یەک بە یەک بکەونە دیالۆگ و قسەکردن، بلۆکی سیاسی دروست ببێت و؛ بلۆکە سیاسییەکان دەکرێ لەگەڵ یەکتر دیالۆگ بکەن. هەر ئەوەش زۆر و کەم چاوەڕوانی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا درووست کردوە. تەنانەت دنیای دەرەوەش زۆرتر سەرنجیان کەوتە سەر بیرکردنەوە لە داهاتووی ئێران. ئەوانە هەموویان دەکرێ بە خاڵی باشی جووڵانەوەکە دابندرێن. بەڵام ئەگەر بپرسین کە ئەو مەنشوورانە بەگشتی چەندە بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی ئێران دارێژراون؟ ئاخۆ کۆمەڵگەی ئێرانیان بەو جۆرەی کە هەیە ناسیوە؟ یان لە دارشتنی مەنشوورەکاندا چەندە پرژاونەتە سەر هەموو بابەتەکان و وڵامی چاوەڕوانییەکانیان داوەتەوە؟ ئەمن بە ڕاشکاوی دەڵێم نا. چوونکە یەکەم؛ مەنشوورەکان گشتگیر نەبوون. دووهەم؛ لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان وەک هەیە تێ نەگەیشتوون. سێهەم؛ لەگەڵ ئەوەدا باس لە جیاوازییەکان دەکرێ بەڵام بەڕوونی باس لەو جیاوازی و جۆراوجۆرییانە ناکەن کە لەکۆمەڵگەی ئێراندا هەن و دەبێ دانیان پێدا بنرێت. هەر بۆیە ڕێگای گونجاویان بۆ چارەسەری کێشەکان دەستنیشان نەکردووە. لە نیهایەتدا ئەو مەنشوورانە وەک پێویست لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا وەرنەگیراون و نەبوونەتە هۆی یەکیەتیی نێو هێزەکان و بگرە تەنانەت بوونەتە هۆی ئاڵۆزی و بەریەککەوتنیش. لەئێستادا دەبینن لەباتی ئەوەی ببین بە ئادرەس و سەرچاوەی کۆکردنەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەموکوڕییەکان زیاتر دەردەکەون و تووشی لێکدابڕان و لێکترازان دەبن. هیوادارین ئەو ئەزموونانە ببن بە دەرسێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کۆی حیزبەکان کە ئەگەر بیر لە مەنشوور و نەخشەڕێ دەکەنەوە، با پلاتفۆرمەکە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی

کۆمەڵگەی ئێران بێ و پێویستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو پێکهاتەکانی ئێران تێدا بگونجێندرێ.

**کوردستان**: سەنگی کورد لە دیالۆگەکانی ئێستای نێوان ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی چەندە بووە؟ بە سەرنجدان بە ئەزموونەکانی هەشت مانگی ڕابردوو لە بنەڕەت ڕا پێتان وایە ئەو دیالۆگانە دەسکەوتیان بووبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: سەنگی کورد بە زۆر پێوانە دەبێ بەهێز بێ و بەهێزیشە.

**یەکەم**، کورد هەموو کاتێک لە سەنگەری پێشەوەی خەباتدا بووە لەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و لەو پێناوەدا هەزینەی زۆری داوە، بەڵام کۆڵی نەداوە.

**دووهەم**، کورد پێش هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێران ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ناسی و دەنگی پێ نەدا و خەباتی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە کرد و بەبەردەوامی تێکۆشاوە بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک.

**سێهەم**، کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان باوەڕیان بە دێموکراسی و ئازادی و مافی سیاسی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی مرۆڤەکان هەیە و بۆ وەدیهێنانی ئەو دروشمانە تێکۆشاون. ئەو فاکتەرانە وای کردوە کوردستان ببێتە چەقی ڕووداوەکان و ئەوەش تایبەتمەندییەکی گرینگی داوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرەڕای هەموو سەختی و دژوارییەکان و تێچوویەک، کوردستان و پرسی کورد لە بزووتنەوەی سیاسیی ئێراندا زۆر دیارە و ناکرێ بە هیچ شێوەیەک پشت گوێ بخرێ. هەربۆیە لەئێستادا بە هەر شێوەیەک باس لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ئێراندا بکرێت، کوردستان یەکێک لە فاکتۆر و دادە بەهێزەکانە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ. زۆر هێز و دەستە و حیزب و کەسایەتی سیاسییش کە باس لە دیالۆگ دەکەن ناتوانن کوردستان وەک فاکتۆرێکی بەهێز لەبەرچاو نەگرن. لەنێو هەموو ئەو مەنشوورانەی تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە یان قسە لە داهاتووی ئێران دەکرێ، باسی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان و مافی خەڵکی کوردستان کەم و زۆر بوونیان هەیە. هەر ئەوەی کە ئەو بەستێنە دروست بوو و ئێرانییەکان بە خوێندنەوەی جیاواز ئامادەن دیالۆگ بکەن و بەیەکەوە بابەتەکان بێننە بەرباس بۆ خۆی دەسکەوتە. هەروەها بیرکردنەوە لەوەی بە دیالۆگ پێویستە بابەتەکان یەکلا بکەینەوە و هیچ لایەک لانیکەم بوێری ئەوەی نییە دیالۆگ بە ڕێگەیەکی نامۆناسب بزانێ ئەوەش خۆی لە خۆیدا باشە، بەڵام ئەنجامی چی بووە جارێ ناکرێ لەسەر ئەو بابەتە یەکلایەنە قەزاوەت بکەین و حوکمی کۆتایی بدەین. هەشت مانگ زەمانێکی کەم نییە بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی دیالۆگ. بەڵام بەو هەمووە جیاوازییانە کە

لەنێو هێزەکان و کەسایەتییە ئێرانییەکاندا هەیە، پێویستە کاتی زۆرتر بە دیالۆگ بدرێ و چاوەڕوان بین.

**کوردستان**: کۆمەڵە وەک یەکێک لە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری چووە نێو بەرەیەکەوە کە ئێوە بەڕاشکاوی ڕەتتان کردەوە. ئەمە چەندە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و چارەنووسی ناوەندی هاوکاری داناوە؟

**مستەفا مەولوودی**: پێوەندیی سیاسی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە پێوەندییەکی سیاسیی تەندروستە. ئەوەی ئەو ماوەیەش بەیەکەوە لە ناوەندی هاوکاری کاریان کردووە، ئەزموونێکی باش بووە. بەڵام هەروەک لە ناوی ناوەندی هاوکاری ڕا دیارە ئەو دوو حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە سیاسییەکاندا بەیەکەوە هاوکاری دەکەن و هیچ قەدەغە و قۆرغێک بەڕوونی دیاری نەکراوە کە ئەو دوو لایەنە بەتەنیا نەکرێ لەسەر بابەتێکی سیاسی بەتەنیا خۆیان بەشدار بن. هەروەک تا ئێستا ئەگەر لایەنێک چۆتە نێو هاوپەیمانی یان هاوکاری لەگەڵ لایەنی دیکە هیچ کاردانەوەیەکی نگەتیڤ لەلایەنی بەرانبەر نەبیندراوە، ئەوەش زۆر سروشتییە ئەو دوو حیزبە هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن. خۆ لە کار و تێکۆشاندا خەت و نیشان و دارولەلە بۆ یەکتر دانانێن. بۆ نموونە هەر وەک لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێ کراوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ مەنشووری "جۆرج تاون"ی ئیمزا کرد و حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەدا ڕایگەیاند ئەو مەنشوورەی قبووڵ نییە، بەڵام ئەو بابەتەی بەئاسایی وەرگرت و لەگەڵ کۆمەڵەش لە هاوکارییەکانیدا بەردەوام بووە و بەردەوامیش دەبێت. هیوادارم هاوڕێیانی کۆمەڵەش هەر بەو خوێندنەوەیە بۆ هاوکاری و پێوەندیی سیاسییەکانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات بڕواننە بابەتی لەو چەشنە.

**کوردستان**: بە ڕای ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە ناوەندێکی گەورەتر بە بەشداریی هەموو حیزبەکان دابمەزرێ؟

**مستەفا مەولوودی**: پێویستی ئەوەی ناوەندێک یان شتێکی گەورەتر لە ناوەندی هاوکاری لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە سیاسییەکان بێتە ئاراوە دەمێکە هەستی پێ دەکرێ و لەو پێوەندییەدا حیزبێکی بە ئەزموون و خاوەن کاریگەریی وەک حیزبی دێموکرات چاوەڕوانی زۆرتریشی لێ دەکرێ کە خەم لەو بابەتە بخوات. ئەوە نەک لە خوێندنەوەی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا غایب نییە، بگرە زۆر جاران لەنێو تەشکیلات و ڕێبەرایەتیی حیزب ئەو بابەتە باس کراوە. تەنانەت لە ناوەندی هاوکاری و لە دانیشتن لەگەڵ حیزبەکانی دیکەشدا باس لەو چاوەڕوانی و زەروورەتە کراوە. لە یەک قسەدا بە گشتی بۆ دروستکردنی ناوەندێکی گەورەتر هاوڕا و موافقین بەڵام کەی و چۆن و بە چ پێکهاتە و سیاسەت و فۆرمولێک بێت، ئەوە دیالۆگ و قسەکردنی زۆرتری پێویستە.

**بانەمەری ٢٧٢٣**

من هەر لەو تــووێژەدا باسم کــردوە بە خۆشــییەوە پێوەنــدیی نێوان حیــزب و لایەنە سیاســییەکان و کەسایەتییەکان، پێوەندییەکی باش و سالمە، بەڵام لە تاکتیک و ستراتیژیدا جیاوازیی زۆر لە نێوان جەریانەکاندا هەیە هەم لە پێوەندی لەگەڵ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان هەمیش سەبارەت بە تێڕوانینمان بۆ داهاتووی ئێران و چۆنیەتی بەشداری کورد لە کایە سیاسییەکان و بەشداری سیاسی و ئیدارەدانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی. بەڵام سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان ئەوە یەکێک لە پێویستییە سیاسییەکانی کوردستانە کە هەموو حیزبەکان دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکەن و وەک بابەتێکی هەنووکەیی سەیری بکەن. حیزبی دێموکراتیش پێش هەموویان ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ لەو پێناوەدا هەنگاو هەڵێنێت.

**کوردستان**: دوای هێرشە مووشەکییەکانی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزب و سەرەڕای زیان و خەسارە گیانی و ماددییەکانی، مێدیاکان بە بەردەوامی باس لەو گوشارانە دەکەن کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بەغدا و هەولێرەوە لەسەر حیزبی دروست کردووە. دۆخەکە ئێستا بە شێوەیەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: گوشارەکانی ئێران لەسەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بابەتێکی تازە نییە. دەمێکە ئەوە لە ئارادایە و هەرجارە بە جۆرێک دەوروژێندرێ. ڕۆژانەش لە دەزگای جۆراوجۆری ڕاگەیاندندا لێدوانی بەرپرسانی سیاسی و ئەمنی و سەربازیی ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبیسین و دەزانین ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان ڕێژیمی ئێران و حکومەتی عێراقدا کراوە. زۆر و کەم لە نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکەش ئاگادارین. بەڵام ئەوە کە ئەو ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئەوە جەوهەری باسەکەیە.

سروشتییە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئیرادەی خۆیان دەستیان بە تێکۆشان کردووە و جۆر و شێوەی خەباتیش هەر بۆخۆیان دیاریی دەکەن و هیچ دەوڵەت و لایەنێک ناتوانێ ئەو ئیرادەیە لە خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بستێنێ. بۆیە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بە شێوەی جۆراوجۆر تا سەرکەوتنی کۆتایی درێژەی دەبێت و بەتایبەت هەر ئەوەش لە حیزبی دێموکڕات چاوەڕوان دەکرێت.

**کوردستان**: ئەمن پێموایە ئەوەی حکوومەتی ئێران دەخوازێ نارەوایە و لەگەڵ بەها و پرەنسیپەکانی پێوەندیی باشی دراوسێیەتیی باش ناتەبایە، بۆیە ناکرێ ئەوانە جێبەجێ ببن، بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: **یەکەم**، خەباتی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان تەواو خەباتێکی سیاسی و ڕەوا و ڕێگە پێدراوە.

بانەمەڕی ٢٧٢٣

**دووەم**؛ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکڕات بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، وا نەجووڵاونەوە و ناجووڵێنەوە کە زیان بە بەرژەوەندیی سیاسیی هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق بگەیەنن.

**سێیەم**؛ ئەوەندەی ئێمە گوێمان لێ بووە، لێدوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بەرپرسانە بووە. ئەوان پێویستە زیاتریش هەست بە بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان لە ئاست ئەو پرسەدا بکەن.

**چوارەم**؛ ئەو حیزبانە و بەتایبەت حیزبی دێموکڕات ئەزموونی سیاسیی باشیان هەیە و بە سەختییەکان ڕاهاتوون. بەرگەی هەموو قۆناغێکی دژواری خەبات دەگرن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک واز لە خەبات و تێکۆشان بەو شێوەی کە خۆیان بە دروستی دەزانن و هەلومەرج بوار دەدا ناهێنن.


**پێنجەم**؛ لە کۆتاییدا سەردەمی ئەوە نەماوە ڕێژیمێک بیهەوێ لە وڵاتێکی دیکە ئیرادەی چۆنی پێ باشە ئاوا خۆی بەسەر گەل و دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ و بە ئاسانی بۆی بچەسپێ، ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە.

**کوردستان**: کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ ئەو کاتەی بۆ چاوپێکەوتنەکە تەرخانتان کرد.

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# کۆماری ئیسلامی بۆچی لە ڕێفراندۆم دەترسێ؟




**عومەر باڵەکی**

قسەکانەی خامنەیی سەبارەت بە گشتپرسی لە ڕۆژی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی لە کۆبوونەوە لەگەڵ پۆلێک خوێندکاری بەسیجیی زانکۆ سەرەڕای ئەوەی باسوخواسێکی زۆری لەنێوان لایەنگران و دژبەرانی نیزامدا لێ کەوتەوە، خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی "ژینا" بەتەواوی پایەکانی دەسەڵاتدارەتیی لەق و هڵۆڵ بووە و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە جگە لە سەرکوت و زەبروزەنگ هیچ شتێک شک نابەن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک. ترس لە گەڕانەوە بۆ دەنگ و ئیرادە و بڕیاری خەڵک نیشانەی ئەوپەڕی لەدەستدانی ڕەواییە لەلایەن ئەو خەڵکەوە.

لە سەردەمی ئێستادا و بە تایبەتی لە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوو بۆ پرسە چارەنووسسازەکان لەنێو خەڵکدا گشتپرسی دەکەن. ئامانج لە گشتپرسییش ئەوەیە دەسەڵات دوورەپەرێز بێ لە داڕشتن و جێبەجێکردنی قانوونێک کە لە زیانی کۆمەڵگە بشکێتەوە. لە وڵاتە دێموکراتیکەکاندا کە پێوەر ئیرادەی گەلە و دەسەڵات دەستاودەست دەکرێ، لە دوو

بواری جیاوازدا لەلایەن دەوڵەتەوە گشتپرسی لەنێو خەڵکدا دەکرێت. یەکەم لەسەر پرسە سیاسییە هەستیارەکان و دووهەم لە بواری بنەما سەرەکییەکاندا.

لە بواری پرسە سیاسییەکاندا دەوڵەت بۆ ئەوەی پرۆژەیاسایەک لەنێو کۆمەڵگەدا بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێ و لە کاتی جێبەجێکردندا تووشی کەمترین ئاستەنگ ببێت، پرۆژەیاسایەکە دەخاتە بەر دەنگدانی خەڵک و ئاکامەکەی هەرچی بێت، دەوڵەت و دەسەڵات لەسەریانە لە مەیدانی کردەوەدا جێبەجێی بکەن. لەو شێوە گشتپرسییەدا خەڵک سەرپشکن لەوەی بەشدار بن یان نا! بەڵام گشتپرسی لە بواری بنەما سەرەکییەکانی وەک گۆڕینی سیستمی حوکمرانیی وڵات یا دەستووردان لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا بەشداریی خەڵک هەم پێویستە و هەم ئەرک؛ چونکی پێوەندی بە چارەنووسی تاک بە تاکی کۆمەڵگەوە هەیە و لەسەر جومگەکانی ژیانی ئەوان و وڵاتیش لە هەموو بوارەکانی سیاسیی، ئابووری و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتدا کاریگەریی هەیە.

قسەکانی خامنەیی لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە گشتپرسی لە دوو ڕوانگەوە جێگای سەرنج و هەڵوێستە لەسەر کردنن. یەکەم ناوبراو دەڵێ:"لە هیچ جێگایەکی ئەو دنیایەدا لەسەر پرسە سەرەکییەکان ڕێفراندۆم ناکەن." دووهەم ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: " ... خەڵک توانای لێکدانەوەیان لەسەر پرسە سەرەکییەکان نییە." خامنەیی یان بە هەڵە لە گشتپرسی تێگەیشتووە یان دەیهەوێ بە چەواشەکاری لەو چەمکەدا نیاز و مەبەستە سیاسییەکانی خۆی حەشار بدات. چونکە لە هەموو کۆمەڵگەیەدا کاتێک گشپرسییەک دەکرێ کە قانوونێک یان دۆخێکی ئارایی نەتوانی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگە بێت. هەروەها بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی خامنەیی، لە سەردەمی ئێستا و لەنێو وڵاتانی دنیادا گشتپرسی بە یەکێک لە فاکتەر و ئامرازەکانی نهادینەبوونی دێموکراسی و دەوڵەتداری دادەنرێت. بۆ نموونە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ هەتا ٢٠٢٠ی زایینی لە وڵاتی سویس ١٣٠ گشتپرسی، لە وڵاتی ئیتالیا ٦٠ گشتپرسی، لە ئیرلەند ٣٠ گشتپرسی، لە ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە و دانیمارک .... چەندین گشتپرسی بەڕێوە چوون کە زۆربەی زۆری ئەو گشتپرسییانە لەسەر پرسە سەرەکی وچارەنووسسازەکان بووە. هەمدیسان بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی خامنەیی لە هەموو ئەو گشتپرسییانەدا خەڵکە بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆیان دەنگیان لەسەر پرسەکان داوە و چارەنووسی ئەو بابەتانەیان بۆ دەسەڵات یەکلا کردۆتەوە.

ئەگەر خامنەیی وەک ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر گشتپرسی باوەڕی بەو بۆچوونەی خۆی هەبێ کە دەڵێ "خەڵک توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەیان لەسەر پرسە سەرەکییەکان نییە"، دەبێ قەبووڵی بێ کە ئەو سێ بەناو گشتپرسییە کە لە ماوەی تەمەنی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا بۆ دیاریکردنی شێوازی حکومەت (١٣٥٨)، پەسندی یاسای بنەڕەتی (١٣٥٨)

و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی (١٣٦٨) هیچ شەرعییەتیان نییە و ئەگەر ئەوانە شەرعییەتیان نەبێ، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لەجێدا و لە تەواوەتی خۆیشیدا شەرعییەتی نییە. چونکە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بنەمای ئەو سێ گشتپرسییە لەسەر ئەساسی دەنگ و ئیرادەی خەڵک داندراوە ولە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر کاتێک ویستبێتیان ئیدیعا بۆ شەرعییەتی سیاسیی خۆیان بکەن، ئەو سێ بەناو گشتپرسییەیان بە ڕووی گەلانی ئێران لە نێوخۆ و خەڵکی دنیا داداوەتەوە و باسیان لەوە کردووە کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا قانوون و دەسەڵات بناخەکەی لەسەر دەنگی خەڵک داندراوە و خۆیان گوتەنی "میزان رای ملت است". بەڵام لە کردەوەدا ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم پێچەوانەی ئەو دروشمە بووە و دەنگی خەڵک لە پرسە چارەنووسسازەکان تەنیا ڕواڵەتی بووە و دەسەڵاتدارانی نیزام بەتایبەتی خودی ڕێبەر بڕیار و کرداری خۆیان لە سەرەوەی ویست و ئیرادەی خەڵک داناوە. ئەوەش زۆر بەڕوونی لە ئەسل و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ڕێژیمدا ڕەنگی داوەتەوە.

بە بوونی ئەسلی ویلاتی فەقیهـ لە پێکهاتەی ئەو نیزامەدا مرۆڤی ئازاد کە خۆی لە ڕێگای هەڵبژێران و هەڵبژاردنەوە بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدا، بوونی نییە. چونکە بنەمای فکری و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە خەڵک (ئۆممەت) سەغیرە و توانای بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی نییە و دەبێ هەتا هاتنەوەی ئیمامی مێهدی "زمان"، ڕێبەر سەرپەرستیی ئەو ئۆممەتە بکا و لەجیاتی ئەوان بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدا. بە واتایەکی دی لە پاشخانی فکریی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا حوکمڕانی ئاوا وێنا کراوە کە بەڕێوەبردنی وڵات و دەسەڵاتداری تایبەتە بە دەستەیەکی دیاریکراو، و خەڵک کە توانای لێک انەوەی پرسە سیاسیی و ئابووری و پێوەندییە دەرەکییەکانیان نییە، دەبێ گوێڕایەڵی دەستەی حوکمڕان بن! ئەوەیە واقعی سیاسی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا.

لە دوای قسەکانی خامنەیی سەبارەت بە گشتپرسی هیندێک کەس و لایەن باس لەوە دەکەن خامنەیی بزماری لە تابووتی چەند ئەسلێکی قانوونی بنەڕەتی (٦، ٥٩، ١٧٧) داوە کە لەو چەند ئەسڵەدا باس لە پشتبەستن بە دەنگی خەڵک و ڕێفراندۆم کراوە. بەڵام لە ئەساسدا هیچ کام لەو ئەسڵانەی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی مەبەستیان ئەو ڕیفراندۆمە نییە کە دوای ڕاپەڕینی "ژینا" ویستی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دەست دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییە و خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەباشی هەستی بە ئامانجی کۆمەڵگەی ئێران کردووە. بەڵام بۆ دڵگەرمیی لایەنگرانی نیزام خۆی لە ئاستی ئەو ڕاستییە گێل کردووە، بۆیە پەنای بۆ ئەو قسەیە بردووە و دەڵی خەڵک توانای لێکدانەوەی پرسە چارەنووسسازەکانیان نییە. بەڵام بە پێچەوانەی ڕوانگەی دوور لە ڕاستیی ڕێبەری ڕێژیم، خەڵکی ئێران لە ماوەی ڕاپەڕینی "ژینا"دا سەلماندیان کە چەندە وریا و پێگەیشتوون. کە خەڵک داوای بەڕێوەچوونی گشتپرسییش دەکەن، مەبەستیانە بە شێوازیەکی سەردەمیانە و بەبێ خوێڕشتن و بە چاوەدێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ڕێگای سندووقی دەنگدانەوە شێوازی

بانەمەڕی ٢٧٢٣

حوکمڕانی لە ئێران بگۆڕن و کۆتایی بەو نیزامە سیاسییە لە ئێران بێنن کە ٤٤ ساڵە خوێنی ئەوانی لە شووشە کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ڕاستییەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوە کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیودا بەڕێوچوونی گشتپرسی بۆ ئەو ئامانجە مەحاڵە. ڕاستە لە چوارچێوەی ئەسلی (٥٩ و١٧٧)ی یاسای بنەڕەتیدا ڕێکاری گشتپرسی دیاری کراوە و بەپێی ئەسڵی ١٧٧ نێوەرۆکی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناتوانرێ دەستکاری بکرێ. بەڵام ئەوە هەتا ئەوکاتە دروستە کە زۆرینەی خەڵکی ئێران پشتیوانی لە نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەن. بەڵام ڕاپەڕینی "ژینا"ئەو ڕاستییەی دەرخست کە خەڵکی ئێران ئەو نیزامەیان ناوێ و، کاتێک زۆرینەی خەڵکی وڵاتێک دەسەڵات و نیزامی سیاسیی حاکمیان ناوێ، ئەو نیزامە شەرعییەتی خۆی لەدەست دەدا و قانوونی ئەساسییش کاری پێ ناکرێ. چونکە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک کاتێک شەرعییەت پەیدا دەکا کە لە گشتپرسییەکی سەرانسەریدا زۆرینەی خەڵک دەنگی پێ دابێ کە لە ئەساسدا ئەوە پێ دەگوترێ گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا. بۆیە هەرکاتێک زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە خوازیاری گۆڕینی ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنە بوون دەتوانن بیگۆڕن.

قانوون دەستکردی مرۆڤە بۆ ڕاییکردنی کار و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی تاکی کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی ڕێکاری پێوەندیەکانی کۆمەڵگە ودەوڵەت، واتا ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات، بۆیە هیچ قانوونێک ناچێتە خانەی پیرۆزی کە مرۆڤ نەتوانێ دەستی بۆ بەرێ.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ژنانی کورد ئەو هێزەیان هەبووە شەقامەکانی شار بجووڵێنن



**(دەقی قسەکانی د. کوێستان گادانی، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە کۆنفڕانسی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پاڕلمانی ئورووپا)**

**ئامادەبووانی بەڕێز!**
**خاتوون و ئاغایانی ڕێزدار!**
**سڵاو و ڕێزی من وەک نوێنەری بەشێک لە بزووتنەوەیەکی مافخواز و ڕزگاریخواز قەبووڵ بفەرموون.**

پێم خۆشە سەرەتای قسەکانم بە گێڕانەوەی چەند ڕستە لە دوایین قسەکانی فیلسووفی هاوچەرخ "سلاڤۆی ژیژەک" دەست پێ بکەم، کە لەمەڕ بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە، کردوویەتی. هەڵبەت ئەو بزووتنەوەیە و کۆی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ڕابردووی ئێران، سەرنجی زۆربەی هەرەزۆری بیرمەند و سیاستوانانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. بەڵام ژیژەک ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکا و دەڵێ: "ئەمن بیستبووم کە بزووتنەوەیەک دژ بە دەسەڵات لە ئێران لە ئارادایە، بەڵام دروشمەکانیانم پێ سەرنجڕاکێش نەبوو، بەیانییەک کە لەخەو هەستام و چاوم لە هەواڵەکان کرد، دروشمێکی تازە ڕایچڵەکاندم، ئەویش دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو. ئەو دروشمەم پێ دروشمێکی پێشڕەو بوو. پێم سەیر بوو چۆنە

بانەمەری ٢٧٢٣

گۆڕانێکی وا بنەڕەتی ڕووی داوە و دواتر کە سەر و سۆراغم کرد، دیتم ئەو دروشمە لە کورستانەوە سەری هەڵداوە و ئەو جار هۆکارەکەیم زانی".

ئەگەر ئەو هۆکارانەی لە زەینی "ژیژەک"دا بوون وەلا بنێین و ئەو هۆکارانە بخەینە بەرباس کە لە ئەزموونی ژیاوی خەڵکی کورددان، بەو ئاکامە دەگەین کە چالاکیی ژنان و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی پێشڕەوە بووە. ئەدەبیاتی مودێڕنی کورد لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، پڕە لە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژن. وێنەیەک کە تێیدا ژن نە ئامرازە و نە تەنیا مەعشووق و خۆشەویست و دەستەوەستان، بەڵکوو وێنەی ژنی کورد لە ئەدەبیات و هونەردا وێنەیەکی بەرانبەرە لەگەڵ پیاوان. جودا لەوەی کە لە بنکە و بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ژنی کورد زیاتر لە حەوت دەیەیە کە ڕۆڵی کارای هەیە.

## بەڕیزان!

٧٧ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "یەکیەتیی ژنانی کورد" دامەزراوە و لەو حەفتا و حەوت ساڵەدا، ئەو یەکیەتییە ژنانە تا ئێستاش هەر چالاکە و بەرنامە و پرۆگرامەکانی خۆی بەڕێوە بردووە و لە سیاسەت و باری کۆمەڵایەتیی کورددا ڕۆڵی گێڕاوە. هەروەها ژنان لەنێو حیزبەکانیشدا قسەیان بۆ گوتن پێ بووە. لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵکی ئێران و ژنانی ئێرانی دەنگیان بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا و لە ڕێفراندۆمێکدا وەڵامی ئەرێیان پێ دا، ژنانی کورد وێڕای پیاوان، تەنیا ناوچەیەکی ئێران بوون کە بە تێکڕایی بەشدارییان لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا نەکرد و نەچوونە ژێر باری یاسا و ڕێساکانی ئەو سیستەمە داپڵۆسێنەر و دژە ئینسانییەوە.

جودا لەوە، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان خەریکی ساتوسەدای ئابووری و سیاسی بوون لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، خەڵکی کورد و حیزبی دێموکرات بە نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە، لە یەکەم ساڵی هاتنەسەرکاریەوە، دژی وەستان و پاش هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسانی و بۆ بەرگری لە خەڵکی مەدەنی و وەدەستهێنانی ئازادی و بەربەرەکانی لەدژی کۆماری ئیسلامی، هاتە مەیدانی خەباتەوە و دژی ئەو ڕێژیمە شەڕی کرد و لە بەرانبەریدا ڕاوەستا. لە هەموو ئەو ڕەوتەدا ژنانی کوردیش وێڕای پیاوان لە هێزەکانی پێشمەرگە و بەرگریدا خۆیان سازمان دا و دژبە سیستەمی گەندەڵی سیاسیی ئاخوندی شەڕیان کرد.



سەرچاوە Serchawe

لە دەیەکانی دواتردا، هەموو بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی کۆمەڵایەتی کە لە کوردستان بەڕێوە چوون، نیشانیان داوە، ژنانی کورد لە هیچ کاتێکدا نەچوونەتە ژێر باری یاساکانی مەزهەبی ڕێژیمەوە و بە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و جۆری پۆشەمەنیی و دەربڕینی بیروڕای خۆیان، دژبە ڕێژیم وەستاونەتەوە و تێچووی ئەو خەبات و خۆڕاگرییەیان داوە. لەو ڕێیەدا ئاماری ژنانی زیندانی و کووژراوی کورد بە دەست ڕێژیم ڕاستییەکان دەردەخا.

لە تازەترین وێستگەی خەباتی ژنانی کورد لە ئێران دژبە سیستەمی کۆماری ئیسلامییش، هەموو ڕاگەیەن و میدیاکان و ویژدانە ئاگاکانی جیهان دەزانن، ئەوە ژنانی کورد بوون کە پاش مەرگی "ژینا ئەمینی"، کچەلاوی کوردی سەقزی، بە جێگای شیوەن و گریان و دۆشدامان، دروشمی "ژن، ژیان ئازادی"یان بەرز کردەوە و ئەو دروشمە بەرە بەرە هەموو ئێران و جیهانی تەنییەوە.

ئەگەر سەرنجێکی وردتر و بەئینسافانە بدەین، دەزانین ئاخێزگەی ئەو دروشمە هەر پێشتریش کوردستان بووە و ئەوە ژنانی زوڵمچەشتووی کورد بوون کە هەم ستەمی نەتەوەیی و هەم ستەمی جینسی و هەم ستەمی مەزهەبییان دەرک کردبوو. هەر بۆیە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیدا، قەت ملیان بۆ ویستەکانی ئەو سیستەمە ڕانەکێشا و هەمیشە دژ بە نابەرانبەری و نەبوونی ئازادی جووڵاونەتەوە و بۆ ماڤی ژنان و بە گشتی مافەکانی مرۆڤی پەسەندکراو لە چوارچێوەی "جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ" دا تێکۆشاون.

**ئامادەبووانی هێژا!**

تاڵە ئەو قسەیەی دەیکەم، بەڵام لە زۆر سەردەمی تاریکی ئەو سیستەمە حکوومەتییەدا، ژنانی کورد بەتەنیا ماونەتەوە، هەر وەک بزووتنەوە سیاسی و پێشکەوتنخوازانەکەی ئەو نەتەوەیە کە بەردەوام سەرکوت کراوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گرتن و زەبروزەنگ، کوشتن، تێرۆر و ئێعدام ویستوویەتی بەچۆکی دابێنیت. بۆیە ئەگەر ئێستا بە یارمەتی ڕاگەیەنە گشتییەکان و دوای ئەزموونێکی تاڵی چل و چەند ساڵە، خەڵکی گەلانی دیکەی ئێران و ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران، دەنگیان هەڵبڕیوە، ژنانی کورد هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی ئازادیخوازی بوون و وەک باسم کرد زیاتر لە ٧٧ ساڵە بەردەوام و بەڕێکخراو، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ دەکەن.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە نەک هەر لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ژنان ڕۆڵی پێشەنگیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە ئێرتجاعی و دواکەوتووەکان هەبووە. جیهان لە خۆبوردوویی ژنانی "ڕۆژئاوای

کوردستان"ی له بەرانبەر "داعیش"دا له بیر ناچێتەوە. له کاتێکدا که هێزی ڕەشی داعیش، هەڕەشەیەکی جیهانی ساز کردبوو، و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی له خوێن و کوشتاردا نوقم کردبوو، ژنانی جەنگاوەری ڕۆژئاوای کوردستان به توانا و ئیمانێکی ئینسانییەوە، له بەرانبەریاندا ڕاوەستان و شکستیان به داعیش و هێزە داپڵۆسێنەرەکەی هێنا و لەو ڕێیەدا هەزاران ژنی جەنگاوەری کورد شەهید بوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەبێ ئەو ڕاستییە باس بکرێ؛ که له کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکان به ڕادەی قورساییەک که ژنانی کورد لەو بزووتنەوەیەدا بوویانە، بایەخیان پێ نەدراوە و پرس و ڕایان پێ نەکراوە. سیاسییەکانی جیهان دەبوو و دەبێ، ئەو ڕاستییە بزانن پتر له چل ساڵە ژنی کورد سینگی کردووەتە قەڵغانی هەموو ژنانی ئێرانی و له بزووتنەوەی نوێشدا، ڕۆڵی ڕادیکاڵ و کارای هەبووە و هەیەتی. ئێستاش شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و ئامادەیی ژنانی کورد و حوزووریان له شەقامەکان لەگەڵ باقی ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەڕاستی بۆ بەراورد نابن. ئێوە به چاوی خۆتان و له ڕێگەی وێنە و دیمەنەکانی نێو سۆسیالمێدیاوە دەبینن که به سەدان و هەزارن ژن دەڕژێنە سەر شەقامەکان و له بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکاندا، داوای مافی ژنان دەکەن. لێرەدا دەمەوێ سەرنجتان بۆ خاڵێکی تایبەت ڕابکێشم. ژنانی کورد تەنیا به دروشمدان له سەر باڵەخانە و دروشم نووسین لەسەر دیوارەکان و کۆبوونەوەی چەند کەسی، دەست هەڵناگرن و ئەو هێزەیان هەبووە و هەیە که شەقام بجووڵێنن. ڕاپەڕینەکانی ژنان له چەند مانگی ڕابردوو له شارەکانی سنە، مەهاباد ، بۆکان، جوانڕۆ، سەقز، دیواندەرە، مەریوان، شنۆ، پیرانشار و زۆر شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. ئەگەرچی بەداخەوە ڕاگەیەن و تەلەویزیۆنە فارسیزمانەکانی دەرەوەی ئێران، کەمترین گرینگییان بەو بابەتە داوە و له پەراوێزدا ئاوڕیان لێ داوەتەوە، هەر وەک چۆن، ئاوڕێکی کەمیشیان وەسەر سەدان لاوی شەهید و سەدان زیندانی دراوەتەوە که له شارە کوردەکان لەو ماوەیەدا به دەست ڕێژیمی ئیران کووژراون و بەند کراون.

بەڕێزان!

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەی سڕینەوە و هەڵاواردن داندراوە. له حاڵێکدا که ئازادیی ئایین و ئایینزا وەک یەکێک له بنەماکانی مافی مرۆڤ له چەمکی جیهانداگریی مافی مرۆڤدا دانی پێدا نراوە و لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی ناسراوە؛ بەڵام ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێراندا نەک هەر مافی کەمینە ئایینییەکان بەڕەسمی ناناسێ، بەڵکوو له هەموو ڕێگەیەکی سەرکوت و پشتگوێخستن و ڕێگرییەوە ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران له تەنیشت سیاسەتی ڕەسمیی پێشێلکردنی مافی کەمە ئایینییەکان، ئایین وەک ئامرازێک بۆ

**بانەمەری ۲۷۲۳**

سەرکوتی ژنان و بێبەشکردنی ئەوان لە ئازادیی ئایین و بڕوامەندی بەکار دێنێت کە ئەو پێشێلکردنی مافە لە دیاردەکانی وەک کوشتن لەسەر نامووس و پارێزراوبوون لە سزادا دەگاتە لوتکە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەروەها بە گەڕانەوە بۆ ئایینزای ڕەسمیی خۆی کۆمەڵگەی ئێل جی بی تی (LGBT) بەتوندی سەرکوت و تەنانەت ئێعدامیان دەکات. بۆیە پشتگرتنی خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی و لەپێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانترە.

لێرەوە دیسان ئێمە وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئازادیخواز و، وەک نوێنەرانی خەڵکی کورد، دەنگمان بەرز دەکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و یەکسانی. دەنگمان بەرز دەکەینەوە بۆ وەدەستهێنانی مافی وەکیەک و بەرابەر و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سێکۆلاری دێموکڕات و فیدراڵ، کە تێیدا هەم مافی ژن و پیاو پارێزراو بێت و هەم مافی هەموو نەتەوەکانی نێو جواغرافیای ئێران.

**لەو پێوەندییەشدا چەند داخوازییەکتان بەرەوڕوو دەکەین:**

١- هەروەک دەزانن لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەسبەسەر کران کە بەشێکی زۆریان ئێستاش لە گرتووخانەکاندان و ئەشکەنجە دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر. ئەوان لە ڕووی داراییەوە توانای گرتنی پارێزەر یان دابینکردنی پێداویستییەکانی بێهداشت و سلامەتییان نییە. بۆیە داواتان لێ دەکەین یارمەتییان بدەن بۆوەی بتوانن بۆ داکۆکی لە خۆیان پارێزەریان هەبێ و دەرەقەتی تێچووە پزیشکی و دەرمانییەکان بێن.

٢- ژنانی کورد سەرەڕای پاشخانی زۆریان لە خەبات و داکۆکی لە مافی مرۆڤ تا ئاستێکی زۆر لە کۆمەڵگەی جیهانیدا پەراوێز خراون. داوا دەکەین لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ باس لەسەر پرسی ئێران بایەخی پتر بە دەور و چالاکیی ژنانی کورد بدرێ، بەتایبەت کە ژنانی کورد ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لە کاری ڕێکخراوەییدا هەیە و دەتوانن لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا یارمەتیدەرێکی باش بن.

٣- زۆر لە ژنانی چالاکی کورد ناچار بە جێهێشتنی وڵات دەبن و پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ یان ئورووپا دێنن و دەکەونە بەردەم داهاتوویەکی ناڕوون. ئێمە داوا لە یەکیەتیی ئورووپا، بەتایبەت بەڕێز پینا پجرنوو جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا دەکەین لەپێناو دەستەبەری داهاتوویەکی ڕوون بۆ ئەوان تێبکۆشن.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

٤- زۆر لە ژنانی چالاکی سیاسیی کوردی ئێران بە منداڵ و بنەماڵەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چەند بنکەیەکدا نیشتەجێن. ئەوان لەڕووی ئابووری و بژیوی ژیانەوە دۆخی شیاوی کەسێتیی سیاسیی خۆیانیان نییە و تا سەرباقی ئەوەش تا ئێستا لەلایەن ئێرانەوە چەند جار هێرشی مووشەکییان کراوتە سەر کە کوژران و برینداربوونی چەند کەس لەوانی لێ کەوتۆتەوە. ئێمە داوا لە یەکیەتیی ئورووپا و کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین لە ڕێگەی ڕێوشوێنەکانی خۆیەوە گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن بۆوەی ئەمنییەتی گیانیی ئەو ژن و منداڵ و کۆمەڵە خەڵکە دابین ببێت.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئینسانییە و بۆ ڕزگاری لە دەست سیستەمی دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامی، دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئێوەش درێژ دەکەین.

بژین و سەرکەتوو بن.
"ژن، ژیان، ئازادی."

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# ئاساییکردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا



**سمایل شەرەفی**

ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر و عادەتدانی خەڵکی وڵات بە بارودۆخی مەوجوود و خۆبواردنی هاووڵاتی لە پرسیارکردن و ناڕەزایەتینواندن بەرانبەر بە کەموکوڕی و سەرکوت، هەوڵی هەمیشەیی سیستەمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە مەزهەب و بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی و ترساندنی خەڵک بەرانبەر بە هەر سەرهەڵدان و دەنگهەڵبڕینێک، بەردەوام هەوڵی داوە خەڵک ملکەچی دۆخی ئارایی بکات و نادڵخوازترین هەلومەرج بە ئاسایی نیشان بدات. بەشێک لە ئامرازەکانی پرسی ئاساییکردنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٤ ساڵە کەڵکی لێ وەردەگرێ، گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسینە. بە شێوەیەک کە خودی ئەمری "سەرکوت" لە کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک، هەوڵی ئاساییکردنەوەی بەردەوامی بۆ دراوە.

بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵک کە بەشێکە لە سیاسەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر لە ئێران، وەک هەنگاوی یەکەم بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەئاساییوەرگرتنی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و پرسی ئاساییکردنەوەی پێ پاساو دراوە. قەیرانخوڵقێنی پلانێکی دیکەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەیە کە ئەلحەق ژوورە ڕەشە

فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێیدا شارەزا و خیبرەن.

لە شۆڕشی ژینادا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوویەوە، هەر لە حەوتووەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە هەوڵی ئەوە بوو کە بەناولێنانی شۆڕشی ژینا بە "اختشاش"، هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانەی خۆی بەرانبەر بە شۆڕشگێڕەکانی سەر شەقامەکانی وڵات، ئاسایی و یاسایی پێناسە بکات. هەر لە درێژەی ئەم پیلانەدا و لە مەرحەلەی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیدا، بەهێرشی موشەکی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و بەستنەوەی نارەزایەتییەکانی کوردستان بە ئامریکا و ئیسرائیل و دەستوپێوەندیی دەرەکی و بیانی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە زەمینەی ئاساییبوونی هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردستان، بڕەخسێنێ.

لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا ڕێژیم بە شێوەی جوراوجۆر لە چەند مەرحەلەی جیاوازدا بە گرتنەپێشی کۆمەڵێک سیاسەتی سەرکوتکارانەی وەک هێرشی کیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان و توندوتۆڵکردنەوەی ڕێگارەکانی پاراستنی حیجاب و پەلاماردانی ژنانی بێحیجاب، لە فازێکی دیکەی سیاسەتی ئاساییکردنەوەدا هەوڵی ئەوە بووە کە وا بنوێنی کە شۆڕشی ژینا کۆتایی پێ هاتووە و ئەوەی هەیە کۆمەڵێک ناهەنجاریی کۆمەڵایەتییە کە بەپێی ڕەوتی ئاسایی ساڵانی پێشوو، بەرخوردیان لەگەڵ دەکرێ.

لە درێژەی ئەم قۆناغە لە ئاساییینیشاندانی دۆخەکە و بە خەیاڵی خاوی خۆیان خۆدزینەوە و ڕزگاربوونیان لە شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک دژ بە دیکتاتۆرییەت، لە کوردستان کە شۆڕشەکە تێیدا سەری هەڵدا و بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت، سەرقاڵی ئاساییینیشاندانی دۆخەکەن. لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا ڕیژیم لە کوردستان بە وەڕێخستنی کۆمەڵێک فستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی فەرهەنگی و هونەری دەیهەوێ وا نیشان بدات کە ئەو خەڵکەی کە چەند مانگ پێش هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی نەمانی ڕێژیمیان دا و لە درێژەی سەرکوتێکی سیستماتیکی ڕەشدا بە دەیان کەسیان لێ کوژراو و بە سەدان و هەزارانیان لێ بریندار و زیندانی کران، هیچ کێشەیەکیان نەماوە و لە سەر شەقامەکان - هەر ئەو شوێنەی کە تێیدا خەباتیان کرد و خوێنیان دا - سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیانن و گوێ لە موزیک ڕادەگرن و دادەپەڕن!! ئەوە لە حاڵێکدایە کە خەڵکی بنەماڵەی قوربانییانی شۆڕشی ژینا لەسەر گڵکۆی شەهیدەکانیان سروودی شۆڕشگێڕانە دەڵێنەوە و بە کۆبوونەوەی سەدان کەس لە خەڵکی شارەکان لەسەر مەزاری شەهیدان، بەردەوامیی شۆڕشەکە بە گوێی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا دەدەنەوە.

ئەوەی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا لە کوردستان دەیکات نەتەنیا هەوڵێکی سیستماتیکی پلان بۆدانراوە بۆ ئاساییکردنەوە و



سەرچاوە Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

نیشـاندانی دۆخەکە بە دڵخـوازی خـۆی، بەڵکـوو تەحقیرکردنـی کـۆمەڵگەی کوردسـتان و شـەقامە پـڕ لە خەبـات و خوێنەکانیەتی. وەک ئەوەی لە کوردستان "نە ی هاتبێ و نە بۆران."

لەم پێوەندییەدا کەم نین ئەو کەسانەش کە نائاگایانە یان بە پیلان و نەفسنزمییەوە کەوتنە داوی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. کاتێک کە لە شارێکی خاوەن شناسنامەی پڕ لە شانازی و شکۆ کە تێیدا لە شۆڕشی ژینـادا بە دەیـان کەس لە لاوەکانی بە دەستی هێزە سەرکوتکار و بەکرێگیراوەکـانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵتـانی خـوێن کران، کـۆمەڵە کەسێکی دیاری فەرهەنگی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی کوردستان و باری دەروونیی کۆمەڵگە، بە پێکهێنـانی کـۆڕی هونەری، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ ئاساییینیشاندانی دۆخی کوردستان، ڕەفتـار دەکەن، پێویستە بە جیددی ڕەخنەیـان لـێ بگیردرێ و لۆمە بکرێن. ئەوان ئەگەر بە هەر هۆکارێک نەیانتوانیوە لەپاڵ خەڵک بن و بەشداری شۆڕشەکە بن، بۆیان نییە خـوێ بە زام و برینـی بنەمـاڵەی شـەهیدان، زیـانلێکەوتووان و زینـدانییانی سیاسـیدا بـکەن و دۆخەکە بە دڵخـوازی دیکتاتۆرییەت ئاسایی نیشان بدەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی سیاسەتی نـاوچەیی و نێودەوڵەتیشدا هێنـدێک ئـاوانس و چراسەوزی نیشـان داوە کە ئەگەر لە لایەک بۆ خۆدەربازکردن لەژێر تەوژمی بارودۆخی نێوخۆی وڵات و شۆڕشی ژینادایە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕاست لەپیناو ئاساییینیشاندانی دۆخی نێوخۆ و خۆگێلکردنی لە داخوازییەکانی خەڵکی سەرشەقامەکانی وڵاتە.

هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕەوتـی نـاڕەزایەتییەکـانی خەڵـک دژ بە ڕێـژیم و خەبـات بـۆ ئـازادی و سەربەستی و گەیشتن بە وڵاتێکی دڵخواز، بەم سیاسەتـانەی ڕیژیم - لەوانەیە تووشی نووشست و خـاوبوونەوە بێت - لە ڕاوەسـتان و بەرەوپێشچوون نـاکەوێ. بەڵام نـابێ هێنـدێک کەس - جـا چ بەشێک بـن لە پیلانەکە و خۆشخزمەتی بـکەن و چ ئاگایـان لە پیلانەکـان نەبووبێ و تێکەوتبێتن - ببن بە بەشێک لە سیاسەتی پیلانگێڕی و شەقامەکانی تەژی لە شۆڕش و ئیـرادەی کۆتـاییهێنـان بە دیکتاتۆرییەت، بە چوون بەرەو ئاساییبوونەوە نیشان بدەن.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هاوپەیمانیەتی لەپێناوی چیدا؟



د. کامڕان ئەمین‌ئاوە

لەو خاڵانەی بەردەوام لەلایەن دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد وەکو پێداویستییەکی مێژوویی ئاماژەیان پێ کراوە، ڕێکخستنی ماڵی کورد، یەکیەتی و هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ڕۆیشتن وەکوو یەکەیەکی بەهێز و هاودەنگ بەرەو هاوپەیمانییەتی گەورەتر لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دابینکردنی مافی نەتەوەیی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیکدایە.

لە ساڵی ٢٠٢٢ی ز. یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان (حدک و حدکا) و دوو باڵی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکێک لە ڕووداوە سەرنجڕاکێش و دڵخۆشکەرەکان بۆ ئەو کەسانە بوو کە دڵیان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد و تەبایی زۆرتر لە نێوخۆی حیزبەکان و، هاوکات لەنێوان هێزە کوردستانییەکانی لێ دەدا. بوونی ناوەندی هاوکارییش یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکان بوو بۆ هاوکاریی کۆمەڵە و دێموکرات. زۆر کەس بەو هیوایە بوون ئەم ناوەندە لەنێوان ئەو دوو هێزەدا قەتیس نەمێنێتەوە و بە پەیوەستبوونی حیزبەکانی

دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتییە نەتەوەییەکان پەرەش بستێنێ. مخابن ڕەوتی ڕووداوەکان لە کردەوەدا هەمیشە بە دڵی هەموان نییە و بههۆی جۆراوجۆر وەکوو ناتەبایی بۆچوون یان لەیەک تێنەگەیشتن، ئەگەری دوورکەوتنەوە لە یەک، دابڕان و هتد سەر هەڵدەدات.

بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی وڵاتێکی پان و بەرینی فرەنەتەوەیی بە ناوی ئێراندا، هۆی پێویستی و گرینگی پێکهاتنی بەرەیەک لە نوێنەرانی سیاسیی کوردستان لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازە نەتەوەیی و سەرانسەرییەکانی ئەم وڵاتە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە دێموکراسی و پلورالیسم سیاسی لە وڵاتێکی ناکۆجێیدایە. کۆمەڵگەی ئێران بهپێی هەبوونی چین و توێژ و بیروڕای جیاواز خاوەنی ڕێکخراوەی جۆراوجۆرە و، هێزەکانی دژبە کۆماری ئیسلامی لە ڕاستی مەشرووتەخوازەوە هەتا چەپی کۆمۆنیست، هەر کام بەپێی دنیابینی و لێکدانەوەیان، بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا دەبینن. لەم ڕەوتەدا خاڵی هاوبەشی هەموویان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و، ناتەباییان لە سیما و نێوەڕۆکی ئەو سیستمەیە کە دەبێ پاش ئەم قۆناخە لە ئێران دابین بکرێ. بەم پێیە، ئاستەنگی و ناکۆکی بۆ پێکهێنانی بەرەی هاوبەش و بەرفراوان سەر هەڵدەدا و، بە هۆ و بیانووی جۆراوجۆر، هێز و ڕەوتە سیاسییەکان لە یەک دوور دەکەونەوە.

لە ساڵانی پاش ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و بەدەسەڵاتگەیشتنی مەلاکان لە ئێران، چەندین بەرە و هاوپەیمانییەتی لەنێو ئێرانییەکان پێک هاتووە، وەک "شورای ملی مقاومت ایران" لەژێر هێژموونی حاشالێنەکراوی "سازمان مجاهدین خلق ایران"دا؛ "کنگره ملیتهای ایران فدرال"، "شورای دمکراسی‌خواهان ایران"، "همبستگی برای آزادی و برابری در ایران"، "شورای مدیریت گذار"، "اتحاد جمهوریخواهان ایران" و هتد.

دروستبوونی ئەم چەشنە پێکهاتانە تا دێت زیاتر دەبێت، و هەر بەم پێیەش ئاڵۆزییەکانی نێو ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی پەرە دەستێنێ. ئەندامانی بەشێک لەم پێکهاتانە وەکو "کنگره ملیتهای ایران فدرال"، "شورای دمکراسی‌خواهان ایران" و "همبستگی برای آزادی و برابری در ایران" پیشان دەدات، زۆربەی پێکهێنەرانیان، هاوکات ئەندامی هەر سێکیانن و نەیاتوانیوە بە پێکهێنانی یەک یان دوو ڕێکخراوە کۆتایی بە بوونی سێ ڕێکخراوەی هاوتەریب بێنن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕاستیدا کۆڵەکەی سەرەکیی هەر سێکیانن.

پرسیار ئەوەیە، قازانجی ئەو هەموو کۆنگرە، شوڕا و ... هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئێئتلاف و مەنشووری جۆراوجۆری دیکە بۆ کورد لە چیدایە؟ ئایا پێویستە هێزە کوردستانییەکان بە تاک یان بە جووت بەشداری ئەم هەموو ئێئتلاف و

هاوپەیمانییەتە بن؟ بە گشتی بڵێی هەبوونی یەک یان دوو ناوەندی بەهێزی یەکگرتوو باشتر لە بوونی چەندین ناوەندی پرشوبڵاو و بێکاریگەر لە ڕەوتی سیاسیی کوردستان و ئێراندا نەبێ؟

گومان لەوەدا نییە، لە قۆناخی ئێستای شۆڕشی ئێراندا، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرژەوەندیی تەواوی هێزە سیاسییەکانی دژ بەو حکوومەتە وەکوو لەمپەری سەرەکی بۆ گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێراندایە، هەرلەبەر ئەوەش وێدەچێ زۆرینەی هێزەکان بتوانن لە دەوری یەک دوو خاڵی سەرەکی بۆ کاری هاوبەش کۆ ببنەوە، بەڵام بۆ نوێنەرانی سیاسیی کورد پێویستە لە ڕەوتی هەڵبژاردنی هاوپەیمان و کاری هاوبەشدا چەند خاڵێکی سەرەکی لەبەرچاو بگیردرێ:

١- حیزب و کەسایەتیی هاوپەیمان دەبێ دێموکراسیخواز بێ و لە کردەوەدا ئەوەی سەلماندبێ.

٢- لە سەرکوتکردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و خەڵکیی ئێران لە دوو ڕێژیمی پەهلەوی و ئیسلامیی ئێراندا بەشدار نەبووبێ. ئەگەر بەهەر هۆیەک بە شێوەیەکی کاتی لەبەرەی ئەو دوو ڕێژیمەدا بووبێ و لە سەرکوتکردنی خەڵکدا بەشدار نەبووبێ، ڕەخنەی لە کردەوەی خۆی گرتبێ و بەکردەوە ئەوەی سەلماندبێ.

٣- "بالقوە" یان "بالفعل" خاوەنی کاریگەری و نفووز لە کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی ئێراندا بێ و بتوانێ لە ڕەوتی کۆکردنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دەور بگێڕێ.

٤- باوەڕی بە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەبێ.

٥- کاتێک لە بەرنامەی حیزبێکی کوردستانیدا ئاماژە بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ئاستی ئێران کراوە و تەنانەت ناوی حیزبەکە بە ئێرانەوە پێناسە دەکرێ، لە بەکارهێنانی پێشمەرج وەکوو تەواویەتی ئەرزیی ئێران پارێز بکات. بەکارهێنانی بەردەوامی ئەم ڕستە و وشانە لە میدیاکان و تۆڕی دنیای مەجازییدا تەنیا پیشاندەری نەبوونی متمانە بە کورد و هێزە نەتەوییەکانی دیکەی ئێرانە.

٦- پابەند بە خاڵە ڕێککەوتنەکانیان بن، لە تەکرەویی پارێز بکەن و وەکوو کۆ بەرەوپیلی ڕووداوەکان بچن. سنووری چالاکیی حیزبێک بەتەنیایی وەکوو یەکەیەکی سەربەخۆ یان لەنێو چوارچێوەی ئێئتلافەکەدا دیاریی بکرێ.

ئەگەر بڕیار ئەوە بێ ڕێکخراوەیەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی خاڵە پەسەندکراوەکانی هێزە هاوپەیمانەکان بە ئیشتای خۆی لەگەڵ ئەم و ئەو مانۆڕ بدات، فەلسەفەی بوونی لە هاوپەیمانی لەگەڵ نوێنەری نەتەوەکان یان هێزە سەرانسەرییەکان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە و، ئاکامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە. بەگشتی پراگماتیسمی سیاسی و تەکرەویی هێزێک دەبێتە هۆی بێمتمانەیی، پێشێلکردنی پرەنسیپی کاری هاوبەش، پێکهێنانی دووبەرەکی، بێکەڵک و پاسیفکردنیان و، لە کۆتاییدا مەترسیی هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکەیان بەرز دەکاتەوە.

لەنێو زۆرینەی حیزبە سەرانسەری و نەتەوەییەکانی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکان جیاوازیی بیر و بۆچوون هەیە. بۆ وێنە، بەشێک لە چەپەکان بەپێی بنەمای ئایدیۆلۆژیی و پێوەری چینایەتی و شۆڕشگێر بوون، بازنەی هاوپەیمانییەتیان تەسک دەکەنەوە و، بەشێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەم قۆناخەدا بێ لەبەرچاوگرتنی نێوەڕۆکی نیزامی سیاسیی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری یەکیەتی و هاوپەیمانییەکی بەرباڵاو و گشتگیر لە مەشرووتەخوازەوە هەتا کۆماریخواز و هتد هەیە!

بێگومان لە قۆناخی ئێستای خەباتدا واتە قۆناخی ڕووخاندنی حکوومەتی ئێران بۆ تێپەڕین لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی، ناکرێ هێزێکی پێشکەوتنخوازی کوردستانی یان ئێرانی بە پێوەری چینایەتی بەرەو هاوپەیمانی لەگەڵ هێزەکانی دیکە بچێت، هاوکاتیش ناکرێ تایبەتمەندیی هێزەکان و هێڵە سوورەکان لە بەرچاو نەگیرێ. بۆ وێنە نێوەڕۆکی فیکری و فەلسەفیی مەشرووتەخوازەکان و لایەنگرانی دەوڵەتێکی کۆجێیی بهپێی باوەڕیان بە یەک "ملت" بوونی ئێران و حاشاکردن لە کێشەی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا، وێڕای قەبووڵی ڕواڵەتیی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان پارێزگاکاندا، ئیزنی دێموکرات بوونیان پێ نادا. ناکرێ لە کەسێک یان ڕێکخراوەیەکی پاوانخوازی سیاسی کە باوەڕی بە دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و فرەنەتەوەیی بوونی ئێران نییە و، چەمکی "ملت ایران" و "پایبندی بە تمامیت ارضی ایران" بە هێڵی سووری خۆی دەزانێ، تەنیا بەپێی قەبووڵی هەبوونی "قوم"، "اتنیک" و "تکثر"ێک کە جێی لێکدانەوە و تەفسیری جۆراوجۆرە، چاوەڕوانی هاوکارییەکی دێموکراتیک و بە دوور لە گوشار، شانتاژ و زێدەخوازی لە ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، هەروەها لە کاتی ئامادەکاریی بۆ دابینکردنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران بکرێ. شکستهێنانی مەنشووری بە ناو "مهسا" و وتەکانی "حامد اسماعیلیون" لەمەڕ نادێموکراتیکبوونی ڕەزا پەهلەوی و گوشاری مەشرووتەخوازەکان بۆ داسەپاندنی بیر و ویستەکانی خۆیان نموونە و ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش بۆ ئەوانەیە کە بە هیوابوون لەگەڵ نوێنەری سێمبولیکی مەشرووتەخوازەکان و چەند کەسایەتیی چالاک و خۆشناو بەستێنی هاوپەیمانییەکی بەرفراوان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پێکبێنن.

**بانەمەری ٢٧٢٣**

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناشایستی "شاه الهی"یەکانی مەشرووتەخواز لەگەڵ ئەندامانی بەرچاوی مەنشووری "مهسا" و، هەوڵنەدانی ڕەزا پەهلەوی وەکوو یەکێک لە بەشدارانی سەرەکیی ئەم مەنشوورە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، کەمکردنەوە یان کۆتاییهێنان بە شاڵاوی ئەم هێرش و بێڕێزییانەی لەلایەن لایەنگرانیەوە بە هاوبەشانی ئەم مەنشوورە دەکرێ، پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە مەشرووتە و پاشایەتیخوازەکان بەپێی هەبوونی بیروهزری پاوانخوازانە و نادێموکراتیک، فەرهەنگ و پوتانسیەلی دێموکرات بوون و کاری هاوبەشیان لەگەڵ هێزەکانی دیکە نییە و ناتوانن هاوپەیمانێکی جێ متمانە بن بۆ کورد و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران.

بۆ تێکشکاندنی ڕێژیمی ئێران دەبێ ئەو هێزانەی کە باوەڕیان بە دێموکراسی، پلۆرالیزمی سیاسی، فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و حکوومەتێکی کۆماریی ناکۆجێیی هەیە لە پێناو ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی ئێران و پێکهێنانی بەستێنی پێویست بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک یەک بگرن؛ ئەوکات دەتوانن تەنانەت وەکو بەرەیەک بۆ وتوویژ و دانوستان لەگەڵ هێزو بەرەکانی دیکەی ئێرانی بە بیروباوەڕی جیاوازەوە بچن. داهاتووی ئێرانی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەپێی هاوسەنگیی هێزەکان چارەسەر دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەش، نوێنەرانی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزەکانی "بالقوە"ی ئێستا و "بالفعل"ی داهاتووی خۆیان دیاری بکەن و بە لەبەرچاو گرتنی پرەنسیپی نەتەوەییان بۆ پێکهێنانی بەرە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئێرانی هەنگاو هەڵێنن.

**١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەلاقەی "شۆڕشی ژینا"وە



ئەلبورز ڕوویین‌تەن

لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی بەهاری عەرەبییەوە هیوای هاتنەئارای دۆخێکی نوێ بۆ بەشێک لە وڵاتە دیکتاتورییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەن زۆر لایەن و چاودێری سیاسییەوە دروست بوو، بە تایبەتی کە شۆڕشگێڕەکانی ئەو وەرچەرخانە نەوەیەکی نوێ بوون کە لە ڕێگەی سۆشیال‌میدیاوە هەماهەنگ دەبوون و دونیای پێشکەوتوویان ناسیبوو، و داوای نەهێشتنی دیکتاتوریەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی لەمپەری بەرانبەر گەیشتن بە ئازادییەکان و دێموکراسی کە سەرەتای هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن بوو نەمێنێ.

دوای زیاتر لە دە ساڵ لە دەستپێکی یەکەم هەنگاوی ئەو شۆڕشە ناتوانین بڵێین کە کە ئامانجی نەوەی شۆڕشگێڕ هاتوتە دی، چونکە وێڕای شەڕ و قوربانییەکی بێوێنە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ئەو دیکتاتوریانە لەجێی خۆیان‌دان و تەنانەت هەوڵی گەڕانەوە بۆ دۆخی ڕابردوو دەدەن.

لەنێو ئەو وڵاتانە دۆخی سووریە بۆ ئێمە گرینگیەکی زۆری هەبوو، چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕش لە سووریە پارچەیەکی کوردستان لە ژێردەستیی داگیرکەر ڕزگار دەبوو، ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە یەکێکی دیکە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە هاوکێشەی چوار وڵاتی سووریە، عێراق، تورکیە و ئێراندا کە بەردەوام لە سەر پرسی کورد هاوپەیمان بوون و بەو هاوپەیمانییەش کوردیان گەمارو دەدا و ئاسانتر شۆڕش و جوڵانەوەکانیان یەک لە دوای یەک سەرکوت دەکرد، نەمێنێ یا لانی کەم وەک پێشتر نەمێنێ.

بەڵام لە ئێستادا بەشار ئەسەد هەروا لە دەسەڵاتی سووریەدا ماوەتەوە و دەیهەوێ لە گەڵ تورکیەش ڕێک بکەوێ بۆ ئەوەی لە بەرانبەر کارتی سوپای ئازادی سووریە کە لە لایەن تورکیە بە خەونی نئوعوسمانی ئەردوغان پشتیوانی دەکرێن، ئەو دەسەڵاتە جێگەی پرسیارەی کورد لە ڕۆژئاوا نەهێڵێت و جارێکی دوای دەیان ساڵ شەڕ و نائارامی لەسەر خاکی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران. بۆ ئەوەی ئەو دۆخە بێتە ئاراوە هەر لە ڕۆژی یەکەم کە شۆڕش لە سووریە دروست بوو ئێران خەریکی پیلان و شەڕە، کە بە ئاکامەکەی گەیشتووە. بەڵام لە دۆخێکی وەهادا، واتە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی هاوپەیمانی چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی کورد چۆن دەبێ پرسیارێکی شایانی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەیە.

تورکیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٤ مانگی مەی لە ئەگەری بردنەوەی هەر لایەنێک دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سووریە و ئەوەش دەبێتە هۆی گوشارهێنان بۆ سەر کورد، لە لایەکی دیکە بەهۆی هەبوونی گرفتی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و هەبوونی پەیوەندییە بەربڵاوەکانی عێراق و ئێران، هاتنە نێو هاوکێشەی تورکیە و سووریە گوشارێکی زیاتر بۆ سەر کورد بەگشتی و هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دروست دەکات. لە ئەگەرێکی وەهادا گەڕانەوە بۆ ڕابردووی دژی کورد بە تایبەتی بە هاوکاری و هەماهەنگی ئەو چوار وڵاتەی کوردستانی بە سەردا دابەشکراوە زیادتر دەبیندرێت، ئەوەش دۆخێکە دەبێ بیری لێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەک بۆ دۆخی کورد و کوردستانمان دەست کەوێ.

لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا ئێران لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی لەگەڵ عەرەبستان و کردنەوەی دەرگا بۆ هاتنی زیاتری چین و ڕوسیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بۆ ئەوەی خۆی لەو تەریککەوتەییە ڕزگار بکات. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەی خۆی سەرکەوتوو بێت، ئەوە دەتوانێ کارتی ئاشتی لەگەڵ ناوچە و هێنانی چین و ڕوسیە بەرانبەر ڕۆژئاوا بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ئەوان پەلکێشی سەر مێزی دانوستاندن بکاتەوە و ئیمتیازی نوێ وەربگرێ، هەروەها دەرفەتێکی زیاتر بۆ سەرکوتی شۆڕش لە نێوخۆ بە دەست بهێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

له کاتێکدا هەموو ئەو گۆڕانکاریانەو هەموو ئەو دۆخە نەرێنییەی کە بە نیسبەت کورد هەیە، تەنیا دەرفەت بۆ ڕزگاری، شۆڕش و هەستانەوەی خەڵک لە ئێران و بەتایبەتی دۆخی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتە. چونکە ئێران وێڕای ئەوەی لە سیاسەتی دەرەوەدا هەندێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی شۆڕش لە نێوخۆ هەر وەک وڵاتێکی لاواز سەیر دەکرێت و بۆ هیچ لایەنێک وەک وڵاتێکی سەقامگیر نابیندرێت. بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئێران وڵاتێکە لە لێواری دارمان بۆ هەموو وڵاتانی دیکە، لەلایەکی دیکە لە ناکاو هەستانەوەی خەڵک ئەو وڵاتە بەرەو داڕوخانی کۆتایی دەبات. بەگوێرەی هەموو ئەو شیکردنەوانەی کە هەن ئەو ناسەقامگیرییەی نێوخۆی پێشبینی ناکرێ. لەبارەی هەستانەوەی نێوخۆی ئێرانیش کوردستان ڕۆڵێکی تایبەتیی هەیە، چونکە تەنیا شوێنە کە ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەر و خەڵکێکی ئامادەی شۆڕشی لە هەموو ئێراندا هەیە. واتە دیسان باری قورسی نرخدان لەسەر شانی کورد و کوردستانە.

بە دیتنی ئەو ڕاستییانە جارێکی دەردەکەوێ شۆڕشی کورد و کوردستان لە ڕۆژهەڵات سەرەتا کاریگەریی بە سەر ئێران هەیە و دواتر لە ڕێگەی ئێرانەوە کاریگەری لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ، هەربۆیە وێڕای لە بەرچاوگرتنی هەموو ئەستەمیەکانی بەردەوامیی شۆڕش و دۆخی ڕۆژهەڵات لە ئەگەری سەرکەوتووبوونمان کاریگەریمان زیاتر دەردەکەوێ، ئەوەش بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەوەی کار بکەین بۆ ئەوەی شۆڕش بە هێزەوە بەردەوام بێت کە وێڕای هەموو ئەستەمییەکان کردەنییە.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# پشت ئەستووریی پیشەسازیی نیزامیی ئێران بە تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی




**سی ئێن ئێن – تیم لیستەر**

**و: کەماڵ حەسەنپوور**

تـوێژینەوەی نـوێ ڕادەی پشتئەستووریی پیشەسازیی بەهێـزی چەکوچۆڵی ئێرانـی بە تەکنەلۆژیـای ڕۆژاوایـی و چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیایە لە لایەن ڕووسیەوە دژی شارەکانی ئوکراینی، ئاشکرا کردووە.

تـوێژینەوەی چەکـی نـاکۆکی (CAR)، ڕێکخـراوێکە کە بـنکەکەی لە بریتانیـایە و ئەو ڕێکخـراوەیە کە لە سـەر بەشـەکانی پێکهێـنەری چەکوچـۆڵ تـوێژینەوە دەکـات، ڕایگەیانـدووە فـڕۆکەی بـێ فڕۆکەوانـی "شـاهید - ١٣٦" کە ئێـران بە ڕووسـیەی فرۆشتوون، ماتۆڕەکەیان لە سەر تەکنەلۆژیـای ئاڵمـانی دامەزراوە، تەکنەلۆژیـایەک کە بە شێوەی نایاسـایی نـزیکەی بیست ساڵ لەوەپێش وەدەست ئێران کەوتووە.

دۆزینەوەکە دوای پشکنینی چڕ لەو بەشانە وەدەست هاتووە کە لە ئوکراین دۆزراونەوە و زانیارییەکەیان تەنیا دراوە بە سی

ئێن ئێن، جەخت لەسەر توانایی ئێران بۆ لاساییکردنەوە و گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای سەربازیی، کە بە نایاسایی وەدەستی هێناون، دەکاتەوە.

کاربەدەستانی ڕۆژاوایی جیا لەوە لەوەش نیگەرانن کە ڕووسیە ڕەنگبێ چەکوچۆڵ و کەرستەی سەربازیی پتر بدا بە ئێرانییەکان کە لە بەرەی ئوکرایندا دەستی بەسەردا گرتوون؛ ئەگەرچی تا ئێستا، هیچ بەڵگەیەکی قایم لەگۆڕیدا نییە تا بسەلمێنێ ڕووسیە ئەو کارەی کردووە. بەڵام پەیوەندیی نێوان تاران و مۆسکۆ پەرەی ئەستاندووە و ئەو دوو وڵاتە زۆر لە یەکتر نزیکتر بوونەتەوە. ڕووسیە خوازیاری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکە بالیستیکییەکانی ئێرانە؛ ئێران خوازیاری وەبەرهێنان و بازرگانیی ڕووسیەیە. بەگوێرەی کاربەدەستانی ئێرانی، ڕووسیە بۆتە مەزنترین وەبەرهێنەری بیانی لە ئێران لە ساڵی ڕابردوودا.

بەگوێرەی بۆچوونی کاربەدەستانی ڕۆژاوایی، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێرانی دەتوانێ بۆ ڕووسیە ببنە جێگرەوەی هاژەکی گرانبایی کە خەریکە ژمارەیان لە عەمبارەکانیاندا لە تەنکایی بدا. پسپۆڕان لەو بڕوایەدان، بۆ وێنە درۆنی شاهید-١٨٦ دانەی نزیکەی بیست هەزار دۆلارە کە دەکاتە بەشێکی زۆر کەم لە نرخی هاژەکی دەریایی کالیبر.

لە ئۆکتۆبری ڕابردوو، سەرۆکی هەواڵگریی سەربازیی ئوکراین، کریلیو بودانۆڤ، گوتی ڕووسیە بڕیاری کڕینی نزیکەی ١٧٠٠ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لە مودێلی جۆراجۆردا داوە. ئوکراین شارەزایی خۆی لە خستنەخوارەوەی درۆنی شاهید-١٣٦ سەلماندووە، بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی دارمانی پاشەکەوتی چەکوچۆڵی بەرگریی ئاسمانیی ئەو وڵاتە. سەرەڕای ڕێژەی کەمی تەقەمەنی بارگەکراو لەنێو درۆنی شاهید-١٣٦ کە نزیکەی ٤٠ کیلۆ گرامە، بێتوو ئەو درۆنە شوێنی مەبەست بە دروستی بپێکێ، دەبێتە هۆی زەرەر گەیاندنی بەرچاو.

## بەهێزکراو بە تەکنەلۆژیای ئاڵمانی

لە نێوان نۆڤەمبەری ڕابردوو تا مانگی مارچی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی توێژینەوەی چەکی ناکۆکی توانی لێکۆڵینەوە لەسەر ٢٠ درۆن و تەقەمەنیی ئێرانی لە ئوکراین بکات، بەڵام تەنیا نیوەیان درۆنی شاهید - ١٣٦ بوون.

ئەو ڕێکخراوە توانی پشتڕاستی بکاتەوە کە ماتۆڕی شاهید - ١٣٦ لە لایەن کۆمپانیایەکی ئێرانی بە ناوی "اوج پرواز ما دو نفر" ناسراو بە مادۆ، کە بنکەکەی لە شاری شکوهیە لە پارێزگای قومە، ئەندازیاریی پێچەوانەی بۆ کراوە. کۆمپانیاکە



سەرچاوە
Serchawe

لەلایەن بریتانیا و یەکیەتی ئورووپاوە لە دێسەمبەری ڕابردوودا ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنراوە.

توێژینەوەی ئەو ڕێکخراوە مۆرکی مادۆی بەسەر کڵاوی پلاک (شەمع)ی ماتۆڕی درۆنەکان و هەروەها زنجیرەی ژمارەیی کەڵکوەرگیراو لەلایەن مادۆی دۆزیوەتەوە.

بە گوێرەی دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و وڵاتە یەکگرتووەکان، مادۆ دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە پیشەسازیی گەشەئەستێنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێراندا هەیە. نمونەی زنجیرەی ژمارەیی مادۆ هەروەها لەلایەن پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە دۆزراوەتەوە کە لە هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر عەرەبستانی سعودی و هەروەها هێرشەکانی ساڵی ڕابردوو بۆ سەر ئەبو زەبی، یەکێک لە ئیمارەتەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کۆڵیوەتەوە، کە گوایە لە لایەن حوسییەکانی یەمەن، هاوپەیمانی ئێران، بەڕیوە چووە.

تەیمورخان، توێژەری خەلیج کە بۆ ڕێکخراوی توێژینەوەی چەکی ناکۆکی کار دەکات بە سی ئێن ئێنی گوت کە سیستەمەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێرانی بەردەوام لە گەشەکردن و بەڕۆژکرانەوەدان و "توانیویانە بیسەلمێنن کە لە ڕوانگەی هەنگێوی، سیستەمی ڕینوێنیکار بۆ بەئامانجگرتن و هەروەها توانایی دژی خنکاندنی شەپۆلی ئێلێکترۆنیکی، هەر دێتوو کاریگەرتر دەبن".

## هەوڵێکی درێژخایەن

دیزاینی ماتۆڕی مادۆ دەرخەری هەوڵە چڕەکانی ئێران لە ٢٠ ساڵ لەوەپێشەوە بۆ وەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک، هاوکات لەگەڵ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئابلۆقەی بەربڵاوی نێونەتەوەییە. لە ٢٠٠٦، ئێران بە شێوەی نایاسایی دەستی بەسەر ماتۆڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان داگرت کە لە لایەن کۆمپانیای لیمباخ فلوگ موتورێن دروست دەکران. سێ ساڵ دواتر، ئەندازیارێکی ئێرانی بە ناوی یوسف ئەبوتالیبی، ڕایگەیاند کۆمپانیاکەی ماتۆڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دروست کردووە. ئەو کۆمپانیایە بوو بە مادۆ. بەگوێرەی ڕێکخراوی توێژینەوەی چەکی ناکۆکی، وێدەچی ئەو کۆمپانیایە ویستبێتی دەوری خۆی لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شاهیددا بشارێتەوە. پشکێنەرەکانی ئەو ڕێکخراوەیە دیتوویانە کە زنجیرە ژمارەی بەرهەمهێنان لە سەر بەشەکانی ئەو درۆنانەی لە ئوکراین دۆزراونەوە، لە هەوڵێکی ئاشکرا بۆ شاردنەوەی سەرچاوەکەیان، پاک کراونەوە. ڕێکخراوی توێژینەوەی چەکی ناکۆکی دەڵێ، "ئەو دەستکارییانە پێشیان بە لێکۆڵینەوە لە دەستنیشان کردنی ڕایەڵەی دابینکاری نێونەتەوەیی، کە بەشە سەرەکییەکان بۆ

ناوخۆی ئێران دابین دەکەن، گرتووە".

لە نێو بەشی دیکەی ڕۆژاواییدا کە ئێران کڕیونی و کۆپی کردوون، هێندێک بەشی هاژەکی ولاتی چێک - ـە. ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠ گوتی کە ماتۆڕی هاژەکی قودس - ١ کە لە هێرش بۆ سەر دامەزراوەی پالاوتنی نەوت لە عەرەبستانی سعودی، ساڵێک پێشتر کەڵکی لێ وەرگیرابوو "کۆپییەکی ڕێگاپێنەدارو لە ماتۆڕی جێتی تی جەی TJ-١٠٠) ١٠٠ بەرهەمهێنراو لە لایەن کۆمپانیای پی بی ئێس ڤێلکا بیتەش" لە کۆماری چێک بووە.

پسپۆڕان دەڵێن وێدەچی ماتۆڕی چێکی هەروەها لە هاژەکی حیدەر-٢ ی ئێرانیشدا کەڵکی لێ وەرگیرابێ.

کۆمپانیاکە دەڵی قەت لەو ماتۆڕانەی بە ئێران یان یەمەن نەفرۆشتووە، بەلام ئێران پسپۆری خۆبواردن لە کۆنترۆڵی هەناردەکردنی تەکنەلۆژیای هەستیارە و لە هێندێک دۆخدا کەڵک لە کۆمپانیای ڕووکەشی وەردەگرێ. پانێلەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو ئاکامە گەیشت کە ئەو بەشانەی کۆمپانیاکەی ولاتی چێک لە ساڵی ٢٠١٠ هەناردەی کۆمپانیایەک لە هۆنگ کۆنگی کردبوو و پاشان گەیشتۆتە دەست ئێران و لە ٢٠١٩ لە هاژەکی ئێرانیدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

تەیمور خان دەڵێ، ئێران "بەشەکان و تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بە کەڵکوەرگرتن لە نەبوونی شەفافیەت لە زنجیرەی دابینکارانی بەشەکان، وەدەست هێناوە،" کە دەبێتە هۆی باشتر بوونی سیستەمی دەستنیشانکردنی بەش و تەکنەلۆژیای هەستیار لە کاتی هەناردە کردندا و باشتر کردنی مێکانیزمەکانی سەپاندنی ئابلۆقە.

## هاوبەشییەکی گەشەئەستێن

فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی بە ڕووسیە بۆتە هۆی قووڵتربوونی پەیوەندییەکانی ئەو دوو ولاتە، کە لە پێشداش لەبەر تەریککەوتنەوەی ئەو دوو ولاتە لە بازرگانیی جیهانی و سیستەمی دارایی، دەستی بە گەشەکردن کردبوو.

وەزیری ئابووری ئێران، ئێحسان خانوەزیری، مانگی ڕابردوو بە فاینەنشاڵ تایمزی گوت، "ئێمە پەیوەندییەکەمان لەگەڵ ڕووسیە وەک پەیوەندییەکی ستراتێژیک پێناسە دەکەین و لە زۆر بوارەوە، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندیی ئابوورییەوە، هاوکاریی یەکتر دەکەین." داهاتی فرۆشتنی سەدان درۆنی شاهید - ١٣٦ وێدەچی بۆ باشتر کردنی زۆرتری پێشەسازییەکە تەرخان بکرێ و هاوبەشییەکە ڕەنگبێ لایەنی نوێش بگرێتەوە. خان لەسەر ئەو بڕوایەیە کە، "بە لەبەرچاوگرتنی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

ڕاستییە کە ڕووسیە دەست بەسەر چەکۆچۆڵی خاوەن تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ڕۆژاوایی لە بەرەکان ئوکرایندا دەگرێ، وەک هـاژەکی دژە تـانکی جاڤەلین، و هاوکـاریی پەرە ئەسـتێن کە لە نێـوان ئەو وڵاتەدا لە ئـارادایە و ئەو ڕاسـتییە کە ئێـران تواناییەکانی لەو ڕوانگەیەوە سەلماندووە، من وای بـۆ دەچم کە ئەوان هاوکارییەکـان بـۆ کـۆپیکردنی ئەو جۆرە سیستەمانە پەرە پـێ بـدەن." هەروەهـا ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕووسـیە کەڵـک لەو هاوکـارییە وەرگـرێ تـا تواناییەکـانی خـۆی لە پیشەسازیی فڕۆکەی بێ فڕۆکەواندا گەشە پی بدا.

بەڵام تا ئەو کـاتی، هێـزی سەربازیی ڕووسیە وێدەچی کرێـارێکی لێبـڕاو بـۆ سەدان درۆنـی دیکەی ئێـران، وڵاتێـک کە خـۆ بواردن لە ئابلۆقـان بۆ گەشە پێدان بە پێشەسازیی چەکوچۆڵی ڕەسەنی کردۆتە هونەرێکی جوان، بمێنێتەوە.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# کامیان؟



کەریم پەرویزی

سەدان ساڵە لە نێوان خاوەن ڕایان و هزرمەنداندا پرسێکی گرنگ لە ئارادایە و هەر کەس بەپێی تێگەیشتنی خۆی وەڵامی داوەتەوە: لە نێوان هونەر و دەروەستیدا میلی تەرازوو بە لای کامیاندا دەشکێتەوە؟ یان بە واتایەکی تر هونەرمەند و ئافرێنەری هونەری یان ئەدەبی، دەبێ تەنیا پێبەند بە جەوهەری هونەری و ئەدەبی بێ یان دەبێ دەروەست بەرامبەر بە چارەنووسی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاش بێ؟

ژان پۆل سارتر، بیرمەندی ناسراوی فەرانسەیی و خاوەنی قوتابخانەی "بوونگەرایی"، لە کتێبی بەناوبانگی "ئەدەبیات چییە؟"دا هەوڵ دەدا کە لە ڕوانگەی خۆیەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.
سارتر لەو کتێبەدا دەڵێ کە یەکێک لە تایبەتمەندیەیکانی ئافراندنی هونەری ئەوەیە کە خاوەنی بەرهەمەکە یان بە واتایەکی دیکە، ئافرێنەر دەیەوێ لە ڕێگەی ئافراندنی هونەرییەوە بە خۆی بڵی کە من ناسێنەری شتەکان و جیهانم و لە ڕاستیدا بوونی من گرنگە چونکە خەریکم شتەکان پێناسە دەکەم کە خۆیان هیچ ئاگاییەکیان بەرامبەر بە خۆیان نییە. لە ڕاستیدا سارتر دەیەوی بڵێ کە هونەر بریتییە لە هەستی ئافرێنەری کە مرۆڤی خاوەن هونەر لە ڕێگەی جەوهەری

هونەرییەوە خەریکە پێناسەی جیهانی بێزمان دەکا.

سارتر دەڵی هیچکەس حەزی لەوە نییە کە ڕۆحی دەروونیی خۆی لە بەرچاوی گشتیدا ئاشکرا بکا و لە ڕاستیدا هەموو کەس و بەتایبەت هونەر حەزی لە ڕەمز و ڕاز و پێچانەوە لە دووتوێی ناڕوونییەکاندایە و بینەر ببا بۆ سەفەرێکی پڕ لە پرسیار.
ئەمە جەوهەری هونەرە بەڵام ئایا لە هەموو کاتدا هەمان جەوهەری هەیە و جەوهەرەکەی گرێ نەدراوە بە دۆخی ژیانی کۆمەڵگا و بە "کاتی ئافراندنی" هونەرکەوە؟
لە ئێستای کۆمەڵگای کورستان و ئێراندا، کە دۆخی شۆڕشگێڕی زاڵە و ڕێژیمی دەسەڵاتدار خەریکە ڕۆژانە بە قامچی لەسەر پشتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا چیرۆکەکانی ستەمکاری دەنووسێتەوە ئایا جەوهەری هونەری خۆی لە دۆخی هەنووکەیی دوور دەگرێ و حەزی لە ڕەمز و ڕازە یان دەبێتە زمانی ئازارەکانی کۆمەڵگا؟

لە ئاستی کۆمەڵگادا پرسیاری لەو چەشنە زۆر دێتە پێش و کەسانی چالاکی جۆربەجۆر لە بواری هونەر جا شانۆ بێ یان مووسیقی یان فیلم یان شێعر و ئەدەب، یان تەنانەت کەسانی بواری ئابووری یان بازرگانی یان هەر بوارێکی دیکەی کۆمەڵگا باس لەوە دەکەن کە هەموو شت سیاسی نەبێتەوە و هەندێک بواری دیکەی غەیرە سیاسی هەبێ کە دەرەتانی کارکردنی تێدا بدرێ و خەڵک لەوێدا دوور بن لە سیاسەت.

لە نموونەی هەرە بەرچاودا لەم ڕۆژانە داریووش مێهرجوویی سینەماکاری فارس لە کاتی پیشاندانی فیلمەکەیدا پرسیاری دۆخی ئێستای کۆمەڵگای لێ کرا و گوترا کە لەکاتێکدا کە ئەکتەر و هونەرمەندانی وەها هەن کە لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا بەشدارن، ڕای تۆ چییە و ئەویش بە تووڕەییەوە وتی کە ئەو تەنیا کاری فیلم دەکا و کاری بە سیاسەت نییە.
ئەمە تەنیا نموونەیەکە و لە زۆر بواردا ئەو پرسیارە یان ئەو هەڵوێستە دێتە ئاراوە کە کاری بە سیاسەت نەبێ و تەنیا کاری هونەری یان کاری بازرگانی و یان کاری سەرمایەدانان بکەن و هەرکامەشیان پاساوی خۆیان هەیە.

هونەرمەند دەڵی کە ئەو تەنیا جەوهەری هونەرییەکەی بەلاوە گرنگە و دەیەوێ بەرهەمێکی پاکی هونەری هەبێ. وەک ئەوەی کە گەر ئاوڕ لە دۆخی کۆمەڵگا بداتەوە، ئیدی هونەرەکەی پیس دەبێ و خەوشی لێ دەنیشێ!
یان کەسانی سەرمایەدار باس لەوە دەکەن کە ئەوان بە کاری مادییان، دەرەتانی کار و ژیان بۆ ژمارەیەک کەس دابین دەکەن و هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ! ئیدی شۆڕش و خەبات چ هەزینەیەکی مادیی هەیە و ئەوانەی لە ڕەوتی خەباتی شاردا بریندار دەبن یان زیانی ماددی دەکەن، ئەو سەرمایەدارانە گوێ بەوە نادەن کە کرێکارەکانیان یان موشتەرییەکانیان

بانەمەری ۲۷۲۳

و یان سەرچاوی مرۆیی سەرمایەکانیان چ ئازارێک دەکێشن و خۆیان پێبەند بەوە نازانن کە لانیکەم یارمەتیدەری مادیی شۆڕشەکە بن.

پرسی دوورەپەرێزی لە سیاسەت ڕەنگە لە کاتی ئاسایی ژیانی کۆمەڵگادا پرسێکی ئاسایی بێ و مافی هەر تاکێکە کە بواری تایبەتی ژیانی خۆی بگرێتە پێش و ئیدی کاری بە دۆخی گشتی یان بیاڤی گشتیی کۆمەڵایەتی نەبێ.
بەڵام لە دۆخی ئاورتەدا ئیدی هاوسەنگییەکانی ئاسایی وەڵامدەر نین. لە کاتی لافاودا ناتوانی بە هەڵکردنی پانتۆڵەکەت، جلەکانت لە تەڕبوون بپارێزی.
کاتێک کە سیستمی دەسەڵاتدار بە هەموو تواناوە پەلەقاژەی داسەپاندنی دۆخی مەرگ و ترس لەسەر کۆمەڵگایە ئیدی بێدەنگ بوون، یارمەتیدانە بە زاڵبوونی هاژەی قامچییەکانی ستەمکاران.

ڕەنگە لە دۆخی ئاساییدا، هەر تاکێکی هونەرمەند حەزی لەوە بێ کە هونەرەکەی بەتەواوی جەوهەری هونەری نابێ هەبێ و بەقەولی سارتر حەزی لێ نەبێ ڕۆحی لە بەرچاوی هەمووان نومایش بکا، بەڵام لە دۆخێکی وەهادا کە شۆڕشێک لە ئارادایە ئیدی نەک هونەرمەند و نەک سەرمایەدار و نەک جووتیار و نە مامۆستای ئایین و نە هیچ مرۆڤێکی دیکەی نێو کۆمەڵگا ناتوانن بێلایەن بن.

بێلایەنی لە دۆخی ئاساییدا مانای هەیە کە تاک خۆی دوور دەگرێ لە بیاڤی گشتی و بە حەز و ویستەکانی خۆیەوە سەرقاڵە و کێشە سیاسییەکانی نێو پارلمانە دێموکراتیکەکان زۆر کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئەو نییە. بەڵام لە سیستمێکی تۆتالیتەردا کە هەموو قوژبنێکی ژیان داگیر دەکا و هەر هێمایەک گەر هێمای حاکمی ملهوڕ تێدا نەبێ، هەوڵی سڕینەوەی دەدا، ئیدی ژیانی ئاورتە دوو ڕێیانێکە بۆ هەڵبژاردن.

لەو دوو ڕێیانەدا، هەموو کەس بە هەڵوێستە و کردەوەکانی دەناسرێتەوە نەک بە بیرەوەری و پاساوەکانی. لەو دووڕێیانەدا کامیان هەڵ دەبژێری؟ دەنگ هەڵدەبڕی و بە هەر شێوەیەک بوێت بکرێ یارمەتیی بەرەوپێشچوونی شۆڕش دەدەی یان بە پاساوی جۆربەجۆر دەبیتە ڕێخۆشکەر بۆ زاڵبوونی هەرای ستەمکاران؟ هەڵوێستەکانت بناخەی بوونت دەناسێننەوە.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

١٩ی بانەمەڕی ۲۷۲۳

# نافەرمانییە کۆمەڵایەتییەکان



نیشتمان موکری

نافەرمانییە کۆمەڵایەتییەکان هەمووکات تێچووی زۆریان بۆ حکوومەتەکان هەیە. بەتایبەت، ئەو تێچووە تا ڕێژەی زوڵم و ئیستبداد زیاتر بێ ڕووی لە هەڵکشانە و بەناچار بۆ بەلاڕێدابردنی دۆخێک کە لە ئارادایە سیستەمی داسەپاوی حکومەت دەست دەداتە خەرجکردنی هەموو ئەو بلیتانەی وا بۆ ڕاگرتنی دیکتاتۆرییەتی خۆی لە بەردەستیدایە.

سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە خۆرهەڵاتی نیشتمان بە بەشداری و پێشەنگایەتیی ژنان و کچانی بوێر بووە هۆی پەرەسەندن و گەشانەوەی گڕوتینی ئەو شۆڕشە لە سەرانسەری جوغرافیای ئێران و لەنێو هەموو نەتەوەکانی ئەو وڵاتە. هەر ئەمە خۆی لە لایەکەوە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری خستە نێو دەزگای حکوومەت و لەلایەکی دیکەوە، بووە هۆی ئەوە سەرنجی هەموو میدیاکان و چالاکانی مافی مرۆڤ و ژنان لە سەرانسەری جیهان بۆ خۆی ڕابکێشێ و ببێتە سەردێڕی هەواڵەکان. بۆیە هەر زۆر زوو ڕژیم هەموو هەوڵی ئەوە بوو ئەم خۆپیشاندانانە سەرکوت بکات و بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕەوتی خۆپیشاندانەکان و ئەوەی خەڵک لە شەقامەکان دوور بخاتەوە، هەموو جۆرە سیناریۆیەکی بەڕێوە برد. ئەم سیناریۆسازییانە، بۆ خەڵک

دیاردەیەکی نامۆ نییە؛ بۆ نموونە کوشتاری مزگەوتەکەی شیراز و هەروەها ساڵانی ڕابردووش بە سیناریۆی خۆی ئەو کارانەی کردووە بۆ ڕەوایبیدان بە گرتن و زیندانی و کوشتن (وەکوو، هێرش بۆ پارلمان و قەورەکەی خومەینی). بەڵام ئەمجارە ڕێژیم لە فکری ئەوەدا بوو سیناریۆکەی هەم دەنگدانەوەی هەبێ و هەمیش تێچووی بۆ خۆی کەمتر بێ.

## هۆکاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ سەر قوتابییان

ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ مانەوەی خۆیان و بەردەوامی سیاسەتە چەپەڵەکانیان هەموو کردەوەیەک تاقی دەکەنەوە و ئەوەی بۆیان گرینگ نییە گیانی خەڵکە و بە ئاسانی دەیانکەنە پردی پەڕینەوەی خۆیان. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەم ماوانەی دواییندا بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکان و بەئامانجگرتنی قوتابییەکان، دوایین پەلەقاژەکانی خۆی بۆ مانەوە و سازکردنی ترس لەنێوان خەڵکدا دەکوتێ. بەڵام لەوە بێئاگایە وا خەڵک چیتر زەبروزەنگی پێ قبووڵ ناکرێ و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە ڕوداوێک بە چەشنە جۆراوجۆرەکان لە نافەرمانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە. لەم ڕاستایەشدا هەر زۆر زوو نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە پیلانی ڕێژیم تێگەیشتن و بەکارهێنانی چەکی شیمیایی بۆ سەر قوتابییانییان هەروا کە خامنەیی خۆی لە قسەکانیدا وەکوو «تنبیه» ناوی لێ بردبوو، بە جۆرێک هەڕەشە و تۆڵەکردنەوەی ڕێژیم لە هەمبەر خۆپیشاندانەکاندا لەقەڵەم دا.

هەڵکشانی ڕێژەی هەواڵی دەرمانداوکردنی قوتابییان و نەبوونی کاردانەوەی پێویست و گونجاو لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە، دەرخەری مەترسیی زۆر لەسەر گیانی خەڵک و بەتایبەت جیلی لاوان و تازەلاوانە. لە ڕوانینی دەزگای سەرکوتەوە ئەمە یەکێک لە ئاسانترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوە و سەرکوتی خەڵکە کە هەم ترس و پاشەکشەیان تێدا دروست و هەمیش ئامانجەکانی دیکەی خۆی پێ دەستەبەر دەکات، بۆیە ئەم هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی وەک سیناریۆیەکی نوێ خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

## دیوە شاراوەکانی پشتپەردەی ئەمنییەتی ڕژیم

یەکێک لەو ئامانجانەی پشت ئەم جینایەتە هەروەک پێشتریش باس کرا، تۆڵەکردنەوە لەو نەوەیە بەهۆی بەشداربوونی بەرچاویان لە خۆپیشاندانەکاندایە و خامنەیی لە کۆتاییدا ناچار بوو دانی پێدا بنێت. ئەو نەوەیە هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتییە کە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ڕێبەریی ڕژیم و ئایدۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی دادەنرێت. ئامانجێکی دیکەی پشت ئەم کارە، دەتوانێ تاقیکردنەوەی جۆرێک لە چەکی شیمیایی بێ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆپیشاندانەکانی دادێی

خەڵکی وەزاڵەهاتوی پێ سەرکوت بکات. یەکێکی دیکە لەو ئامانجانە، جێگیرکردنی جۆرێک ترس لە داهاتووی ناڕوون و نائەمنی لاوان و تازەلاوان بەتایبەت کچانە. ڕژیم بەم کارە خەریکی برەوپێدان بە وازهێنان لە خوێندن لەنێو بنەماڵەکان و قوتابییەکاندایە کە سەرەڕای زەحمەت و تێچوویەکی زۆر لەم بوارەدا، داهاتوویەکی ناڕوون و پڕمەترسی چاوەڕێیانە. داسەپاندنی ئەم بیرۆکەیە، دەستەبەرکردنی بنەماکانی ئایدۆلۆژی سیاسی - ئایینی خۆیەتی بۆ نموونە: دوورخستنەوەی ژنان لە کۆمەڵگە و داسەپاندنی پیاوتەوەری، برەوپێدان بە دیاردەی «منداڵهاوسەری»، پێکهێنانی بەستێنێکی هاریکار بۆ زیاتربوونی گەندەڵیی ئەخلاقی و زیانی کۆمەڵایەتی، پەروەردەی بەرەیەکی نەخوێندەوار و پاشکەوتوو و ژێردەستە.

ڕوویەکی دیکەی ئەم کردەوە تیرۆریستییانە دەتوانێ جۆرێک لە تاقیکردنەوە دژە ئەخلاقییەکان بۆ سەر مرۆڤ بێ کە دیکتاتۆرەکان و زلهێزانی جیهان چ بەئاشکرا و چ بە نهێنی بەکاریان هێناوە و لە هەنووکەشدا بەکاردەهێندرێت. ئامانج لەم تاقیکردنەوە لە ڕوانگەی نووسەرەوە بریتییە لە: بەکارهێنانی ئەو کەرەستە شیمیاییە وەکوو ئامرازی شەڕ لە داهاتووی شەڕی وڵاتاندا، بەکارهێنانیان وەکوو ئامرازێک بۆ ئەشکەنجە لە لێپرسینەوەکاندا بۆ زیندانییانی سیاسی، کەڵکوەرگرتن لەو ماددەگەلە بۆ هێرشکردنە سەر حزب و لایەنە سیاسییەکان وەکوو کردەوەیەکی هەمیشەیی، کەڵکوەرگرتن لەم ماددە شیمیاییانە لە کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان و دەستنیشانکردنی ڕێژەی بەرگەگرتنی مرۆڤ، و هتد.

ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتەکاندا حکومەتە دیکتاتۆرییەکان کاتێک دەگەنە ئەوپەڕی لاوازی و بێدەسەڵاتیی خۆیان، بەرنامەگەلی چەکوچۆڵی شیمیایی وەکوو بەرگێڕەوە لە هەمبەر هێرشی دوژمنانی دیکەوە بەکاردێنن کە هێزێکی باو و زیاتر لەوانیان هەیە یان خاوەنی چەکوچۆڵی کوشتاری بەکۆمەڵن. ئەو حکومەتانەی وا مەترسی داڕمانیان چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆدا لە سەرە، چەکوچۆڵی شیمیایی بۆ هەڕەشە بەتایبەت لە سەر خەڵکی وڵاتەکەی خۆی و هێزی سنورە نزیکەکانی خۆی بەکار دەبات. نموونەی ئەم بابەتە لەم ساڵانەی دواییینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕاشکاوانە دەبیندرێت.

## ئاسەواری بەکارهێنانی ماددە کیمیاییەکان

سەرەڕای نەبوونی زانیاری دروست لەسەر جۆری مادەی کیمیایی بەکارهاتوو لە دەرمانداوکردنی قوتابییان، بەڵام ئاسەوارە مەترسیدارەکانی حاشاهەڵنەگرە و لەوانەیە: سەرئێشە و سەرسووڕان، خەواڵوویی، دڵبەیەکاهاتن، دڵەتەپێ، زیانی سیستەمی بەرگری جەستە، زیان گەیاندن بە سیستمی زاوزێی ژنان و هەروەها کۆرپەلە، زیانی دەزگای ئەعساب، بێهۆشی و خەفەبوون. ئەم ئاسەوارانە و دەستەبەرکردنییان وەکوو ئامانجێکی دێرینەی ڕێژیم، سەلمێنەری ئەو ئیدعایەی خۆیەتی کە

بانەمەری ٢٧٢٣

پێش ئەوەی واز لە تاج و تەختی زۆرداری لەو وڵاتە بهێنێ کاولکارییەکی بەرین و قەرەبوونەکراو دەخوڵقێنێت.

## ئاکامی جینایەتە شیمیاییەکان لە ئێراندا

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ساڵێکی دژوار و ناخۆش بە سەر هەموو نەتەوەکانی جوغرافیای ئێراندا و بەتایبەت کورددا هاتووە. بەڵام ئەوەی کە «اسیدپاش»ەکانی دوێنێ، لە بەرفەرمانییەکی نوێدا بیانەوێ لە ڕێگەی تێرۆر یان ئەشکەنجەی بیولۆژیک و ئەو جۆرە هەوڵە تۆقێنەرانەوە، تەنگ بە خەڵک و بەتایبەت کچان و ژنان هەڵچنن و دەرکەوتن و ژیانی کۆمەڵایەتییان بەرتەسک بکەنەوە، تەنیا هاوسانسازی کرداری تاڵبان لە قەدەغەکردنی خوێندنی ژنان نییە، گەڕانەوە بۆ ئەو داهاتووە تاریکە نییە وا بیرمان دەکردەوە پەیوەست بە لاپەڕەکانی مێژوو بووە.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەروەردەی کچان و تەنانەت قوتابخانە نوێکان لە ئێران، کردەوەیەکی کەم پێشینە نییە. لە شەپۆلی دەرمانداوکردنەکانی ئەم دواییانەدا، هێشتا بازنەی شاراوە نەدۆزراوەتەوە تا پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان خامنەیی و هێرشەکان وێنا بکرێت. تەنانەت ئەگەر خامنەیی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لە هێرش بۆ سەر قوتابخانەکان نەبێ، ئەمە ئەوە وا بە فەرمانەکانی دۆخێکی هاریکاری لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگای «آتش بە اختیار»ەکانییەوە بۆ ئەم جینایەتە ساز کردووە.

بۆ داهاتووی ئێران و نەتەوەکانی ئەم جوغرافیا داسەپاوە هەرچێ زووترە دەبێ بیر بکەینەوە. کاتیشمان زۆر کەمە و پێویستە لە بیرکردنەوە تا بەکردەوە بوونی بیرۆکەکانمان، زۆر کات نەخایەندرێت.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# کورد لەنێو بەرداشی سەفەوی و عوسمانییەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی مستەفا مەولوودی



**مستەفا مەولوودی**

## کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد

## (کورد لەنێو بەرداشی سەفەوی و عوسمانییەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی)

کوردستان لە سەدەی حەفدەهەم بەتایبەت لە بەر گرینگییەکەی بۆتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان خاوەن دەسەڵاتەکان و هەمیشە تووشی داگیرکاری و چاوتێبڕین بۆتەوە. بەهۆی هێندێک هۆکاری تایبەت و ستراتیژی وەک هەڵکەوتی ژێئۆپۆلۆتیک و هەڵکەوتی جوغرافیایی، کوردستان دەکەوێتە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە یەکەوە گرێ دەداتەوە و هەروەها دەوڵەمەندە لە ڕووی سامانی کانزایی و سروشتییەوە بە تایبەت نەوت. لە سەدەی شازدەیەمدا ئیمپراتووریی عوسمانی بەهۆی باڵادەستیی توانیویەتی کوردستان داگیر بکا و لە ساڵی ١٣٥٤ی زاییینیدا سەفەوییەکان لە ناوچە دەربکات. تا سەدەی حەڤدەیەم خاک و نیشتمانی کوردان بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی دوو ئیمپراتووریی عوسمانی و سەفەوی. کوردەکانیش لەو شەڕانەوە گلاون و لە دوای شەڕی چاڵدێران (٢٣ی ئووتی ١٥١٤ی



سەرچاوە
Serchawe

زایینی) و بە دوای ئەو شەڕەدا کوردستان بۆ یەکەمجار تووشی پارچەبوون بوو، بەڵام کورد لەو سەردەمیشدا لەنێو ڕووداوەکاندا بووە و لە ناوچەکەدا فەرمانڕەوایی کردووە. لەو سەردەمدا پێنج میرنشینی بەهێز (هەکاری، بادینان، سۆران، بابان و ئەردەڵان) لەنێو گۆڕەپانی سیاسیدا بوون و لەگەڵ دوو دوژمنی خاک و نیشتمانی کوردان دەست و پەنجەیان نەرم کردووە. ئەو ئەمیرە کوردانە زۆر بەهێز بوون. زۆر جاران هیچ حیسابیان بۆ عوسمانی و ئێرانییەکان نەکردووە. شەڕەفخانی بەدلیسی باسی نامەیەکی عێزەدین، میری هەکاری بۆ سوڵتانەکانی ئاققۆینلوو دەکات کە بۆی نووسیوە و دەڵێ: "هەتا قەڵای گومەگێل و قەڵای عمادییە و قەڵای سوێ بمێنێتەوە و لە دەستی ئێمەدا بن، کورد لە توندوتیژیتان ناترسێ."

پاش دیاریکردنی سنووری دوو ئیمپراتووریی عوسمانی و ئێرانی سەفەوی، میرنشین و خێڵە کوردەکان وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی سیاسی ماونەتەوە و پرۆسەی ڕێکخستنی خۆیان و ژیانی ئابووریی کوردەکانیان ڕێک خستووە. لە ڕووی پراکتیکەوە بە یەک ئاراستەدا دەڕۆیشتن و هیچ کاتێک سنووری خاکی میرنشینە کوردەکان وەک بۆتان، بەدلیس، هەکاری و ئەردەڵان و میرنشینە کوردەکانی تر نەبوون بە بەربەست لە کاتی گەڕان و هاتوچۆ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. زۆرجاریش لە کاتی هەستیاردا میرنشینە کوردەکان بە ناوی هەموویان قسەیان کردووە، کاتێک میری هەکاری لەگەڵ دەسەڵاتی (ئاق قۆینلو) قسەی دەکرد، بە ناوی کورد قسەی کردووە.

لە سەدەی هەژدە و نۆزدەیەمدا چەندین ڕووداوی مێژوویی و جیهانی ڕوویان دا کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان دانا. لەو دوو سەدەیەدا کە ئاسیا زۆر بەخێرایی گۆڕانکاریی بەسەردا هات، شۆڕشەکان و شەڕەکانی ناپلێۆن کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە هەبوو. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە گۆڕەپانی ململانێیەکانی فەرانسە، بریتانیا و ڕووسیە. بەو جۆرە پرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاراستەیەکی دیکەی بەخۆوە گرت و بوو بە یەکێک لە پرسە هەستیارەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم.

کورد لە سەدەی نۆزدەیەمدا میرنشینی بەهێزی تێدا دەرکەوتووە، وەک میرمحەممەدی ڕەواندز کە داوای پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی کردووە. میرمحەممەدی ڕەواندز لە ساڵی ١٨١٥ی زایینیدا تا ساڵی ١٨٢٠ سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان و بەربەرین کردووە، دراوی لێ داوە و لە کاتی وتاری هەینی لە مزگەوتەکان تەنیا ناوی ئەو براوە نەک سوڵتان یان خەلیفەی عوسمانی. دەسەڵاتی میرمحەممەدی ڕەواندز تا ساڵی ١٨٣٤زایینی درێژەی هەبووە. ساڵی ١٨٥٨زایینی میری بۆتان (میر بەدرخان) بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەمر و فەرمانی عوسمانییەکان بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ کاری کردووە. لەو سەردەمەدا زۆر لە سەرکردە کوردەکان هاوپەیمانەتییەکی پیرۆزیان بە دژی سوڵتان پێکهێناوە. میر بەدرخان سیاسییەکی وردبین بووە و بۆ یەکڕیزیی کوردان هەوڵی زۆری داوە. دروستکردنی پێوەندیی باش لەگەڵ ئەرمەن و ئاشورییەکان یەکێک لە هەوڵەکانی

ناوبراو بووە. لە ساڵی ١٨٤٢ زایینی دراوی لێ داوە و نووسراوەی سەر دراوەکە "میری بۆتان بەدرخان بەگ" بووە.

ڕاپەڕینی عێزەددین شیر (یەزدانشێر ) لە ساڵی ١٨٤٧ی زایینی یەکێکی دیکە لە ڕاپەڕینە هەرە دیار و بەرچاوەکان بووە و بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی دیکە تا ڕادەیەک جیاواز بووە. لە بەر ئەوەی کە ڕاپەڕینەکەی گشتیگر و بەرفەراوانتر بووە هەربۆیە بریتانیا و ڕووسیا بایەخیان پێ داوە و پێکهاتەکانی نیشتەجێی کوردستان وەک ئەرمەنی، ئاشووری و یونانیەکان هاتوونەتە نێو ڕاپەڕینەکە و بەو جۆرە ڕاپەڕینێکە زۆر گشتگیرتر و بەهێز بووە.

## پرسی کورد لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا

دوای تێکشکانی ئیمپراتوریی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا و دابەشکردنی خاکەکەی لەلایەن هێزەکانی براوەی شەڕەوە قۆناغی دی لە مێژووی کورد دەستی پێ کرد. بەو هۆیەوە خاکی کوردستانیش بۆ جاری دووهەم بە سەر سێ وڵاتدا دابەش کرایەوە. بەڵام لەو قۆناغەدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەستێنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیی دیاریکراو و تایبەت بە دەسپێکردنی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و ئازادیخوازی ڕەخساوە و لە هەموو سەردەمەکاندا پرسی کورد لە سەر ئاستی کوردستان بە گشتی و تەنانەت ناوچەشدا مێحوەری گۆڕانگاری مێژوویی بووە. هەر بۆیە لەو دەورانەدا چەند ڕاپەڕینی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەستیان پێ کردووە و هەموویان کەم و زۆر کاریگەرییان لە بردنە پێشی پرسی کورد لە وڵاتەکان و ناوچەکەدا داناوە.

لە وڵاتی تورکیە یەکەم جموجۆڵی کوردی لە "مەلاتیە" لە ساڵی ١٩١٩لە لایەن ژمارەیەک لە لایەنگرانی "کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان" دەستی پێ کرد. پاشان لە هاوینی ١٩٢٠ "خاڵۆبەگ جەبرانلی" دەستی بە تێکۆشان کردووە. ساڵی ١٩٢٢ لێژنەی سەربەخۆیی کوردستان (ئەرزەروم) بانگەوازێکی بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە یارمەتیی ڕووسیە بڵاو کردەوە و سەرۆکی لێژنەکە (خاڵۆبەگ جبرانلی) لە کاتی کۆنگرەی لۆزاندا نامەیەکی ئاراستەی نوێنەری حکوومەتی ڕووسیە کردووە. لە نامەکەدا هاتووە: بڕیارم داوە ڕوو بکەمە ڕووسیە بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانم بە هاوکاریی ڕووسیە و جەخت کردنەوە لەسەر دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر چاودێریی ڕووسیەدا". بەڵام بەداخەوە ڕووسیە بەهۆی پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ تورکیە هاوکاریی بەرچاوی کۆمەڵەکەی نەکرد.

لە عێراق لە سەرەتای نۆڤامبێری (تەشرینی دووهەمی) ١٩١٨ شێخ مەحموود بەرزەنجی کراوەتە حاکم لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان. لە ساڵی ١٩١٩دا شۆڕشێکی بۆ سەربەخۆیی بەرپا کرد و مەحموودخانی دزڵی پشتیوانیی چەکداری لەو



سەرچاوە
Serchawe

شۆڕشە کرد. پاش دوورخستنەوە و گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ جاری دووهەم بوو بە حاکمی سلێمانی. شێخ مەحموود لە ڕێگای کونسولخانەی ڕووسیە لە تەورێز نامەیەکی ئاراستەی حکومەتی ڕووسیە کرد کە لە بەشێکی نامەکەیدا هاتووە: "بزاڤی کورد هیوا و ئومێدەکانیان بە جوامێریی گەلی ڕوسی چاکەخواز گرێ داوە."
هەروەها شێخ مەحموود ساڵی ١٩٢٣ دووهەم نامەی ئاراستەی حکومەتی سوڤییەت و لە ٢٧ی مانگی جولای (تەمووز) ساڵی ١٩٢٣ سێهەم نامەی ئاراستەی حکومەتی سوڤییەتی کردەوە کە هەم ڕەخنەی لە سیاسەتی بریتانیا گرتووە سەبارەت بە کوردستان و هەم داوای پشتیوانی و هاوکاریی لە ڕووسیە کردووە.

بە هەوڵ و تێکۆشانی کورد لە مانگی ئۆکتۆبێری (تەشرینی یەکەم) ساڵی ١٩٢٤دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر باری ئابووری، ڕەگەزی و نەتەوەیی بڕیاری دا لێژنەیەک ڕەوانەی ناوچەی موسڵ بکا، بەڵام لێژنەکە لە ساڵی ١٩٢٥دا ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد کە تیایدا مافەکانی نەتەوەی کوردی فەرامۆش کردبوو. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتەکەدا تەنها یەک وشەش لە پێوەندی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی خوێناویی کورد لەپێناو مافە نەتەوەییەکانیاندا نەهاتبوو.

لە ئێران لە ساڵی ١٩١٨ سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەستی بە شۆڕش و ڕاپەڕین کردووە. لە ساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ خۆی وەک مەلیک ناساندوە و پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ ولاتان دەست پێ کردووە، گۆڤاری دەرکردووە، لە کۆبوونەوەی سەرکردە کوردەکان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود بەرزەنجی بەشداریی کردووە، زۆر کار و چالاکی دیکەی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچەکەدا کردووە.

لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا چەند شۆڕش و ڕاپەڕینی دیکە وەک شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥، ڕاپەڕینی ئارارات لە ساڵەکانی ١٩٣١ - ١٩٢٧، ڕاپەڕینی دێرسیم لە ساڵەکانی ١٩٣٨ - ١٩٣٦، هەروەها ڕاپەڕینی شێخ ئیبراهیم لە ناوچەی چیای کوردەکان (جبل الاکراد) سەریان هەڵداوە.

هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕش و تێکۆشانەی کورد بۆ دەستەبەری دەسەڵاتی سیاسی بووە بەڵام باسی پرس و کێشەی کورد بووەتە هۆی وروژاندن و دڵەراوکێ و نائارامی لە لای فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەش کراوە، هەر بۆیە ئەرکی سەرەکیی ئەو دەوڵەتانە کاری هاوبەش بوو لە دژی کوردان. ئەو دەوڵەتانە لە مانگی جولای (تەمووز) ساڵی ١٩٣٧ی زایینی پەیماننامەی "سەعدئاباد"یان بەدژی نەیارەکانیان (کە مەبەستی سەرەکییان کورد بووە) بە یەکەوە واژۆ کردووە.

## پرسی کورد لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا

لەو سەردەم و قۆناغەدا وردە وردە ڕێکخراوی جۆراوجۆری وەک: "هیوا"، "ڕزگاری" و "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" سەریان هەڵداوە. بارزانی و لایەنگرانی لە بەهاری ١٩٤٣ نەخشە و پلانی شۆڕشیان داناوە کە ئەوە بووەتە پاڵپشتیی "هیوا" و ئەو شۆڕشە بە جۆرێک پەرەی گرت کە "نووری سەعید" ڕازی بوو بە وتووێژ و دانوستان لەگەڵ کورد و لە ساڵی ١٩٤٣لە مێرگەسوور دانوستانەکان دەستیان پێ کرد. بەڵام سەریان نەگرت و لەگەڵ دەسپێکی شەڕ و بەربەرەکانی وا ڕێکەوت مەلا مستەفا لە ئەیلولی ساڵی ١٩٤٥دا ڕوو بکاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چوونی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات بووە لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد، بوو بە ڕووگە و ئومێدی خەڵکی کوردستان و مەلا مستەفاش هاوکارییەکی بێوێنەی ئەو کۆمارە و قازی محەممەدی کرد. بەدوای شکستی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە و تێکچوونی کۆماری کوردستانیش، گەلی کورد لە خەبات و تێکۆشان ڕانەوەستاوە. خەباتی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش هاوکات لەگەڵ چەند حیزبی دیکە بۆ بەدەستخستنی مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات هەر لە ئارادایە.

تێکۆشانی خەڵکی کوردستان لە باشوور بە ڕێبەریی نەمر مەلا مستەفا بارزانی، شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانی لێ کەوتەوە، پاشان شۆڕشی نوێ سەری هەڵداوە و ئاکامی ئەو خەباتە لە باشوور بۆتە هۆی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو گەلە تێکۆشەرە لە تێکۆشان و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و پتەوکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دامەزراوە مەدەنی و ئیدارییەکان لە هەوڵەکانی بەردەوام بووە و لە ئێستادا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە جێگەی هیوا و ئومێدی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش.

سرووشتییە لەم سەردەم و قۆناغەدا کورد لە باکوور و ڕۆژئاواش لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە و بە هۆی خەباتی بێوچان لە تورکیە، پرسی کورد بۆتە پرسێکی گرینگ و هەستیار لەو وڵاتە و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بە پێی هەلومەرجێک کە لەو وڵاتە هاتۆتە ئاراوە، کورد بۆ ئیدارەکردن و خۆ بەڕێوەبەرییەکی دێموکراتیک تێدەکۆشێ.

کۆی ئەو باسە ئەوە بیر ئێمە دەخاتەوە کە سەرەڕای پیلانی دەوڵەتان و سیاسەتی زلهێزان و وڵاتانی بەرژەوەندی خواز، کورد هیچکات لە خەبات و تێکۆشان کۆڵی نەداوە. ئاکامی ئەو خەباتە وای لێ هاتووە کە لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و زلهێزەکانی دەسەڵاتداری ناوچەکەش ناتوانن چاوپۆشی لێ بکەن و پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا بۆتە یەکێک لە پرسە هەرە گرینگ و هەستیارەکان. دابەشکردنی کوردستان، کوشتنی خەڵکی کورد و



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٣**

**وێرانکردنی کوردستان نەک هەر نەبوونە هۆی چارەسەر بەڵکوو ئەم تاوانکارییە کێشەی کوردی گەیاندۆتە پارلەمانی وڵاتان و نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان و سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە ڕۆژانە بەسەر کورد دێن، کوردی گەیاندۆتە قۆناغێک کە هەتا سەرکەوتن گەڕانەوەی بۆ نییە.**


**١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە Serchawe

# شەپۆلی نوێی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان



سۆران شەمسی

لە دونیای پێش مۆدێرندا سزای لەسێدارەدان بۆ پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرا و حکوومەتەکان هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی خۆیان بە ترساندنی خەڵک بە لەسێدارەدانی تاوانباران لە شوێنە گشتییەکاندا نیشان بدەن.

هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لەگەڵ ئایدئۆلۆژیی ئیسلامی کە ئێران بەڕێوەی دەبات ناتەبایە، بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووانی جیهان، ئێران ژمارەی پێوانەیی لەسێدارەدانی لە جیهاندا بەدەستەوەیە، بەهەمان ڕێژە کە وڵاتانی دێموکراتیک سزای لەسێدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە، حکوومەتە تاکڕەوەکان ئەم حوکمە بۆ دژبەرانیان بەکار دێنن تاکوو ئۆپۆزسیۆن سەرکوت بکەن.

سێدارە و کوشتنی حکوومەتی تەنیا یەکێکە لە تاکتیکەکانی حکوومەت بۆ بێدەنگکردنی خەڵکی بێزار لە حکوومەتی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی، کە خەریکە لە بەرامبەر ستەم و توندوتیژیی دەسەڵات بەرامبەر کۆمەڵگاکەیان یەکگرتووتر

دەبن.

خۆپیشاندەران لە شەقامەکاندا بەپێی هەمان یاسا چەپەڵەکانی حکوومەت بە دار لێ دەدرێن، تەقەیان لێ دەکرێت، دەستگیر دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و سزای درێژخایەن و لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە بەبێ ئەوەی مافی پارێزەر و دادگاییکردنی دادپەروەرانەیان هەبێت.

ئێستا حکوومەتی ئیسلامی لەژێر بەربڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، لە چوارچێوەی دارمانی ئابووریدا، چووەتە قەیرانێکی تەواو و هیچ ئایندەیەکی نییە. شەڕی مافیاکانی ناو حکوومەت فۆرمی نوێی وەرگرتووە. تەنانەت کۆمەڵەی خوێندکارانی بەسیجی سەر بە فراکسیۆنی دەسەڵاتدار، چیتر ناتوانن بەرگری لە سیاسەتەکانی ڕێژیم بکەن و دەمیان بۆ نارەزایەتیدەربڕین کردۆتەوە. ئێستا قەیرانەکە گەیشتووەتە بنکەی پشتیوانیی ڕێژیم و ئەمەش حکوومەتی ناچار کردووە بە تەواوی پشت بە بایۆنێت ببەستێت. بەڵام پشتبەستن بە بایۆنێت نیشانەی دەسەڵاتی نیزام نییە، نیشانەی نائومێدی و ترسی لە مردنە. لە وەها بارودۆخێکدا مرۆڤ نابێ لە بەرامبەر تاوانەکانی حوکمڕانیی ئیسلامیدا بێدەنگ بێت.

حکوومەتە ئایدئۆلۆژییەکان لەسێدارەدان لە دژی ئازادیی قسەکردن و ڕێکخراوەکان و بۆ سەرکوتکردن و ڕێگریکردن لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەکاردەهێنن. لە ئێران لە هەموو قۆناغەکانی حکوومەتە نەخوازراوەکانماندا، شاهیدی ئێعدامی نارازییان بووین؛ هەر لەو ئێعدامانەی کە بووە هۆی نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی، تا دەگاتە لەسێدارەدانی هەزاران زیندانیی سیاسی لە ساڵانی شەستەکاندا لەلایەن دەستبەسەردارانی شۆڕشەوە و هەموو لەسێدارەدانەکانی سێ دەیەی دوایی. لە هەموو ئەم لەسێدارەدانانەدا، ژیانی زۆر کەس بە هۆی هەبوونی بۆچوون لە دژی حکوومەتە ستەمکارەکان یان نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە بارودۆخی سەردەمەکەیان وەرگیرا. لەماوەی ئەو هەموو ساڵەدا زۆرێک لە چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی چەندین جار دژایەتیی خۆیان بۆ لەسێدارەدان هاوار دەکرد و هەندێک جاریش هەر بەو هۆیەوە زیندانی دەکران.

لەسێدارەدان، یان کوشتنی بەئەنقەستی حکوومەتی، ئامرازێکە بۆ دروستکردنی خنکاندن لە کۆمەڵگادا. زۆرجار لەسێدارەدان دوای دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و بە پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت. ئە م سزایە سەرچاوەی هەڵاواردنی ئاشکرایە لە بەرانبەر هەژارترین و بێبەشترین و لاوازترین نەتەوەکان و کەسانی خاوەن بنکەی ئابووریی کۆمەڵایەتیی نزم و چین و توێژە بێبەشەکانی دیکە . تەنیا لە دە مانگی ڕابردوودا زیاتر لە سەدان کەس لە ئێران لە سێدارە دراون. زۆرێک لەو لەسێدارەدانانە لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو کارە نامرۆڤانەیە بە ئاشکرا لە

بەرچاوی خەڵکدا ئەنجام دراون. زۆرێک لە ئێعدامەکان لەژێر ناوی تۆڵەسەندنەوە و ئەولەویەتدان بە هەستی تۆڵەسەندنەوە ئەنجام دەدرێن.

ئەگەر دروشم و ناوی ئەو ڕاپەڕینەی کە بە خوێنی ژینا دەستی پێکرد، ژن، ژیان، ئازادی بێت، ئەوا دەبێت تا دەتوانین بە ڕوونی ڕابگەیەنین کە لەسێدارەدان کوشتنێکی بەئەنقەست لەلایەن حکومەتەوەیە و نابێت هیچ مرۆڤێک بۆ هیچ کەسێک لە سێدارە بدرێت. بۆیە بە تەرکیزی "یەکڕیزی و تەبایی دژی حوکمی لەسێدارەدانی کۆنەپەرستانە"، ڕەنگە یەکگرتوویی ئێمە کە ساڵانێکە خەباتی هەتاهەتایی دەکات، بتوانێت ڕێگری لە کوشتنی ژیانی بێتاوانی دیکە بکات، چونکە ئەم خەباتە وای لێکردووین کە بەرامبەر ئەم دڕندەییە ئاشکرایە بوەستین.

شەپۆلی نوێی دەرکردنی حوکم و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ تۆمەتبارانی سیاسی، هەوڵی سیستەمەکە بۆ سەپاندنی سزای هاوشێوەی شەستەکان نیشان دەدات.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، سێ مانگ دوای پێکهێنانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١ وتی: خودای ٦٠ هەمان خودای ئەمساڵە.

ئەو دادگاییکردنانەی کە بۆ تۆمەتبار ئەنجام دەدرێن و پێشێلکردنی ئاشکراتری ڕێوشوێنی یاسایی زۆر لە پراکتیکی دەسەڵاتی دادوەری لە شەستەکاندا دەچێت کاتێک وەک باری نائاسایی ڕەوا بوو. بەڵام ئێستا سیستەم دەیەوێت ئەم حاڵەتە نائاساییە لە چوارچێوەی پارادایمی ژیان لە قەیراندا بکاتە هەمیشەیی. هەروەها پێویستە ئەم پەیامە بدرێتە هێزە سەرکوتکەرەکان و بنکەی کۆمەڵایەتیی سیستەم بۆ درێژەدان بە کردەوەی گرژکەرەوە و تێکدەرانەیان بەبێ سنووردارکردن و لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی سەرکوتکردن و بەسوودبوونی دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ و دڵنیا بن کە ئەوان و سیستەمەکە زیانیان پێناگات.

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا سەرکردایەتیی نیزام و بەرپرسانی باڵای سەربازی لە کۆبوونەوە گشتی و تایبەتەکاندا هەوڵیان داوە مۆراڵی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سەربازی و هێزەکانی بەسیج بگەڕێننەوە و هیوایان پێ ببەخشن کە قەیران و ناڕەزایەتییەکان کەم ببنەوە.

دادگاییکردنی بەپەلە، کە لەگەڵ دۆسییەکانی وەک پێشێلکردنی بەربڵاوی ڕێکاری دادپەروەرانە، زەوتکردنی مافی پارێزەر،

بوونی پارێزەر لە دادگا، جۆرێکە لە دادگای شەستەکان، کە هیچ نیشانەیەکی نییە دادگایەکی کارامە، یان بە شێوەی تەقلیدی یان بە شێوەی مۆدێرن نەبوو.

کێشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی نەبوونی شەرعیەت و دابەزینی بەرچاوی لایەنگرانیە. بنکەی کۆمەڵایەتیی سیستەمەکە زۆر لاواز بووە. فاکتەرێکی دیکە بریتییە لە پێشهاتە بەرفراوانە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا. کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانی کۆمەڵگا لە دوای شکستی هەوڵە ڕیفۆرمخوازەکان (ڕیفۆرمخوازە سیاسیەکان) وای کردووە زۆرینەی خەڵک و بەتایبەت نەوە گەنجەکان لە زەروورەتی گواستنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بە یەکەوە ببەستنەوە.

بەم شێوەیە حکوومەت لە بەرفراوانکردنی کەشوهەوای خنکاندن و دووبارەکردنەوەی لەسێدارەدانی بەرفراوانی چەند هەزار کەسێکدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە و زۆرترینی دەتوانێ سنووری بازنەی نارەزایەتییەکان بگرێت. لە لایەکی تریشەوە پەنابردنی زیاتر بۆ توندوتیژی، سەرچاوەکانی سەرکوتکردنی حکوومەت دەخوات و بە تێپەڕبوونی کات دەسەڵاتەکەی لەکار دەخات. ئەم وەرینە دەتوانێ لە ئایندەدا ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەربەستی سەرکوتی سیستەم ببڕێت و بەرەو شۆڕش ببات.

بێگومان بە هۆی ئەوەی سیستەم لە ساڵانی ڕابردوودا هیچ گۆڕانکارییەکی ماناداری قبووڵ نەکردووە و داخوازییەکانی خەڵکی پشتگوێ خستووە، هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە قۆناخی ئێستادا. پشتبەستن بە توندوتیژی زیاتر بۆ بێلایەنکردنی نارەزایەتییەکان و کۆنترۆڵکردنیان، ئامرازی حەتمی دەسەڵاتی ئایینییە بۆ پاراستنی دۆخی ئێستە.

بەڵام سیستەمەکە هەرچییەک بکات، دووبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی شەستەکان ئەرکێکی مەحاڵە، زۆرترینی دەتوانێت بە قبووڵکردنی مەترسی گەورەتر ڕووبەڕووبوونەوەی کۆتایی دوا بخات.

وردترین حوکم کە سەبارەت بە هۆکارە سیاسییەکانی ئێعدامەکان دراوە، لەم دیاردە کۆمەڵایەتییە نەگبەت و زیانبەخشە وەک: "سێدارە، کوشتنی بەئەنقەستی دەوڵەتە."

بۆچی لەسێدارەدان کوشتنی بەئەنقەستی دەوڵەتە؟ بە سادەیی، حاکمەکان بۆ تۆقاندن و لەناوبردنی زەمینەی نارەزایەتی و

یەکریزی و ڕێکخستن بۆ خەباتی بەکۆمەڵ بە پەنابردن بۆ ترسی کوشتنی حکوومەت خەڵک لە سێدارە دەدەن. لێرەدا بۆ حکوومەت گرنگ نییە بۆچی لە سێدارە دەدات، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ هەر لەسێدارەدانێکدا مرۆڤێک لە کۆمەڵگادا هەست بە تەنیایی دەکات و دێتە ئەو باوەڕەی کە سەرەڕای زانینی ڕەگی نەهامەتیەکان، دڕندەیی حکوومەت ڕێگری لە گۆڕانکاری و باشترکردنی دۆخەکە دەکات.

بارگرانییەکی تری نەرێنیی لەسێدارەدان، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو بەشەی کۆمەڵگایە کە ڕاستەوخۆ بەشدار نییە لە خەباتی مەیدانیدا. ئەم بەشەی کۆمەڵگا کە ژمارەیان کەم نییە، لەگەڵ هەر ئیعدامێکدا خۆیان و ئەوانی دیکە ئاگادار دەکەنەوە کە مرۆڤەکان تەماشاکەرن و هیچ ناکەن؛ هیچ شتێک نییە ئێمە بتوانین بیکەین یان دژایەتیکردن لە مەیدانەکەدا هیچ سوودێکی نییە و هەموو نارەزایەتییەک بە ئیعدام وەڵام دەدرێتەوە و بە کورتی ئەم بەشەی کۆمەڵگا بەبێ ئەوەی بزانن دەبێتە سەکۆیەک بۆ دەرزی لێدانی بێدەسەڵاتی و بێهودەیی خەبات بۆ گۆڕانکاری.

بەڵام لەم دۆخەدا کە کۆمەڵگا لە تووڕەیی لە دژی ئەم حکوومەتە یەکگرتووە و پێگەی حکوومەت لە ناوخۆی وڵاتدا زۆر ناسەقامگیرە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، تاکتیکی کوشتنی دەوڵەت، واتە لەسێدارەدان، دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی دیکە بۆ خێراکردنی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی.

گەل بڕیاری خۆی داوە، ئەم حکوومەتە دەبێت بڕوات و لەگەڵ ڕۆیشتنی حکوومەت، کوشتنی دەوڵەت بۆ هەمیشە کۆتایی دێت. ئەمە یەکێکە لە فەرمانەکانی شۆڕشی شکۆمەندی ژن، ژیان، ئازادی.

بڵاوبوونەوەی ئیعدامەکان تاکتیکی سەرەکیی تۆقاندنە بەس بۆ ئەوەی کە ڕێژیم دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت.

ڕێژیم لە ترسی ڕاپەڕینی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی خۆی لە ڕووخاندن، ڕێکۆردێکی نوێی لەسێدارەدان و تاوانەکانی ساڵانی ڕابردوو تۆمار کرد. خێرابوونی پرۆسەی لەسێدارەدان تەنیا بێدەسەڵاتیی نیزام لە بەرامبەر بارودۆخی تەقینەوەی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی تووڕەیی خەڵک نیشان دەدات.

بێگومان لەسێدارەدان سزایەکی نامرۆڤانەیە. تاوانێکی سیستماتیکی دەوڵەتە لەژێر هەر بیانوویەک و لەژێر هەر پاساوێکدا؛ تاوانێک کە حکوومەتە فاشیستەکان لەژێر پەردەی ئایین، بەرژەوەندی یان یاسا ئەنجامی دەدەن. دانانی ئامێرێکی فراوان و دووردرێژ بۆ بێبەشکردنی ژیانی خەڵک، یەکێک لە لیڤەرەکانی سیستەمی ویلایەتی فەقیه بووە بۆ

بانەمەری ٢٧٢٣

سەپاندنی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا.

ئەزمونی چەندین ساڵە دەریخستووە کە ئیعدام هەرگیز نەیتوانیوە ئەم دەسەڵاتە ڕزگار بکات و یارمەتیدەر بووە بۆ درێژەدان بە ژیانی تاوانکارییەکەی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاپەڕینەی کە کۆمەڵگای گرتەوە و بناغەکانی ئەم حکوومەتەی هەژاند، هەر ئیعدامێک نەک کۆمەڵگا ناترسێنێت ، بەڵکو شەپۆلێکی دژایەتیکردن دژی حکوومەت هان دەدات و ویژدانی بریندار نوێ دەهێنێتە گۆڕەپانی خەبات دژی ڕژیم.

تینوێتی لەسێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە توندوتیژە کە ئەم ٢٢٧ بە نێو نوێنەرەی مەجلیس لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و خۆپیشاندەرانی ناڕازییان بە "یاغی" لە ئێران ناوبرد و داوایان لە دەزگای قەزایی کرد کە لە سێدارەیان بدات.

لە ڕاستیدا بۆ خەڵک کە زۆرینەیان لە ژێر بێبەشییەکی توندی ئابووریدان و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دیلی سیاسەتی سیاسی/ئایینی خنکێنەر و چەوسێنەرەوەن، گەڕانەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی بەبێ بەرەنگاری و ناڕەزایەتی هیچ مانایەکی نییە. بێگومان تا ئەو ڕێژیمە درێژە بە سەرکوتکارییەکانی بدات، فراوانبوونی ڕیزەکانی خەڵک و ئیرادەی خەبات بۆ ڕووخاندنی سیستەم و دروستکردنی پێکهاتە و پەیوەندییە دیموکراسیەکان لەسەر بنەمای بەها گشتگیرەکانی مافەکانی مرۆڤ بەردەوامە و قووڵتر دەبێتەوە.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## دنیای ئازاد دەبێ لەدژی سپای تێرۆریستیی پاسداران بوەستێ




**عەلی بداغی**

ورووژاندنی بابەتی گرینگ و هەستیاری بەتێرۆریستناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستا چەند قۆناغی باشی لە هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا بڕیوە، لەجێدا یەکێک لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ئێران بەدوای شۆڕشی ژینایە. لە تازەترینی ئەو هەوڵانەدا پارلمانی سوئێد بوو کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەفەرمی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند. بەفرانباری ساڵی ڕابردووش نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا سپای پاسدارانی ڕێژیمیان خستبووە نێو لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی ئەو هەوڵانە، کەچی هەتا ئێستا شورای ئورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا خۆیان لەوە بواردووە کە بەڕەسمی سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناو ببەن و وەک باس دەکرێ کۆسپێکی سەرەکیی بەردەم پەسندکرانی کۆتایی ئەو گەڵاڵەیە سەلماندنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی سپا لە خاکی یەکیەتیی ئورووپادایە.

بەڵگەنەویستە سپای پاسداران کە تەنیا دوو مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دامەزرا، هێشتا شەش مانگ لە

تەمەنی تێپەڕ نەکردبوو بە تێرۆرکردنی شەهریاری شەفیق لە پاریس یەکەم تێرۆری خۆی لە خاکی ئورووپادا دەست پێ کرد. سپای پاسداران لە ماوەی چلوچوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سەدان چالاکی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی لە دڵی پێتەخت و گەورەشارەکانی ئورووپادا تێرۆر کردووە، بەڵکوو بە حزووری نیابەتیی خۆی لە شەڕەکانی ئیسرائیل و لوبنان، شەڕی نێوخۆیی لوبنان کە دواتر ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای بۆ دامەزراند و تەنانەت حزووری نیابەتی لە شەڕەکانی باڵکانیش نەک هەر زەبری قورسی لە پرستیژی ئورووپا داوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی ئورووپاییشی خستووەتە مەترسییەوە.

بەڵگەنەویستە، چونکی تێرۆر و دانانەوەی بۆمب تەنیا پلان و پرۆژەکانی سپای پاسداران لە ئورووپا نەبووە. سپای تێرۆریستیی ڕێژیم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەیان پیلانی بۆ ڕفاندنی دژبەرانی سیاسیی خۆی لە ئورووپا داڕشتووە کە بەشێکی زۆر لەوان سەرکەوتوو بوون، وەک ڕفاندنی ڕوحوڵڵا زەم، ئارەش شوعاعشەرق، جەمشید شارمەهد، فروود فولادوەند، شایان کاویانی، سەبری حەسەنپوور، حەبیب ئەسیوەد -کە حەوتووی ڕابردوو لەدار درا-، بەشێکی دیکە لە کردەوەکانی سپای پاسدارانن کە نفووز و دەسەڵاتی بەربڵاوی سپای پاسداران لە وڵاتانی ئورووپاییدا پێشان دەدەن و نابێ جێی هیچ شک و گومانێک بۆ شوڕا و یەکیەتیی ئورووپا بهێڵنەوە.

کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران لە دەرەوەی خاکی ئورووپاش بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکران. تەقاندنەوەی بنکەی نیزامیی ئەمریکی - فەڕانسەیی لە بەیرووت (لوبنان - ڕەزبەری ١٣٦٢)، تەقاندنەوەی تاوەرەکانی ئەلخوبەر (عەرەبستان - پووشپەڕی ١٣٧٥)، دانانەوەی بۆمب لە مەنامە (بەحرەین - گەلاوێژی ١٣٩٤)، تەقینەوەی ئامیا (ئارژانتین - هاوینی ١٣٧٣)، زنجیرە تەقینەوەکانی بانکۆک (تایلەند - ١٣٩١)، تەقینەوەی دێهلی (هیند - ١٣٩١)، تەقینەوەی نایرۆبی (کێنیا - هاوینی ١٣٧٧)، زنجیرە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپا لە بەحرەین (هاوینی ١٣٨٤)، کردەوەی تێرۆریستیی بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات (سەرماوەزی ١٣٩٥)، پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات (خەرمانانی ١٣٩٧)، زنجیرە هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکەی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان (پاییزی ١٤٠١)، بەشداری لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و عێراق و یەمەن، تێرۆری زیاتر لە ٦٠٠ سەربازی ئەمریکا لە عێراق و هاوکاریی چڕوپڕی ئەلقاعیدە، هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکان لە دەریا ئازادەکاندا، ناردنی چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بۆ میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان، دابینکردنی چەکوچۆڵ و مووشەک و درۆن و کەرەستەی دیکەی شەڕ بۆ ڕووسیە لەدژی ئۆکراین؛ تەنیا بەشێکی دیکە لە کارنامەی تێرۆریستیی سپای پاسدارانن کە لە بەشێکی زۆر لەواندا هەر بۆخۆیان بەرپرسایەتیی کردەوە تێرۆریستییەکانیان وەئەستۆ گرتووە. تەنانەت فەرماندەرانی پایەبەرزی سپای پاسداران بەئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی دۆنالد ترامپ، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا و کاربەدەستانی دیکەی ئەو وڵاتە دەکەن. هەر

گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا (لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٠دا) بۆ سەر سپای قودس و گەمارۆیەکانی ئەمریکا، کانادا، ئۆسترالیا و وڵاتانی دیکەش لەسۆنگەی کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسدارانەوە جێگەی هیچ شک و گومانێک لەو پێوەندییەدا ناهێڵنەوە. هەروەها سیاسەتی دەستێوەردەرانەی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دی لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە، هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و کوشت و کوشتار لەو وڵاتانەش بووە کە ئاکامەکەی بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

سپای پاسداران لە نێوخۆی ئێرانیش لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە سەرکوتی نارەزایەتیی خەڵک و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هۆکاری سەرەکیی پێشێلکرانی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران بووە. سپای پاسداران نەک هەر وەک ڕێکخراوێکی سیاسی - ئەمنییەتی - نیزامی، بەڵکوو وەک دۆڵپا سواری ملی خەڵکی ئێران بووە و بە پاوانکردنی هەموو جومگە ئابوورییەکان و تالانکردنی کانزا و سەرچاوە سروشتییەکان، لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی گرانی و ئابووری و ژینگەیی لە وڵاتە. ڕێکخراوێک کە پلاندارێژ و جێبەجێکاری پرۆژەکانی بەبارمتەگرتنی خەڵکی وڵاتانی ئورووپایی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییە و ڕۆڵی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیە لە تێرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە چوارقوژبنی دنیادا لە زۆر دادگای ئورووپایی و بەتایبەت دادگای میکونووسدا بە بەڵگەوە سەلماوە.

بەڵگەنەویستە، چونکی لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کارەسات و جینایەتێک نەبووە سپای پاسداران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستی تێدا نەبووبێت. لە هەموو پەروەندەکانی گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی چالاکانی سیاسیدا، لە تێرۆری چالاکانی سیاسیی نێوخۆ لە سەرەتای شۆڕشەوە کە لە قەتڵە زنجیرەییەکاندا ئیدی هەڵلای لێ دروست بوو، لە گەندەڵی و تالانوبڕۆی سەرچاوە سروشتییەکان هەتا دەکەلدزی و هەتا سەرکوتی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵک لەسەر شەقامدا و، بە گشتی لە هەر هەموو جینایەتەکان کە لەپێناو پاراستنی ڕێژیمدا کراون، سپای پاسداران ڕۆڵی هەرە سەرەکیی بووە.

بەڵگەنەویستە، چونکی لە ماوەی تەڕاتێنەکانی سپای پاسداران لە چلوچوار ساڵی ڕابردوودا کورد هەم بەربەرەکانێی خوێناویی لەگەڵ ئەم سپا تێرۆریستییە کردووە و هەم زەبری قورسیشی لەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە دەوڵەتی و کۆکوپۆشتەیە خواردووە. سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، و لە سەدان کردەوەی تێرۆریستیدا گیانی لە لانیکەم ٤٥٠ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیونی کورد ئەستاندووە.

سپای پاسداران بنیاتێکی تێرۆریستییە و وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئورووپا بە ناساندنی سپا وەک ڕێکخراوێکی نیزامی -

بانەمەری ٢٧٢٣

تیرۆریستی نەک هەر لەپێناو سەقامگیریی ئەمنییەت و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دنیا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان داوە، بەڵکوو ئەمە دەبێتە یارمەتییەکی گرینگ و بنەڕەتی بۆ بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی ئێران کە قۆڵی بۆ ڕووخاندن و تێپەڕین لەو ڕێژیمە هەڵماڵیوە. ئورووپا و دنیای ئازاد دەبێ لەگەڵ لایەنی دروستی مێژووی مرۆڤایەتیدا بن و نابێ لەپێناو بەرژەوەندیی کورتخایەندا، لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆردا سەودا بە بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەکانی دیکە بکەن. ئەوان لەسەریانە لەپێناو دەستەبەری دنیایەکی ئەمنتر و بەدوور لە شەڕ و ئاژاوەدا بە هانای خەڵکی ئێرانەوە بێن و ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەسپێکێکی باش بۆ ئەم بڕیارەیە، بڕیارێک کە بەتەواوی لە بەرژەوەندیی ئورووپا و وڵاتانی دیکەی دنیای ئازاددایە.

٢٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵهاتن لە ڕاستییەکان




**کەریم پەرویزی**

پێش لە سەردەمی  پێشکەوتنی هزری و دەورانی لووتکەی فەلسەفەی یۆنان، دەورانی ئوستوورەیی لە نووسینەکانیاندا هەیە کە دونیایەکە پڕ لە ڕەمز و ڕاز و نهێنییەکان، کە هەموو ماناکانی ژیان و جیهانیان لە هێماکاندا نیشان داوە و بۆ هەر بوونەوەر و چەمکێک هێمایەکی دیار و بۆ زۆربەی دیاردەکان خودایەکی تایبەتیان هەبوو.

یەکێک لە خودا کۆنەکانی یۆنان "ئەربووسە"! ئەربووس خودای تاریکییە یان باشترە بڵێین کە لەو بوونەوەرانەیە کە لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێ تاریکی دەبا و بەپێی ئەفسانەکانی یۆنان هەموو کات لەگەڵ خودایەکی دیکەی خراپەکاری بە ناوی نایکەس، هەوڵی دەدا تاریکی بەسەر جیهاندا زاڵ بکا، بەڵام هەموو ڕۆژ کچەکەی لێی تێک دەدا و نووری ڕۆژی دەخستە سەر جیهان و تاریکی نەدەما. دوای ماوەیەک لەم کارەی، لەلایەن خودای خوداکانەوە دوور خرایەوە بۆ بن ئەرز! لە بن ئەرزیشدا ئەربووس هەوڵی دا کە تاریکی لە جەهەنەم زاڵ بکا و خۆی ببێ بە خاوەنی جەهەنەم! یان دونیای ژێر زەوی، بەڵام هادێس کە خودای ژێر زەوی بوو، پێی زانی و شکستی دا و دووری خستەوە بۆ تارتارێس کە لە جەهەنەمیش دوورتر



سەرچاوە
Serchawe

و ناخۆشتر بوو و هەر بۆیە تارتارێس لە جەهەنەمیش تاریکتر بوو بە ڕۆیشتنی ئەربووس بۆ ئەوێ!

ئەربووس ئەو خودایەی تاریکی لە ئەفسانەکانی یۆنانی زۆر کۆن و سەردەمی نادیارەکانە کە هەمیشە تاریکیی هێناوە و هەرکات ویستوویە کارێک بکا خراپتری کردووە و لە ڕووناکی دوورتر کەوتۆتەوە و دوور خراوەتەوە بۆ دوورترین قوژبنی جیهان و بوون!

ئەربووسی ئەم زەمانە کۆماری ویلایەتی فەقیهیە کە هەر کات هەوڵ دەدا کە گەندەکاری و خراپەیەکی داپۆشێ، تاوانی دیکە و خراپەیەکی دیکە ئەنجام دەدا و لە ڕاستیدا لە ترسی هەڵاتنی خۆری هەقیقەت پەنا دەباتە بەر چەواشەکاری و قەیرانی دیکە و بە خۆشاردنەوە و هەڵهاتن دەیەوێ تاوانەکانی داپۆشێ!

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی بانەمەر، ١١ی مەی ٢٠٢٣، لە بارزانی شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕشی کوردایەتی، ڕێورەسمێکی گەورە و پڕشکۆ بۆ کردنەوەی یادگەی بارزانی بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە دەستی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان کرایەوە، زۆر هەیئەتی دیپلۆماتیکی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان بەشدار بوون و یادگەیەکی پڕبایەخ و جێی سرنج کرایەوە. یەکێک لە گرنگییەکانی ئەو ڕێوڕەسمە، بەشداریی لایەنە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بوو و هەروەها یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەو ڕێوڕەسمە پەیامی بەڕێز مەسعوود بارزانی بۆ دەسپێکی دیالۆگ لەپێناوی چارەسەری کێشەکانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بوو. لە ڕاستیدا بەشداریی لایەنە کوردییەکان لە هەموو بەشەکان و هەروەها پەیامی تایبەتی بارزانی بۆ چارەسەریی کێشەکانی بەشێکی کوردستان، خاڵی گرنگی ئەو ڕێوڕەسمە بوو کە پەیامی یەکبوون و پێکەوەبوونی دەدا.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری کە بە بانگهێشتی خانەخوێ، لەوێدا ئامادە بوون و هەمیشەش پشتیوانی پێکەوەبوونی هەموو بەشەکانی کوردستان و ڕێگای دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان بوون، هەم بە بەشدارییان هاوپشتی و ڕێزی خۆیان بۆ شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق نیشان دا و هەم لە وتوویژ لەگەڵ میدیاکاندا باسیان لە گرنگیی ڕێکاری دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەو ڕێورەسمەدا کە یادی کەسێکی خەباتکار دەکرێتەوە کە کاریگەریی بەرچاوی لە مێژووی ناوچە هەبووە و ڕێوڕەسمێکی فەرمییە و پەیامی یەکبوونی پێیە، دەبێ لایەنە بەشدارەکان بە ڕواڵەتیش بووبێ، ڕێز لە دۆخەکە بگرن بەڵام هەیئەتی کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ دیالۆگ و لۆژیک و ڕێز و پرستیژی دیپلۆماتیکدا بەتەواوی نامۆیە، ڕێوڕەسمەیەکەیان لە داخی

**بانەمەڕی ٢٧٢٣**

بوونی هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو شوێنەدا بەجێ هێشت.

هەڵهاتنی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕقی بوونی کوردانی خەباتکار لەو ڕێوڕەسمەدا، کردەوەیەکی نادروست و بێزراو بوو کە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ناسەردەمی بوون و نەگونجاو بوونی ڕێژیمی ئیسلامیی بۆ جارێکی دیکە سەلماندەوە.

بەڵام ڕێژیمی خراپەکار کە ئەم بێ ئابڕووییەی لە ئاستی ناوچەییدا بار هێنابوو و بەو شێوەیە دەروونی بەتاڵ و عەقڵی دواکەوتووی ڕێژیمەکەی نمایش کردبوو، بۆ شاردنەوەی کردەوە خراپەکەی و هەروەها گوشارهێنان بۆ سەر کوردستان، پەیامێک و هەواڵێکی درۆیینەیان بڵاو کردەوە کە گوایە تیمێکی حیزبی دێموکراتیان لە داو خستووە و چەند کەسیان لێ دەسبەسەر کردووە و لێشیان کوشتوون!

ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، ئەم هەواڵەی وەدرۆ خستەوە و هەروەها ڕایگەیاند کە ڕێژیمی پڕ لە چەواشەکاریی کۆماری ئیسلامی جلوبەرگی پێشمەرگە بۆ بەکرێگیراوەکانی دەدوورێ و پێیان لەبەر دەکا و دەیاننێرێتە نێو خەڵک بۆ ڕاوڕووت و تاڵانکاری، تاکوو بە خەیاڵی خاوی، ناوی پێشمەرگە بزڕێنێ!

دوای چەندین ساڵ تاوانکاری و پیلانگێڕی لە کوردستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا پەنا دەباتە بەر تاکتیکە سواو و کۆنەکانی و گوایە گەر جلی هاوشێوەی پێشمەرگە لەبەر تاوانبار و بەکرێگیراوەکانی خۆی بکا و خەڵکیان پێ ئازار بدا، ئیدی ناوی پێشمەرگە دەزڕێنێ! ئەم ڕێژیمە لەوە تێنەگەیشتووە کە پێشمەرگەبوون بە جلوبەرگ نییە، بەڵکوو پێشمەرگە بە کردەوە مرۆڤانەکانی و بە خۆبەختکردن لەپێناوی خەڵک و نیشتمانەکەیدا بۆتە هێمایەکی پیرۆز و خەڵک هیچ کردەوەیەکی دژێو بە کردەوەی پێشمەرگانە نابینن و هەر زوو دەزانن کە ئەمە تاوانکارەکانی سەر بە ڕێژیمن لە نێو جلی هاوشێوەی پێشمەرگەدا!

بۆ شاردنەوەی هەڵهاتنەکەی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی یادگەی بارزانیدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەنای بردە بەر پیلانێک کە گوایە تیمی حیزبی دێموکرات لە ناوچە جموجۆڵی کردووە و لە داوی سوپای پاسداران کەوتووە، بەڵام بە وەدرۆخستنەوەی هەواڵەکە، ئەمجار وتەبێژی دەزگای نادیپلۆماتیکی ڕێژیم، ڕۆژی شەممە ٢٣ی بانەمەڕ ڕایگەیاند کە باڵوێزی عێراقیان لە تاران بانگ کردووە و تووڕەیی ڕێژیمیان لە ئامادەبوونی گرووپە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لەو ڕێوڕەسمەدا بە باڵوێزی عێراق ڕاگەیاندووە!

بانەمەری ٢٧٢٣

دێوەزمەی تاریکی، خامنەیی کە وەکوو ئەربووسی یۆنانییەکان لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا تاریکی دەهێنێ و تاوانێک بە تاوانێکی دیکە دادەپۆشێ، لەم چەند ڕۆژەشدا لەبەرامبەر کردەوەیەکی ئاساییدا وەها شڵەژاوە و سەری لێ شێواوە کە ناتوانێ دەست لە هیچ نەدا چونکە هەر جووڵەیەکی دەبێتە هۆی وێرانکردنی شتێکی تر و خراپەیەکی دیکە بەسەر خراپەکانیدا زیاد دەبن.

ئەربووسی سەردەم، لە ڕووناکی دەترسێ و هەقیقەت بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێ و هەر بۆیە نازانێ ڕێگای دروستی دیالۆگ و چارەسەری بگرێتە بەر. لە پێکەوەبوون و هاوپێوەندیی مرۆڤەکان و گرووپەکان زەندەقی دەچێ و دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بووبێ، هاوپێوەندیەکان تێک بدا و ڕێگای دیالۆگ و چارەسەریەکان وێران بکا و تەنیا و تەنیا ڕێگای خراپە و دوژمنایەتی دەزانێ. هەر بۆیە ڕێگا و هەنگاوەکانی لەگەڵ خەڵک و ناوچە و جیهان و سەردەمدا نایەنەوە و تەنیا و تەنیا تاریک و وێرانیی زۆرتری لێ دەوەشێتەوە و تەریکتر دەکەوێتەوە. لە کۆتاییدا خەلک ناچار دەبن بۆ دورترین قوژبنەکانی مێژوو کە لە تارتارۆسیش تاریکتر و دوورتر بێ فڕێی بدەن. چارەنووسی خامنەیی و ڕێژیمەکەی زبڵدانی مێژووە!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# گۆشەنیگایەک بەرەو باکوور



کەریم پەرویزی

سەردەمانێک لە دەیەی ٧٠ی زایینی لە سەدەی پێشوودا، مارکسیزمی ڕووسی لە لووتکەی دەسەڵاتداری و هێژموونیی جیهانیدا بوو. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتیش ئەو ئیدئۆلۆژییە ڕووسی‌یە، بەتەواوی زاڵ بوو بەسەر بیرکردنەوەی لایەنە سیاسییەکاندا. هەرچەند بەو بیرکردنەوەیان دەگوت خەتی چەپ یان بەگشتی بە چەپ ناسراو بوو، بەڵام زۆرتر لەوەی چەپ و یەکسانیخواز بێ، ڕووسی و پابەندی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە بوو.

لەو دۆخە زاڵەدا دوکتور قاسملوو ویستی حیزبی دێموکرات لەژێر باری قورسی مارکسیزمی ڕووسی و خەتی توودەیی دەرباز بکا و هزر و سیاسەتێکی کوردستانی دابڕێژێ و هەر بۆیە ئیدەیەک بەناوی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێنا کە بتوانێ لە ڕوانگەی کوردستانەوە لە سیاسەت و تێکۆشانی سیاسی بڕوانێ. هەروەک خۆی لە کورتەباسدا دەڵێ، بۆ ئێمە سەربەخۆیی سیاسی لە هەموو شت گرنگترە، ئامادەین لەپێناوی سەربەخۆیی سیاسیدا واز لە دۆستایەتی بێنین بەڵام ئامادە نین لەپێناو دۆستایەتیدا واز لە سەربەخۆیی سیاسیمان بێنین. خەتی فیکریی دوکتور قاسملوو گەڕان بەناو ئیمکانەکاندا بوو تاکوو بە

هونەری سیاسی، درگایەک بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەی بدۆزێتەوە بەڵام پێوەری سەرەکی بۆ ئەو، ڕوانگەی کوردستانی بوو و هەر بۆیەش لەژێر هێرشی چەندلایەنەدا بوو.

ڕۆژی یەکشەمە ١٤ی مەی ٢٠٢٣ی زایینی، هەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنووسساز لە تورکیە بەڕێوە چوو. لەو هەڵبژاردنەدا هەم سەرۆکایەتیی کۆماری و هەم بۆ پارلەمانی کێبەرکێ بەڕێوە چوو کە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی ساڵ لە ناوچەکە بوو. گرنگیی ئەو هەڵبژاردنە لەو بوارەدا بوو کە دوای گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیستمی سیاسی لە تورکیە لە پارلمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، دووهەمین دەوری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەڕێوە دەچوو و تێیدا لایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردن بەقەولی خۆیان کۆتایی بە دەورانی دەسەڵاتداریی ڕەجەب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیە و سەرۆکی حیزبی داد و گەشە بێنن.

ئەم هەڵبژرادنە کە دوای چەند سال گۆڕانکاریی قووڵ لە تورکیە و دوای چەندین پرسی گرنگی وەکوو پرسی شەڕی نیزامی لە کوردستانی تورکیە، پرسی پاشەکشەی ئابووریی تورکیە و پرسی شەڕی سووریە و ئاوارەکان و پرسی بوومەلەرزەی کوردستانی تورکیە و هەروەها چەندین پرس و کێشەی دیکە بەڕێوە دەچوو، وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان دەبینرا کە تێیدا دەرەتان بۆ ئۆپۆزسیۆن دەبینرا کە خۆیان بە براوەی هەڵبژاردن دەربخەن.

کۆمەڵگای تورکیە بە شێوەیەکی بێوێنە دابەش بووە و زۆر دیار و تەنانەت ڕادیکاڵیش بەرەوە دووقوتبیبوونی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش دەڕوا و هەر ئەم ڕەوتە خۆی لە هەڵبژاردنیشدا نیشان دا و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ١٤ی مانگ کۆتایی نەهات و ئاکامەکەی کەوتە دەوری دووهەم.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگای تورک لە وڵاتی تورکیە بە ڕادەیەکی بەرچاو بۆتە دوو بەرەوە و قەڵشێکی گەورەی تێ کەوتووە و ئاماری دەنگەکان نیشانیان دا کە تا ڕادەیەک نزیک لەیەک بوون هەرچەند دەنگەکانی ڕەجەب ئەردۆغان نزیک بە ٤،٥٪ لە دەنگەکانی کەماڵ ئوغلوو زۆرتر بوو.

دابەشبوونی کۆمەڵگای تورکیە وا دەڵێ کە لە دەوری دووهەمیشدا دەنگەکان نزیک لە یەک دەبن و هەرکامەیان سەرکەوتووی هەڵبژاردنی دەوری دووهەم بن، قەیرانی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لەبەردەم دەبێ چونکە نزیک بە نیوەی کۆمەڵگا دەنگی پێ نادەن!

لەم هەڵبژاردنەدا هەرچەند تا ڕادەیەک دەنگەکانی ئەردۆغان کەمی کردبوو، بەڵام حیزبەکەی واتە داد و گەشە دووبارە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆتەوە بە حیزبی یەکەمی پارلمان و ئەوەش نیشان لە مەیدانداریی چەند ساڵی دیکە لەلایەن ئەو حیزبەوە دەبێ.

ئەوەی لەو نێوەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ڕۆڵی کورد و کوردستانی تورکیەیە.

هەرچەند حیزبێکی دیار و ڕەسمی بەناوی کوردستان و بەناوی کوردەکانەوە بەشداری نەکرد، بەڵام حیزبی چەپی سەوز ئەو حیزبەیە کە لەلایەن هەدەپەوە پشتی گیرا و لەڕاستیدا هەدەپەی بەشدار لە هەڵبژاردن بوو.

ئەم حیزبە بەنیسبەت هەڵبژاردنی پێشووی پارلمانییەوە دەنگەکانی کەمی کرد و ژمارەی پارلمانتارەکانی لە پارلمان کەمتر لە دەوری پێشوو دەبێ و ئەمە خۆی پرسیارێکی گەورەیە لەبەردەم ئەم حیزبەدا.

کەمکردنی دەنگی حیزبی داد و گەشە یان باشتر بڵێین دەنگنەهێنانەوەی ئەردۆغان لە دەوری یەکەم شتێکی سەیر نییە، چونکە دوای چەندین ساڵ دەسەڵاتداری، پرسە گەورەکان کێشەن و دەنگی دەسەڵاتدار کەم دەکەنەوە، چونکە بەرپرسیارە بەرامبەر بە کەموکۆڕیەکان، بەڵام حیزبێک کە لە ئۆپۆزیسیۆنە و دەبێ هەڵەی دەسەڵاتداران زۆرتر بقۆزێتەوە و دەنگەکانی زۆرتر بکا، بەڵام وا دەرنەچوو!

بۆیە لەسەر شانی ڕێبەرانی ئەو ڕەوتە سیاسییەیە کە بزانن لە کوێی سیاسەتە کوردستانییەکانیاندا هەڵەیان کردووە؟ بۆیەش دەڵێم هەڵە لە سیاسەتە کوردستانییەکانیان چونکە ئەوان تەنیا بە ناوی کوردستان و کوردیەوە دەناسرێنەوە و پێناسەیان و کرداریان لەو چوارچێوە مانا دەگرێ نەک وەکوو حیزبێکی تورکیەیی. ڕەوتەکانی دیکە هەن کە خاوەندارەتیی پرسە تورکیەییەکان دەکەن و لەو مەیدانەدا ئەمان ناتوانن خاوەنی پرسەکە بن. گەر بەو ڕوانگەیەوە وەکوو خاوەنداری لە پرسی تورکیەیی، لە چنینی سەر مێزی سیاسەتیان ڕوانیبێ، لەوێدا هەڵەکەیان دەستی پێ کردووە.

لە پرسی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیەدا، ڕەوتی کوردیی هەدەپە یان بڵێن حیزبی چەپی سەوز، لە ڕوانگەی دژایەتیی ئەردۆغانەوە، یان لایەنگری و پشتیوانیی کەماڵ قلیچداریان کرد یان بۆ دەرەتان دان بەو، کاندیدی خۆیان نەبوو و بە لایەنگرانیان وت کە دەنگ بە دژبەری ئەردۆغان بدەن.

بانەمەری ٢٧٢٣

دیاریکردنی ڕێڕەوی سیاسی بۆ ڕەوتی سیاسی و حیزبی سیاسیی وڵاتێکی دیکە یان بەشێکی دیکە لە کوردستان ئەستەم و دژوارە و هەر بەشەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە چالاکانی ئەو بەشە خۆیان باشتر لەو دۆخەی تێدان تێدەگەن و دەتوانن بڕیاردەر بن لەو بارەوە.

بەڵام لە کێشەیەک کە لە کۆمەڵگای تورکیەدا هەیە و دوو بەش بوون یان دابەشبوونی تێدا هاتۆتە ئاراوە، باشتر وایە حیزبی چالاکی کوردی لەو بەشەدا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و سیاسەتی کوردستانییەوە بڕوانێتە دۆخەکە و هەوڵی جێگیرکردنی بەشێک لە مافەکانی کورد لەو بەشەدا بدا تا ئەوەی کە لە گۆڕەپانی ئەوانی تردا یاری بکا و دژایەتی یان دۆستایەتیی کەسێک و لایەنێک تەنیا لەبەر ئەو کەسە و کەسانە بکا.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتیدا، کەسێک بەناوی سینان دەنگی سێهەمی هێناوە و بۆتە خاوەنی ٥٪ی دەنگەکان.

لە دابەشبوونی دەنگی کۆمەڵگای تورکیەدا، نەک ٥٪ بەڵکوو ١٪ یش دەتوانێ چارەنووسساز بێ و هەر بۆیە سینان هەر لە ئێستاوە بۆ دەوری دووهەم مەرج بۆ کاندیدەکان دادەنێ و دەڵێ مەرجەکانی جێبەجێ بکەن تاکوو دیاریی بکا کە بە کام لادا دەکەوێ!

سیاسەتی لایەنی کوردی پێویستە کە لەسەر ئەساسی کوردستانیبوون، هەوڵ بدا لە ئیمکانەکان بۆ گەیشتن بە مافەکان کەڵک وەربگرێ. سیاسەتێکی دروست کە دەتوانێ یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد بکا هەر وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ، سیاسەتێکی سەربەخۆیە کە لەپێناوی مافی نەتەوەییدا هونەری سیاسی وەگەڕ بخا. هاوپەیمانی یان دەنگدان بە لایەنێک باشتر وایە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێک بکرێ کە لانیکەم یەک هەنگاو لە گەشەی سیاسی و چەسپاندنی مافی کورددا بچێتە پێشتر لە قۆناخی ڕابردوو، نەک هەموو دەنگەکان لەپێناوی دووشەقبوونی گۆڕەپانی سیاسیدا ببەخشرێن و دەسکەوتی نەبێ.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئێعدام چەکی سواوی دەستی ڕێژیم



کوردستان میدیا

**هەواڵدەریی "وەش" کە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی پێوەندیدار بە سیستان و بەلووچستان بڵاو دەکاتەوە ڕایگەیاندووە کە لە ٥ ڕۆژی ڕابردوودا ٢٠ هاووڵاتیی بەلووچ لە ئێراندا ئێعدام کراون.**

ماڵپەڕی کوردستان میدیاش ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە شەممەی ڕابردووەوە تاکوو دووشەممەی ئەم حەوتووە، ١٤ کەس لە بەندیخانەکانی میناب و بەندەرعەباس، فەرەیدوونکنار، سنە و کرمان لە سێدارە دراون.

هەروەها ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی ١١ ڕۆژدا حوکمی ئێعدامی لانیکەم ٥٧ زیندانی لە ئێراندا جێبەجێ کراوە.

ئەم ئێعدامانە هاوکاتە لەگەڵ نوێترین ڕاپۆرتی ساڵانەی لێبوردنی نێونەتەوەیی کە نیشان دەدات لە ساڵی ٢٠٢٢دا، سزای سێدارە ٥٣ لەسەد بەرز بۆتەوە کە لەو نێوەدا ئێران لە پاش چین زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدانی تۆمار کردووە کە ٥٧٦

حاڵەتە و بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٢١، ٨٣ لەسەد بەرزبوونەوەی بەخۆوە دیتووە.

پاوانکردن و قۆرخکردنی بەکارهێنانی سزا لە چنگی حکوومەت و یاسادا یەکێک لە دەستکەوتە بایەخدارەکانی مرۆڤ بۆ پێکهێنان و چێکردنی کۆمەڵگایەکی مودێڕن و مافتەوەرە بۆ پێشگرتن لە ملهوڕی و سەرەڕۆیی و لە بەرامبەریشدا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لە سەدەکانی نێوەڕاست و کۆمەڵگاکانی پێش مودێڕن، سەرۆکی حکوومەت، پادشا، سەرۆک عەشیرە، فێئودال و ئاغا یان هەر کەسێک کە خاوەن پلە و سامانک بوایە، خاوەنی گیان و ماڵ، یان بە واتایەکی دیکە خاوەنی "ماف"ی ئەوانی دیکە بوو، کە هەر کاتێک ویستبای دەیتوانی گیانیان لێ بستێنێت؛ بەڵام بە هاتنەئارای کۆمەڵگا مودێڕنەکان و پەرەگرتنی وشیاری و زانیاریی مرۆڤ و پێکهاتنی حکوومەت و سیستمی مودێڕن، ئەو "ماف"ە لە تاک و گرووپەکان ئەستێندرا و کەوتە دەستی حکوومەت و یاسا داهێنرا تا دەسەڵاتدارانیش نەتوانن لە جێبەجێکردنی ئەو "ماف"ەدا سەرەڕۆیی بکەن. بەو پێیە سزای ئێعدامی مرۆڤەکان کەوتە بازنەی دەسەڵاتەکانی حکوومەت. دواتر بە چوونەسەری ئاگایی زیاتری مرۆڤەکان و هاتنەئارای ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام لەلایەن حکوومەتیشەوە کەوتە ژێر پرسیار و ئەو پرسیارە هاتە ئاراوە کە حکوومەت کە ئەرکی پاراستنی گیان و جەستەی هاووڵاتییانی لە ئەستۆیە، بۆ دەبێ گیانی مرۆڤەکان بستێنێت؟

ئەگەر سزای ئێعدام بە مەبەستی بنبڕکردن یان کەمکردنی تاوان و توندوتیژی بێت، بە بڕوای خاوەنڕایانی وەک کارل مارکس و بێنجامین ڕاش سزای ئێعدام بۆ کونترۆڵی تاوان و جینایەت کاریگەریی نییە. سزای ئێعدام لەوانەیە برینی کەسانێک سارێژ یان فیکر و هەستی تۆڵەسەندنەوە هێمن بکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا کێشەیەک لە کۆمەڵگا چارەسەر ناکات. هەنووکە تەنیا لە ٥٨ وڵات لە جیهاندا سزای ئێعدام دەردەکرێت و بەڕێوە دەچێت و ١٣٩ وڵات بە تەواوی سزای ئێعدامیان هەڵوەشاندۆتەوە.

یەکێک لەو وڵاتانە کە هەنووکەش سزای ئێعدامی تێدا بەڕێوە دەچێت ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری سەدە نێوەڕاستی ئیسلامیی ئێرانە. لەو وڵاتەدا بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام نەتەنیا قۆرخکراوی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆیە، بەڵکوو بە شێوەی تاکەکەسیش (قەساس و...) هەر برەوی هەیە.

کۆماری ئیسلامی لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە بەشێک لە هاووڵاتییانی تەنیا بە هۆی جیابیرییەوە لەژێر ناوی "موحارب" ئێعدام دەکات. ئەو ئێعدامکردنە بە پێی یاسای سزا ئیسلامییەکان دەتوانێت کەسی "موئمن" یا ئیماندار بە شێوەی تاکەکەسی یان گرووپی "موئمنان" یان حکوومەت (یاسای سزای ئیسلامی) بێت. ماددەی ٢٦ی یاسای سزا ئیسلامییەکان بە هەر



سەرچاوە
Serchawe

موسوڵمانێک ڕێگا دەدات کە بە پێی لێکدانەوە و بڕیار و ئیرادەی خۆی لە هەر کوێدا "شەرعەن" بە پێویستی زانی، کەسێک بکوژێت. پێوەری کوشتنی "جیابیر"، زەینییەتی کەسی موسوڵمان و لێکدانەوەی تایبەتیی ناوبراو لە ئیسلامە. هەروەها ماددەی ١٨٤ی یاسای سزا ئیسلامییەکان بە هەر کەس یان گرووپی موئمن و موسڵمان ڕێگا دەدات بۆ لەنێوبردنی "گەندەڵی" دەست بۆ چەک بەرێ و بە چەکی سارد و گەرم و بە فەرمان یان سەرەڕۆیانە، موحاربان یان ناڕازییان و دژبەران کوشتوبڕ بکات و لەلایەن یاساوە پارێزراو بێ و سزا نەدرێ. موحارب بە پێی پێناسەی ماددەی ١٨٣ی یاسای سزا ئیسلامییەکان کەسێکە کە "بۆ پێکهێنانی ترس و تۆقاندن و نەهێشتنی ئازادی و تەناهیی خەڵک دەستی بۆ چەک بردووە". کەس یان گرووپی موئمن بەپێی لێکدانەوە و ئیرادەی خۆیان چەکدار دەبن و یاسا مافیان پێ دەدات دژی "گەندەڵی" خەبات بکەن. ئەوانە ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا زاڵ دەکەن و ئازادی و ئەمنییەت لە خەڵک دەستێنن، بەڵام بۆ خۆیان موحارب نین و یاسا پشتیوانییان لێ دەکات. بۆ ئەوەیکە بە لێکدانەوەی خۆیان بۆ پاراستنی بایەخەکانی ئیسلام چەکدار بوون و بە هۆی ئیدئۆلۆژیک بوونیانەوە مافی کوشتنی جیابیرانیان هەیە. بەڵام ئەگەر کەسێکی دیکە چەکی هەڵگرت و کەسیشی ئازار نەدا، دادوەر دەتوانێت حوکمی کوشتنی دەر بکات و کەس یان کەسانی موئمنیش دەتوانن بیکوژن. واتە گیانی هاووڵاتییان لەلایەکەوە لە دەستی هێزی لێکدانەوە و ئیرادەی کەسی موئمن و لەلایەکی دیکەوە لە دەستی دادوەر بە پێی ڕوانین و ڕوانگەی خۆیدایە.

لە کۆماری ئیسلامییدا، "فقها"و "مجتهدان" ئیزنیان پێ دراوە حوکمی کوشتن دەر بکەن، بێ ئەوەیکە پێویستیان بە سەلماندنی دروستی ئەو حوکمە لە بەرامبەر بەرپرسێک یان ناوەندێکی یاساییدا هەبێت. حکوومەتیش بەپێی یاسا دەتوانێت زیاتر لە ٣٠ نموونەی حوکمی کوشتن (ئێعدام، لە سێدارەدان، بەردبارانو...) دەر بکات.

بۆ نموونە بە پێی ماددەکانی ٩٠، ٨٢، ٨٣، ١١٠، ١١١، ١٢١، ١٣١، ١٥٧، ١٧٩، ١٨٣، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٧،...، حکوومەتی ئیسلامی دەتوانێت سەبارەت بە ژیان و مەرگی مرۆڤەکان بڕیار بدات. بێجگە لەوانە حکوومەتی ئیسلامی دەتوانێت حوکمی بڕینی دەست و لاق و هەروەها قامچیلێدان و قەساسی تاوانباران دەر بکات.

وەک ئاماژەی بۆ کرا هەنووکە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا حوکمی ئێعدام بە تەواوەتی هەڵوەشاوەتەوە بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی مودێرندا حوکمی ئێعدام دەربکرێت، بە پێی لێکدانەوەی کەس یا گرووپێک و بەپێی باوەڕ و ڕوانگەی تایبەتی نییە، بەڵکوو بەپێی یاسای پێشکەوتوو و سەردەمیانەی ئەو وڵاتە و پاش تێپەڕینی قۆناغگەلی یاسایی و سەلماندنی تاوان و لە شوێنێکی ئاوەڵا و بە بەشداریی لێژنەی دادوەری و پارێزەر و شاهێدانی بێلایەن، حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەچێت.

**بانەمەری ٢٧٢٣**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای واژۆکردنی ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنی مافە سیاسی و ئابوورییەکان و کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان، هەنووکە پاش وڵاتی چین، پلەی دووهەمی لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام لە جیهاندا هەیە. ئەو ڕێژیمە تەنیا حکوومەتێکە مێرمنداڵێک کە لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵەوە تووشی تاوانێک بوویێت، ئێعدام دەکات. ڕێژیم لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتییەوە لەگەڵ تیۆریی ئێعدام لە جیهاندا بووە و حوکمی ئێعدامی بەمەبەستی بەڕێوەبردنی دادپەروەری، ترساندنی تاوانباران، دابینکردنی ئەمنییەتی کۆمەڵگا، هێمنکردنی بیرەوڕای گشتی، ڕێزگرتن لە ژیانی مرۆڤەکان کاریگەر و بە پێویست زانیوە بەڵام لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتیدا و پەرەپێدانی ئەو فەرهەنگە، شاهێدی بەرهەمهاتنی چەند قاتیی توندوتیژی لە وڵاتداین. بە شێوەیەک کە دەزگای بەناو دادوەری بە ئەرکی خۆی زانیوە بۆ ترساندنی تاوانباران لە بەڕێوەبردنی حوکمی چەند جارەی ئێعدام کەڵک وەربگرێت. بەڵام بەپێی ئاماری ڕێکخراوی بەندیخانەکان، هەنووکە بەندیخانەکانی ئێران دووهێندەی ڕادەی هەڵگری خۆیان بەندکراویان هەیە کە ئەوە پیشاندەری بێکاریگەری سیاسەتی پەرەپێدانی فەرهەنگی ئێعدام و توندوتیژیی ڕێژیم لەو وڵاتەیە.

بەگشتی ئەوەیکە ئەمڕۆکە لە ئێراندا دەبیندرێ نەک هەوڵێک بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت بەڵکوو تەقەلایەکە بۆ دامرکاندنی هەستی سادیستی خۆی و هەروەها تۆڵەسەندنەوە لە ئازادیخوازانی سەر شەقام؛ ئیتر لەم نێوانەدا ئەوەیکە گرینگ نییە ئاسەوارەکانی پاش ئەم ئێعدامانەیە لەنێو کۆمەڵگادا.

**٢٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

# کۆدی غەریبی



**کەریم پەرویزی**

کاتێک ڕاپەڕینی ژینا دەستی پێ کرد و زۆر شوێنی لە جوغرافیای ئێران تەنییەوە و تەنانەت ڕۆیشتە دەرەوەی سنوورەکان و لە زۆر شوێنی دونیا خۆپیشاندان و ڕێپێوانی بەرفراوان بەڕێوە چوون، مێشکی زۆر لێکۆڵەری بە خۆیەوە خەریک کرد و تووشی پرسیاری کردن. پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو کە چی ڕووی داوە کە کۆمەڵگا لەم کاتەدا ئاوا بە شێوەی بەرفراوان ڕاپەڕیوە. لە زۆر شوێن کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمینار گیرا تاکوو شۆڕشی ژینا پێناسە بکرێ و دەیان وتاری لەسەر درا و لەسەری نووسرا. پرسیاری جۆربەجۆر هاتە ئاراوە و وەڵامی جۆربەجۆریش درایەوە تاکوو شۆڕشەکە و بەستێنی سەرهەڵدانی و هێزە کارتێکەرەکانی بناسرێن. بەڵام بۆ ناسینی ڕاستەقینەی شۆڕشەکە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕەگەکانی ڕووداوەکە و سەرەتاکان، ئەو کاتەی کە لە شەقامەکانی تاران، هێزی داپڵۆسێنەری ڕێژیم ژینا و براکەیان دەسبەسەر کرد. لەوێدا ژینا و براکەی لەنێو وەنەکە بە هێزەکانی سەرکوتکەری ڕێژیم ڕستەیەکیان وت کە کۆدی سەرەکیی شۆڕشەکە و لە ڕاستیدا پێناسەی کۆمەڵگا و ناسێنەری دۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە.

بانەمەری ٢٧٢٣

## ژینا و براکەی بە هێزەکانیان وت کە "لێمان گەڕێن، ئێمە لێرە غەریبین"!

غەریبی پێناسەی سەرەکیی خەڵکە لە وڵاتێکی بەڵاڵێدراوی وەکوو ئێراندا کە ڕۆژانە هەست بە نامۆییەکی سەیر دەکەن لەسەر خاک و لە نێو کۆڵانەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا.

نامۆبوون، ئەو هەست و ڕوانگەیە کە زۆربەی کۆمەڵگا لە ئێراندا خۆیانی پێ پێناسە دەکەن و کە دەچنە بەر ئاوێنە، تەنیا و تەنیا تاکێکی نامۆ دەبینن کە هەست دەکەن لە وڵاتێکی نائاشنا و هەڵەدا لەدایک بوون.

هەستی نامۆیی یان غەریببوونی مرۆڤەکان، هەستێکی کاتی و تێپەڕ نییە بەڵکوو هەستێکە کە بە درێژایی ژیانیان لەژێر دەسەڵاتی سیستمێکی سەرەڕۆ و کۆلۆنیالیستیدا بۆیان دروست بووە و بۆتە پێکهاتەی بوونیان.

بۆیە دەڵێین سیستمی سەرەڕۆ و کۆلۆنیالیستی چونکە بەرامبەر بە نەتەوە غەیرە فارسەکان ڕێک وەکوو کۆلۆنیالیستێک هەڵسوکەت دەکا و بەرامبەر بە قەومی فارسیش سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە دیکتاتۆریەتی لەنێو قەومی فارسدا بدا دەبێ خۆی وەکوو کۆلۆنیالیستێک پێناسە بکا تاکوو بەو بیانووە وە هەر دەنگێکی نارازیش لەنێو فارسدا سەرکوت بکا و سۆزی بەشێک لە کۆمەڵگای فارسیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

ئەم جۆرە لە سیاسەت و حکوومەتکردنە سالانێکی دوور و درێژە پێڕەو دەکرێ و هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکانی پێ سەرکوت کراوە و وەکوو بیانی و نامۆ لەم وڵاتە پێناسە دەکرێن.

لە تازەترین نموونەدا، مودیری ئیرشادی پارێزگای ئەهواز، بڕیارێکی ڕاگەیاندوە کە لەسەر دووکان و شوێنی کاسبی و کاری خەڵک نابێ بە زمانی دیکە جگە لە زمانی فارسی شت بنووسرێ و تابلۆکان دەبێ بە زمانی فارسی بن.

لە لێدوانی مودیری ئیرشاددا، کە لە هەواڵدەری ئیسنا بڵاو بۆتەوە بە شێوەی شۆڤێنیستی باس لە زمانە غەیرە فارسییەکان دەکا و دەڵێ کە لە تابلۆ و سەر درگای شوێنەکان نابێ لە زمانی بیانی کەڵک وەر بگیرێ و دەبێ لە پارێزگای ئەهوازدا تابلۆکانی بە زمانی بیانی کۆبکرێنەوە و بە فارسی بنووسرێن.

ئەم بڕیارە، کە بڕیارێکی کۆلۆنیالیستی بۆ سڕینەوە و جینۆسایدی زمانی و فەرهەنگی نەتەوە غەیرە فارسەکانە، پێشتر لە

کوردستان و له ئازەربایجانیش جێبەجێ کرابوون و تەنانەت له تارانیش بڕیاریان دا که تابلۆ کوردییەکان لەنێو ببرێن و ڕێگا نەدرێ کەس شوێن به ناوی کوردی له تاران بکاتەوە.

وەها بڕیارێک که ئێستە له پارێزگای ئەهوازیش جێبەجێی دەکەن هەوڵ دەدا که زمانە غەیرە فارسییەکان بسڕێتەوە وله ڕێگەی سڕینەوەی زمانییەوە فەرهەنگیش داگیر بکا، تاکوو به لەنێوچوونی زمانەکانی دیکه زمانی فارسی ببێتە تاکە زمانێک که لەم وڵاتەدا خەڵک پێی دەدوێن و چەند ساڵی دیکه، شۆڤێنیزمی زاڵ ئیدیعا بکا که له ئێراندا جگه له فارس کەسی دیکه نییە و گەر غەیرە فارسێک هەیە ئەوە وەکوو پەنابەر هاتۆتە نێو ئێران!

ئەمە له کاتێکدایە که زمانی فارسی خۆی تێکەڵێکە له وشە کوردی و عەرەبی و تورکی و بەلووچی و گیلەکییەکان و گەر وشەکانی نەتەوەکانی دیکەی لێ دەربێنی، ڕەنگە قەومی فارس نەتوانن لەسەر هیچ بدوێن و وشەیان نەبێ ڕوانگەی خۆیانی پێ دەربخەن!

بەوحاڵەشەوە پارێزگاری ئەهواز که مەئموورێکی ڕێژیمە و بڕیاری سەرەکی له تارانەوە بۆی دەدرێ، ڕایدەگەیەنێ که زمانی خەڵکی ئەهواز که پێی دەدوێن، زمانی بیانی و نامۆیە!

ئەوەی که نامۆ و بیانییە، نەک زمانی خەڵکی ئەهواز و و کوردستان و ئازەربایجان و ... نییە، بەڵکوو هەستی ئەو خەڵکە بەنیسبەت وڵات و سیستمی دەسەڵاتدار له تارانە که خۆیان به نامۆ و غەریب دەزانن.

سیستمی کۆلۆنیالیستی بەجۆرێک هەڵسوکەتی کردووە و دەیکا که غەیرە فارس هەستی ئاساییبوون و ژیانی ئاسایی لەم وڵاتە بۆ دروست نەبێ و لەو کاتەوە که ڕەزاخانی میرپەنج هەوڵی سڕینەوەی هەموو نەتەوەکانی داوە تاکوو ئێستا، کرداری سیستمی حکوومەتی بەو شێوە بووە که خەڵکی نەتەوە بندەستەکان چاوڕوانی ئەوە بن که کەی نۆرەی کوشتار و جینۆسایدی دووبارەیان دێتەوە.

له بەیانییەکەیدا که بەناوی کانوونی دژی نەژادپەرستی له ئێران بڵاو بۆتەوە ، بەرامبەر بەو لێدوانە فاشیستییەی پارێزگاری ئەهواز هەڵوێست گیراوە و تێیدا باس له ستەمکارییە مێژووییەکان بەنیسبەت خەڵکی ئەو پارێزگا و هەروەها کورد و تورک و بەلووچ و ... کراوەو داوا له خەڵک دەکا که به پاراستنی زمانی خۆیان و دانانی تابلۆ و نیشانەکانی کاسبی به زمانی عەرەبی ڕێگە نەدەن ئەو سیاسەتەی ڕێژیم جێبەجێ بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

لەبەرامبەر وەها سیستمێکدا کە لە هەر دەرەتانێکدا پەلاماری کەرامەت و ناسنامەی خەڵک دەدا و هەڕەشەی بەردەوامە لەسەر نەتەوە بندەستەکان و چین و توێژە ستەملێکراوەکان، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان هەست بە غەریبی لەم وڵاتەدا دەکەن، پشتی یەک بگرن بە پشتیوانی و هاوپێوەندیی یەک درێژە بەخەباتی بدەن و هەوڵ بدەن بە داڕووخانی سیستمی کۆلۆنیالیستی، داهاتوویەک بونیات بنێن کە ئیدی کەس لەم وڵاتەدا هەست بە غەریبی نەکا و نامۆ تەنیا ئەو کەسانە بن کە دەیانەوێ فاشیزم زیندوو بکەنەوە.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# کلّپەسەندنەوە



**کەریم پەرویزی**

یەکێک لە کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە تێیدا شارەزایی پەیدا کردووە و بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە، دزینی تەرم و شاردنەوەی تەرمی کەسەکانە کە نیگەرانیی لێی هەیە کە بینینی ئەو تەرمانە هەستی خەڵک بێنێتە کوڵ و گرفت بۆ ڕێژیم دروست بکا.

دزینی تەرم ئیدی بۆتە پێناسەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و زۆر بە ڕاشکاوی و بە ڕووهەڵماڵاوی بەڕێوەی دەبەن و نیگەرانی ئەوەش نین کە پێیان بگوترێ "دزی تەرم" چونکە لە شەرم و حەیا و بایخەدانان بۆ هەست و ڕای خەڵک و جیهاندا هیچیان تێدا نەهێشتووەتەوە و بە بەرچاوی هەموو دونیاوە تاوانی وەها دزێو بەڕێوە دەبەن کە تەنیا و تەنیا لە خۆیان دەوەشێتەوە.

کاتێک لە خۆپیشاندانداندا کەسێک بەدیار نامێنێ و بنەماڵەکەی هەموو شوێنێ دەگەڕێن بەدوایدا بزانن چی بەسەر هاتووە،

ئەوکاتەی هیچ بنکەیەکی سیخوڕی و بەسیج و ئیتلاعات وەئەستۆیان نەگرت، ئیدی خەڵکەکە نیگەران دەبن کە ئەوە حەتمەن لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدیان کردووە و نایانەوێ بە بنەماڵەکەی بڵێن و دەیانەوێ خۆی لێ بدزنەوە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا دەیان کەسی لەو بابەتە هەبوو هەر لە نیکا شاکەرەمییەوە تاکوو سارینا و حەدیس و نگین و دەیانی دیکە، بێسەروشوێن بوون و دوایە تەرمەکانیان لە شوێنێک فڕێ دا و خۆیان لە هەموو پرسیارێک و بەرپرسایەتییەک دزییەوە.

لە کوردستانیشدا کە سەنگەری بەرخۆدان دژی ڕێژیم بووە، وەکوو بنکەیەکی تاقیکاری بۆ ڕێژیم بووە و هەموو تاوانە دزێوەکانی سەرەتا لە کوردستانەوە بەسەر کورددا تاقی کردۆتەوە و کە تێیدا حیرفەیی بۆتەوە لە شار و شوێنەکانی دیکەش دەستی پێ کردووە. لە کوردستاندا بە دەیان بنەماڵە هەن کە ئێستەش لە چارەنووسی ڕۆڵەکانیان ئاگادار نین و تەرمیان پێ نەدانەوە.

بە دەیان تێکۆشەری کورد خەڵکی ئاسایی دەسبەسەر کران و لە زینداندا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کران و بنەماڵەکانیان ئێستەش چاوەڕێی هاتنەوەی ڕۆڵەکانیانن. هەندێک لەوانەش کە نەیانتوانی بیشارنەوە کە لە زیندانی ڕێژیمدا بوون و شەهید کراون، بە دزیی بنەماڵەکانیانەوە تەرمەکانیان ناشت و دوایە بە بنەماڵەکانیان گوت کە تەرمی جگەرگۆشەکەتان لە فڵان شوێنە. لە نموونەی وەکوو شەهید برایم لوتفوڵاهییدا تەنانەت سەر گۆڕەکەیان بتۆن کرد تاکوو بنەماڵەکەی نەتوانن دەریبهێنن و ئاسەواری تاوان و ئەشکەنجەکان دەر نەکەون!

لەم زیاتر لە چل ساڵەشدا ئەوەی لە کوردستان بە دەستی ڕێژیم ئێعدام کرابێ، تەرمیان بە بنەماڵەکەی نەداوەتەوە و ئەوپەڕەکەی پێیان ڕاگەیاندوون کە تەرمەکەی لە فڵان شوێن نێژراوە.

تەنانەت لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی تاوانباری ویلایەتی فەقیهیدا، ئەوانەی لە هەندێ شاری کوردستان بەدەستی دامودەزگای ڕێژیم ئێعدام دەکران، لە شاری قوروە لە گۆڕستانێکی تایبەت لە خاکیان دەکردن و خەڵک بەو شوێنەیان دەگوت گۆڕستانی شەهیدان و ڕێژیمی دڕندەش بۆ سووکایەتیکردن بە خەڵک پێی دەگوت لەعنەتاوا!

سووکایەتی بە تەرم و دزینی تەرم بەوانەشەوە نەدەوەستا و لە کوردستاندا بە دەیان پێشمەرگەی حیزبەکان هەن کە ئێستەشی لەگەڵدا بێ، شوێنی خاک کردنی ڕۆڵە شەهیدەکانیشیان بە بنەماڵەکانیان نەوتوون. تەنانەت نمونەی وەها



سەرچاوە
Serchawe

هەیە کە پێشمەرگەکە کەوتۆتە دەست ڕێژیم و دوای هیچ زانیاریەک لەوەی کە چی بەسەر هات و لە کوێ ئێعدام کرا یان بە خاک ئەسپێردرا لەبەردەست نییە و زۆرن ئەو بنەماڵانەی هێشتاش چاوەڕێی هاتنەوەی هەواڵی تەرمی ئازیزەکەیانن.
دڕندەیی ڕێژیم و داخ لەدڵییان لە تێکۆشەرانی کورد بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبوون و تەرمەکەیان دەستی سوپای تاوانبار دەکەوت، سووکایەتییان بە تەرمی شەهیدەکە دەکرد و بە دوای ماشینی جەللادەکانیان دەبەست و بەسەر زەویدا ڕایاندەکێشا. لە نموونەی وەکوو شەهید سالار ئیبراهیمی لە شاری کامیاراندا، ئەوندەی لێ داخ لەدڵ بوون کە بەو هەموو سووکایەتییەوە نەوەستان و دوای ڕاکێشانی تەرمەکەی بە نێو شەقامەکانی شاردا، دوایەش تەرمەکەیان بەردباران کرد!

ڕق و کینی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بەنیسبەت ئەوانەی کە سەرهەڵدەبڕن لە بەرامبەریدا بە ڕادەیەکە کە لە هیچ پێناسەیەکی سیاسیدا جێی نابێتەوە و تەنانەت وشەی وەکوو دیکتاتۆری یان ملهوڕی یان تاوانباری بەرامبەر بە کردەوەکانی ئەم ڕێژیمە لە کورتی دەدەن.

ڕۆژی هەینی ٢٩ی بانەمەڕی ١٤٠٢، لە بەربەیانێکدا کە هەموو جیهان چاوی لەسەر ڕێژیم بوو کە دەست لە ئێعدامی سێ لاوی پەروەندەی ناسراو بە ماڵی ئیسفەهان هەڵ بگرێ، هەر سێ لاوەکەی ئێعدام کرد و دوایەش تەرمی بە بنەماڵەی نەدایەوە و بە دزیەوە لە خاکی کردن و بە بنەماڵەکەشی ڕاگەیاند کە نابێ سەرەخۆشییان بۆ دابنێن و هێزی ڕێژیم لەبەر ماڵی بنەماڵەکانیان کۆ بووەوە تاکوو خەڵک لەوێ کۆ نەبنەوە و نەبێتە بناخەی کۆبوونەوەی ناڕەزایی خەڵک!

لەکاتێکدا کە چەند ڕۆژ و شەو بوو کە خەڵک ناڕەزاییان دەردەبڕی و چ لە بەردەمی زیندان و چ لە سۆشیاڵمیدیا ناڕەزایی و نیگەرانی بەرامبەر بەو بڕیارە نامرۆڤانەیەی ڕێژیم دەردەبڕا کە حوکمی ئێعدامی بۆ ئەو سێ لاوە دەربڕیبوو و هەر ڕێژیمێک کە تەنانەت دیکتاتۆریش بێ لە وەها دۆخێکدا هەندێ پێداچوونەوە بە حوکمەکانیدا دەکا، کەچی ڕێژیمی خومەینی و خامنەیی، بۆ سەلماندنی تاقانەبوونی لە بواری تاوانباریدا، هەر سێ لاوەکەی ئێعدام کرد! ئەویش بە تاوانی موحاربە و فساد لەسەر زەوی!

تەنانەت لە کاتی شەڕی نێوان دوو وڵاتدا، کە ڕەنگە سەدان هەزار کەسیان لە یەک کوشتبێ، گەر هێزی نیزامی تەنانەت نەک سەربازی سادە بەڵکوو ژەنەڕاڵی نیزامیش بکەوێتە دەست هێزی بەرامبەر، ئیدی وەکوو دیلی شەڕ هەڵسوکەتی لەگەڵ دەکرێ و کوشتنی دیل تاوانێکی گەورەیە کە لە یاسای نێونەتەوەییدا وەکوو تاوانی شەڕ پێناسەی بۆ کراوە!

بەڵام ڕێژیمی ڕق لەدڵی وەلیی فەقیهی، ئەوەندەی ڕق لە خەڵکێکە کە لەنێو ئێراندا دژی ئەو سەرهەڵ ببڕن، بەرامبەر بە دەرەوە وەها داخ لە دڵ نییە!

ساڵانێکی زۆر بە ئامریکای دەگوت شەیتانی گەورە و دوایەش بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بەرجامی لەگەڵ شەیتانی گەورە واژۆ کرد! چەند ساڵە بە دەیان کەسی بە تۆمەتی نارەوای هاوکاری یان تەنانەت تۆمەتی لەژێر کاریگەریی تەبلیغیی دەوڵەتی سعوودیەدایەبوون، ئێعدام کرد و دەیان مووشەک و درۆنی بە بنەماڵەکانی حیزبەکانی کوردستانەوە نا کە گوایە ئەمانە دۆستی دەوڵەتی سعوودین، بەڵام کە ناچار بوو بۆ مانەوەی خۆی پەنا بباتە بەر دەوڵەتی سعوودی، دامەزرانی پێوەندییەکانی لەگەڵی وەکوو دەسکەوتی زۆر گەورە نیشان دەدا!

بەڵام بەرامبەر بە مرۆڤەکانی نێو جوغرافیای ئێران، نەک دوژمنایەتی بەڵکوو ئەوپەڕی ڕق و کینی شەخسیی هەیە کە گەر تاک بە تاکی ئەوانەی دەنگیان بەرامبەر بە ڕێژیم هەڵ بڕیوە، ئێعدام بکا و تەرمەکانیشیان بشێوێنێ و سووکایەتییان پێ بکا هێشتا تێری پێ ناخوا و دەیەوێ بنەماڵە و کەسوکار و هەموو ئازیزەکانیشیان ئازار بدا تەنیا لەبەر ئەوەی دەروونی شڵەژاوی خۆی پێ تێراو بکا.

لە ماوەی چەند مانگی ساڵی نوێی زایینیدا بەدەیان کەس بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم ئێعدام کراون و ڕەوتی ئێعدامکردن و سزای مەرگ سەپاندن بەسەر خەڵکی بێتاوان و مافخواز لە ئێراندا زۆر توند و خێراتر کراوەتەوە.

**ئەم شێوە دڕندەییە ئاشکرایەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:**

**یەکەم؛** دەیەوێ بە ئێعدام و کوشتار، دۆخی ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگادا زاڵ بکا و بڵێ کە شۆڕشی ژینا سەرکوت کراوە و ئیتر ڕێژیم زاڵ بووە و تۆڵە لە هەموو کەس دەکاتەوە و بەو شێوە کۆمەڵگا بتۆقێنێ.

**دووهەم؛** کە هۆکاری سەرەکیی ئەم کردەوانەی ڕێژیمە، ترسی سەرانی ڕێژیم لە دووبارە کڵپەسەندنی کوانووی شۆڕشە و نیگەرانن لەوەی کە دەورێکی دیکە لە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەوەی خەڵک دەست پێ دەکاتەوە و هەر لە ئێستاوە و بەو ئامادەییەوە بڕواتە نێو دۆخەکە کە هیچ هێزێکی دەست لە هیچ نەپارێزن و لەڕاستیدا لە ترسی سەرهەڵدانەوەی خەڵک و ملبادانی هێزەکانی ڕێژیم لە دەسڕێژی لە خەڵک، دەیەوێ خۆی دەسپێکەری شەڕی نێو کۆمەڵگا بێ و بە خوێنڕشتنی لەڕادەبەدەر بتوانێ دەسەڵاتەکەی بپارێزێ.

بانەمەری ٢٧٢٣

هیچ ڕێژیمێکی سەقامگرتوو و بڕوابەخۆ وەها کوشتار و ئێعدام ناکا و ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی ڕێژیم کە بە بەرچاوی جیهانەوە بێباکانە ئێعدام دەکا و مەحکوومیەتی جیهانیی بەلاوە گرنگ نییە، نیشان لە ترسی لەڕادەبەدەری ڕێژیم دەدا کە ئیدی سەرهەڵدانەوە و کڵپەسەندنەوەی شۆڕشی خەڵک، بڵێسەکانی کۆشکی خامنەیی دەسووتێنێ و مەرگی دەسەڵاتەکی وەکوو فیلمێکی ترسناک لەبەرچاویەتی! دەیەوێ بە کوشتار و ئێعدام لەو چارەنووسە حەتمییە هەڵ بێت بەڵام هەر ئەم هەڵسوکەوتانەی ڕقی پیرۆزی خەڵک بڵێسەدارتر دەکا.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣

# نێران لە ژێر چاودێریدا:لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕیی کەنداو



ئەنستیتۆی ناونەتەوەیی لێکۆڵینەوە ستراتیژیکییەکان

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

(تێبینی: ئەو وتارە گوڵبژێری ڕاپۆرتێکی ٣٩ لاپەڕەییە. و.)

بەردەوامی زۆر جار تایبەتمەندییەکی باشە، بەڵام لە ناوچەی کەنداودا ئەوە گیروگرفتیشە. ئێران مەترسیی سەرەکیی ئەمنییەتی بۆ سەر وڵاتانی کەنداو بووە و دەمێنێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە توانایی هاوبەشەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی تاران بە هۆی نادڵنیاییان لەبارەی هاوکاریی نزیکتر، کورتی دێنێ. چوار دەیە پاش دامەزرانی لە ١٩٨١، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، هێشتا ماویەتی بەکردەوە ببێتە ئەوەی ناوی نراوە.

دوودڵی لەمەڕ چالاکیی هاوبەشی بەرگری و ئەمنییەت شتێکی نوێ نییە، بەڵام پێشوەچوونێکی ئەوتۆشی نەکردووە و، لە

کاتێکدا ئەوە لەخۆیدا کێشەخوڵقێنە، لەبەر داواکاریی ناوچەکانی دیکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، کە هێشتا دابینکەری سەرەکی ئەمنییەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە، ئاڵۆزتر بووە. ڕەنگبێ واشینگتۆن باسی بەکارهێنانی باشتری هێز بکات، بەڵام ئەوە بەکردەوە بە مانای کەمکردنەوەی تواناییەکانی لە ناوچەدا بێ، چونکە ئەوان لە شوێنی دیکە پێویستن. لەگەڵ گواستنەوەی توانایە جەنگییەکان، وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها خەریکی گواستنەوەی جەخت لەسەر ئەوەی هێندێک جار پێی دەڵێن "لەبارکارە بەنرخ و کەمڕێژەکان،" بێ، لە ناویاندا سیستەمی خاوەن سەرنشین و بێ سەرنشینی هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕی. کاتێک ناوچەکە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پێشتریەتی پێ دەدرا، داواکارییەکان بۆ ئەو جۆرە سیستەمانە بە شێوەی پێویست دابین نەدەکران، تەنانەت بەر لە داگیرکاریی ئۆکراین لەلایەن ڕووسیەوە، قووڵتربوونەوەی کێشەی ئوقیانووسی هیند و ئوقیانووسی ئارام و نیگەرانییەکانی پەیوەندیدار بە چین، کە تواناییەکانی دابینکردنی ئەو جۆرە سیستەمانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. جەنگی ئۆکراین تەنیا ئەو گواستنەوەی لە ناوچەی کەنداوەوە خێراتر کرد.

بەداخەوە، پێویستیی چاودێریکردنی ئێران بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چالاکییە سەربازییەکانی و یارمەتیدان بۆ هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکانی پەیوەندیدار بە هەڕەشەکانیەوە، کەمیان نەکردووە. تاران درێژە بە بوونی دوو هێزی سەربازیی دەدا:

هێزی سەربازیی ئاسایی و سوپای پاسداران. هێزی سەربازیی ئاسایی ئەرکی بەرگریی لە یەکپارچەیی خاکە، لە کاتێکدا سوپای پاسداران پارێزەری ڕێژیم و شۆڕشە. سوپای پاسداران کە لە ١٣٥٨ دامەزرا، زۆردەمێکە بەسەر سوپای ئاسایی کە سەردەمێک لە ئایدیۆلۆژیاکەی بەگومان بوون، پێشترییەتی هەیە. سوپای پاسداران بە ئاکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، توانایی بە تاران داوە تا زەخت بخاتە سەر ناوچە و هەروەها بەرپرسی جبەخانەی هاژەکی زەوی بۆ زەوییە. بەڵام، دووبەشبوونی هێزی سەربازیی ئاسایی و هێزەکانی سوپای پاسداران، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بۆتە هۆی ناکاریگەریی و دووانەیی کە ئەویش بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی سامانی تەرخانکراو بە شێوەیەک کە بێتوو تەنیا یەک هێزی سەربازیی هەبا، ئەوە ڕووی نەدەدا.

سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران، بەرپرسی پشتگیریی لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی ناوچەیە بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی ڕێبەرانی ئێران. لە دەیەکانی ڕابردوودا، سوپای پاسداران بە سوپای قودسیشەوە، بە شێوەی پەرەئەستێن پشتگیرییان لە سەرکۆمار بەشار ئەسەد لە سووریە، کردووە و چەند فەرماندەی پلەبەرزی سوپای پاسداران لە شەڕی نیوخۆیی سووریەدا کوژراون. لە کاتێکدا سوپای پاسداران پەیوەندییەکی گەلێک نزیکی لەگەڵ ئێلیتی حاکم هەیە، ئەو

سوپایە هەمان کەمایەسیی کەرەستەی سەربازیی هەن کە سوپای ئاسایی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ. بێجگە لە چەند جۆر هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ڕەقەواڵە سەربازییەکەی دیکەی ماوەبەسەرچوون.

توانایی جەنگی ئاسمانیی ئێران بە فڕۆکەی سوخۆ ٢٢ بەستراوەتەوە. سوخۆ ٢٢ لە بنەڕەتدا لە خزمەت سوپای عێراقی دابوون کە لە ساڵی ١٣٧٠دا بۆ ئێران گوازرانەوە. ئەوان بۆ ماوی چەند ساڵ هەڵگیرابوون، بەڵام لانی کەم بەشێکیان لە ١٣٩٧ بەولاوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. سوپای پاسداران کەڵک لە چەند جۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مامناوەند و قورس و هەروەها هێرشبەر، لە ناویاندا جۆرەکانی شاهید ١٢٩ و شاهید ١٣٦ کە هێرشبەری خۆ تەقێنەوەنن وەردەگرێ. ژمارەیەکی زۆر شاهید ١٣٦ دراون بە ڕووسیە کە لە جەنگ دژی ئۆکراین کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران هەروەها خاوەنی کەرستەی پارێزگاریی لە ئاسمانە کە وەکو یەکەکانی سوپای پاسداران لە هێزی سەربازیی ئاسایی پۆشتەترە. بەڵام هێزی بەرگریی ئاسمانی، سەرەڕای ئەوە کە لەژێر فەرمانی هێزی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیدایە، کۆنترۆڵی هاژەکی زەوی بۆ ئاسمانی دوورمەودا واتە سام-ی بە دەستە. هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران هەروەها هاژەکی ڕەعد/سێی خوردادیشی هەیە کە سام لە جۆری مەودا مامناوەندە، ئەوە ئەو هاژەکە بوو کە گوایە لە مانگی جۆزەردانی ١٣٩٨ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی بەرداوەتەوە.

ئەگەرچی ئێران دەستبەجێ دوای دامەزراندنی بەرنامەی هاژەکی بالیستیکی خۆی لە هەشتاکانی زایینیدا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە یارمەتیی تەکنیکیی دەرەکی بەستبوو، بەڵام هەنگاوی بەرچاوی بۆ گەیشتن بە خۆبژیوی لە ڕێگای وەدەستهێنانی نایاسایی تەکنەلۆژیای هاژەکی و گەشەپێدانی نێوخۆیی هەڵێناون. پێشکەوتنەکانی ئەو دواییانەی بەرنامەی هاژەکی بالیستیکی ئێران دەکرێ لەو خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە: جەختکرن لە سەر باشترکردنی توانای پێکاندنی ئامانج؛ گەشەپێدانی ئامرازی گەڕۆکی هاویشتنی هاژەک و هەروەها بنکەی چەقبەستوو؛ بەرهەمهێنانی هاژەکی خاوەن سووتەمەنیی ڕەق بۆ هێزی بەرپەرچدانەوە و دروستکردنی بنکەی خۆڕاگری هاویشتن و پاشەکەوتکردنی ژێرزەوی. مەزەندە دەکرێ ئێران کەڵک لە لانیکەم ٢٠ جۆر هاژەک وەرگرێ و فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٢ ڕایگەیاند ئێران زیاتر لە ٣٠٠٠ هاژەکی بالیستیکی جۆراجۆری بۆ مەودای نزیک، کورت و مامناوەندی هەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران خاوەنی کەمتر لە ١٠٠ ئامێری گەڕۆکی هاویشتنی هاژەکی کورت مەودا و ٥٠ ئامێر بۆ هاژەکی مامناوەند مەودایە و هێندێک هەوڵی بۆ بە ستانداردکردنی سەکۆی هاویشتنی چەقبەستوو و گەڕۆکی هاژەکان هەڵێناون.

ئێران هەروەها ئامانجی سەرەتایی بارهەڵگرە ڕۆژاواییەکانی مۆنتاژکراو لەو وڵاتەدا گۆڕیوە، بەتایبەتی مەرسەدێس بێنزی مودێل ٢٦٢٤ و ٢٦٣١، تا بتوانێ لە جبەخانەی هاژەکی بالیستیکیدا کەڵکیان لێ وەرگرێ. بۆ ئەو مەبەستە بەشێک لەو ئامێری گواستنەوانە وەها دروست کراون تا وەک بارهەڵگری مەدەنی بچن، بەڵام دەتوانن ببنە ئامێری ڕاگواستن و هاویشتنی هاژەکی بالیستیک.

بێجگە لە کەڵکوەرگرتن لە ڕاگوێزەر و هاوێژەری سەر جادە بۆ حەشاردان و پاراستنی جبەخانەی هاژێکی بالیستیکییەکەی، ئێران هەروەها چەند پێگەی ڕاگرتن و هاویشتنی ژێر زەوی بەو مەبەستە دروست کردوون. ئەو ڕێکارانە ئیزن بە ئێران دەدەن بتوانێ کەڵک لەو کەرەستانە بۆ بەهێزتر کردن و کەم کردنەوەی مەترسی بۆ سەر هاژەکە بالیستیکییەکانی وەرگرێ و بێتوو بەرهەڵستارێک بیهەوی هێرشیان بکاتە سەر، ناچار دەبێ هێزێکی گەلێک بەربڵاوتر بۆ لەکار خستن و بێکەڵک کردنی پێگە باش پارێزراوەکانی بەکار بێنێ، ئەوە هەروەها توانایی ئێران بۆ هاویشتنی ژمارەیەکی زۆر هاژەک بە دوای یەکتردا بەرز دەکاتەوە و هێزی مرۆیی ئێرانی دەپارێزێ، بێتوو ناوەندی کۆنترۆڵ و فەرماندەیی لە شوێنی دوور لەو جێیانە بێ کە هاژەکەکانی لێ دەهاویشترێن.

هێزی سەربازیی ئاسایی ئێران وەک پێشدا ئاماژەی پێ کرا ئەرکی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی لە ئەستۆیە و لە دەیەی ڕابردوودا ئەو هێزە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران چالاکتر بووە، بە تایبەتی لە سووریە، لە ماوەی شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا. لە ڕوانگەی ڕێژەوە، مەزنترین بەشی هێزە چەکدارەکانی ئێران، ئەو بەشەیە کە پشتی بە سەربازانەوە بەستووە و وەک هەمیشە چەک و کەرەستەکانی کۆنن. لە کاتی وەبەرهێنان، هێزی زەوینیی سوپای پاسداران بێگومان پێشترییەتی پێ دەدرێ.

هێزی ئاسمانیی ئاسایی ئێران هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەو فڕۆکانە دەبەستێ کە لە سەردەمی پاشایەتیدا دابین کراون، بێجگە لە فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسیەیی و چینی نەبێ کە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زایینیدا کڕیویانن. ئەو هێزە لە بەراورد لەگەڵ هێزی ئاسمانیی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لاوازترە، چ بگا بە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل.

ئێران دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق لە ١٣٦٧، هەوڵی دا وەبەرهێنان لە هێزی فڕۆکە شەڕکەرەکانیدا بکات. لەکیسدانی فڕۆکەی شەڕکەر لە کاتی جەنگ، لەگەڵ دژواریی دابینکردنی بەشی یەدەک و پشتیوانیی بۆ فڕۆکە ئەمریکاییەکانی هۆی ئەو بڕیارە بوون. نەبوونی پشتگیریی دارایی و هۆی سیاسی، ئەوی دواتر چونکە هێزی ئاسمانیی



سەرچاوە
Serchawe

ئاسایی لەلایەن بەشێک لە مەلاکانەوە جێگای گومان بوو، بەو مانایە بوو کە تەنیا ژمارەیەکی کەم فڕۆکە لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی زایینی لە یەکیەتی سۆڤیەت کڕان. لەو کاتیەوە، هەوڵەکان بۆ هاوردەکردنی فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسیەیی شکستیان هێناوە، بەڵام لەوانەیە ئەوە خەریک بێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. دوای دەربڕینی حەزی کڕین بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ، تاران و مۆسکۆ ڕێککەوتنێکیان بۆ دابینکردنی فڕۆکەی شەڕکەر بۆ هێزی ئاسمانیی ئێران واژۆ کردووە. ئەندامێکی پارلەمانی ئێران بە هەوڵدەریی ناوخۆیی گوتووە کە لە نیوەی دووهەمی ساڵی ٢٠٢٣، هاوردە کردنی فڕۆکەی سوخۆ ٣٥ لە جۆری فلانکەر م. دەست پێ دەکات. ئەوە بەو مانایەیە کە فڕۆکەکان دروست کراون و وێدەچێ ئەو سوخۆیانە بن کە بۆ میسر دروست کرا بوون، گرێبەستێک کە دواتر هەڵوەشایەوە.

ئێران دۆ هێزی دەریایی هەن: هێزێکی ئاساییتر بە ناوی هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە میراتگری هێزی دەریایی سەڵتەنەتییە و هەروەها هێزی دەریایی سوپای پاسداران، کە لە نێوەڕاستەکانی هەشتاکانی زایینی دامەزرا. دەوری ئەو هێزە ئاکامی ڕووداو و ئەو وانانە بوون کە لەو دەیەدا لێوەی فێر بوون، لە کێشە لەگەڵ عێراق و پاشان هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزی گەلێک بەتواناتری دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە بوونە هۆی ویستی بەکارهێنانی ستراتیژییەکی نایەکسان بۆ بەرگریی دەریایی کە هەر دوو هێزە دەریاییەکانی دەگرتەوە، بەڵام زۆرتر بە ڕێبەریی هێزی دەریایی سوپای پاسداران بووە کە وردە وردە وەپێش هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتۆتەوە.
دەوڵەتی ئێستای ئێران وێدەچێ زۆرتر لە دەوڵەتەکانی پێشوو بیهەوێ وەبەرهێنان لە گەشەی تواناییەکانی بۆشایی ئاسمان بکات. ئێران بەدوای هاوبەشی نێونەتەوەییدا، بە تایبەت چین، کۆرەی باکوور و ڕووسیە، گەڕاوە تا پشتگیریی بەرنامەکانی بۆ بۆشایی ئاسمان بکات. وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو بە هەمان شیوە لە بایەخی چالاکییەکانی هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕیی لە بۆشایی ئاسمانەوە تێگەیشتوون؛ بۆیە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە کۆتایی ٢٠٢٠ی زایینی، ساتەلایتی فالکۆن ئای ٢ کە مانگێکی دەستکردی وێنەهەڵگرە، نارده بۆشایی ئاسمان.

ئەو وێنەگرە ساتەلایتییانەی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێراون، زۆر جار بۆ وێنە گرتن لە بنکەکانی هەڵکەوتوو لە ناوچە کەنارییەکانی باشووری ئێران تەرخان دەکرێن. ئەوە بەو مانایەیە کە گەلێک لە بنکەکانی جێگای سەرنجی ئێران دەکرێ نە تەنیا لە ئاسمانەوە بخرێنە ژێر چاودێری بەڵکوو لە فڕۆکە و لە هێندێک دۆخدا لە لایەن پلاتفۆرمەکانی هێزی دەریاییشەوە دەبینرێن. کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی بە ساتەلایت، دەتوانێ بە تواناییەکانی دیکەوە زیاد بکرێن تا لە نزیکترەوە و بە شێوەی بەردەوامتر لە فڕۆکە، شوێنی مەبەست لە ژێر چاودێریی بگیرێت.

چالاکییە سەربازییەکانی ئێران، تواناییەکانی و گەشە کردنەکانی، بەردەوام سەرەکیترین خاڵەکانی جێگای سەرنجی

وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو و هەروەها هی وڵاتانی دیکەشن کە بەرژەوەندیی ئەمنییەتییان لە ناوچەکەدا هەیە، لەنێویاندا ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشترییەتییەی تاران دەیدا بە جبەخانەی هاژەکی زەوی بۆ زەوی بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی، کۆکردنەوەی زانیاریی لە سەر تەواوی لایەنەکانی هاژەکی بالیستیکی ئەولەوییەتێکی ناوچەییە.

گەرووی هورموز گرینگییەکی فرە ستراتیژیکی بۆ بازرگانی (بە تایبەتی بازرگانیی نەوت) هەیە. ئەوە خاڵێکی لاوازە کە تاران زۆر جار هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە یارمەتی لایەنی ناحکوومیی سەر بەخۆی، کەڵکی لێ وەرگرێ.

فڕۆکەی کۆکەرەوەی هەوڵگری، چاودێری و سیخوڕیی ئەمریکایی، هەمیشە داواکارییان لەسەرە و لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئەو ناوچەیەی پێشترییەتی پێ دراوە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بووە. هاوکات کە هێشتا سەرەکیترین کەرەستەی پێویستە، ئەولەوییەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕاوە و ناوچەی کەنداو ئێستا دوای ئورووپا و ئووقیانووسی هیند - ئارام، لە پلەی سێهەمدایە. وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هێندێک کەرەستەیان بۆ ئەو مەبەستە هەن، بەڵام تواناییەکانیان لێک جیاوازن.

بەراوردی هەڕەشەکانی ئێران لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە "تەنانەت لە گەڵ هی پێنج ساڵ لەوەپێشەوە" جیاوازە، بە هەڕەشە بۆ سەر ناوچە لە لایەن جبەخالەی هاژەکی بالیستیکی تاران، تواناییەکی هێرشبەرانە کە بە توانایی بنکەکانی پارێزگاریی ئاسمانیی تەکمیل کراون. بەڵام لە هەمان کاتدا، بە گوتەی ژەنراڵ ئالێکسوس گ. گرینکەویچ فەرماندەی ناوەندی فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، وڵاتە یەکگرتووەکان ناچارە لەگەڵ ئاسەواری کەمبوونەوەی جێگا پێی تواناییە نەریتییەکانی هەوڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی، لە ناوچەدا هەڵسوکەوت بکات.

چەند ساڵە وڵاتە یەکگرتووەکان وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هان دەدا لە توانایییە سەرەکییەکانیاندا، وەک بەرگریی دژی هاژەکی بالیستیکی، کە لەوێدا هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕیی دەتوانن یارمەتیدەر بن، هاوکاریی یەکتر بکەن. ئەو داوایە وەڵامی ئەرێنی دراوەتەوە، بەڵام، پێشوەچوونێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیتووە. دە ساڵ دوای دامەزرانی مەکۆی هاوکاریی ستراتیژیک لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، وتووێژەکان لەگەڵ لێدوانەکانی دوای چاوپێکەوتنەکان، کە پێشبینیی بەرەوپێشچوون لەو بوارەدا دەکەن، درێژەیان هەیە.

لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی پلە بەرزەکانەوە درێژە بە لایەنگریی لە هاوکاریی زیاتر لە نێوان



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

ئەندامانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو دەدا، ئەو ئێستا خەریکە لە ئاستی جەماوەرییدا باسی ئالنگارییەکانی هەواڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی لە ناوچەدا دەکات. لەلایەنی ئاسمانەوە هێزی تایبەتیی ٩٩(TF99) ی ناوەندی فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی بە دوای ڕێکاری نوێی کەم تێچوو بە کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ مەبەستی هەوڵگریی، چاودێری و سیخوڕییەوەیە، بەڵام ئەوە تەنیا ئاستی تاکتیکی ناگرێتەوە. لە لایەنی دەریاوە هێزی تایبەتی ٥٩(TF59) ی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەمان شێوە لە کەڵک وەرگرتن لە ئامێری بێ سەرنشین بۆ کۆ کردنەوەی زانیاریی زۆرتر لە سەر دەوروبەر دەکۆڵێتەوە.

لە کاتێکدا زۆر دەمێکە بیر لە دابەشینەوە ئەرکەکانی ئاسایشی دەریایی لە ناوچەی کەنداو و دەوروبەر بەسەر هاوبەشی ناونەتەوەیی و بە تایبەتی ناوچەییدا دەکرێتەوە، ڕووداوەکان یارمەتیدەری دارشتنی ئاڵوگۆڕێکی ستراتێژیکی بوون کە خێراییان بە وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەخشیوە. بە پەرە گرتنی گواستنەوەی جەختی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو ئۆقیانووسی هیند - ئارام و سەرهەڵدانی چین، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوون بەرپەرچی ترسی پەرەئەستێنی وڵاتانی کەنداو لەمەڕ ئەو هەستە کە وڵاتە یەکگرتووەکان خەریکە ببێتە هاوبەشێک کە کەمتر جێگای متمانەیە، بداتەوە.
دەستبەسەر داگرتنی ڕێژەیەکی زۆر ماددەی سڕکەر و چەکوچۆڵ، لەو دواییانەدا گرینگیی پێداویستییەکانی هەوڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی پشتراست کردۆتەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە دەستبەسەر داگرتنی ئەو دواییانە لە کەنداوی عوممان، لەلایەن پاپۆڕی ە. م. س. لانکاستەر سەر بە هێزی دەریایی بریتانیا گوایە بە پشت بەستن بە زانیاریی هەوڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی وەدەستهاتوو لە ئاسمانەوە لە لایەن هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان جێبەجێ کراوە. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە لە زۆربەی ئەو دەستبەسەر داگرتنانەدا، لە لایەن هێزەکانی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان و نانەتەوەیی بوون. بێگومان دەبێ ئامانج ئەوە بێ کە لە داهاتوودا هێزە دەرياییەکانی ناوچە دەورێکی مەزنتر لەو چالاکییانەدا بگێڕن.

لە کورتخایەندا، مەزنترین بەڵێنییەکانی پەرە ئەستاندنی هاوکاریی ناوچەیی ناڕاستەوخۆ دەبن، بە هاریکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک ناوەندی پشتگیریکار لە ژمارەیەک پەیوەندیی دوولایەنە لەگەڵ وڵاتانی هاوکاریی کەنداو و هاوبەشە ناونەتەوەییەکانی دیکە. هاندانی هاوکاریی ناوخۆیی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەندوا بێ حزووری وڵاتە یەکگرتووەکان، هەروا وەک ئاواتێک دەمێنێتەوە.

٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣

## ڕاپۆرتی RSF و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە ئێران




**بێهزاد قادری**

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور (RSF)، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بیستویەکەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی خۆی بڵاو کردەوە. ئەم ڕێکخراوەیە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە کە ساڵی ڕابردوو دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، ئێران جێگەی خۆی وەکوو یەکێک لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی جیهان لە بواری ئازادیی میدیاییەوە بەهێز کردووە.

لەم بابەتەدا ئاوڕێک لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور و دۆخی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لە جیهان بەگشتی و ئێران بەتایبەتی، دەدەینەوە.

### ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ڕێکخراوێکی ناحکوومیی نێونەتەوەییە کە بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕاگەیاندن و پشتیوانی لە هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووسان دامەزراوە. بنکەی ناوەندیی ئەم ڕێکخراوەیە لە فەڕانسەیە و ئەرکی ئەو

بانگەشەکردن بۆ ڕۆژنامەوانیی ئـازاد، سـەربەخۆ و فرەچەشن و داکۆکیکردن لە پێرسۆنێلی میدیاکانە RSF لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یوونیسکۆ و شورای ئورووپا خاوەن پێگەی ڕاوێژکارییە.

ئەم ڕێکخـراوەیە لە بـواری داکـۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسـانێک کە مەترسییان لەسـەرە و هەروەهـا لە بەرزتـرین ئاسـتی ئەنجومەنە دەوڵەتی و نێونەتەوەییەکاندا بۆ داکۆکی لە مافی ئـازادیی ڕادەربـڕین و زانیـاری، چـالاکی دەکـات. هەروەهـا بە شێوەی ڕۆژانە ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە هەڕەشەکانی سەر ئازادیی میدیاکان بە زمانەکانی "فەڕانسەوی، ئینگلیزی، سپانیایی، پورتوغالی، عەرەبی، فارسی و چینی" پێشکەش دەکات. هەروەها ساڵانەش تـاوتوێی دۆخی ئـازادیی بڵاوۆکەکـان لەژێر نـاوی "پێوەرەکـانی ئـازادیی جیهـانیی بڵاڤۆکەکـان"، بـڵاو دەکـاتەوە کە لەودا دۆخـی میـدیاکان لە ١٨٠ وڵاتـی جیهانـدا هەڵدەسەنگێندرێن و تاوتوێ دەکرێن.

## بیستویەکەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی RSF

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ٢١ـەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی خۆیدا کە لەم ماوەیەدا بڵاوی کردەوە، باسـی لەوە کـردووە کە سـاڵی ڕابـردوو دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینـا ئەمینی، ئێران جێگەی خۆی وەکـوو یەکێک لە سـەرکوتکەرترین وڵاتـانی جیهـان لە بـواری ئـازادیی میـدیاییەوە بەهێـز کـردووە. هەروەهـا لەو ڕاپـۆرتەدا، ئێـران جـارێکی دیکەش بە یەکێـک لە گەورەترین زیندانەکانی جیهان بۆ ڕۆژنامەنووسان ناو براوە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: ئەگەرچی سەرکوتی دەستپێڕاگەیشتن بە زانیارییەکـان بە شێوەی زۆر بەهێـز و بەربڵاو لە ئێران لە ئـارادایە و ڕۆژنامەوانـان بەردەوام لەگەڵ مەترسیی "دەسبەسـەرکردن، لێپێچینـەوە، زینـدانیکردن، لەژێر چاوەدێریـدابوون و ئازار و هەڕەشە" بەرەوڕوون، بەڵام ئەو دۆخە هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ژینا، چڕتر و خراپتر بووەتەوە.

هەواڵنێرانی بێسنوور لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە: دۆخێک هاتۆتە پێش کە بـووەتە هـۆی زینـدانیکردنی زیـاتر لە ٧٠ ڕۆژنـامەنووس کە ژمـارەیەکی زۆر لەوان ژنـن، چـونکە دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ پێشـگرتن لە ڕوومـاڵی خۆپیشاندانەکان، دەست بۆ هەر کردەوەیەک دەبەن.

هەواڵنێرانی بێسنوور لە درێژەدا ئاماژەی بە سەرکوت و هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسـانی ئێرانـی لە دەرەوەی وڵاتیشی کردووە و نووسیویەتی: تەنانەت ڕۆژنامەوانانی ئێرانیش کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، لەژێر هەڕەشە و گوشاری کۆماری

ئیسلامیی ئێراندان.

هەر بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی بێسنوور، لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم لانیکەم هەزار ڕۆژنامەنووس و شارۆمەند- هەواڵنێری دەسبەسەر، زیندانی و بێسەروشوێن کردووە یان لەسێدارەیانی داوە.

## ئازادیی میدیا و ڕادەربڕین لە جیهاندا

ئازادبوونی مرۆڤ لە دەربڕینی ڕا، بۆچوون، ئەندێشە، بیر، فکر و باوەڕ، یەکێک لە مافە سەرەتایی و دانپێنراوەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە کە تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٥ و بە دوای دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە خاڵی دووەمیدا بە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ دراوە. مرۆڤ لە دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆی ئازادە و حکوومەتەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند کراون کە لەو مافە پارێزگاری بکەن بۆ ئەوەی هەر تاکێک بەبێ ترس لە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و سزا، ڕای خۆی دەرببڕێت.

لەو وڵاتانەی کە جیهان بە وڵاتانی دێموکراتیان دەناسێت، ڕادەربڕین بەشێکە لە ناسنامەی دێموکراتیکبوونیان و بە یاسا و بە کولتووریش لە کۆمەڵگەدا پێڕەو دەکرێت و کەس لەسەر دەربڕینی ڕا و سەرنج و بیر و ئەندێشەکەی سزا نادرێت.

بۆ نموونە؛ ئاڵمان وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیکە، ئازادیی ڕاگەیاندن، بڵاڤۆک و ڕای ئازاد و جیاواز، لە یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا مسۆگەر و ڕەنگی داوەتەوە. گرینگایەتیی بیروڕای ئازاد و ئازادیی ڕادەبڕین لە بڕیاری "لوێت" لە ساڵی ١٩٥٨دا پێداگریی لەسەر کراوە، لەم بڕیارەدا هاتووە: مافی بنەڕەتیی ئازادیی باوەڕ و ڕوانگە وەک ڕاستەوخۆترین دەرکەوتنی کەسایەتیی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا، بەشێک لە بنەڕەتیترین بەشەکانی مافی مرۆڤە کە بۆ نەزمی دەوڵەتێکی دێموکراتیک، کارتێکەر و گرینگە.

## دۆخی میدیا و ڕادەربڕین لە ئێران

مێژووی چل و چوار ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو نموونانەی کە هەر کەسێک ئەگەر ڕا و بیر و فکر و ئەندێشەی خۆی دەربڕیبێت و ئەوە بەپێچەوانەی بیر و باوەڕی دەسەڵات بووبێت، دواتر کەوتووەتە زیندان، ئەشکەنجە دراوە، لەسێدارە دراوە، دوور خراوەتەوە یان نانبڕاو کراوە.



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها لە ڕەوتی ڕاپەڕینی "ژینا" لە ئێران و کوردستان، وێڕای سەرکوتکردنی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە توندترین شێوە ڕۆژنامەنووسانی لە نێوخۆ خستە ژێر گوشارەوە، زۆر کەسیان دەسبەسەر کرد و سزایان بەسەریاندا سەپاند و هەندێک ڕۆژنامەوانیش ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دەرەوە بکەن.

لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا، زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووس کە ڕێژەیەکی زۆریان ژن بوون، دەسبەسەر کران. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دۆخی ڕۆژنامەوانان لە ئێران بەرەو خراپتربوون چووە و شتێک بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێراندا بوونی نییە.

کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە گشتپرسیی نادێموکراتیکی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دەڵێت: کۆمەڵگەی ئێران دەنگیان داوە کە نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران دەبێ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بێت"، بەو بیانووەش نادێموکراتترین و دژە مرۆییترین یاساکان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت و ئازادیی ڕادەربڕینیش لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەکات.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ساڵی ڕابردووش لە ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە ڕێژیمی ئێران لەسەر ئاستی ١٨٠وڵاتی جیهاندا پلەی ١٧٨ـەمین وڵاتی بۆ پێشێلکارییەکان تۆمار کردووە. بەوەش کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتە دیکتاتۆرانەیە کە بەردەوام جیا لە پێشێلکاریی مافی ئازادی و ڕای جیاوازی ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی ئەو بوارەی ئازار و ئەشکەنجە و دەسبەسەر کردووە، هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە ڕێژیمی ئێران لە سەرکوتکردن و و سانسۆڕکردنی ڕاگەیاندنەکان و چالاکانی میدیایی، وەپێش "چین" و "کۆبا"ش کەوتووە.

ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور هەروەها ئاماژەی بە گۆڕینی قانوونی چاپەمەنییەکان، پەسندکراوی ١٣٦٤ کردبوو، وتبووی گۆڕینی ئەم قانوونە ئیزن بە دەسەڵاتدارانی وڵات دەدات کە بە بیانووی هەوڵدانی دژی کۆماری ئیسلامی، هاندانی خەڵک و گرووپەکان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی میللی، یان بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی، بێڕێزی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و مەرجەعەکانی تەقلید؛ چالاکیی ڕۆژنامەنووسان کۆنترۆڵ بکەن. ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور وتبووی ئەم بڕیارە دژایەتیی تەواوی لەگەڵ بەندی ١٩ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و مادەی ١٩ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان هەیە کە ئێران بۆ خۆی ئیمزای کردووە.

### هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات

هەروا کە لە سەرەتای بابەتەکەدا هاتبوو، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور باسی لەوە کردبوو کە "تەنانەت ڕۆژنامەوانانی

ئێرانیش کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، لەژێر هەڕەشە و گۆشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندان." ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە هەتا ئێستا، هەمیشە لە سەرکوت و سڕینەوەی فیزیکی (تێرۆر) بە دژی نەیارەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و لەمبارەوە تەنیا چالاکانی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئێران نەبوونەتە قوربانی، بەڵکوو ڕۆژنامەوانانی دژبەری کۆماری ئیسلامیش بەشێک لە قوربانییانی دەزگای سەرکوت و تێرۆری کۆماری ئیسلامی بوون.

لە وڵاتانی دێموکراتیک، لە بواری ئەمنییەوە ڕۆژنامەوانان لەلایەن هێزی پۆلیسەوە دەپارێزرێن و لە ئەگەری هەر هەڕەشەیەکدا، پۆلیس چاودێریی تایبەتی دەکات و دەیانپارێزێت. هەڵبەت ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک ڕێژیمی ئێستای ئێران نەتوانێت هەڕەشەی گیانی ساز بکات! بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا پۆلیسی بریتانیا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هەڕەشە لەسەر ١٥ ڕۆژنامەوانی دانیشتووی بریتانیا هەبووە کە پۆلیسی نهێنی پووچەڵی کردبوونەوە.

## کۆتایی

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، کاری میدیایی و ڕاگەیاندن لە ئێران وەک کاری ئەمنییەتیی لێ هاتووە. هەڵبەت لە سەردەمی ڕێژیمی پێشووشدا هەر بەم شێوەیە بوو. دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیش بۆ خۆی یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڕیار لە نووسینگەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمەوە وەردەگرن. بۆیە لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی، دەربڕینی ڕا و بۆچوون، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە یەک وڵامی پێ دەدرێتەوە: "بێدەنگ بە، دەنا خۆمان بێدەنگت دەکەین".

٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## "جەنابی من کە دەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا"



**مەنسوور مروەتی**

حەوتووی ڕابردوو و لە کاتی ڕێوڕەسمی کرانەوەی یادگەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە ناوچەی بارزان کە تێیدا کۆمەڵێکی زۆر لە بەرپرس و باڵوێزی وڵاتان و کەسایەتییە دیارەکانی کورد و غەیرە کورد بەشدار بوون، هەیئەتی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ دیتنی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمەکەیان بەجێ هێشت و شوێنەکەیان چۆڵ کرد. ئەوە کۆتایی باسەکە نەبوو. چەند ڕۆژ دواتر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئاشکرای کرد کە لە سۆنگەی بانگهێشتکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێوڕەسمێکی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان، باڵوێزی عێراق لە تارانیان بانگ کردووە و ناڕەزایەتیی توندی کۆماری ئیسلامییان پێ ڕاگەیاندووە.

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی گەرچی ڕەنگە لە ڕواڵەتدا و لەنێو ئەو ڕێوڕەسمە گەورەیەدا کەس حیسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکات، بەڵام لە پشت ئەو ڕەفتارە ناسیاسییەی هەیئەتی ئێرانەوە دەکرێ لە چەندین لایەنەوە خوێندنەوە بۆ ئەو هەڵوێستە بکرێ، کە لە هەموویان گرینگتر، تووڕەیی و ڕقی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی

کوردستان دەبیندرێ کە ئەوەش ئاکامی شکستی ڕێژیمی ئێران لە بەرانبەر گوتار و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە.

بێگومان لە ڕووداو و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرە جیهانی و ناوچەییەکاندا زۆر جار دیتراوە کە لایەنی ئۆپۆزیسیونی دەوڵەتێک بە نیشانەی نارەزایەتی بە حوزوور یان وتاری بەرپرسانی ئەو دەوڵەتە، ڕێوڕەسمەکە یان شوێنەکەیان بەجێ هێشتووە، بەڵام زۆر کەم دیتراوە یان هەر نەدیتراوە کە نوێنەرانی دەوڵەتێک لە داخی حوزووری لایەنێکی دژبەری خۆیان شوێنەکە بەجێ بهێڵن، یان باشترە بڵێین کە لە شوێنەکە ڕایان کردبێت. ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی لە شوێنێکی وەهادا و لە بەرانبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە جگە لە ڕقی شکست لە بەرانبەر بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات خوێندنەوەیەکی دیکە هەڵناگرێ، ڕیشەکەی لە ململانێ و دژایەتییەکی توندی چل و چەند ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەم حیزبەدایە، کە هەرچی لێی دەڕوانی جگە لە شکست هیچ دەسکەتێکی دیکەی بۆ ڕژیم نەبووە.

بۆ چل و چوار ساڵە دەچێ کە ئەم ڕێژیمە چی هێزی خۆیەتی لە هێرشی نیزامییەوە بگرە، بە لێدان و تیرۆر و لە سێدارەدان و بۆمباران و مووشەکباران و درۆنەوە بگرە، تا دەگاتە سیاسەتی تواندنەوە و ئینکار لە ڕواڵەت و فشار لە بنەوە، و دەیان پیلان و بەرنامەی جۆراوجۆر، هیچ کات نەیتوانیوە چۆک بە حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەری جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابدا و لە خەڵکی خۆیانی دابڕێ و کاریگەرییان بە سەر کۆمەڵگەی کوردستاندا کەم بکاتەوە.

ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی لەم ساڵە دوور و درێژانەی تەمەنیدا بە هێزی چەک و سەرکوتی لە ڕاددەبەدەر تێچوویەکی قورسی بە سەر خەڵکی کورددا سەپاندووە و بە هەزاران بنەماڵەی کوردی جەرگسووتاوو و تازیەبار کردووە، بەڵام ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم هەمیشە پێچەوانە بووە، چونکە بەو سیاسەتە هیچ کە نەیتوانیوە حیزبی دێموکرات لە بەین ببات، نەشیتوانیوە خەڵکی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی لە خەبات و تێکۆشان سارد بکاتەوە؛ بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزمی کورد بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە و نەوە لە دوای نەوە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە ژن و پیاو و بە کچ و کوڕەوە لە ئەرکی خۆیاندا چییان لە توانادا بووە کەمتەرخەمییان نەکردووە.

نموونەکانی هەموو ئەمانەی کە باس کرا لە شۆڕشی ژینادا بەڕوونی و ڕوونتر لە هەمیشە بە دیار کەوت. ڕژیم هەموو ڕیسەکانی لە بەرانبەر حیزبی دێموکراتدا لێ بووەوە بە خوری. شۆڕشی ژینا بە ئاماژەیەکی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری و لایەنەکانی دیکە هەڵگیرسا و بەجارێ تەخت و بەختی دیکتاتۆریی ئیسلامی ئێرانی خستە لەرزە.

بانەمەری ٢٧٢٣

ڕێژیم سەرەڕای هەموو توندوتیژییەکی کە دژ بە خەڵکی کوردستان نواندی و دەینوێنێ، کە پێویست بە دووپات بوونەوە ناکا، وای لێ هات کە ئەو جار ئەوە هێزە سەرکوتکەرەکان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم بوون کە هێندە هیچیان بۆ نەمابوویەوە پاش ئەو هەموو ساڵە لە دەسەڵاتیان تازە بە تازە بەدزیی خەڵکەوە دروشمی مەرگ بۆ دێموکراتیان لە دیوارەکانی شارەکانی کوردستانەوە دەنووسی. ئەمەیان دیسان تەنزێکی زۆر خۆش و پێکەنیناوییە کە لە دنیادا نموونەوەی نەبووە. ڕێژیمێک کە لە ناوچەکەدا بەناو ململانێی ئەمریکا و زلهێزەکان بکا، ڕێژیمێک کە بەو هەموو توانایی نیزامییەوە کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی بۆ بەتاڵان دەبا، لە بەرانبەر حیزبی دێموکرات و سیاسەتە دروستەکانیدا ێندە هەست بە کەمی و داماوی بکا کە لە دیوارەکانی شار و شەقامەکانی کوردستاندا دەست بکا بە دروشم نووسین بە دژی دێموکرات. کەواتە زۆر زۆر شتێکی ئاساییەوە کە هەیئەتەکانیشی لە جێگایەک کە نوێنەران و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی لێ بێ، بە داماوییەوە هەڵێن و شوێنەکە جێ بهێڵن.

کۆتایی ئەمەی باس کرا دەرخەری یەک شتە، ئەوەش ئەوەیە شۆڕشی ژینا وەکوو دوایین نموونەی ئەم ململانێیەی چەندین ساڵەیەی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی کوردستان دەری خست کە کۆماری ئیسلامی کۆتا کاتەکانی تەمەنی لە ئێران بەڕێ دکا و خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دیکەی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، قورس و قایم خەباتی خۆیان تا سەرکەوتن درێژە پێ دەدەن و ئەو ڕۆژەش نزیکە کە نەک هەیئەت و نوێنەرەکانی؛ بەڵکوو کۆماری ئیسلامی بە گشتی لە کوردستان بڕۆنەوە دەرەوە.

٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣

## حەسەن شەرەفی: پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە



**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

"کوردستان" بە مەبەستی لێکدانەوەی تازەترین دۆخی ئێران، سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و هەلومەرجی خەبات بە دژی ڕێژیم لەلایەن خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە. بەڕێزیان لەو وتووێژەدا باس لە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئاریشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگاکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

**عەلی بداغی: کاک حەسەن هەڵسەنگاندنی جەنابت بۆ دۆخی یەکانگیریی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و هەروەها ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟**

**حەسەن شەرەفی**: ئەو دۆخەی ئێستا کۆماری ئیسلامی تێیدایە، هەرچەند بەڕواڵەت ئامادەبوونی خەڵک بەدژی ئەو ڕێژیمە لەسەر شەقامەکان کەمڕەنگتر و تەنانەت بێڕەنگترە، بەڵام ئەوە بەمانای یەکانگیریی و سەقامگیریی وەزعی ئەم ڕێژیمە نییە. تا ئەوکاتەی بێزاریی خەڵک لە نێوەرۆکی واقعیی ڕێژیم لە جێگای خۆیەتی و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم، دروشمی سەرەکی و هاوبەشی گەلانی ئێرانە؛ قسەکردن لە بوونی سبات لەو ڕێژیمەدا مانا نابەخشێ. بەتایبەت کە وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەهۆی نایەکگرتوویی و بوونی ناتەبایی تاریفێکی نییە. هەرچەند هیند وردە هەوڵی ناسەرکەوتوو لەو بارەوە هەبوون، بەڵام شوێندانەر نەبوون.

**عەلی بداغی**: هەر بەو پێیە پێتان وایە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئاریشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**حەسەن شەرەفی**: گرینگترین قەیرانی ڕێژیم ماهییەتی خودی ڕێژیمە کە لەگەڵ دنیای سەردەم نەگونجاو و بۆ خەڵکی ئێرانیش غەیر قابیلی تەحەمموولە. لەوە زیاتر ئەو گێرەوکێشانەیە کە ڕێژیم وەک بەرهەمی ڕەفتاری دەستێوەردەرانە، تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە لە ناوچەدا وەک قەیران بەرەورووی خۆی کردوونەوە. قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەک ئاماژەی پێ کرا، پرشوبڵاوی، یەکتر ئینکارکردن، قبووڵنەکردن و تەنانەت بۆ هێندێکیان زیاتر لە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم، دژایەتیکردن لەگەڵ بەشێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە و داخستنی دەرگای هەرجۆرە دیالۆگێک لەگەڵ یەکترە کە ئەوە یارمەتیدەری مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە.

**عەلی بداغی**: لە چەند مانگی ڕابردوودا باس و تەوەری سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان پرسی دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسی بووە. پێتان وایە ئەوە لەوەڕا دێ کە مەرگی ئەو ڕێژیمە زۆر نیزیک بۆتەوە و دەبێ پەلەی لێ بکرێ؟ ئەگەر وایە بە کام هۆ؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پرس و باسی سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و تەنانەت ویستی زۆربەی خەڵکی ئێران دروستکردن و پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتویی نێوان هێزە سیاسییەکان بووە و هەیە لە پێویستییەکی واقعیی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئاشکراشە هەرچی خەبات دژی ڕێژیم جدیتر و بەرینتر دەبێ، ئەو پێویستییە پتر خۆی دەردەخات. بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە مەرگی ڕێژیم بۆخۆی و بە پێی خۆی بەرەوپیلی خەڵکی ئێران نایەت، بەڵکوو ئەوە خەباتی لێبڕاوانە و یەکگرتووانەی گەلانی ئێرانە کە مەرگی ڕێژیم و تەمەنی ئەو ڕێژیمە لە کورتی دەبڕێتەوە. کەوابوو لە هەر حاڵ و هەلومەرجێکدا پەلەکردن لەو یەکگرتوویی و پێکهێنانی هاوپەیمانییە

پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

**عەلی بداغی**: سەرهەڵدانی بەرینی خەڵک کە لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بە ئاکام نەگەیشت، یان هەتا ئێستا ناکام ماوەتەوە. ئێوە هۆکارەکانی لە چیدا دەبینن؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە پاییزی ڕابردوودا کە لە کوردستانەوە وەڕێ کەوت و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە هاواری بۆ کرا و دواتر دەکرێ بڵێین سەرانسەری ئێرانی گرتەوە؛ لە جۆری خۆیدا لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دژ بەو ڕێژیمە بێوێنە بوو. ئەگەر پێشتر حەرەکەتێک هەرچەند تا ڕادەیەک بەرینیش وەڕێ کەوتبێ، بەمجۆرە هەموو ئێرانی نەگرتبۆوە. ئەگەر پێشتر توێژێک یا سینفێک بۆ داخوازییەکانی خۆی حەرەکەتێکی کردبێ، ئەوجار هەموو ئێران بۆ یەک داخوازی، ئەویش ڕووخانی ڕێژیم لەسەر شەقامەکان بوون. ئەگەر پێشتر ڕووی ڕەخنە لە کردەوەیەک یان بڕیارێکی ڕێژیم بوو، ئەوجار ڕووی حەرەکەتی خەڵک دژ بە هەموو ڕێژیم و لە سەروویانەوە خامنەیی بوو. جگە لەوە پشتیوانی و حەرەکەتی بێوێنەی ئێعترازیی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و بیروڕای گشتیی خەڵکی دونیاش و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانیشی بۆخۆی مسۆگەر کرد و ئەوانەش وای کرد ڕێژیم خۆی لە لێواری گۆڕ و نەماندا ببینێت.

بەڵام حەرەکەتی وا گەورە و وا یەکگرتووانە و وا یەکدەنگ و یەک داخوازییە کە ڕووخانی ڕێژیم بوو، بۆ ناکام مایەوە؟ هەرچەند ئەمە حەرەکەتێکی تێکڕایی و سەرانسەری بوو، بەڵام چەند توێژ و سینف یان شانیان وەبەر نەدا، یان ئەرکی خۆیان بەوەخت ڕانەپەڕاند کە یەک لەوان کرێکارانی شوێنە پیشەیی و شوێندانەرەکان، یان بازارییەکان کە بەوجۆرەی پێویست بوو ڕەگەڵ نەکەوتن یان بەوەخت نەجووڵان. دیارە ڕێژیم کە خۆی لە مەترسیی جدییدا دەدیت، زۆر زیاتر و بێبەزەییانەتر جینایەتیان خوڵقاند و دەستیان لە هیچ ڕەفتارێکی دژی ئینسانی نەپاراست. هەزاران ژن و منداڵ و لاوی ئەو وڵاتە شەهید کران، سەدان کەس ئێعدام کران و دەیان هەزار کەس قۆڵبەست و زیندانی کران کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاکەش درێژەی هەیە. هەموو ئەوانە و کۆمەڵێک پیلانی دیکەی ڕێژیم لەو هۆیانە بوون بۆ دامرکانەوەی کاتی و نیسبیی ئەو حەرەکەتە.

لەو پێوەندییەدا نابێ ئەوەش نەبینین کە ڕەفتاری هیندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش لە کەلێنخستنە نێو ڕیزی یەکگرتوویی خەڵک و هێرش بۆ سەر لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەنۆرەی خۆیان دەوری ناجایزیان گێڕا. بەڵام بە هەموو ئەوانەوە مادام ڕێژیم بەو ماهییەتەوە و بەو ڕەفتارانەوە بیهەوێ درێژە بە تەمەنی بدات، ئەم حەرەکەتە سەر هەڵدەداتەوە و خەباتی دژی بەو ڕێژیمە هەر بەردەوام دەبێت، جا با ئەگەر نزمی و کەمڕەنگییش ماوەیەک بە ڕوخساریەوە دیار بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی بداغی**: یانی سەرەڕای ئەو ڕکوودە نیسبی و کاتییەی بە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکاندا دیارە، ئێوە پێتان وایە لە داهاتوویەکی نیزیکدا ناڕەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەست پێ دەکەنەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕاستە لە ئێستادا کەمڕەنگی و بێڕەنگییەکی نیسبی و کاتی لە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکان دەبیندرێ، بەڵام ئەوە بە مانای کپبوونی خەڵک و ملدان بە ڕەفتاری دژەئینسانیی ڕێژیم نییە. بۆیە مادام گۆڕان لە ماهییەتی ڕێژیمدا نە لە ڕابردوودا پێکهاتووە و نە لە داهاتوودا پێک دێت، هەروەها مادام خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە بەتەواوی بێزراون و بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خۆیانی دەزانن و خەبات لەدژی ڕێژیم بە ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئازادیخوازانەی خۆیانی دەزانن؛ ئەو خەباتە هەر بەردەوام دەبی و دوورەدیمەنی شیاوی لێ بەدی دەکرێ. گرینگ ئەو بەردەوامی و یەکگرتوویی خەڵکی ئێرانە کە ڕازێنەرەوەی ئەو دوورەدیمەنە دڵخوازە دەبێت.

**عەلی بداغی**: پێتان وانییە لە ئێستادا کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات هەیە؟ چەندە ئیمکانی یەکیەتیی نێوخۆ و دەرەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی لەسەر عەرزی واقع هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: کەلێنێکی گەورە و درزێکی پڕنەبۆوە لەنێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەدی ناکرێ کە تا ئەو ڕادەیە ببێتە هۆی ناهۆمێدی، بەتایبەت کە دیتمان چ پشتیوانی و هاوسۆزییەکی بەرین لە زۆربەی وڵاتان بە هۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە شەقامی شارەکانی دەرەوە بەڕێوە چوو، و تا ڕادەیەک بوونە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی دەرەوەی وڵات و تەنانەت هیندێ دامەزراوەی نێونەتەوەیی بۆ لای حەرەکەتە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات.

دیارە نەک بە مانای کەلێنی گەورە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەتوانین بڵێین لەنێوان دروشمەکانی یەکدەنگ و یەکخواستی نێوخۆ و وڵات و هیندێ کردەوەی نادروستی بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن و داخوازە ڕێکخراوەییەکەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن تەفاوەت و ناتەبایی بوونی هەبوو لە ئەوەش هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد زیانی بە نەفسی حەرەکەتە پڕنێوەرۆک و مانادارەکە گەیاند. هیوادارم ئەو بەشەش لە ئۆپۆزیسیۆن بە واقعبینی بڕوانێتە حەرەکەتەکانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و لە داهاتوودا ئەزموون لەو ڕەوتەی ڕابردوو وەربگرێت.

**عەلی بداغی**: بۆچوونێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە حیزبە کوردییەکان بارتەقای دەنگی کۆمەڵگەی کوردستان و قورسایی ئەوان لە شۆڕشدا خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەیی کورد

لە ئێران ناکا. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**حەسەن شەرەفی**: من ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە ناڕاست دەزانم. ڕەنگە حیزبە کوردییەکان بەشێکیان بارتەقای فیداکاریی خەڵکی کوردستان نەجووڵابنەوە یان هەڵوێستی وایان لە خۆیان پیشان نەدابێ کە خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەییان پێوە دیار نەبووبێ، بەڵام هەشبووە لە هەموو حاڵێکدا پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی نەتەوەکەی لە سەروو هەموو شتێک بووە. هەرگیز بیروڕای گشتییش فیداکاریی خەڵک و حیزبەکانی لێک جیا نەکردۆتەوە. جیاکردنەوەی نەک نێوەرۆکی، بەڵکوو ڕواڵەتیش لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد و پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کورددا نییە.

**عەلی بداغی**: هەر وەک تەواوکەری پرسیاری پێشوو، ئەو بۆچوونەش هەیە کە کورد لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە سەنگەری هەرە پێشەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە بووە، زۆرترین خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە و قورسترین تێچووی داوە و هەتا ئێستاش هەر لە ڕیزی پێشەوە دایە. کەچی دیسان پەراوێز دەخرێ و وەلادەنرێت. بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: لەوەدا کە کورد لە ئێران لە سەرەتاوە ڕازی بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەبووە و بەردەوام لەدژی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک ئەویش لە جۆری دواکەوتووی ئەو ڕێژیمە بووە، لەم ٤٤ ساڵەدا خەباتی بەردەوام و خوێناویی لەدژی کردووە و لەم حەرەکەتەی دواییشدا دەستپێشخەر و لە سەنگەری هەرەپێشەوەدا بووە؛ نە کورد خۆی بەڵکوو هیچ لایەنێک حاشای لەو ڕاستییە نەکردووە. بەڵام ڕاستە بەوحاڵەش پەراوێز دەخرێت.
لەو بارەیەوە پێویستە بڵێم کورد ئێستا سیمای واقعی و ڕاستینی دێموکراتبوون و ئازادیخوازیی خۆی بە هەمووان سەلماندووە. ئەو دروشمانەی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران گەواهیی ئەوە دەدەن کە کورد بۆتە چاو و چرای ئێران، یان گوتراوە ئەگەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان. بەڵام ئەدی کێ پەراوێزی دەخا یان وەلای دەنێ، ئەوانەی بۆچوونیان لەسەر مافی نەتەوەیی کورد و ئازادییەکانی جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوان کوردیان دەوێ بەبێ مافەکانی، دەی خەباتی کوردیش بۆ مافەکانیەتی. بەڵام لە بەرانبەردا هەشن ئەوانەی داوا دەکەن کورد دەورێکی فراوانتر لە خەبات بە پانتایی ئێران بگرێتە بەر. بەخۆشییەوە دۆخی کورد لە ئێران ئێستا جۆرێکە کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ کورد لە حیساباتی خۆیدا دەخیل نەکات.

**عەلی بداغی**: بێینەوە سەر پرسی پلاتفۆرمەکان. پێتان وایە گەڵاڵە و نەخشەڕێیەک کە بتوانێ کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات لا بدا دەبێ لەسەر کام بناغە و بنەڕەت داندرابێ؟ ئەمەش چ ئەرکێک بۆ هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکان بە دنیابینیی جیاوازی خۆیان دروست دەکات؟



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٣

**حەسەن شەرەفی**: بەداخەوە هەڵویستی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرانبەر بە بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە چوارچێوەی ڕەقابەت و جیاوازیی بیروبۆچوون چۆتە دەرێ شکڵی دژایەتی و دژبەریی یەکتریی بە خۆیەوە گرتووە، بە جۆرێک چەند لایەنی جدیی ئۆپۆزیسیۆن هەن کە بە هیچ جۆر ئامادە نین لەگەڵ یەکدی تەنانەت قسە و دانیشتنیشیان هەبێت. باقی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەرکام لەم چەند لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە سەرەکییە خۆ دەبوێرن. چونکی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر یەک لەو لایەنە دژبەرانە بەکردەوە یانی دژایەتیکردنی چەند لایەنی دیکە کە ئەوەش یارمەتیدەری پێکهێنانی نەخشەڕێگایەک نابێت کە گشتگیر و فرەچەشن و فرەلایەن بێت. بەو حاڵەش ناکرێ لەوبارەوە دەست لەسەر دەست دابندرێ و پێویستە گەڵاڵەیەک و نەخشەڕێگایەک بێتە ئاراوە کە لانیکەم لایەنەکانی بەدەر لەو لایەنە دژبەرانە لە خۆی کۆ بکاتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەوڵی شتێکی لەو بابەتەی داوە و گەڵاڵەکەشی ئامادەیە و بۆ نەزەردان خستوویەتە بەر نەزەری ئەو لایەنانەی کە بوار و دەرەتانی پێکەوە کارکردنیان هەیە. ئەوەش دەتوانێ بە گرینگی و قورساییەکی کە حیزب هەیەتی ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک چارەساز بگێڕێ و لەو پرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن لەو حاڵەتەی ئێستایدا کەم بکاتەوە.

**عەلی بداغی**: لەگەڵ سپاسی دووبارە بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گشتییەدا ئەگەر قسەیەکتان هەبێ لە کۆتاییدا وەک کۆبەندکردنی باسەکەمان بفەرموون.

**حەسەن شەرەفی**: بەکورتی ئەگەر بڵێم، دڵنیام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەولێژیی ڕووخاندایە و درەنگ یا زوو دەسەڵاتی شووم و نەحسی لەسەر خەڵکی ئێران لادەچێت. دڵنیام خەباتی خەڵکی ئێران سەرەڕای کزی و بێدەنگیی کاتی یا بەرزی و بەرینیی تێکۆشانی بەردەوام دەبێ هەتا بە ئاکام دەگات. لەو نێوەدا ڕووخانی ڕێژیم بەستراوەتەوە بە بەردەوامیی خەبات، بەردەوامیی خەباتیش بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی خەڵکی ئێران. هەروەها یەکگرتوویی کوردیش یارمەتیدەری بەهێزبوونی کورد دەدا و بەهێزبوونی کوردیش بەدڵنیاییەوە یارمەتیدەری سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکانی ئێرانە.

٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی = مای ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

